# دیالۆگ

ژمارە (٧) (ڕەشەمێ-٢٧٢٢) (زستانی - ٢٠٢٢)

گۆڤارێکی ئەدەبی هزری ڕۆشنبیریی وەرزییە،
ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەری دیالۆگ دەریدەکات

سەرنووسەر:

زاهیر شکور
٠٧٧٠١٥٨١٤٤٠

بەڕێوەبەری نووسین:

موعتەسەم موحەمەد
govaridialog@gmail.com
٠٧٧٠١٣١٤٧٢٢

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:
- گوزارشت لە بۆچوونی نوسەرەکانیان دەکەن.
- مافی گۆڤارەکەیان بەسەرەوەیەو دەتوانێت
بەکاریانبهێنێتەوە.

**دیزاین:** ئومێد محەمەد
**تیراژ:** ٥٠٠ دانە
**نرخ:** ١٥٠٠ دینار
**چاپ:** چاپخانەی تاران

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


پەرتەوازەیی عەقڵی کورد و لۆکاڵێتی ڕۆشنبیری کوردی.................نزار محەمەد سابیر................٧
چاپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ.....................عارف کوردە...................٢٦
چۆن فەلسەفە بخوێنینەوە.................................و: موعتەسەم موحەمەد.......٣٢
دیموکراسی تەوافوقی........................................چێنەر شەرعی...............٤٨
چۆنیەتی نووسینی چیرۆک بۆ منداڵان..........................ڕەزا شوان...................٦٤
٣٣ پرسیار بۆ وروژاندنی خەیاڵی داهێنەرانەی منداڵ............و: عەلی حەمەڕەشید..........٧٣
دۆستۆڤسکی...............................................ئا: زاهیر شکور..............٧٦
ڕەوتە سیاسیە دەمارگیرەکانی ئەمڕۆی ئەوروپا...................موعتەسەم نەجمەدین.........٩٢
دیمانە لەگەڵ بەیان سەلمان...................................سازدانی: هەرێم عوسمان......١٠٤
وەرگێڕ وەک بەرهەمهێنەرەوەی ناوەڕۆک.........................و: ئەرسەلان حەسەن.........١٢٤
بڵاوکراوەی نوێ.............................................................................١٣٢
مێژووی سۆفیگەرێتی لەناوچەکەدا...........................................موعتەسەم سالەیی..............١٣٦
ڕەمزی نافیع، لەگەڵ نازییەکان ویستی چی بکات؟!.............محەمەد گۆران..............١٤٩
گفتوگۆیەک لەگەڵ جان دۆست.................................و: دیالۆگ...................١٦٠
خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی حەشری ئاشقان.......................شوان مەندی.................١٦٧
جیهان لە فلیمێکی خەیاڵی زانستیەوە بۆ واقعێکی بێمۆراڵ.....ئەندازیار نوزاد عومەر.........١٧٦
پەیامی ڕووناکی لە ڕۆژگارێکی نووتەکدا.........................سەباح ئیسماعیل.............١٩٠
(شیعر و خەون) وەک دووانەیەکی لێکدانەبڕاو...................ناڵە حەسەن..................١٩٦
ڕایەڵەکانی پەیوەندی لەشیعری «ورووژان»ی«سەلام محەمەد»دا....عەلی شێخ عومەر............٢٠٧
لە خۆشەویستی ئەلبێر کامۆدا..................................و: زانا موحەمەد.............٢٢٥
نمایشی کتێب................................................ دیالۆگ...................٢٣٠
العراق الدولة وإشكالية التأسيس............................ صادق الزهاوي...............٢٣٤

# سەروتار

**١. سەدەی بیست ویەک وکۆتایهاتنی مرۆڤی ژیر..**

دۆڵی سلیکۆن (وادی السلیکون Silicon Valley) ئەو شوێنەیە کە گەورەترین تەکنەلۆژیای زانیاری لێ بەرهەمدێت. لێرە زاناکان سەرقاڵی بەرهەمهێنانی مرۆڤگەلێکن کە نامرێت، بە واتایەکی دیکە بەرهەمهێنانی مرۆڤی نەمر و ژیر، لەهەمان کاتدا زاناکانی دۆڵی سلیکۆن پێیان وایە ئەم مرۆڤەی ئێستا لە ناوەڕاستی سەدەی بیستویەک بەدواوە بەرەو کۆتایی و لەناوچوون دەچێت، بە هەمان شێوەی مرۆڤی جاوە و نیاندرتال. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە چۆن ئێستا ئێمە جیاوازیمان هەیە لەگەڵ نیاندرتال و شامبازی لەسەد ساڵی داهاتودا مرۆڤەکان هەمان جیاوازیان لەگەڵ ئێمە دەبێت، ئەو مرۆڤانەی ئێستا لە دۆڵی سلیکۆن بەرهەمدێت پێی ئەڵێن مرۆڤە خودا چونکە نامرێت. ئەم مرۆڤەی ئێستا وەک چۆن ڕۆڵی ئەسپ لە کشتوکاڵدا نەمایەوە بە هۆی داهێنانی ئامێری کشتوکاڵی، بەهەمان شێوە ڕۆڵی ئەم مرۆڤەش لە سەردەمی مرۆڤە خودادا نامێنێت و چیتر کاری پێ ناکرێت.


وادی سلێکۆن شوێنێکە دەکەوێتە باشوری کەنداوی سان فرانسیسکۆ لە ولایەتی کالیفۆرنیا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم ناوچەیە بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لەو خەڵکانەی کار لەسەر بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی (Chip) یان بازنەی ئەنتیگرێتی ئەلیکترۆنی دەکەن، کە بەعەرەبی پێی دەڵێن (شرائح سلیکونیة) و ئێستا دۆڵی سلیکۆن هەموو کارە تەکنەلۆژییە جیهانیەکان لەخۆدەگرێت.

٢ـ دەمانەوێت لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری دیالۆگدا مەلەفێک لەسەر مێژووی شاری کەرکوک و گەڕەکەکانی بکەینەوە، داوا لە نوسەرانی شارەزا لە بواری مێژووی کەرکوکدا دەکەین بابەتەکانیانمان بۆ بنێرن.

**سەرنوسەر**

هەواڵنامەی کتێب

# پەرتەوازەیی عەقڵی کورد و لۆکاڵیتی ڕۆشنبیری کوردی






نزار محەمەد سابیر

کۆنفیدراسیۆنی کۆمەڵی خێڵەکی کورد، یاخود با بڵێین نەتەوەی کورد، بۆ ئەوەی ناسیۆنالیستەکانمان لێمان زیز نەبن، لەوپەڕی پەرتەوازەییەکی خەتەرناکدایە. تاکی کورد بوو بە زەردەشتی، بە میترایی، بە سەلەفی، ئاتایست، ئیخوانی، بوو بە هایدیگەریی، بە پۆستمۆدێرنە، بە فۆکۆیی و نیچەیی، بوو بە سۆفی و عیرفانی، باشە چ موعجیزەیەک دەتوانێت لەم پاشاگەردانییە ڕزگارمان بکات و پەرتەوازەیی عەقڵمان کۆبکاتەوە و ڕێکبخاتەوە.

به شێوەیەکی گشتی دەقی نووسراوە بەراییەکانی گشت میللەتان، یان دەقی خۆئامادەکردن و خۆکۆکردنەوەن، یاخود دەقی خۆڕێکخستنەوە و بەخۆداچوونەوەی پاش کارەساتێکن، کە دووچاریی دەبنەوە. بۆ نموونە قورئان، دەقی نووسراوی عەقڵی عەرەب، دەقی خۆئامادەکردن و خۆڕێکخستن و خۆکۆکردنەوە بوو. هەروەها ئەلیازە و ئۆدیسای (Odyssey) یۆنانی، بەرهەمە فەلسەفییەکانی سێکوچکەی فەلسەفەی یۆنان، سۆکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ، مێژووی ئەرمەنیی مێژوونووسی ئەرمەن خۆریناتسی ....هتد، بە گشتی دەقی پێش کارەساتن، هەتا ئەگەر ئەو میللەتانە، دەقەکانیان دەقی پاش کارەساتیش بێت، وەکو پەیمانی کۆنی جوولەکە لە مێزۆپۆتامیا، کە دەقی نووسراوی عەقڵی جوولەکەی پاش کارەساتی سەبی بابلییە، بەڵام هێشتا دەقی بە خۆداچوون و خۆڕێکخستنەوەیە، هاوکات دەقی شانامەی فیردەوسیش دەقی خۆڕێکخستنەوە و بەخۆداچوونەوەی پاش دووسەد ساڵ بێدەنگکردنی عەقڵی فارسە.

با بێینە سەر دەقە کوردییەکان: دەقە زەقەکانی کایەی مەعریفیی کوردی به گشتی، دەقی پاش شکستە مەزنەکانن. دەقی مەم و زینی ئەحمەدی خانیی گوزارشتە لە کارەساتی پاش کەتنەکانی مەلا ئیدریسی بەدلیسی، دەقەکانی حاجی قادری کۆیی هاواری پاش نەمانی میرنشینە کوردییەکانن، ناڵەی جودایی هێمن موکریانی




هەواڵنامەی کتێب

# حاجی قادری کۆیی



دەقی مەم و زینی ئەحمەدی خانیی گوزارشتە لە کارەساتی پاش کەتنەکانی مەلا ئیدریسی بەدلیسی، دەقەکانی حاجی قادری کۆیی هاواری پاش نەمانی میرنشینە کوردییەکانن، ناڵەی جودایی هێمن موکریانی پاش کارەساتی ئاشبەتاڵ، گوزارشت لە شکستی ڕۆحی و دەروونیی تاکی کورد دەکات.

پاش کارەساتی ئاشبەتاڵ، گوزارشت لە شکستی ڕۆحی و دەروونیی تاکی کورد دەکات. (هەرچەندە ئەو دەقە ساڵی ١٩٧٤ز پێش ئاشبەتاڵ نووسراوەتەوە، بەڵام وادیارە هێمن موکریانی درکی بە دەرەنجامەکانی شۆڕشی ئەیلوول کردووە)، دەقە بەناوبانگەکەی شێرکۆ بێکەس دەربەندی پەپوولە، دەقی پاش کیمیابارانی هەڵەبجە و کارەساتی ئەنفالە. کۆنەستی کایەی مەعریفیی کوردیمان ئەوەیە چاوەڕێدەکەین کارەساتەکە ڕووبدات ئەوجا دەستدەکەین بە گریان، ئەمەیە دۆخی دۆنادۆنی ڕۆشنبیریی کورد، کە نەیتوانیوە و ناتوانێت وەک پلانێک بۆ دواڕۆژ دەق دابنێت، بەڵکو پاش کارەسات بەبێ بەخۆداچوون و خۆڕێخستنەوە، تەنها دەقی باوکەڕۆ و گریانی هەیە. زنجیرەی کایەی مەعریفیمان بە هیچ شێوەیەک وەک کایەی مەعریفیی نەتەوەکانی تر نییە، یان زنجیرەمان نییە یان پساوە، هەر بۆ نموونە لە پڕ باباتاهیری هەمەدانی، وەک تاکێکی قەلەقی وجوودیی کورد سەربەرز دەکاتەوە و خەریکی هاوارە و حەپەساوە، دوایی لە هێکڕا ئەو دەنگ و سەدایە نامێنێت و کایەی مەعریفیمان لە تاریکایی عەدەمدا گۆڕی ون دەبێت. لە ناکاوێکدا پاش چوارسەد ساڵ مەلا پەرێشان دەردەکەوێت، ئەویش بە هەمان شێوەی باباتاهیر حەپەساوە. دەقەکانیان نە خۆئامادەکردنە و نە خۆڕێکخستنەوەی پاش کارەساتە، ئەوەندە نەبێت کە حەپەساون وەک ئەوەی کۆمەڵێک کەس نوقمی دەریایەک بووبن، یەکێک لەوانە هەر چۆنێک بێت بە پەلەقاژە خۆی دەگەیەنێتە ئاستی دەریاکەوە، هاوار دەکات و بەتەمای فریادڕەسێکە و کەسیش نییە بە هاواریانەوە بچێت.

به داخەوە لە سەردەمێکدا دەژێین، درک بە پەرتەوازەیی و پەرتەوازەبوونی عەقڵی کورد ناکەین، پاش جەنگی



یەکەمی جیهانیی، کە خاکی کوردستان کرا بە چوار پارچەوە، ئەویش دووپارچەی بۆ دەسەڵاتی عەرەب ((لێرەدا ڕووبەڕوو بوونەوەمان بە عەقڵی ڕەوانکاری (بەیانی) ی عەرەب))، یەک پارچەی بۆ دەسەڵاتی فارس (واتا ڕووبەڕوو بوونەوەمان بە عەقڵی هێرمسی، زەردەشتی، مانەویی، مەزدەکی، شیعەی فارس)، پارچەکەی تریش لە ژێر دەسەڵاتی تورک (یانی ڕووبەڕوو بوونەوەمان بە عەقڵی شامانی، سۆفی، عیرفانی، سوونی، حەنەفی، بەگداشیی تورک)، دەرەنجامەکەی وەک دەیبینین پەرتەوازەبوونی عەقڵی کوردی بێ مەعریفەی خاوەن گوتاری ئایدیۆلۆژییە.

پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، هەتا ڕادەیەک یەک پارچەبوونی خاکی کوردستانی ژێر قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرییەتی زلهێزی عوسمانی، عەقڵی کوردی بەرکار یەک عەقڵی داسەپاو بوو، پەرتەوازە نەبوو. سەرەڕای ئەو پەرتەوازەبوونەی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، ئەمە سی ساڵێکە مێتۆدگەلی ڕۆژئاواییمان بەسەردا دەبارێنن، کە دەرەنجامەکەی دروستبوونی عەقڵێکی نامۆی لێکەوتۆتەوە.

لە هیچ سەردەمێکدا وەک ئەم ڕۆژگارەی کایەی مەعریفیمان عەقڵی کوردی گەمارۆدراو بە عەقڵی فارس، تورک، عەرەب، ئەڵمانیی، فەرەنسیی و ئەنگلۆساکسۆنی، ئاوها پەرتەوازەیی بە خۆیەوە نەبینیوە، عەقڵی سەلەفیی، ئیخوانیی، کۆمۆنیستیی، ناسیۆنالیستیی، مەزدەکیی، میترایی، زەردەشتیی، عیرفانیی، هایدگەریی، فۆکۆیی، نیچەیی، هیگڵی و...هتد.

عیرفانییەکان لەژێر هەژموونی عەقڵی فارس و تورکن، سەلەفییەکان لەژێر کۆنترۆڵی عەقڵی ڕەوانکاریی عەرەبیدان، ناسیۆنالیستەکانیشمان مەهزەلەی دەستی زەردەشتیزم و میتراییزمن. ڕەهەندییەکان و بیرمەندانی خاوەن پرۆژەی هزریی ئەم بیست سی ساڵەی دواییش، هەریەکە و خۆی بە مێتۆدگەل و فەیلەسووفگەلێکی ڕۆژئاواییەوە بەستووەتەوە.

بێگومان ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبینەوە، کە ئایا ئەم پەرتەوازەییە لە ڕووی عەقڵی و مەعریفییەوە لە هەموو شوێنێک هەروانییە و یەک شت نییە؟ وەڵامەکەی نەخێر، سەرەڕای پەرتەوازەییان کە بە ڕووکەش دیارە، بەڵام یەکگرتووییەک لە نێوانیاندا هەیە و تەوەر (میحوەر)ی ئەو یەکگرتنە لای دەسەڵاتە، بابڵێین دەسەڵاتی سیاسییان کە بێگومان لە دەسەڵاتی مەعریفیشیاندا ڕەنگیداوەتەوە.

ئەگەر لە گۆشەنیگای عەقڵی عەرەبەوە بڵێین، عەقڵی عەرەب دوا پێشکەوتنی لەسەر دەستی ئیبن خەلدوون و شاتیبی و ئیبن ڕوشددا بینیوە، دوا بەدوای ئەوە وەستا و پرۆسەی کاوێژکردنەوە دەستیپێکرد، تاوەکو ئێستا ئەمە دەتوانین لەسەر عەقڵی فارس و تورکیش پیادە بکەین، عەقڵی ئەڵمانیش لە هایدیگەرەوە وەستانی بە خۆیەوە بینیوە و عەقڵی فەرەنسیش بەردەوام لە تێکشکاندن و هەڵوەشاندنەوەی عەقڵی ئەنگلۆساکسۆنە، عەقڵی ئەنگلۆساکسۆنیش بەردەوام لە بەرەوپێشچوون و لەگەڵ جیهاندا بە سەرکەوتوویی لەوپەڕی ئاوێتەبووندایە. کەواتا

کێشەکە تەنها و تەنها لە عەقڵی کورددایە، کە لەسەرەتاوە عەقڵێکی بەرکاری باوی دروستکراوی نەستەکیی عەقڵیی تورکە، مادامێک عەقڵی کورد دەستپێکەکەی بەو شێوەیەیە، ئێستاش هەتا ڕادەیەک بەردەوامی هەیە، نە دەتوانین خاڵی دەستپێکی بۆ دانێین نە خاڵی وەستان، تەنیا دەمێنێتەوە دەستنیشانکردنی عەقڵەکە و هەوڵبدەین کە عەقڵی کورد خۆی بە تەواوی بدۆزێتەوە، خۆی پەروەردە بکات و خاڵی دەستپێک بۆ خۆی دیاری بکات.

پەرتەوازەبوونی عەقڵی کورد لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی، ڕەنگدانەوەی نەمانی دەسەڵاتی عوسمانی و دابەشبوونی کوردستانە بۆ چوار پارچە. پێش جەنگ یەک عەقڵ و مەعریفە بەسەر عەقڵی بەرکاری کورد سەپێنرابوو. پاش جەنگ عەقڵی کوردی وەهابی (سەلەفی) درێژەی (امتداد) عەقڵی ڕەوانکاریی عەرەبە، عەقڵی ئیخوانیی سۆفی درێـژەی عەقڵی سۆفیی شامانی تورکە، عەقڵی عیرفانیش درێـژەی عەقڵی عیرفانیی فارسە، دواجار عەقڵی ئایدیۆلۆژیی بێمەعریفەی مێشک بەتاڵ، کە بوو بە زەردەشتیی، میترایی و...هتد، لەگەڵ عەقڵی ڕۆژئاوایی درێژبووی عەقڵی ڕۆژئاوا و دروستبوونی توێژێکی نامۆ لە ڕووی مەعریفییەوە، هەروەها لەگەڵ توێژێکی بێ عەقڵ کە دەڵێت، نالی عەقڵگەرایی دیکارتی ڕەتداوە، بۆ نموونە ڕێبوار سیوەیلی و هاوبیرانی.

قورئان یەکەم کتێبە بە زمانی عەرەبی نووسراوەتەوە، توندترین ڕەخنەیە لە عەقڵی عـەرەب، ڕەخنەگرتنە لەباری کۆمەڵایەتیی عـەرەب، ئاینی فرەیی عـەرەب، هوبەل، لات، مەنات، عـوززە، قورئان هەنگاونانە لە میتۆسەوە بۆ لـۆگـۆس. یەکەم کتێبی جوولەکەیش پەیمانی کۆن توندترین ڕەخنەیە لە عەقڵی جوولەکە. هاوکات مێتافیزیکای ئەرستۆ، توندترین ڕەخنەیە لە عەقڵی کەڵەکەبووی یۆنانیی هەتا ئەو کاتە، واتا هەتا سەردەمی ئەرستۆ. بـەڵام کـورد ڕەخنەگرتن لە عەقڵی قبوڵ نییە و بە وەهم مێژوو بۆ خۆی دروست دەکات و ستایشی دەکات، بۆیە تەسەوراتەکانی عەقڵی کورد زۆر هەڵەن. ئێمەی ڕۆشنبیران و مەعریفە خوازانی کورد، کەوتووینەتە هەڵەیەکی زەقـەوە، هەڵەکەش ئەوەیە بۆ کۆمەڵێک چەمک خۆمان کردووەتە قۆچی قوربانی کە بریتین لە: (عیرفانیزم، ئیخوانیزم، سەلەفیزم، لیبرالیزم، کۆمۆنیزم، سۆشیالیزم، ڕۆمانتیسیزم، سوودگەرایی، عەقڵگەرایی، ئەزموونگەرایی، پراگماتیزم، ئەنسترۆمێنتاڵیزم، پۆستمۆدێرنە، مۆدێرنە، ڕۆشنگەریی و...هتد).

هەڵەکە لەوەدایە، نازانین کە ئێمە کەوتووینەتە داوی یەک لەم چەمکانە و خۆمان بۆی گیان فیدا کردووە، ئەم چەمکانەش داردەست و ئامرازگەلێکی عەقڵێک لە عەقڵەکانن، واتا ئەم چەمکانە هەر یەکە و ئامرازێکن بۆ عەقڵێک دەیەوێت دەست بەسەر گەردووندا بگرێت، خۆی ببێتە حاکمی و ئەوانی تریش کۆیلەی بن. کەچی ئێمە کە دەستمان بە یەک چەمک لەم چەمکانە گرتووە، خۆمان هەڵخەڵەتاندووە، یان

هەڵخەڵەتاوین بەوەی بەو چەمکە دەمانەوێت ڕزگارکەری مرۆڤ و جیهان بین. ئێمەی مەعریفە خوازانی کورد چونکە لە خشتەبراوین کەوتووینەتە ناو گێژاوێکەوە سەری لێدەرناکەین و نازانین ئەو هەوڵانەی دەیدەین گشت بە فیڕۆ چوونە و دەڕۆن. نازانین کە ئەو چەمکانەی کە ئاماژەمان پێدان، هەریەک ئەداتێکی دەستی عەقڵێکە و پرسەکەش گوزارشتە لە ململانێی عەقڵەکان. هەر نەتەوەیەک کە بۆ یەکەم جار دەقی بە زمانی خۆی نووسییەوە، ئەوا عەقڵەکەی دەستییپێکرد و چووە ناو پێکدادانەکەوە، پێکدادانی عەقڵەکان. هەر نەتەوەیەک دەگرین، وەک: ئینگلیز، ئەڵمان، عەرەب و کورد و..هتد، لە یەکەم دەقی نووسراوییەوە بە زمانی خۆی عەقڵەکەی دەستپێدەکات و دەست بەکاردەبێت. واتا کێشەکە تەنها لەوە نییە منی ڕۆشنبیر بەو چەمکەی دەستم پێوەی گرتووە و پێی هەڵخەڵەتاوم، وابزانم ئەوە عەینی ڕاستییە و بمەوێت خزمەت بە مرۆڤ و جیهان بکەم، نەخێر دەبێت ئەوە بزانین کە ئێمە بە دوای کڵاوی بابردو کەوتووین و ئاگامان لە ئەسڵی ململانێکە نییە، کە ململانێی نێوان عەقڵەکانە و هەر عەقڵێک وەک داردەست و وەسیلەیەک و چەکێک دەستی بە یەک لەو چەمکانەوە گرتووە، خۆیشی بۆ ململانێکە دایهێناون. لەبەرئەوە، دەبێت ئێمەی ڕۆشنبیرانی کورد بە خۆمان بێینەوە و دەست بە پرۆسەی دیاریکردنی عەقڵەکان بکەین، هەوڵ بدەین عەقڵی خۆمان بدۆزینەوە و دیاریی بکەین و بۆ بەرەو پێشخستن و گەشەپێدان و گەشەسەندنی هەنگاوی جیددیی بنێین. هەموو عەقڵەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان لە کاران، فرانسیس بیکۆن، جۆن لۆک، ستیوارت میل و جۆن دیڤی و..هتد، بۆ عەقڵێکی کارا، بۆ عەقڵی کارای ئەنگلۆساکسۆن لە کاران. دەتوانین نموونەی هەموو عەقڵەکان بێنینەوە لە فەرەنسی، عەرەب، فارس و...هتد، ئایا دەزانیت تەنها عەقڵی بەرکاری کوردە دژ بە خۆی ئیش دەکات. مەحوی، وەفایی، حاجی قادر، لەبەرئەوەی عەقڵی بەرکارن دژ بە کورد، دژ بە عەقڵی کورد کار دەکەن. ناسیۆنالیزمی کورد یان زەردەشتییە یان میترایی، لەبەرئەوە دژی کورد ئیش دەکات، ئیسلامیزمی کورد یان سەلەفی یان ئیخوانییە، دژی کورد ئیش دەکات. ئەم پرۆسەیەش زیاتر عەقڵی کورد پەرتەوازە دەکات.

بۆیە دەتوانم ڕاشکاوانە بڵێم:

گەر عەرەب بام دەبووم بە سەلەفیی، گەر فارس بام دەبووم بە عیرفانییەکی شیعەگەرا، گەر تورک بام، دەبووم بە سۆفییەکی ئیخوانیی، گەر جوولەکە بام، دەبووم بە زایۆنیست، گەر ئەڵمانی بام، دەبووم بە ئۆنتۆلۆژیستێکی نازی، گەر ئینگلیز بام، دەبووم بە پراگماتیست و پۆزەتیڤیستێکی ئینجیلی، گەر فەرەنسیی بام، دەبووم بە پۆستمۆدێرنە، گەر ئیتاڵی بام دەبووم بە ڕێنیسانیستێکی جادووگەری شەهوەتگەری بەڕەڵای فاشی، باشە من کە کوردم ببم بە چی؟

عەقڵی کورد، ئەوەندە بەرکارە نازانێت بۆ دەبێت بە شانۆکار و ڕۆماننووس، نازانێت بۆ دەستدەکات بە

پرۆسەی وەرگێڕان و لەبەر چی لە زمانەکانی ترەوە وەردەگێڕێت، نازانێت بۆ دەژی، بۆ گۆرانی دەڵێت و بۆچی هەڵدەپەڕێت. بە پێچەوانەی عەقڵەکانی ترەوە، کە دەزانن چی دەکەن.

لە هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، کۆمەڵێک خوێنەر هاتنە ناو ناوەندی ڕۆشنبیری کوردییەوە، ڕووبەڕووی لێشاوی وشەی پەتی بوونەوە، وایانزانی مەعریفە و ڕۆشنبیری تەنها تەوزیفکردنی وشەی پەتییە لە دەقەکاندا. بوون بە شاعیر و چیرۆکنووس و هزرمەند و ڕۆژنامەنووس و...هتد، هەتا ئێستاش هەر بە مانا و مەعریفەی وشەی پەتییەوە ڕووبەڕوو بوونەتەوە و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، تەنها وشەی پەتی لە دەقدا تەوزیف بکە تۆ نووسەری تەمام عەیاریت.

هەر بۆیە تەسەوراتەکانی عەقڵی کورد زۆر هەڵەن، باش بزانە ئەی ڕۆشنبیری کورد عەقڵی عەرەب لەباشترین دۆخدایە، عەقڵی فارس و تورک لە باشترین و کامڵترین دۆخی خۆیانن، عەقڵی فەرەنسی و ئەنگلۆساکسۆن و ئەڵمانی لە باشترین دۆخدان. تەنیا ئەوەندەیان بەسە کە تۆزێک بە خۆگونجاندن و هەڵبەستن و سازشەوە خۆیان لەگەڵ ڕەوتی سیستەمی جیهاندا بگونجێنن. لێرەدا تەنها عەقڵی کورد لە دۆخێکی خراپ و شپرزە و پەرتەوازەییدایە. ئایا ئاگاتان لەوە هەیە کە شا محەمەدی پەهلەوی، وەحیی لەلایەن ئیمامە مەعسوومەکانی شیعەوە بۆ دەهات لە خەوندا و قسەی لەگەڵ دەکردن. گەر مێژووگەراییانە لە مەسەلەکە بڕوانین بە نیسبەت عەقڵی فارسەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوان کەسایەتییە مێژووییەکانیدا نییە و مەڵێن ئەوە شتێکی پڕوپووچە، تۆ وڕێنە دەکەیت، ئەوە پڕوپووچی نییە، ئەوە عەقڵی کارای فارسە، عەقڵی کارا بەردەوام جلوبەرگ و پێست و قاوغی خۆی دەگۆڕێت و لە جەوهەردا هەر یەک شتە. محەمەد، هاروونی ڕەشید، ئیبن تەیمییە و محەمەد عەبدولوەهاب، سەدام و...هتد، هەر یەک عەقڵی کارای عەرەبن. ئەدۆڵف ڤلاسەر، ئالاریک، شارلەمان، فیختە، هیگڵ، نیچە، شۆپنهاوەر، هایدیگەر، هیتلەر، هەر یەک عەقڵی کارای ئەڵمانن، عەقڵی کارا هەر جارەی لە بارودۆخێک و لە پێستێکدا بەدەردەکەوێت و خۆی دەخاتەڕوو. ڕەجەب تەیب ئۆردوگان، مستەفا کەمال ئەتاتورک، سوڵتان عەبدولحەمید، سوڵتان مەحموود، عوسمانی کوڕی توگرول، سوڵتان یاوزی سەلجووقی و هەتا دەگاتە تورکانی پشت قەفقاسیا و دەگاتەوە بۆ پاڵەوانی میتۆلۆژیایی تورک ئۆغوزخان، هەریەک شت و یەک عەقڵ و یەک قاڵبی کۆنکریتین. بەڵام ئایا باباتاهیر، مەلای پەرێشان، جزیری، سالم، نالی، مەولەوی، عەبدولڕەحمان پاشای بابان، ئەحمەد پاشای بابان، سەلاحەدین، گۆران، شێرکۆ، جگەرخوێن، شێخ مەحموود، شێخ سەعیدی پیران، نەوشیروان مستەفا و.... هتد، هەریەک عەقڵن یان هەر یەکە و لە ئاوازێک دەخوێنن؟ تەنانەت ڕۆشنبیرێکی کورد نییە ئاگای لەو کەسایەتییە ئەفسانەییە کوردە بێت، کە شەرەفخان لە دەقی فارسیی

شەرەفنامەکەیدا باسی کردووە کە ناوی بۆغدوز یان بەغدوزە. چونکە کورد ڕەگوڕیشەی مەعریفیی و هزر و عەقڵ و کۆنەست و میتۆلۆژیای خۆی لێونبووە. بۆیە پێویستی جیددی بە ڕایەڵ بەستنەوەیە لەگەڵ مێژوودا، کەلەپووری مەعریفی و میتۆلۆژیای خۆی، کورد پێویستی جیددی بەو ڕایەڵ بەستنەوەیەیە، چونکە تەواوی تەلبەندی مەعریفە، میتۆلۆژیا، کۆنەست، مێژووی پچڕپچڕ و بەملاوبەولادا پەرتەوازە بوون. چ مەعریفەخوازێکی عەرەب، فەرەنسی، فارس، ئەڵمان، ئینگلیز، یۆنانی، سوریانی، ئەرمەنی، جوولەکە و...هتد، ئاگای لەم هەموو شتە نییە کە باسمان کرد، غەیری مەعریفەخوازی کورد نەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

ئاینیی کورد، ئاینێکی عوسمانییە و مەعریفەی بەناو کلاسیکی کورد مەعریفەیەکی عوسمانییە، ئاینیی کورد ئەو ئاینەی محەمەد و ئەسحابەکانی نییە، کە لە پێش ١٤٠٠ساڵ محەمەد ڕایگەیاند، بۆیە هەتا ئەم چرکە ساتەش بێجگە لە داگیرکردنی بەشێکی زۆری خاکی کوردستان لەلایەن تورکەوە و بە خاوەنێتی کورد لەلایەن تورکەوە، وەک عینوانێکی موزەیەفی برا گەورەیەتی تورک بۆ کورد لای تورک، بووەتە دۆخێکی دەروونی و سایکۆلۆژیی.

سیستەمی ئەپیستیمی (مەعریقی)ی فارس گنۆسی (عیرفانی) یە و بەردەوامە، سیستەمی ئەپیستیمیی تورک گنۆسییە و بەردەوامە، سیستەمی ئەپیستیمیی عەرەب ڕەوانکاری (بەیانی)یە، بورهانییە، گنۆسییە و تا ئێستا براوە بەرەی ڕەوانکارانن، کە وەهابیزم گوزارشتیان لێوەدەکات.




بەڵام ئەوەی لە عەقڵی کورددا ئامادەیە هەتا ئێستا شپرزەیی و بێئاگایی و نەدۆزینەوەی عەقڵی خودە. هەتا ئێستا وەک دەفری بەتاڵ وایە، زۆر لام سەیرە باسی کۆمۆنیزم و ئیسلامیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی دەکرێت.

ئیسلامیزمی تورک دەزانێت چی دەکات، کۆمۆنیزمی تورک، ناسیۆنالیزمی تورک دەزانن چی دەکەن.

ئیسلامیزمی عەرەب، کۆمۆنیزمی عەرەب، ناسیۆنالیزمی عەرەب، دەزانن خەریکی چین و چ باسە.

ئیسلامیزمی فارس، کۆمۆنیزمی فارس، ناسیۆنالیزمی فارس، دەزانن چی ئەنجامدەدەن و خەریکی چ پرۆژەیەکن.

بەڵام ئیسلامیزم و کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزمی کورد وەک کەڕەی شەربەت وان، هەر نایشزانن چی دەکەن و بەرەو چ ئاڕاستەیەک مل دەنێن. بۆیە عەقڵی بەرکار ئەوە دەرەنجامی ناسیۆنالیزمەکەی و کۆمۆنیزمەکەی و ئسلامیزمەکەیەتی کە نەتەوەیەک بەرەو دۆزەخی پەرتەوازەیی دەبەن.

زەمەن (مەبەستمان لە زەمەنی مەعریفییە) لای ڕۆشنبیری کورد زەمەنێکی مەودا فراوان نییە، پانتایی و مەکانێتی کوردستان پڕبکاتەوە، دەتوانین بڵێین، زەمەن لای ڕۆشنبیری کورد، زەمەنی جوگرافیای کوردستانی مەزن نییە، بەڵکوو وردە زەمەنی درێژبووی میرنشینە لۆکاڵییەکانی مێژوومانن. هەر بۆیە کۆمەڵە ڕۆشنبیرێکی کورد بە ناوی گرووپێکەوە دەستیان گرتووە بە وردە زەمەنێکەوە و لە بازنەی تەسکی ئەو وردە زەمەنە ناتوانن، یان نایانەوێت، یاخود نازانن دەرچنە دەرەوە. هەندێکیان لە زەمەنی بەناو شاعیرانی کلاسیکمان قەتیس ماون و گیریان خواردووە، لای هەندێکیان وەک ڕەهەندییەکان، زەمەنی مەعریفی و ڕۆشنبیری و شیعری کوردی لە قانع و گۆرانەوە دەستپێدەکات، کە وردە زەمەنێکە لە زیندانی لۆکاڵییەتی مەودا و پانتاییەکی تەسکدا.

ئەمانەی کە باسمانکردن و ئاماژەمان پێدان، بەگشتی گوزارشت لە پەرتەوازەیی عەقڵی کورد، دەکەن. بێجگە لە پەرتەوازەیی لە ڕووی عەشیرەتگەریێتی، دابەشکردنی خاکی کوردستان بەسەر چوار وڵاتدا، نەبوونی زمانی کوردیی ستاندارد، نەبوونی دیالێکتی ستاندارد و لۆکاڵێتیی کایەی مەعریفیی کوردی.

**با پرسیارێک ئاڕاستەی خۆمان بکەین و بڵێین، ئایا ڕۆشنبیری کورد نەتەوەیی کامڵە یاخود لۆکاڵییەکی نوقسان؟**

گومان لەوەدا نییە کە چەمکی ڕۆشنبیر چەمکێکی ئاڵۆزە، چ لە ڕووی مێژووییەوە، چ لە ڕووی ئەوەی کێ ڕۆشنبیرە و بە کێ دەوترێت ڕۆشنبیر، جا گەر وابێت، چۆن بتوانین ئەم چەمکە پێناسە بکەین. با لەمانە گەڕێین و گریمانەییانە لەسەر ئەوە ڕێککەوین کە شاعیر، چیرۆک نووس، ڕۆماننووس، ڕۆژنامەنووس، مێژوونووس، کۆمەڵناس، ئەنترۆپۆلۆژیست، هەروەها فەیلەسووف، چ بە پێناسە تازەکەی لەلایەن فۆکۆوە کە هاوڕێی مەعریفەیە، چ بە پێناسە کلاسیکییەکەی لەلایەن ئەفلاتوونەوە کە خۆشەویستی حیکمەتە، ئەمانە گشت بە ڕۆشنبیر وەسف بکەین و بیانناسێنین. وەک نموونەیش دەڵێین، ئەرستۆ ڕۆشنبیرە و نالیش ڕۆشنبیرە. ئەوجا بابێینە سەر بابەتەکەمان و پرسیارگەلێک بورووژێنین. ئایا ڕۆشنبیری کورد کامڵە وەک ڕۆشنبیرانی نەتەوەکانی دیکە، یان نوقسان و خاوەنی کەموکوڕییە؟ ئایا ڕۆشنبیری کورد چ لە ئێستا و چ لە ڕابووردوودا ڕایەڵەی لەگەڵ

مێژووی مەعریفەی خۆی و کەلەپووری مەعریفی خۆی، توند و تۆڵە وەک نەتەوەکانی دیکە، یان ڕایەلەی لەگەڵیاندا پساوە؟ ئایا ڕۆشنبیری کورد نەتەوەییە، کە هەموو پانتایی جوگرافیای کوردستان بگرێتەوە وەک نەتەوەکانی دیکە، یان ئەوپەڕی لۆکاڵییە؟ پێویست بەوە ناکات باسی زمانی ستانداردی کوردی بکەین، وتارەکەمان لەبارەی زمانی ستانداردەوە نییە بەڵام دەڵێین، ئایا دیالێکتی ستاندارمان هەیە؟

تورک، پێش ئەوەی زمانی تورکیی عوسمانی وەک زمانی ستاندارد بەکاربێنن، تاڕادەیەک زمانە ستانداردەکەیان بەرمەبنای تورکی ئازەری بوو، ئەو زمانەی یونس ئەمرە و فزوولی بەغدادی شیعرەکانیان پێدەنووسییەوە. چۆن زمانی تورکی عوسمانی لەڕووی سینتاکس و مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکی و فۆنەتیکی و سیمییۆلۆژییەوە یەک داڕشتنی هەبوو، واتا لە ڕووی داڕشتنەوە یەکگرتوو بوو، ئاوەهاش نووسین بە زمانە ئازەرییەکەیان. یۆنانییەکان پێش ئەوەی دیالێکتی ئەتیکی شاری ئەسینا وەک بناغەیەک بۆ زمانی ستاندارد بەکاربێنن، بە هەر سێ دیالێکتی ئەرخادی، ئایۆنی و دۆریانی دەیاننووسییەوە. هەتا لە سەردەمی هێلینیزمدا ئەو دیالێکتەی ئەفلاتوون و ئەرستۆ بەرهەمە فەلسەفییەکانی خۆیان پێدەنووسییەوە کە دیالێکتی ئەتیکی بوو، بوو بە زمانی ستانداردی یۆنانی زمانەکان، زمانی نوێی یۆنانیش ئێستا بەرمەبنای دیالێکتی ئەتیکییە. زمانی یۆنانی چ لە ئێستادا و چ لە ڕابووردودا لە ڕووی سینتاکس، مۆرفۆلۆژی، سیمانتیکی، سیمییۆلۆژی و فۆنەتیکەوە، لە ڕووی داڕشتنی زمانییەوە یەک جۆرییە. لە هەموو زمانە زیندووە جیهانییەکاندا، چ گۆڕانکارییەک بەسەر زماندا هاتبێت، زمانەوانانیان و ڕێزمانەوانانیان ئیشیان لەسەرکردووە و ڕۆشنبیرانیان ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانە بوون. هاوکات کایەی مەعریفییان و جۆری نووسینەوە لە گشت بوارەکاندا بە پلە و بە تەدریج وەک قاڵبی کۆنکریتی لە بینای هەندەسی زمان و عەقڵی مەعریفییاندا ئینحرافی پێنەکراوە و لەو هێڵە زمانی و مەعریفییەی بۆیان سنووردار کراوە و دیاریکراوە، لایاننەداوە. ئەو زمانەی ڕۆشنبیرێکی ئەم سەردەمەی عەرەب پێیدەنووسێتەوە، پاش هەموو گۆڕانکارییەک کە بەسەر زمانی عەرەبیدا هاتووە، بە پلە و بە تەدریج، قۆناغ بە قۆناغ، ڕەگوڕیشەی بۆ ئەو زمانەی کە ئیمروئولقەیس و خەنسا و عەنتەرە، شیعرییان پێدەنووسییەوە و دەوتەوە، بۆ ئەو زمانەی کە محەمەد قورئانی پێنووسییەوە، دەگەڕێتەوە. هەرچ گۆڕانکارییەکیش لەلایەن ڕێزمانانەوانی عەرەب، کە بە نوحات ناسرابوون بەسەر زمانی عەرەبیدا بهاتبایە، بە پانتایی خاکی عەرەب دەگشتێندرا، گشت ڕۆشنبیرانی هەموو بوارەکان و عەرەبزمانان، هاوکات ئەوانەی عەرەب نەبوون و بە زمانی عەرەبی دەیاننووسییەوە، پابەندی دەبوون. ئەم پرۆسەیە کاری بە دەسەڵات و بوونی کیانی سیاسیشەوە نییە. سەدان ساڵە ئاسوورییەکان و ئارامییەکان بستێک خاکی باوباپیرانی خۆیانیان بەدەستەوە نەماوە، لە

کایەی مەعریفییاندا لە هەر کوێی دونیادا بن و بووبن، چ لە ئێستا و چ لە ڕابـردوودا، لە ڕووی مەعریفیی و زمانی مەعریفییانەوە ڕایەڵەیان بە یەکەوە گرێدراوە و زمانی نووسینیشیان بە زمانی سوریانی ناسراوە. ئەمە بێگومان جوولەکەیش دەگرێتەوە، کە پەرتەوازەییان کاریگەریی بـەسـەر زمـانـی مەعریفییانەوە نەبوو، جوولەکەی زیاسپۆرا زمانی خۆیان لەبیر کردبوو، بەڵام ڕۆشنبیری دەستەبژێریان هەنگاو بەهەنگاو، ئاگاداری هەر گۆڕانکارییەک بوون، کە بەسەر زمانی مەعریفییاندا دەهـات. بۆ نموونە گەر لە وڵاتێکدا مەعریفەخوازێکی جوولەکە هەڵکەوتایە، بێگومان ئاگاداری ئەوە دەبوو، کە زمانی تەلموود بە چەند سـەدەیـەک پـاش زایین نووسراوەتەوە، جیاوازی لەگەڵ زمانی تەوراتدا هەیە، کە بە چەند سەدەیەک پێش زایین نووسراوەتەوە. بۆیە ئەو ڕۆشنبیرە جوولەکەیە لە هێڵ دەرنەدەچووە دەرەوە، لە بونیادی هەندەسی ئەو زمانە و ئەو عەقڵە مەعریفییەی کە بۆی دیاریکراوە ئینحیرافی نەدەکرد و لاینەدەدا. فارس پاش فتووحاتی ئیسلامی و پاش تەواوکردنی مەحکومییەتی بێدەنگییان، کە دووسەد ساڵی خایاند، تا ئەم سەردەمە بەسەر چوار قۆناغی ئەدەبیی و مەعریفیدا تێپەڕبوون، کە پێی دەڵێن سەبک. ئەوانەش: سەبکی خوراسانی، لەبەر ئەوەی زمانی فارسی نوێ لە خاکی خوراسانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە دەستبەکاربوو، دوای ئەوە لە دەورووبەری سەدەی سیانزەهەم و چواردەهەمدا سەبکی عێراقی دەستیپێکرد، لە سەردەمی سەفەوییەکانیشەوە سەبکی هیندی، ئەوجا لە سەدەی هەژدەهەمەوە سەبکی بازگەشت، واتا گەڕانەوە بۆ سەبکی عێراقی دەستیپێکرد و بەئێستاشەوە بەردەوامە. هەر ڕۆشنبیرێکی فارسزمانیی ئەم سەردەمە، لە هەر بوارێکی مەعریفیدا کە بە زمانی فارسی سەرقاڵ بێت، ئەگەر بڵێین وەک نەستێکی مەعریفیش ئاگای لە هەر چوار سەبکەکە هەیە، کە ناومان هێنان، دەیانزانێت و سەروبەندیی لەگەڵیاندا هەیە، سەر بەهەر عەقیدە و هرز و ئایدیایەکیش بێت، ناتوانێت لەو بونیادە هەندەسییەی کە لـەڕووی داڕشتنی زمانییەوە بۆی دیاریکراوە، لێی دەرچێتەدەرەوە.

بەڵام لە کایەی مەعریفیی کوردیدا پرۆسەکە زۆر ئاڵۆزە و دەبێت لەمەودوا لەلایەن دەستەبژێران، ڕێزمانەوانان و زمانەوانانەوە، توێژینەوەی قووڵی لەسەر بکرێت و بەدواداچوونی جیدی بۆ بکرێت. گەر بێینە سەر شاعیران و مەعریفەخوازانی سێکوچکەی باکوور (عەلی حەریری، مەلای جزیریی، فەقێ تەیران)، دەبینین زمانی عەلی حەریری، (وەک وتمان زمان لە ڕووی داڕشتنی زمانییەوە، سینتاکس، مۆرفۆلـۆژی، سیمانتیکی، فۆنەتیکی و سیمییۆلۆژی دەگرێتە خۆی)، لەگەڵ زمانی فەقێ و جزیری کە هاوچەرخیان بووە، جیاوازیی هەیە. هاوکات ئەم سێ شاعیرە مەعریفەخوازە، کە دەقەکانیان بە دیالێکتی کورمانجییە، داڕشتنی زمانییان لەگەڵ هاوچەرخێکی خۆیان، جیاوازیی زەقـی هەیە، ئـەو شاعیرەیش کە



وەک خۆیان لە بازنەی فەلسەفەی عیرفانیزمی یەکێتی بوون دەرنەچووەتە دەرەوە، شەمسەدینی ئەخلاتییە. ئەم یەکنەبوون و یەکنەگرتووییە وەک ئاماژەمان پێدا لە ڕووی داڕشتنی زمانەوە لە کایەی مەعریفی هیچ نەتەوەیەکدا کە دەقی نووسراویان هەیە، بوونی نییە. کە دێینە سەر شاعیرانی سێکوچکەی بابانیش بە هەمان شێوە ڕووبەڕووی ئەو ئیشکالییەتە دەبینەوە. سێکوچکەی بابان (نالی، سالم، کوردی)، لە یەک شاردا کە شاری سلێمانییە و پایتەختی میرنشینیی بابان بووە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا دەقە شیعرییەکانیان بە دیالێکتی سۆرانی نووسیوەتەوە، کوردی و سالم ئامۆزای یەکدی بوون، سالم و نالیش لەگەڵ یەکدی خاڵۆ و خوارزا بوون، بێجگە لەوەش هاوڕێی یەکبوون و لە ڕووی تەمەنیشەوە تاڕادەیەک هاوتەمەن بوون. سەیر لەوەدایە زمانی نووسینی هەرسێکیان لە ڕووی داڕشتنەوە، هەریەکە و لە ئاوازێک لێدەدات، باشە سالم بۆچی لە دەقەکانیدا زیاتر وشەی فارسیی بەکارهێناوە؟ بۆ دەقەکانی کوردی پتر مۆرکی زمانی خۆماڵی پێوەیە؟ نالی بۆچی وردە جەوەلانێکی بە ناو شێوەزارەکاندا کردووە و بێسەروبەرانە جۆرە داڕشتنێکی زمانیی لێهەڵێنجاون؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بەوە نابڕێتەوە و تەواو نابێت کە نالی لە ڕەچەڵەکدا شارەزووری بووە، یان سالم لەبەرئەوەی زۆربەی کات و ژیانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی سەر بە دەوڵەتی قاجارییەکان بەسەر بردووە، ئەم هۆکارانەی کە ئاماژەمان پێدان کاریگەرییان بەسەر کایەی مەعریفیی و وەبەرهێنانی گوتاری مەعریفی و جۆری داڕشتنی زمانی نووسینەوە نییە، گەر تەنسیقێکی مەعریفی لە نێوان سێکوچکەی باباندا هەبووایە. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بە تایبەتی لە سنووری جوگرافیای سۆرانزمان کۆمەڵێک شاعیر ڕێچکەی سێکوچکەی بابانیان گرتەبەر، هەر لەو سەروبەندەدا وەفایی و ئەدەب و حەریق کە شاعیرانی دەڤەری سابڵاخ و موکریانن، زیاتر زمانی سێکوچکەیان گەڕاندەوە بنەچەکەی خۆی، کە شێوەزاری موکریانییە.

هاوکات مەولەوی، کە هاوچەرخی شاعیرانی سێکوچکە بوو، عەقیدەی مەرزییەکەی کە بە نەزم لەبارەی زانستی کەلامی ئەشعەرییەوە هۆنیویەتییەوە، بە هەمان شێوە پاشماوەی ئەو کتێبەی کە هەر لە بابەت کەلامی ئەشعەرییە و چەند لاپەڕەیەکی لێبەجیماوە و لە کتێبی ڕەخنەگرتن لە عەقڵی کورددا، کتێبی یەکەم خستمانەڕوو، ئەم دوو بەرهەمەی بە دیالێکتی سۆرانی نووسیون. پرسیارەکە لێرەدایە، مەولەوی، کە بەڵگەی ئەوە هەیە نالی ناسیوە بێگومان دەبێت سالم و کوردیشی ناسیبێت، لە شاری سلێمانی قۆناغێکی خوێندنی بڕیوە، پەیوەندی لەگەڵ مەحویدا هەبووە، بۆچی بەرهەم و دەقە سۆرانییەکانی بە هەمان سۆرانییەکەی سێکوچکە نەنووسیوەتەوە، بەڵکوو بە دیالێکتی سۆرانی شێوەزاری جافی تاوگۆزی نووسیویەتییەوە؟ مەولەویی لە ڕووی دیالێکتی با بڵێین

هەواڵنامەی کتێب



پەرتەوازەبوونی عەقڵی کورد لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی، ڕەنگدانەوەی نەمانی دەسەڵاتی عوسمانی و دابەشبوونی کوردستانە بۆ چوار پارچە. پێش جەنگ یەك عەقڵ و مەعریفە بەسەر عەقڵی بەرکاری کورد سەپێنرابوو. پاش جەنگ عەقڵی کوردی وەهابی (سەلەفی) درێژەی (امتداد) عەقڵی ڕەوانکاریی عەرەبە

ستانداردی، کە سێکوچکەی بابان بناغەیان داناوە، بۆچی ڕێچکەیانی نەگرت؟ دیالێکتی سۆرانی لقە جافە تاوگۆزییەکەی لەگەڵ دیالێکتی سۆرانی بابان کە لقێکی شێوەزاری موکریانییە، لە ڕووی دارشتنی زمانیی، سینتاکس، مۆرفۆلۆژی، سیمانتیکی، فۆنەتیکی و سیمیۆلۆژییەوە زۆری فەرقە و جیاوازی بنەڕەتی هەیە.

**بابێینە سەر دیالێکتی گۆران:**

بەدەر لە مەلای پەرێشان، نووسین بە دیالێکتی گۆران لە سەدەی هەڤدەهەمەوە لەسەر دەستی شێخ شەهابەدینی کاکۆزەکەریا و بێسارانییەوە دەستپێدەکات، هەرچەندە لەم چەند ساڵەی دواییدا پارچە شیعرێکی شەمسەدینی دەردەهەردی کە بە دیالێکتی گۆرانییە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەهەم، دۆزرایەوە و خرایەڕوو. بۆ ئەو شاعیر و مەعریفەخوازانەی لەسەر هێڵی کاکۆزەکەریان، وەک فەقێ ئەحمەد بۆ نموونە، ئیشکالیاتەکە لەوەدا نییە کە شیعریان بەرمەبنای کێشی بەحری عەرووزی عەرەبیدا نووسیوەتەوە، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە لە ڕووی سیغەی زمانیی و دارشتنی زمانییەوە نووسینەکانیان لەگەڵ گرووپی بێسارانیدا جیاوازیی هەیە و یەک جۆری دارشتنی زمانیی نییە، کە شاعیرانی وەک: خانای قوبادی، ئەڵماس خان، میرزا شەفیعی مامێزکی، ڕەنجووری و....هتد دەگرێتەوە. ئەم دوو جۆر نووسینەی دەق بەردەوامیی هەیە، هەتا لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەگاتە مەولەوی شاعیر و مەعریفەخواز. مەولەوی لەلایەنی خۆیەوە دەستکارییەکی تەواوی دیالێکتی گۆرانی کرد، بێئەوەی پاش خۆی کەس ئەو ڕێچکەیەی، کە دایناوە بگرێتەبەر و بێئەوەی هەوادارێکی بۆ پەیدابێت.

ئەم جۆرە دەستکارییە بێسەروبەرانە، نەک هەر مەولەوی، بەڵکو نالی و نووسەر و شاعیری دیکەش

دەگرێتەوە، هۆکارەکەیشی بۆ پەرتەوازەیی عەقڵی کورد و نەبوونی وەبەرهێنانی گوتاری مەعریفی دەگەڕێنینەوە، کە ڕوونە بە هیچ شێوەیەک ئەم مەعریفەخوازانە هەتا ئەگەر هاوچەرخی یەکیش بن، چ جای ئەوەی لەسەردەمی جیاجیایشدا ژیابن، تەنسیقی مەعریفی وەکوو کایەی مەعریفی نەتەوەکانی دیکە، لە نێوانیاندا نەبووە. بە هەمان شێوە پاش جەنگی یەکەمی جیهانیش ئەم ڕەوتی پەرتەوازەییە لە بڵاوکراوە و دەقە نووسراوەکاندا لە ڕووی داڕشتنەوە بەردەوام بوو، نووسەرانی دەڤەری بادینانی کوردستانی باشوور، سادق بەهائەدین ئامێدی، ئەنوەر مائی و...هتد بەهەمان شێوە جۆری نووسینیان لەگەڵ کوردانی ئەرمینیا و یەکێتیی سۆڤێتیی جاران، عەرەب شامیلۆف، زانا قەناتی کوردۆییف، جاسمێ جەلیل و... هتد، کە بە یەک دیالێکت دەدوێـن جیاوازیی بەرچاوی هەیە. هاوکات زمانی ئەدەبی و مەعریفی نووسەرانی سلێمانی، کەرکوک، هەولێر و موکریان، کە ئەمانیش بێگومان بە یەک دیالێکت دەدوێـن، بە هیچ شێوەیەک لە ڕووی داڕشتنی زمانیی و دیالێکتی یەک و یەکگرتوو نین، ئەمانەی کە لەم بەشەدا باسمان لێوەیان کرد، گەر بمانەوێت بۆ سەلماندنی گریمانەکەمان و تیۆرەکەمان، دەقەکانیان بە نموونە بێنینەوە، لە ڕووی هەر پێنج بەشەکەی زمان توێژینەوەیان لەسەر بکەین و شییان بکەینەوە، بێگومان کتێبێکی تایبەتی دەوێت. ئێمە لەم وتارەماندا تەنها بۆ یەکەم جار بۆ ناوەندیی ڕۆشنبیری لە کایەی مەعریفیماندا مەسەلەکە دەورووژێنین. ئێمە مامەڵە و بەرخوردمان لەگەڵ دەستەبژێری ڕۆشنبیری کورددا هەیە، ئەو دەستەبژێرەی کە نایەوێت لێمان تێبگات. پسپۆڕە ناسیۆنالیست و ئایدیۆلۆژیستەکانمان، خەمی ئەوەیانە و خەمی ئەوەیان لێنیشتووە، کە بۆچی کورد زمانی ستانداردی نییە؟ گەر ئاگایان لەم خاڵە سەرەکییانە بێت کە خستمانەڕوو و باسمان لێوە کردن، لێمان حاڵ بن، ئەوکات چی دەڵێن و چۆن ڕووبەڕوومان دەبنەوە، کە کورد نەک زمانی ستاندارد بەڵکو دیالێکتی ستانداردیشی نییە. زمانی نووسینمان چ پێش جەنگ و چ پاش جەنگ (مەبەستم لە جەنگی یەکەمی جیهانییە)، کە بە چەند دیالێکت ولقە دیالێکت نووسراوەتەوە و دەنووسرێتەوە، یەک سیغەیی نییە و وەک ڕەوتی کایەی مەعریفی ئەو نەتەوانەی باسمان کردن و ناومان هێنان، لە ڕووی سینتاکس، مۆرفۆلۆژی، سیمانتیکی، فۆنەتیکی و سیمیۆلۆژییەوە، یەکجۆر و یەکگرتوو نییە.

نووسەران و شاعیرانی کورد لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی بێئەوەی بزانن پۆلێنکردنی وشە و وەبەرهێنانی گوتاری مەعریفی یانی چی، بێسەروبەرانە و بێ هیچ پلانێکی زانستی، وشەی عەرەبی و تورکی و فارسی و دیالێکتە جۆربەجۆرەکانی کوردییان هەڵدەبژارد. پاش جەنگی یەکەمی جیهانیش نووسەرانی کورد بە گۆبەندی ئاستنزمێکی وەک مێجەرسۆن، زۆر نەزانانە و بێ پلان دەستیان بە هەڵڕشتنی وشەی پەتی و داتاشراو، کرد. یەک

لە بەندە گرنگەکانی وەبەرهێنانی گوتاری مەعریفی دەبێت هەرچی وشەگەل هەن بەرامبەر ماناکانیان زانستییانە دیاری و کلاسبەند بکرێن، ئەویش بە بەراورد بە زمانێکی زیندووی دیکە، کە پسپۆڕان ئیختیاری دەکەن و لەسەری ڕێکدەکەون. بۆ نموونە پسپۆڕانی زمانی یۆنانی ئاری ئیختیاری زمانی فینیقیی سامیان کرد بۆ بەراورد کردن و دەستپێکردن بە وەبەرهێنانی گوتاری ئەپیستیمی، کە داڕشتنی زمان و فەرهەنگ و ڕێزمان و هزر و...هتد دەگرێتەوە.

لە دواوتەماندا با جەوەلانێکی بەپەلەی هزری هزرمەندانمان بکەین و بزانین هەتا چ ڕادەیەک ڕۆلیان لە پەرتەوازەیی و پەرتەوازەبوونی عەقڵی کورددا هەیە:

لەم بیست سی ساڵەی دواییدا، چەند پێشنیارێک بە ناوی پرۆژەی مەعریفییەوە تاوەکو هەنووکە بۆ سیستەمی مەعریفیی کوردی کراوە. ئەو نووسەرانەی کە دەڵێن ئێمە خاوەنی پرۆژەین، وەک پرۆژەی مەحویناسیی هێمن قەرەداغی، پرۆژەی ڕەهەندییەکان (بەختیار عەلی، مەریوان وریا قانع، ئاراز فەتاح)، پرۆژەی سیوەیلی، گەر بەرهەم و نووسینەکانی ناوی پرۆژەیان لێبنێین، پرۆژەی فێندەمێنتالیزمی فاررووق ڕەفیق، پرۆژەی بوونگەرایی محەمەد کەمال. هەروەها پرۆژەی ئازاد حەمە، کە هەریەک لەم نووسەر و بیرمەندانەی ناومان هێنان، سەر بە چەند قوتابخانەی مەعریفی و فەلسەفین و کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی فەیلەسووفگەلێکەوە. هەرچەندە فەرمییانە پێشنیاریان بۆ عەقڵی کورد نەکردووە، ناوی سیستەمی مەعریفیی کوردییان نەهێناوە، بە گشتی ڕایەڵەیان لەگەڵ کەلەپووری مەعریفی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی پساوە، لەلایەکی دیکەشەوە لۆکاڵین و سنووری لۆکاڵییەت بە ڕووی پانتایی کوردستان نابەزێنن، یان باشتر و ڕوونتر بڵێین نەیانتوانیوە و نەیانزانیوە بیبەزێنن. هەرچۆنێک بێت ئێمە لەلایەن خۆمانەوە و لە گۆشەنیگای خۆمانەوە نووسینەکانیان بە تەرحگەلێک بۆ عەقڵی کورد هەژمار دەکەین.

نووسەرە ئایدیۆلۆژیستەکانیشمان (کۆمۆنیستەکان، ناسیۆنالیستەکان، ئیسلامیستەکان) خستووەتە دەرەوەی خانەی خاوەنی پرۆژەوە، چونکە نەک خاوەنی پرۆژە نین، بەڵکو ڤایرۆسێکی کوشندەن، کە دووچاری جەستەی مەعریفیمان بووەتەوە.

فاررووق ڕەفیق، ئیش لەسەر ئەسڵی چەمکەکان دەکات و پرۆژەکەی پتر بۆنی فێندەمێنتالیزمی لێوەدێت. فاررووق ڕەفیق چونکە فێندەمێنتالیستە، نازانێت ئەو چەمکە یۆنانی و لاتینی و ئینگلیزییانەی شیکردنەوەیان بۆ دەکات، چەمکگەلی زمانەکانی گرووپی ئارین، سەر بە سوڵتەی مانان و بەردەوام لە ڕووی ماناوە لە گۆڕاندان.

بەختیار عەلی، پۆستمۆدێرنەیەکی غامیز و ئاڵۆزە و بابەتە هزرییەکانی بە وشەئارایی و جادووی ڕەوانبێژی دەڕازێنێتەوە و بە عینوانی داڕشتنی فەلسەفی بە خوێنەرانی دەفرۆشێت. بەختیار عەلی چونکە شاعیر و ڕۆماننووسێکی

بەتوانایە، هەژموونی شێواز و ستایلی شیعر و ڕۆمانەکانی بە تەواوی لەکار و بەرهەمە مەعرفییەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. عەقڵی کورد ئەمەندە ماندوو و بەتاڵە، بۆیە یەکێکی وەک بەختیار عەلی هەر جارەو دێت فەیلەسوفێک و مێتۆدێکی بەسەردا فەرز دەکات و لەسەر ئەم وەتەرە ئیش دەکات، کە ئەنجامەکەی گەمە کردنە بە عەقڵی کورد، هەر جارەی فێری شتێکم بکە و ئەوجا لێمی بسەنەوە و شتێکی کەم بۆ عەرز بکە، ئا ئەمەیە خوولانەوە لە بازنەیەکی موفرەغدا.

مەریوان وریا قانع و ئاراز فەتاح، وەک تۆماس مۆر هەوڵ بۆ کۆمەڵگەیەک دەدەن ئەوپەڕی مۆدێرن و یۆتۆپیایی، کە بە هیچ شێوەیەک دیدە یۆتۆپیاکانیان لەگەڵ کۆمەڵگەی خێڵەکی کورد ناگونجێن.

هێمن قەرەداغی عیرفانیستە. دەیەوێت مەحویمان بۆ زیندوو بکاتەوە و لێمانی بکات بە پێشەنگ.

محەمەد کەمال، بوونگەرایە و تەنها ئۆنتۆلۆژیست بە مەعریفەخواز و فەیلەسووف دادەنێت، کە ئەمەیش بۆ کایەی مەعریفیی کوردی کارێکی خەتەرناکە. چۆن عەقڵێک هێشتا خۆی نەدۆزیوەتەوە، بە دوای عەقڵێک



دەکەوێت کە لە جەنگی پێکدادان و ململانێی عەقڵەکاندا دۆڕاوە، ئەویش عەقڵی ئەڵمانە. ڕۆحی کورد، ڕۆحێکی نەخۆشی سۆفیگەراییانەیە، بۆیە بە ئاسانی ئەمسالی وەک هایدیگەر لە عەقڵی کورد جێگەی دەبێتەوە و بووە بە پرۆسەیەکی بێ ئاگایانەی نەستەکییانەی هێمن قەرەداخی و محەمەد کەمال. کێشەی کورد زۆر لەوە قورستر و قووڵترە، هەتا بە ئایدیۆلۆژیا سووکی بکەین و بە فەلسەفەی ئۆنتۆلۆژی و گەمەی زمان (لیۆتارییانە) فووی تێبکەین و بە جادووی ڕەوانبێژی لە خۆمانی بزر بکەین. کورد کێشەی بوونی هەیە، بۆیە ڕۆشنبیرانی کورد زۆر سادەلەوحانە، بوونگەراییانە و هایدیگەراییانە و...هتد، دەیانەوێت چارەسەر بۆ کێشەی کورد بدۆزنەوە، بێئەوەی بزانن ئۆنتۆلۆژیا، وەکو وتمان زادەی عەقڵی ئەڵمانە و عەقڵێکی دۆڕاوە، کە ڕۆشنبیرانی کورد دەیانەوێت ئەم دۆڕاوە بکەن بە پێشەنگی دیاریکردن و خۆدۆزینەوەی عەقڵی کورد. بە بەراورد لەگەڵ ئەمەدا کێشەی کورد لە کێشەی جوولەکە زیاتر و قووڵتر نەبوو، کە زیرەکانە و ئەزموونگەراییانە و عاقڵانە و پراگماتیستییانە، بە عەقڵی کارا و ئاوێتەبوون، توانییان چارەسەر بۆ کێشەی بوونی خۆیان بدۆزنەوە. کورد، وەک جوولەکە، پێویستیی بە خودنەفرەتییەکی مەعریفیی دۆخی خۆیەتی، نەک خودنەفرەتییەکی وجوودییانەی دۆخی عەقڵی ئەڵمان و فەرەنسی، کە نووسەرانمان ڕەواجی پێدەدەن، یان خودنەفرەتییەکی ڕووکەشانەی وەک خانی و حاجی، بەڵکوو خودنەفرەتییەکی ئاستی بەرزی مەعریفییانە و عەقڵمەندانە، کە دەبێت کارێکی جیددیی لەسەر بکرێت.

سیوەیلی و پیرەکەی، لە جادووی ڕەوانبێژی و تێترنجاندنە مێتۆدگەلی مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی و ئارایشتکردنی دەقە مەعریفییەکانی مەحوی و نالی و حاجی و...هتد، هەروەها فووتێکردنیان بە موستەڵەحاتی قەبەقەبەی فەلسەفیی زیاتر، هیچی تریان پێنییە.

ئازاد حەمە، لەعەرزکردنی مێتۆدگەل و بەکارهێنانی موستەڵەحاتی قەبەقەبەدا بێبەری نییە و لە لۆکالییەتدا گیری خواردووە، لەژێر هەژموونی عەقڵی ئەنگلۆساکسۆندایە، لەڕووی مەعریفی و فەلسەفیشەوە تا ڕادەیەک بەتوانایە، پێیوایە بیرمەندانی کورد (بەتایبەتی مەبەستی لە ڕەهەندییەکانە)، نەزانانە یان بە دەستی ئەنقەست کە خۆیان مەبەستییانە دەیانەوێت تەنها عەقڵی ئەڵمان و عەقڵی فەرەنسی لە کایەی مەعریفی کوردیدا بسەپێنن.

سەبری سلێڤانەیی، کتێبێکی بەناوی (ئەقڵی کوردی، ڕەخنەیا ئەقڵێ پراکتیکی)یەوە نووسیوەتەوە و لە چاپ داوە. ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ناونیشانی کتێبەکە کە تەرحی ڕەخنەی عەقڵی پراکتیکی واتا ڕەخنەی عەقڵی عەمەلی دەکات، بەڵام ئەو ئەخلاقییات و ئاکارگەلانەی کۆمەڵگەی خێڵەکیی کورد، کە خوێندنەوەیان بۆ دەکات و لە دیدی خۆیەوە بەر نەشتەری ڕەخنە دەکەون، ناچنە بازنە و چوارچێوەی تیۆری عەقڵی و فەلسەفەی ڕەخنەوە ئەوەی، کە کانت لە ڕەخنەگرتن لە عەقڵی عەمەلیدا خستوونییەتەڕوو و خوێندنەوەی بۆ کردوون

و لەسەریان وەستاوە، بەڵکوو دەچنە خانەی زانستی ئەتنۆگرافی و ئەنترۆپۆلۆژیاوە. بێجگە لەوەی ئەو کتێبە بە شێوەیەک نووسراوەتەوە پێنج سەد خاڵی سەرەکی دەگرێتە خۆی و لەزۆر حاڵەتدا وەک وتەی نەستەق خراونەتەڕوو و بە شێوەی کۆمەڵێک ئامۆژگاریی والا دێنەبەرچاو، وەک ئەوەی توێژینەوەی فەلسەفی و مەعریفی بن. ئەم کتێبە وەک وتمان تێکەڵەیەکە لە وتەی نەستەق و ئامۆژگاریی فەلسەفەئامێزانە و دوورە لە کلاسبەندیی مەعریفی و بەهەمان شێوەی چامە درێژەکانی فەقێ قادری هەمەوەندە لە کۆمەڵە شیعرییەکەیدا کە بەشە سەرەکییەکانی ناوی کتێبی لێناون، هەرچەندە کۆمەڵە شیعرییەکەی فەقێ قادری هەمەوەند مۆرکی فۆڕمەڵەبەندی و کلاسبەندیی تەقلیدی کلاسیکییانەی پێوە دیارە. سەبری سلێڤانەیی وتەی زۆرێک لە بیرمەندان و فیلەسووفانی کۆن و پێشین و بێجگە لە ئایەتی قورئانی تێکەڵ و پێکەڵ دەکات و بێ هیچ ڕیزبەندییەک وەک چێشتی مجێور دەرخواردی خوێنەرانی دەدات. گەر فۆکۆییانە لێیبڕوانین، سەبری وتەگەلی ئەو بیرمەند و فەیلەسووفانە هەتاوەکو ئایەتە قورئانییەکانیش ناخاتە ناو سیاقی گوتاری سەردەمەکەی خۆیانەوە، کە ئەمە بە خۆی گەورەترین ئیشکالییاتە و لە نرخی ئەو کتێبە عەقڵی و مەعریفییە کەم دەکاتەوە. بە داخەوە ئەم نووسەرە ڕۆڵی حیکایەتخوان دەبینێت و بە زۆری ئەم جۆرە نووسینانە دەچنە خانەی وەعزەوە زیاتر لەوەی بچنە خانەی تیۆری عەقڵی و ڕەخنەی عەقڵی و پرۆسەی عەقڵانییەتەوە.

**با تۆزێک زیاتر لەسەر پرۆژەی ڕەهەندییەکان قسە بکەین:**

**ئێمە بۆ دەڵێین ڕەهەندییەکان سادەگۆی بالان؟ بۆ دەڵێین ڕەهەندییەکان ئینشاچین؟ بەڵام بە ستایلێکی تازەتر، ئێمە ئەمانەمان لە کتێبی ڕەخنەگرتن لە عەقڵی کورددا، کتێبی یەکەم، بۆ وت؟**

هەموو کایەی مەعریفیی کوردیی پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی ستایش و فووتێکردنە بە کەسایەتیی کورد و لە هەر ئاش بەتاڵێکدا دەردەکەوێت، کە ئەو فووتێکردنە فووتێکردنێکی بۆش و بەتاڵ بوو. ئەم ڕەهەندییانە گەر بە وردی دەقەکانیان بخوێنینەوە و لایەنی تەجریح و تەشهیر و ڕەخنەی لێجیابکەینەوە، دەیانەوێت تاکی کورد و کەسی کورد و کۆمەڵی کورد، بەشێوەیەکی زۆر یۆتۆپیایانە، هەڵاوسێنن. ئەو چەمک و شتە بەڕەونەقانەی ڕەهەندییەکان دەیخەنەڕوو و باسی لێوە دەکەن، نەک لە نەرویج و سوید و کەنەدادا نین، بەڵکو لەسەر هەسارەکان و جیهانی مەلائیکەتەکانیشدا وجوودیان نییە. هەڵاوسانی ڕەهەندییەکان بۆ کۆمەڵی کورد یان هەوڵی هەڵاوساندنیان بۆ کورد، ئەوەیە دەیانەوێت کورد بکەنە میللەتی هەڵبژێردراوی مێژوو و کۆمەڵگەی مەدەنیی یۆتۆپیایی. بۆیە ئەوەی ڕەهەندییەکان ئەنجامیدەدەن، لەوپەڕی دۆخی سایکۆلۆژیی شعوور بە نەقسەوە هاتووە، شعوور بە نەقسی کورد فووی کردە نالی، بەوەی دیکارتی ڕەتداوە، مەحوی کردە ڕیزی نیچەوە، حاجیی کردە باوکی ڕێنیسانسی کوردی، خانیی پێش مۆدێرنە و ڕۆشنگەریی کردە باوکی ناسیۆنالیزم، فەقێ تەیرانی خستە پێش

مارکسەوە. بەهەمان شێوە وەک پرۆسەیەکی نەستەکییانە، شعوور بە نەقسیی ڕەهەندییەکانیش دەیەوێت کۆمەڵگەی کورد بگەیەنێتە کۆمەڵگەیەکی وا پێشەنگ، کە لە هیچ یۆتۆپیایەکدا وجوودی نییە.

ڕەهەندییەکان، سەری زمان و بنی زمانیان ئەوەیە دەڵێن، فڵانە فەیلەسووف و فیسارە بیرمەند هاریکارمان دەبێت، یان بۆی هەیە هاریکاریمان بکات، واتا هاریکاریی عەقڵیی کورد بکات. ئەم فەیلەسووفە قەبە و فیلەتەنانە چۆن هاریکارمان دەبن، لە کاتێکدا ڕۆشنبیری کورد ڕایەڵەی لەگەڵ کەلەپووری مەعریفی خۆیدا پچڕاوە. چۆن هاریکارمان دەبن، کە عەقڵی کورد هەتا ئێستا خۆی نەدۆزیوەتەوە، نەیتوانیوە ئەڵقە پساوەکانی کایەی مەعریفی کورد لە مێژوودا بدۆزێتەوە، کۆبکاتەوە، بە یەکدییان بلکێنێت و ڕێکیانبخاتەوە. ئەمە نەستەکییانە هەر ئەوەیە، کە جزیری، مەحوی، یان نالی، یاخود خانای قوبادی، گریمانەییانە لەگەڵ خۆیان وتیان فڵانە مەعریفەخوازی دەرەکی، کە بۆ ئەوسا عەرەب، یان فارس، یان تورک بوون، هاریکارمان دەبێت، کە بوونیش و زیاتر زنجیرەی کایەی مەعریفیمان پسا و عەقڵی کورد پەرتەوازە بوو، واتا ئەوەی ڕەهەندییەکان ئەنجامی دەدەن هەمان ئەو شتەیە، کە مەعریفەخوازانی کۆن ئەنجامیاندا. ڕەهەندییەکان و نووسەرانی دیکەی وەک خۆیان ئایدیۆلۆژییانە، مێتۆد هەڵدەڕێژن و شەلم کوێرم ناپارێزم دەیدەنەبەری، ئەمانە لەژێر هەژموونی گوتاری ئایدیۆلۆژی شیعاراتی مێتۆد هەڵڕشتن و موستەڵەحی فەلسەفی قەبە بە ئەرزادانن، بۆیە بووەتە مۆدێل لایان و نەستەکییانە کارەکانیان ئەنجامدەدەن. عەقڵی کورد عەقڵێکی خێڵەکیی جەردەی نانبدەیە، وەکو خێڵەکییەکی جەردە و تاڵانچی دەکەوێتە ناو مەعریفە و فەلسەفە و مێتۆدگەلەوە، دوایی زۆر بە ئاسایی وەک نانبدەیەکی خێڵەکییانە دابەشی دەکات و دەیبەشێنێتەوە.

عیرفان مستەفا، دۆخی پەرتەوازەیی کورد لە ڕووی زمان و دیالێکتەوە، بەسوود وەرگرتن لە عەقڵی ئەڵمان بە بوون و ئۆنتۆسی نەتەوەی کورد دادەنێت. ئەم پەرتەوازەییە تێکڕای کەلەپووی مەعریفیمان دەگرێتەوە، کە لە باباتاهیری هەمەدانییەوە دەستپێدەکات. ڕۆشنبیری کورد چ لە ئێستا و چ لە ڕابردوودا، ڕەبتی بە کەلەپووری مەعریفی خۆیەوە نەبووە و ڕایەڵەی لەگەڵیدا پساوە، واتا ڕەگوڕیشەی خۆی ون کردووە. ئەوجا ئەم دۆخە پەرتەوازەییە لای عیرفان مستەفا بوون و ئۆنتۆسی نەتەوەی کورد پێکدەهێنێت. لە کایەی مەعریفی هەموو نەتەوەیەکدا ئەم دۆخی پەرتەوازەییە هەبووە و هەیە و مەعریفەخوازانیان بەردەوام بە پرۆسەی وەبەرهێنانی گوتاری ئەپیستیمی و تەنسیقی مەعریفی، بە درێژایی مێژووی کەلەپووری مەعریفییان لە ڕووی زمانەوە، خەریکی کۆکردنەوە و دیسپلین و ڕێکخستنین، تەنها کایەی مەعریفی کوردی نەبێت، کە لەم ڕێسایە بەدەرە، لەبەرئەوە ئێمە بە هیچ کلۆجێک لەگەڵ بۆچوونەکەی عیرفان مستەفادا هاوڕانین.



# چاپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ



چاوپێکەوتن: عارف کوردە

عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ) ناوێکی دیار و ناسراوی نێوەندی ئەدەبی کرێکاریی کوردییە و زیاتر لە چوار دەیەیە لە بواری ئەدەب و هونەری کرێکارییدا دەنووسێت. لەم سەردانەی ئەم دواییەی بۆ کوردستان گۆڤاری دیالۆگ ئەم دیدارەی لەگەڵدا ساز کرد بۆ تیشک خستنە سەر ئەدەبی کرێکاریی و ئەزموونی نووسین و شیعر.

**دیالۆگ : هاوڕێ مەشخەڵ، سەرەتا با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەم، بۆ ئەدەبی کرێکاریی؟**

**عەبدوڵا سڵێمان** (**مەشخەڵ**) : ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە. دوو چینی کۆمەڵایەتی دەبینین کە لە ململانێیەکی سەختدان لە پێناوی ژیان و مانەوە. چینی بۆرژوازی کە ژیانێکی فیرعەون ئاسایان هەیە و کەمایەتییەکن و بەهرەمەندن لە هەموو خێر و خۆشییەکانی ژیان. لە بەرامبەریشدا کرێکاران و زەحمەتکێشان کە چینێکی بەرین و ستەم لێکراوە و لە هەموو پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان بێبەشەن. شەڕی دەستەویەخەی نێوان ئەم دوو چینە لە سەرەتای سەرهەڵدانی نیزامی سەرمایەدارییەوە دەستی پێکردووە و هەتا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە. بـۆرژوازی دەیەوێت ئەم واقیعەی کۆمەڵگە درێژە پێبدات و بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەباتە بەر ئایین و ئەدەب و هونەر و زیندان و زانکۆکان و خێزان و سوپا و ..تاد. چینی کرێکاریش دەیەوێت بەهەر شێوەیەک بووە کۆتایی بەو ستەم و چەوسانەوەیە بهێنێت. چینی کرێکاریش لەم جەنگە چینایەتییەدا پێویستی بەئەدەب و هونەری خۆی هەیە. من ئەدەبەکەم سەر بەم خەباتە چینایەتییەی کرێکارانە و شوناسی شۆڕشگێرانەی خۆی لەم جەنگەوە وەردەگرێت. مادام ستەم بوونی هەیە، مادام ژنان دەکوژرێن، مادام منداڵان بێڕەحمانە لەم بازاڕی سەرمایەدارییەدا کاریان پێدەکرێت، مادام مرۆڤایەتی لە ژێر مەنگەنەی چەوسانەوەدایە، ئەدەبی من دەبێت لەو خەباتە چینایەتییەوە لە دایک بێت و دەنگ هەڵدەبڕێت.

**دیالۆگ: پێتوایە ئەدەبی کرێکاریی بەپێی پێویست چۆتە پێشەوە؟**

**عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)**: بەدڵنیاییەوە ئەدەبی کرێکاریی بەپێی پێویست نەچۆتە پێشەوە. هۆکارەکانیشی بابەتین. لە کوردستان خەباتی سۆشیالیستی کرێکاران پاشەکشەی پێکراوە و هەروەها ئەدەبەکەشی پاشەکشەی کردووە. مارکس لە کتێبی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستدا دەڵێت (بیروباوەڕی زاڵ لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بریتییە لە بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتداری ئەو کۆمەڵگەیە). لە کوردستان و عێراقیش چینی بۆرژوازی باڵا دەستە و ئەدەبی ئەو چینە بە بەراورد بەئەدەبی کرێکاریی لە پێشترە. بۆرژوازی ساڵانە دەیان فیستیڤاڵ و کۆنگرە و ئاهەنگی خەڵات دابەش کردن و ڕێزلێنان لە ئەدیبان و نووسەران ساز دەکات. لە کاتێکدا ئەدیبانی کرێکار خۆبەخشانە کار دەکەن و لە بچووکترین پاڵپشتی و سەپۆرت بێبەشن. دیارە ئەمە لە ڕووی بابەتییەوە. لە ڕووی هونەریی و ئیستاتیکاوە دەقی کرێکاری بەدەست لاوازی هونەرییەوە دەناڵێنێت و دیارە ئەمەش بابەتێکی دیکەیە و قسە زۆر هەڵدەگرێت کە ڕەنگە ئێرە جێگەی باسکردنیان نەبێت.

**دیالۆگ: دەستنیشان کردنی ئەدەبی چینێکی کۆمەڵگە نابێتە هۆی لە چوارچێوەدانی ئەدەب؟**

**عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)**: نەخێر. چونکە ئەگەر ئەدەبی کرێکاری لە قاڵبدان بێت، ئەوا ئەدەبی بۆرژوازی لە قاڵبدانە. ئەگەر بۆ ئێمەی کرێکار و مارکسیست دروست نەبێت ناو لە دەقە ئەدەبییەکانمان بنێین دەقی کرێکاری، ئەوا بۆ ئەدیبانی بۆرژوازیش دروست نییە. مادام ئەوان لە ژێر دەیان ناوی جیاجیا برەو بەئەدەبی بۆرژوازی دەدەن، ئەوا ئێمەش لە ژێر ناوی ئەدەبی چینایەتی کرێکاران درێژە بەهونەر و خوڵقاوە ئەدەبییەکانمان دەدەین.

**دیالۆگ: پێتوانییە ئەدەبی بەرەنگاری و هیومانیستی ڕەهاتر و فراوانتر بێت لە ئەدەبی کرێکاریی؟**

**عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)**: من ئیشکالاتێک لە پرسیارەکەتدا دەبینینم. ئەدەبی بەرەنگاری و هیومانیستی! ئەدەبی بەرەنگاری چەمکێکە هێندە لاستیکییە کە دەکرێت هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە کەڵکی لێوەربگرێت. پرسیار ئەوەیە کام بەرەنگاری و شوناسی چینایەتی ئەو بەرەنگارییە چییە؟ بەڵام بەنیسبەت ئەدەبی هیومانیستی بەڵی زۆر وایە زۆر فروانترە. بیریشمان نەچێت ئەدەبی کرێکاری ئەدەبێکە ئینسان چەقەکەیەتی و ئیش لەسەر ئینسانییەت دەکات. ئەدەبی کرێکاریی ئەدەبی ئینسانییەت و بەرگریکەرە لە مرۆڤایەتی. بۆیە بۆ ئەوەی ورد مەبەست بپێکین باشترە وردتر لە چەمکەکان وردبینەوە.

**دیالۆگ: لەو ئەزموونەی لە ژیانی ئەدەبی خۆتدا تێت پەڕاندووە ڕازیت؟**

**عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)** : دیارە ڕازی نیم. نەک لەبەر ئەوەی کارم نەکردووە و چالاک نەبوومە. بەڵکو لەبەر ئەوەی بەپێی پێویست نەمتوانیوە ئەوەی دەمەوێت ئەوە بکەم. نەمتوانیوە هەنگاوی گەروە بهاوم و نەمتوانیوە زمانێکی شیعری بەهێز بۆ خۆم وەک زمان و شێوازی نووسینی خۆمم هەبێت. نەمتوانیوە تەکانی گەورە بەئەدەبی کرێکاری و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی بدەم. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هیچم نەکردووە. من بەرهەمەکانم شایەتی هەوڵەکانمن. هەر کەسێک و ڕەخنەگرێک لەم سەردەمە و لەم سەرەتای هـەزارەی سێیەمەدا لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا باس لە ئەدەبی کرێکاری بکات، ناتوانێت بەسەر ناوی مندا باز بدات. بەڵام تموحی من زۆر لەوە زیاترە و بەهیوام بتوانم هەوڵی جوانتر و دەقی باشتر بخوڵقێنم.



**دیالۆگ: ئەڵێن شیعرەکانت زیاتر لە شیعار ئەچن نەک شیعر، ئێوە چی ئەڵێن؟**

**عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)**: شیعرەکانی من بێبەری نین لە دروشم. شیعرەکانم سیاسین و هەتا ئەو جێگەیەی کە خەباتی چینایەتی لە ئارادایە، دەقەکانم ئاوێزانی سیاسەت دەبێت. من دەزانم بوونی دروشمی سیاسی لە شیعردا ڕەنگە ڕوحی شیعر لاواز بکات ئەگەر نەیکوژێت، بەڵام پێویستی خەباتی سیاسی چینی کرێکار ئەوەش



**عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ**

دەخوازێت کە دروشم لە شیعردا بەکار بهێنین. من چی بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران بخوازێت ئەوە دەکەم و دەقە شیعرییەکانیشم بەو پێویستییانە ئاوێتە دەکەم. هۆشیار کردنەوەی کرێکاران لە خەباتی سیاسییاندا بۆ ڕزگاری یەکجارەکی بە زەروورەت دەبینم و ئەدەبەکەشم هەر لەو ڕێگەیدا هەنگاو دەنێت. هەروها پێشموایە لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا وەک جان فریفیل لە کتێبی تێزەکانی مارکس - ئەنگڵسدا دەڵێت (ئەدەب و هونەر کەم یان زۆر دەبنە ئاوێنەی بیروڕای سیاسی و ئەخلاقیی و ئیستاتیکی چینێکی دیاریکراو). لەم سۆنگەیەوە وای دەبینم هەر قۆناغێکی ئەدەبیش تایبەتمەندی خۆی هەیە. خەباتی کرێکارانی کوردستان لەم سەردەمەی ئەمڕۆمان ئەو جۆرە ڕاستەوخۆییە و دروشم بەکارهێنانە دەخوازێت و ئەو ئەرکەش دەخاتە سەر نووسەر کە نەک هەر بەنووسین، بەڵکو بەگیان و دڵ و جەستە بەشداری پرۆسەی هۆشیار کردنەوەی چینی کرێکار بکات و لەو تێکۆشانە چینایەتییەدا بەشدار بێت.

**دیالۆگ: پێتوایە بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی بەرەخنەی ئەدەبیشەوە لە ئەمڕۆدا بەرەو پێش دەڕوات یان بە پێچەوانەوە؟**

**عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ):** من پێموایە پاشاگەردانییەک بوونی هەیە لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا. ئەدەبی کوردی لە ڕواڵەتدا بەرەوپێش دەڕوات، بەڵام لە واقیعدا تووشی جۆرێک لە موراوەغە لە شوێنی خۆیدا بووە کە هیچ ئاسۆیەکی ڕزگار بوون لەو دۆخەی لەبەردەمدا نییە. ڕەخنەی کوردیش نەیتوانیوە بەپێی پێویست بەئەرکی خۆی هەڵبسێت. چونکە ڕەخنەگران لە ئەرکەکانی خۆیاندا ئەوەندەی بەلای کێشە لاوەکی



شیعرەکانی من بێبەری نین لە دروشم. شیعرەکانم سیاسین و هەتا ئەو جێگەیەی کە خەباتی چینایەتی لە ئارادایە، دەقەکانم ئاوێزانی سیاسەت دەبێت. من دەزانم بوونی دروشمی سیاسی لە شیعردا ڕەنگە ڕوحی شیعر لاواز بکات ئەگەر نەیکوژێت

و شەخسییەکاندا دەڕۆن، نیو ئەوەندە بەلای دەقی جیددی و داهێناندا نەڕۆیشتوون. بەو پێیەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دووچاری کارەسات بووە و لەبری ئاوڕدانەوە لە داهێنان، خەریکی پاشقوڵ و یەکتر شکاندنەوە یاخود خەریکی پیاهەڵدان و فووکردن بوونە بەپاڵەوانە موزەیەفەکاندا. ئەگەر ئەمە دۆخی ڕەخنە بێت و ڕەخنەگران لە ئەرکەکانی خۆیان دوور کەوتبێتنەوە، دەبێت ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی چالاکانە بێتە مەیدان و ئەم دۆخە ناتەندروستەی ئەدەبی کوردی بخوێنێتەوە و وەڵام بەتەنگەژە و ئاریشەکانی بەردەم بەرەو پێشچوونی ئەدەبی کوردی بدات و ئەو بزووتنەوەیە بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ بگێڕێت لە وەڵامدانەوە بە کێشەکان و گرفتەکان. من لەم سەفەرەی ئەم دواییەم بۆ کوردستان سەرنجمدا ئەدەبی کوردی خەریکە لە داهێنان دوورتر دەکەوێتەوە و کوردستان بۆتە کانگای کتێب و چاپ کردنی دەقگەلێک بەناوی ئەدەبەوە کە کەم تا زۆر پەیوەندییان بەئەدەبەوە نییە. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی دەبێت بەئەرکە ئیستاتیکا و چینایەتییەکانی خۆی هەڵسێت و بەئاسۆیەکی ڕوون و شۆڕشگێرانەوە وەڵام بە لەمپەرەکانی بەردەم بزووتنەوەی ئەدەبی وهونەری کوردی بداتەوە.

**دیالۆگ: کەمبوونەوەی خوێنەر بۆچی ئەگەڕێتەوە، بەتایبەت خوێنەری کورد؟**

**عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ):** گەلێ هۆکار هەن کە کاریگەرییان بەسەر کەمبوونەوەی خوێنەر هەیە لەوانە: سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی گەورەی گێراوە هەتا خوێنەر لە کاغەز و نووسراوەی سەر کاغەز دوور بخاتەوە. ئەمڕۆ خوێنەران ئاسان لە ڕێگەی موبایلەکانیانەوە دەستییان بە بەرهەمە ئەدەبییەکان دەگات. کڕین و نرخی کتێب و گۆڤارەکان و هەروەها بەرزی ئاستی ئیستاتیکای دەق و بەرهەمە ئەدەبییەکان هۆکارێکی دیکەن. لەلایەکی دیکەشەوە کوالێتی خوێنەری ئەم سەردەمە جیاوازە لە کوالێتی خوێنەری دەیەی هەشتاکان کە خوێنەرێکی چالاک و پڕ پرسیار و تینووی مەعریفە بوو. خوێنەری ئەمڕۆ خوێنەرێکە لە ڕووی بیرکردنەوەوە ئیفلیجە و جگە لە ئیرادەی کە تێکشکاوە، خەون و خولیاکانیشی لە چوارچێوەی ئیندیڤیجواڵیزم (Individualism) تێنەپەڕیوە. ئەمەش وا دەکات جۆرە خوێنەرێک بێتە ئاراوە کە وەک چۆن موبایل بەجۆرە پاترییەکی تایبەت کار دەکات، ئەو خوێنەرانیش بەجۆرە ئەدەبێک تاسەیان دەشکێت کە لە بنچینەدا ئەو ئەدەبە دژ بەئیرادەی شۆڕشگێرانەی خۆیان و خەڵک نووسراون و دەنووسرێن.

# چۆن فەلسەفە بخوێنینەوە

هەواڵنامەی کتێب



نوسینی: چارلی هۆینیمان
وەرگێڕانی: موعتەسەم محەمەد

## سەرەتا :

### چەند بنەمایەک کە پێویستە بزانرێت

کاتێک گرنگی بەڕۆچوون یان قوڵبوونەوە (تبحر) بۆ ناو جیهانی فەلسەفە دەدەین، هەستێک بەسەرماندا زاڵ دەبێت کە پێکهاتووە لە ترس و هەست کردن بەتێڕوانینی مەزنە باڵاکانی بواری فکری وەک: هیگڵ و ئەفلاتون و مارکس و نیچە و کێرکگارد، هەست دەکەین نیگا تیژەکانی ئەو مەزنانە بەدەورماندا خول دەخۆن بۆ ئەوەی ڕادەی شایستەییمان لە ڕۆچوونە ناو ئەو جیهانە بپشکنن. ڕەنگە تووشی دڵەڕاوکێ ببین لەوەی نەوەک توانای تێگەیشتنی وتارەکانیانمان نەبێت، تەنانەت ئەگەر لێیشیان تێبگەین، هەستێ خراپ هەڵسەنگاندن لە مێشکماندا دروست دەبێت.

لێرەدا یەکێک لە بنەماکانی دەست کردن بەخوێندنەوەی فەلسەفە بەرجەستە دەبێت؛ ئەویش خۆی لە بچوک کردنەوەی قەبارەی ئەو مەزنانەدا دەبینێتەوە بۆ ئەوەی هاوشێوەی قەبارەی مرۆڤی ئاسایی بن، لە کۆتاییشدا هەموویان ئەگەری ئەوەیان هەیە تووشی ساتمە بن و کاغەز ڕەش بکەنەوە، ئایا هەموویان لە دوای نان خواردن قرقێنە نادەنەوە و گێلی لە ڕەفتارەکانی هەندێکیاندا دەرناکەوێت؟!

ئایا فەیلەسوفی ئەڵمانی ئارتۆر شۆپنهاوەر هاونیشتمانیەکەی خۆی جۆرج فیلهلم فردریک هیگڵی ناو نەبرد بەوەی وتی: «ئەو بریتییە لە کەسێکی نەزان و هیچوپوچ و قێزەون؛ هەروەها کەسێکی ساختەچی و نەخوێندەوارە و بێباکیەکەی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە شەڕە پشیلەکانیدا لەسەر کاغەز شتی پڕوپوچ و بێمانا بەرهەم بهێنێت کە لە شێتیدا هیچ بەرامبەرێکی نەبێت». لە ڕاستیدا نازانم ئەم وەسفە پێگەی شۆپنهاوەر یان هیگڵ لە گەمژەییدا بڵند دەکاتەوە!

ئەو خاڵەی هەوڵ دەدەین ڕوونی بکەینەوە، لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە هەر مەزنێک لەو مەزنانە لە کۆتاییدا، بریتییە لە مرۆڤێک کە هەوڵ دەدات ڕۆچێتە نێو تاریکیەکانی ژیانەوە لە ڕێگای بیرکردنەوە و خوێندنەوە و چاودێری و نوسینەوە، وەک ئەوەی تۆ دەیکەیت. ڕێگە مەدە وشە ئاڵۆزەکانیان ترس بخاتە دەرونتەوە؛ یان وتەکانیان لای ئێمە لۆژیکی دەردەکەون «لانی کەم هزرمان دەوڵەمەند دەکەن» یان چارەنوسیان لەنێو کتێبخانەکانمان دەبێت بۆ هەڵگرتن. بۆیە باشتر وایە ئەوان بەهای بەرهەمەکانیانمان بۆ ئیسپات بکەن.

بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارەی کە خۆی دەسەپێنێت بەدەوری جەوهەری ئەو بەهایەوە خولگە دەگرێت، لە بنەڕەتدا پێویستی خوێندنەوەی فەلسەفە چییە؟ باڵاترین ئامانج لە باڵایی ڕووح و خۆ دورخستنەوە لە ڕۆچوونە ناو ئەو مەعریفەیەوە دەردەکەوێت کە لە پێناوی شانازی

کردن بەزیرەکی یان ترساندنی خەڵکانی دیکە یان کۆکردنەوەی کتێب لە ناو کتێبخانەکاندا بێت، باشتر وایە مرۆڤ حەزەکەی لە دەوڵەمەند کردنی ئەقڵ و گەشە پێدانی ڕووح و ژیانەوە سەرچاوەی گرتبێت، یان لانی کەم لە پێناوی تێگەیشتنێکی قوڵتر بێت لە بەرامبەر نەبوونی توانای لێکۆڵینەوە لە هەر شتێکی ڕابردوو یان درک کردن بەڕادەی فشەڵی ئەو ڕابردووە. فەلسەفە لە دەرگای هەموو ئەگەرەکانی داوە. هەموو ئەوەش کە هیواخوازین بەدی بێت، ئەوەیە کە ئەو مەزنانە ڕێگەی ڕۆچوونەکەمان بۆ ڕۆشن بکەنەوە لە ڕێگای هەندێک ڕێنماییەوە یان لە ڕێگای هاوڕێیەتی کردنمانەوە لەماوەی گەشتەکەماندا.

برتراند ڕاسل لە کۆتایی کتێبەکەیدا «تەنگژە فەلسەفیەکان ١٩١٢»(١) یەکێک لە پڕ مشتومڕترین هۆکارەکانی دەرخستووە، کاتێک وتویەتی: «ڕۆچوون یان قوڵبوونەوە لە فەلسەفەدا نابێتە هۆکاری دەرکەوتنی وەڵامە کۆتاییەکان بۆ ئەو بابەتانەی لە هەگبەکەیدایە، بنەما گشتیەکە ئاماژە بۆ نەبوونی توانای لێکۆڵینەوە لە ڕاستی وەڵامە کۆتاییەکان دەکات؛ بەڵکو ئامانجەکە لە خودی پرسیارەکاندایە کە توانای فراوان کردنی ئاسۆکانی بیرکردنەوەمانیان هەیە، لە بەرامبەر ئەوەدا کە لە توانادایە، هەروەها ئەندێشەمان دەوڵەمەند دەکات و ئەو چەقبەستنە دۆگماییانە هەڵدەتەکێنێت کە زامنی داخستنی دەرگاکانی ئەقڵن بەڕووی پێشبینیەکاندا. گرنگترین شت توانای پرسیارەکانە بۆ گەشەپێدانی مەزنی ئەقڵ کە لە مەزنی گەردوونەوە وەرگیراوە و ئەویش تەوەری هەموو ڕامانە فەلسەفیەکانە، هەتا گەیشتن بەتوانای یەکگرتن لەگەڵیدا و گەیشتن بەچاکەکاری باڵا.


خوێندنەوەی فەلسەفە بۆچوونەکانمان بەرەو پێش دەبات و دەمانباتە نێو قوڵایی سەیر و سەمەرەکانەوە، پشتیوانمان دەبێت لە پێکدادانەکانماندا لەگەڵ مەزنترین پرسەکاندا کە لە هزری مرۆڤەکاندا دێن و دەچن. داوایەکی پێداگیرانەیە بۆ کار کردن، بەڵام جێبەجێ ناکرێت بەڕۆچوونە ناو خودی کەلێنەکانی کارە فەلسەفیەکانەوە نەبێت. بۆیە پرسیارەکە بەو شێوەیە دەمێنێتەوە: چۆن فەلسەفە دەخوێندرێتەوە؟

**ڕامان لە قوڵاییەکانی فەلسەفە**

**پیاچوونەوە بەبۆچوونەکانت لەبارەی فەلسەفەوە**

هەتا ئێستاش شوێنەکانی کتێب فرۆشتن کار لەسەر ئەوە دەکەن کە بەشێک بۆ هەندێک کتێب دیاری بکەن بەناوی کتێبە فەلسەفیەکان، ئەو بەشانە هەندێک کتێب لەخۆ دەگرن وەک «حەوت نهێنی بۆ ژیانێکی بەختەوەرتر» یان «هێزی خۆت کۆکەرەوە» یان «ژیان بەدڵێکی کراوەترەوە» کە هەموویان هاوکار دەبن بۆ گەشە پێدانی خود(٢)، هەندێکیشیان بەکرداری کاریگەرییان دەرکەوتووە لە پشتیوانی کردنتدا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو گرفتانەدا کە دێنە ڕێگات، یان تەنانەت هاوکاریت دەکەن لەوەی چۆن لەگەڵ گرفتەکاندا

هەولێرنامەی کتێب




بژیت، ڕەنگە هاوکارییەکە لە هەنگاوەکانتدا بێت لەوەی چۆن بەیانیان جێی خەوەکەت ڕێک دەخەیتەوە، یان هاوکارت دەبێت بۆ بەشداری کردن لە وانەکانی چێشت لێنان یان تێڕوانین لە مرۆڤ وەک ئەوەی کەسایەتیەکی ڕاستەقینەی دیکەیە. کۆمەڵە کتێبێکی چاکن، هەمووان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە پێویستیان بەوەیە پاڵنەرێکیان هەبێت بۆ پێشەوە، زۆرجاریش هاوکار بوونە بۆ کەسێک لە شوێنێکدا لەسەر ئەم زەوییە.

بەدەر لە سودی ئەم کتێبانە لە چوارچێوەی گەشە پێدانی خوددا، بەڵام ناچنە چوارچێوەی کتێبەکانی جیهانی فەلسەفەوە کە خۆیان دوور دەگرن لە نزیکبوونەوە لە کێشە کەسیەکان؛ چ ئەوانەبن کە تاوتوێی ڕاستی (حەقیقەتی) کات (زەمەن) دەکەن، یان ئەوانەیان بن کە پەیوەستن بەتوانای مرۆڤەوە لەدوور کەوتنەوە لە یاسا سروشتیەکان، یان ئەوەی تەوەری گرتووە بەدەوری ئەو پرسیارەی ئاخۆ مرۆڤ دروست کراوی ئەقڵی خۆیەتی بەتەنها، یان ئەو پرسیارانەی بەدەوری ڕادەی پەیوەستیمان بەپابەند بوونە ئاکارییەکانمان لەبەرامبەر ئەوانی دیکەدا خول دەخۆن. چونکە فەلسەفە لە چوارچێوەی هەوڵدان

بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکاندا قەتیس نابێت، ئەوەندەی کار لەسەر دۆزینەوە و ئاشکرا کردنی هۆکارەکانی پشت چاکتر بوونی هەندێک لە وەڵامەکان دەکات و قوڵ دەبێتەوە بۆ ناو تاریکستانی وەڵامە هەڵەکان.

بەڵێ، وەڵامە هەڵەکان! چونکە فەلسەفە بوێری ئەوەی هەیە وەڵامە هەڵەکان ئاشکرا بکات.

کتێبەکانی گەشەپێدانی خود بەگشتی کار لەسەر هاوکاری کردنت دەکەن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو کێشانەی کە پێویستە تێیان نەکەویت، بەڵام فەلسەفە یارمەتیدەرت دەبێت بۆ جەنگ لە بەرامبەر ئەو کێشانەدا کە دەبێت ڕووبەڕوویان بیتەوە، (گومانی تێدا نییە کە هەندێک تێکهەڵکێشی هەیە؛ چونکە هەندێک کتێبی فەلسەفی هەیە لە واقعدا یارمەتیدەرت دەبێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەگەلێک کە نەدەبوو بەکێشەیان بزانیت، لە کاتێکدا هەندێک کتێبی گەشەپێدانی خود هەیە سەرنجت بۆ هەندێک بابەتی ژیانت ڕادەکێشێت کە دەبێت وەک کێشە لێیان بڕوانیت).

لە چوارچێوەی گشتیدا دەبێت تەنگژە فەلسەفیەکان لەگەڵ هوشیاری و توانای بیرکردنەوەدا یاوەربن؛ ئالێرەشەوە هۆکاری دەرکەوتن و بەرجەستە بوونی فەلسەفە دەردەکەوێت.

هایدگەر لە خوێندنەوەیدا بۆ ئەرستۆ ئاماژەیدا بەوەی هەموو مەبەستەکەی لە ڕووداوەکانی گێڕانەوە خۆکردەکاندا (السردية الذاتية)، ئەوەیە کە ئەو مرۆڤێک بووە لەدایک بووە و کاری کردووە و ژیان ئاوایی کردووە، هەرچی ڕووداوەکانی دیکەیە هەمووی ڕووداوی تێپەڕن، پێویستە مرۆڤ چاوەڕوانی ئەوە لە کتێبە فەلسەفیەکان نەکات کە ڕاوێژ یان ئامۆژگارییەکی پێشکەش بکەن، ڕێژەیەکی بەرز لە کوالیێتی تێدا نەبێت بۆ هەموو ئەوانەی لەسەر ئەم زەوییە دەژین.

بەڵام ئایا پێویستە سەرتا چۆن بێت؟ ئەو کتێبانە چین کە دەبێت یاوەرمان بن لە دەستپێکی گەشتەکەماندا؟ فەلسەفە جیاوازە لەگەڵ زانستی بیرکاریدا، لەبەر ئەوەی خەڵک تێیدا کۆکن لەسەر خاڵی سەرەتا و هەنگاوە یەک لەدوای یەکەکانی، بەشێوەیەک هەریەکەیان پشت بەوی دیکەیان ببەستێت بە بەردەوامی. بابەتەکە بەشێوەی ساڵۆنێکە یان گەلەرییەکە کە چەندین وتوویژ لەخۆ بگرێت، ڕەنگە ئەوەی نوێکارە سود لە پێشەکییەکی گشتی وەربگرێت بۆ ئەوەی دواتر لە نەخشەی گەلەرییەکە بڕوانێت، ئەگەر گوزارشتەکە ڕێگە پێدراو بێت.


ئەو بەشانەی کتێب کە لە خوارەوە دانراون هەندێک ڕێنماییت پێشکەش دەکەن بۆ ئەوەی لەو بوارەدا سودی لێوەرگریت، بەڵام خاڵی هەرە گرنگ کە لێرەدا دەردەکەوێت نەبوونی ڕێبازێکی شیاوە یان هەر نەبوونی ڕێبازێکە بۆ دەست پێکردن. کەواتا لەو شوێنەوە دەست پێبکە کە تۆ بەباشی دەزانیت، با گرنگی دانیشت بەو شوێنە بێت کە ڕێنوێنەکەتی لێیە (دەلیلەکەت).

هەواڵنامەی کتێب

**فەلسەفە پێویستی بەخوێندنەوەیەکی چالاک و بەرەنگاریانەیە**

پێویستە ئەوەی چاودێریت دەکات (بۆ نمونە سەگەکەت) لەکاتی خوێندنەوەی کتێبدا، وابزانێت چویتە دۆخی لە هۆش چوونی تەواوەوە، دەبێت بچیتە دۆخی چەقبەستنەوە و جوڵەت بەتەواوی نەمێنێت، تەنها دەبێت چاوەکانت بەنێو دێرەکاندا بگەڕێن بەڕاست و چەپدا و پەنجەکانیشت لاپەڕەکان هەڵدەنەوە، دەبێت وشەکان بڕژێنە نێو مێشکتەوە و بیگۆڕیت بۆ بیرۆکە. لە واقعدا، ئەوە دەمانباتەوە بەرەو نزیک کردنەوەیەک لە نێوان کوالێتی نوسین و توانای جێگیر کردنی جوڵەکانمان هەتا دوا ئاست؛ لە بەرامبەریشدا ئەگەر لەکاتی خوێندنەوەدا ناوچەوانت گرژ بوو یان لاپەڕەکەت داخستەوە و چویتە سەر لاپەڕەیەکی دیکە یان برۆکانت بەرز کردەوە یان بەهزر ئاڵۆزی تەماشای بنمیچەکەت کرد، ئەوانە نیشانەی ڕادەی خراپی نوسینەکەن.

پاڵپشت بەو پێوەرانە، زۆرینەی جار فەلسەفە بەنوسینی خراپ ناوزەد دەکرێت؛ هەمان چالاکیشی لەگەڵدا دەبێت، جگە لەو ئەستەمەی دێتە ڕێگات لە گۆڕینی وشە ڕیزکراوەکان لەهەر کتێبێکی فەلسەفیدا بۆ بیرۆکە؛ تۆش سوری لەسەر ئەوەی شوێن هەموو دەستەواژەیەکی نائاسایی و جیاوازییەکی ورد و نمونە تەوەرییەکان و پرنسیپە گشتیەکاندا بکەویت. بەڵکو لەسەرتە پێنوسێک بەدەستەوە بگریت ئەگەر لەسەر ڕێگە ڕاستەکە بیت، بۆ دیاری کردنی بڕگە گرنگەکان یان ناڕوونەکان یان دەستەواژە گرنگەکان، یان نیشانەی سەرسوڕمان لە تەنیشت ئەو دەستەواژە ناڕوونانەوە دابنێ کە ناکرێت لەلایەن فەیلەسوفانەوە گوزارشتیان لێ بکرێت. (لێرەدا سەگەکەت کاتێک چاودێریت دەکات هیچ گومانێکی لەلا نامێنێت کە تۆ لە شەڕێکدایت بەهەموو شێوەیەک دوورە لە دۆخی بێهۆشییەوە).



ماركس

هەست دەکەین نیگا تیژەکانی ئەو مەزنانە بەدەورماندا خول دەخۆن بۆ ئەوەی ڕادەی شایستەییمان لە ڕۆچوونە ناو ئەو جیهانە پیشکنن. ڕەنگە تووشی دڵەڕاوکێ بین لەوەی نەوەک توانای تێگەیشتنی وتارەکانیانمان نەبێت، تەنانەت ئەگەر لێیشیان تێبگەین، هەستێ خراپ هەڵسەنگاندن لە مێشکماندا دروست دەبێت.


پێویستە کتێبە فەلسەفیەکات چەند جارێک بخوێندرێنەوە. دەکرێت بەخوێندنەوەیەکی خێرا دەست بەخوێندنەوەی کتێبەکە بکەیت؛ لەو کاتەدا بیرۆکە تەمومژاوییەکەی وەردەگریت. جارێکی دیکە دەیخوێنیتەوە، لەم قۆناغەدا گرنگی بەوردەکارییەکان دەدەیت، پێویستە پێنوسێک بەدەستەوە بگریت و نیشانەیەک لەو شوێنانەدا دابنێیت کە گرفت لە تێگەیشتنیاندا هەیە، یان تێبینیەکانت بنوسە بۆ ئەوەی دەرفەتی بەدواداچوون بۆ ئەوانە بکەیت کە دەوترێن و قولاییەکانی بپشکنیت. بۆ زانیاری لەم قۆناغەی بەردەوامی خوێندنەوەی هەندێک کتێبدا، هەست بەخۆ بەدەستەوەدان دەکەیت لە تێگەیشتنی هەندێک بیرۆکەدا یان هەست بەوە دەکەیت گرنگی پێدانی ئەو بابەتەت لەدەستداوە. هەندێک کتێبی دیکە هەیە پێویستیان بەدووبارە خوێندنەوەی خێرا هەیە، پاشان بگەڕێیتەوە سەری و لەسەر خۆ و بەهێمنی بیخوێنیتەوە، بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت.

دەنگۆی ئەوە هەیە کە هەموو ئارگۆمێنتێکی (حجة) فەلسەفی دوو وەڵامی هەیە: وەڵامی دەرخستن و وێناکردنی وتەکان، وەڵامی پشکنین و وردبینی کردن و لێکۆڵینەوە لە وردەکارییەکان. ئەم قسەیە ڕاستە بەڵام پێویستە لەگەڵ ئەو دوو وەڵامەدا خوێندنەوەی خۆت بۆ هەر دەقێکی فەلسەفی پێشکەش بکەیت؛ بەشێوەیەک مێشکت بەنمونەی دژ چەخماخە بدات لە بەرامبەر ئارگۆمێنتە گشتیەکاندا یان بەشوێن ڕاڤەی پێشبینی کراوی دیکەدا بگەڕێ، یان تەنانەت پرسی ئەوەی کە ئاخۆ فەیلەسوف بەردەوام دەبێت لە پێشکەش کردنی ئارگۆمێنتی هاوشێوە. هەر وەک پێویستە پرسیار لە ئەگەری بەرهەم هێنانی دەرئەنجامی گرنگ لەو ئارگۆمێنتانە و ڕادەی کاریگەرییان لەسەر گۆڕانکاری لە ژیانتدا بکرێت لە دۆخێکدا کە ئەگەر هاوڕای ئەو ئارگۆمێنتانە بوویت، بەڵکو دەبێت پێداگیری لەسەر پێشکەش کردنی ئارگۆمێنتی یەکلاکەرەوە بکرێتەوە لەلایەن فەیلەسوفەوە.

ئەوەش پێویست دەکات هەڵوێستی لایەنی نەیار لەکاتی خوێندنەوەی فەلسەفەدا لەخۆ بگیرێت، لەکاتی پێشکەش کردنی بابەتێکی مشتومڕاویدا ڕۆڵی دادوەرێکی توند نمایش بکرێت کە بەچاوی گومانەوە لە پارێزەرەکەی بەرامبەری دەڕوانێت. بەڵام نابێت لەبیرمان بچێت کە پێویستە هەڵوێستی توند توانای مامەڵە کردن لەگەڵ لێکدانەوە جۆراوجۆرەکاندا لەکەدار بکات؛ چونکە ئەو فەیلەسوفەی بابەتەکانی دەخوێنیتەوە گەمژە نییە. لە دۆخێکدا کە دەقێک دەخوێنیتەوە و فەیلەسوفەکە لە ڕێگای ئەو دەقەوە ئارگۆمێنتی هیچوپوچ پێشکەش دەکات؛ لێرەدا کێشەکە پەیوەستە بەخوێندنەوەکەی تۆوە. لەبەر ئەوە باشتروایە ئارگۆمێنتەکان و کێشمەکێشەکان بەشێوەیەکی باشتر تاوتوێ بکەیت، ئەگەر کێشەکەت هەر بەردەوام بوو دەست بکە بەڕەخنە کردنی.

لێرەدا بەڕوونی ئەو جیاوازییە لە خوێندنەوە لەگەڵ خوێندنەوەیەکی دیکەدا بەرجەستە دەبێت؛ چونکە ماقوڵ نییە ئەو شێوازەی خوێندنەوە بگرینەبەر بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانێک، هەروەها زۆر کتێبی واقعی دیکە هەیە کە هەوڵ نادەن باوەڕت پێ بهێنن بەبابەتێک، ئەوەندەی دەیانەوێت بیرۆکەی سەرەکیت لەبارەی ڕاستیەکەوە پێبگەیەنن کاتێک کە ڕووناکیت بۆ دەخەنە سەر مێژوو یان زانست یان سیاسەت و بابەتی دیکە. گومانی تێدا نییە هەندێک حەز و ئارەزووەکان هەندێک جار سەردەکەون بۆ لەخۆ گرتنی یەکێک لەدوو وەڵامەکە لەکاتی گومان بردن بەو ئارگۆمێنتانەی گومانیان لەسەرە و لەو کتێبانەدا خراونەتەڕوو.

بەڵام پێویستە خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفی هاوجووت بێت لەگەڵ ئەو دوو وەڵامدانەوەیەدا و پڕچەک بێت بەهەڵوێستێکی چالاکانە و ئامادە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە بۆ ئەوەی بیرۆکەکانت پێ هەرس بکرێت. جەستەت بەتەماشا کردنی مەشقی کەسانی دیکە لە هۆڵەکانی وەرزشدا بەهێز نابێت بەبێ ئەوەی دەست پێشخەری بکەیت بۆ مەشق و هەڵگرتنی قورساییەکان؛ هەر وەک خوێندنەوەی کتێبە چالاکەکان چۆن پاشخانێکت بۆ کەڵەکە دەکەن لەوەی کە خوێندوتەوە، کەچی ئەو کتێبانەی ئەو هەوڵەیان بۆ تەرخان نەکراوە لە قوڵاییەکانی لەبیر چوونەوەدا نوقم دەبن.




## فەلسەفە وەک گفتوگۆیەک

هەر بەکردەیی هەندێک کتێبی فەلسەفی هەن بریتین لە گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکانی کتێبەکە؛ هەر وەک شانۆنامەیەک دەخوێندرێنەوە، بەڵام من پێشنیارتان بۆ دەکەم بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆتان لە دۆخێکدا ئەگەر خوێندنگە ئامادەییەکەتان هەستان بە بەرهەم هێنانی گفتوگۆکەی «تیاتیۆس»ی ئەفلاتون کە لەسەر گفتوگۆیەکی دوورودرێژ لەبارەی سروشتی زانین و فەرمانڕەوایەتییەوە بونیاد نراوە.

هەرچی کتێبەکانی دیکەیە وەک تێزی ڕاستەوخۆ ڕێکخراونەتەوە، لەبارەی ناونیشان گەلێکەوە بەشێوەی وتوێژی تاک لایەنانەی فراوان (مۆنۆلۆگ)؛ وەک هەموو وتوێژەکانی (مۆنۆلۆگ) دیکە پڕە لە دیالەکتیک وەک هەموو مۆنۆلۆگە فەلسەفیەکانی دیکە، لە نێوان کەسێک کە ئارگۆمێنت پێشکەش دەکات و کەسێک ئارگۆمێنتەکان ڕەت دەکاتەوە یان پرسیار بارانی دەکات بەپرسیارگەلێکی جدی و قوڵ.

لە ڕاستیدا، هەندێک لە کتێبە فەلسەفیەکان هەندێک مشتومڕی زۆر ئاڵۆز لەخۆ دەگرن بەهۆی ئامادەگی چەندین خاوەن بیر و بۆچوونی جیاواز لەنێو دەقەکانی نوسەرەکەدا، تۆش ئاڵۆزییەکەی زیاتر دەکەیت کاتێک ڕووداوە مشتومڕ لەسەرەکە دەخوێنیتەوە و مشتومڕ لەگەڵ خاوەن بۆچوونەکانی دیکە دەکەیت، ئەوەش سەرەڕای بۆچوونە تایبەتیەکانی خۆت.

هەروەها هەندێک کتێبی فەلسەفی دیکە هەیە کۆمەڵێک مشتومڕی فەیلەسوفەکان لەخۆ دەگرێت لەگەڵ خودی خۆیاندا. بۆ نمونە، فەیلەسوفی فەرەنسی ڕینێ دیکارت لە کتێبەکەیدا تێڕامانەکان «تأملات» لە ساڵی ١٦٤١دا «لە هەموو بڕگەیەکی کتێبەکەیدا مشتومڕ لەگەڵ خۆیدا دەکات»: هەوڵ دەدەم بەشێوەیەکی جێگیرانە و لەسەرخۆ



برتراند ڕاسل

برتراند ڕاسل لە کۆتایی کتێبەکەیدا «تەنگژە فەلسەفیەکان ١٩١٢ یەکێك لە پڕ مشتومڕترین هۆکارەکانی دەرخستووە، کاتێك وتویەتی: «ڕۆچوون یان قوڵبوونەوە لە فەلسەفەدا نابێتە هۆکاری دەرکەوتنی وەڵامە کۆتاییەکان بۆ ئەو بابەتانەی لە هەگبەکەیدایە، بەڵام گشتیەکە ئاماژە بۆ نەبوونی توانای لێکۆڵینەوە لە ڕاستی وەڵامە کۆتاییەکان دەکات

سەرپەرشتی خودی خۆم بکەم بۆ ئەوەی بپرسم: ئایا من هێشتا نەزان نیم بۆ ئەوەی بگەم بەقۆناغی ڕاستی ڕەها «یەقین» لە بەرامبەر هەموو شتەکاندا؟ بەمەرجێک پێشتر باوەڕم بەچەندین بابەت هەبووە بەڕەهایی و بەڕوونی تەواوەوە، کەچی دواتر تۆوی گومانم تێدا دۆزیوەتەوە. بەڵام ئەی چی بڵێم لەبارەی هەڵسەنگاندنم بۆ بابەتێکی ئاسان هەتا ڕادەیەک؟

دیکارت لێرەدا وەڵامدانەوەی گومان و دودڵی لە ئەستۆ دەگرێت. سەرەڕای ئەوەی هەوڵی بۆ دەدات بەشێوازێک لە شێوازەکان لە فیلێکی ڕەوانبێژی دەچێت، بۆ پەلکێش کردنێکی حەتمیانەی مرۆڤی خاوەن ئەقڵی سەنگین کە لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆیە، بۆ ناو بازنەیەکی کۆتکەر بۆ ڕامانە میتافیزیکیە دیکارتیەکان؛ ئەو بازنەیەی بەتاڵ نابێت لە ڕامانی دیالیکتیانەی کوالیتی نایاب، لەپاش خۆ بەدەستەوەدان دەینێرێت بۆ ڕامالین و کەوتنە ناو ڕەخنە گرتن و ئەو بەرهەڵستیانەی دیکارت ئاشکرایان دەکات و هەوڵ دەدات وەڵامیان بداتەوە.

بەڵام خوێنەری زیرەکی وەک تۆ، هەندێک پرسیار دێنە ڕێگای کە دیکارت باسی نەکردوون یان ڕەنگە هەندێک وەڵام لەلای تۆ گەڵاڵە ببێت بەمێشکی دیکارتدا نەهاتبێت، لەو کاتەدا و لە هەمان دیالۆگدا ڕۆڵێک بۆ خۆت دەخوڵقێنیت. دەست بکە بەتۆمار کردنی تێبینیەکانت بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ هەموو دیالۆگەکە بکەیت.

ئا لێرەوە گرنگی ئەو دیالۆگە فەلسەفیە دەردەکەوێت «ڕەنگە لە هەموو ڕێچکەکانی بیرکردنەوەشدا بەو شێوەیە بێت»؛ ئەوەیش لە ڕێگای پێشکەش کردنی بیرۆکەکان و پرسیارەکان و هەڵوەشاندنەوەی کێشەکان و ڕاست کردنەوەی هزرەکان یان فراوان کردنەوەی توێژنەوەکان لەو بوارەدا و بەرەنگار بوونەوەی بەرهەڵستیە نوێیەکان، پاشان پێشنیار کردنی بیرۆکە و هزری نوێ و بەردەوامیدان بەیاری پرسیار و وەڵام باران کردن لە یاریگای مێشکدا هەتا بەتاڵی دەکاتەوە لە هەموو شتە نوێیەکان.

فەلسەفەش بەو وەڵامدانەوە و بەرپەرچدانەوە چالاکانە و هەڵهێنجانی ئەگەرە ونەکان و پرسیاری نوێ زیندوو دەمێنێتەوە، یان گەڕانەوە بۆ تێخزاندنی هەندێک جیاوازی بەر لەوەی بگاتە دەرئەنجامی کارەساتبارانە. ئەوەش ئەو شێوازە فەلسەفیەیە کە خۆی لە پارێزگاری کردن لە درێژ کردنەوەی تەمەنی گفتوگۆ و گۆڕینی ئاراستەکەی و پایەدار کردنیدا دەبینێتەوە.

بەتێڕوانینی تایبەتی خۆم، فەلسەفە واتای ململانێ کردنە لە گۆڕەپانی بیرۆکەکاندا و لە لێواری ڕوون بوونەوەیاندا. لە سەروبەندی ڕوون بوونەوەی پرسیارەکان و ئاسان بوونی شوێنپێ هەڵگرتنیاندا؛ زانستە نوێیەکانی وەک فیزیا یان زیندەوەرزانی یان دەرونزانی سەرهەڵدەدەن. بەڵام فەلسەفە بەواتای بەردەوامی ململانێکان و بەرپەرچدانەوە و وەڵامدانەوەیە

لەبەرامبەر ئەوانەدا وەک ڕاستی دەردەکەون و ئەوانەدا ئەستەم دەردەکـەون لە هەندێک بابەتدا کە ناتوانین بەوردی بیانبینین. هیچ ڕێگەیەکیش نییە بۆ ئەوەی بچینە ناوییەوە تەنها بەپێڕەو کردنی میتۆدێکی دیالەکتیکی نەبێت کە جوڵەی بـەردەوام بێت تاوێک بۆ پێشەوە و تاوێکیش بۆ دواوە.

کاتێک فەلسەفە دەخوێنیتەوە پێویستە جەخت لە هـەرس کردنی دیالۆگەکە بکرێتەوە. لەو پێناوەشدا قەڵەم و کاغەزێک بەدەستەوە بگرە و بیرۆکەکانی کتێبەکە بەتێڕوانینی خۆت بنوسەرەوە، ڕای خۆتیشی لەسەر تۆمار بکە، ئەو پرسیارانەش تۆمار بکە کە حەز دەکەیت ئاراستەی نوسەرەکەی بکەیت، ئەوانەش تۆمار بکە کە حەز دەکەیت پێی بڵێیت «تەنانەت ئەگەر وتەکان بریندارکەریش بن». لەو ساتەدا ئەو بیرۆکانە دەیخەیتە ڕوو کە لە بیرتدایە و ئێمە بێئاگاین لێی، نیشانەکانی ئەو کاتە ڕوون دەبێتەوە کە لەسەر کاغەز دەیانخوێنینەوە. لێرەدا گرنگی ئەو تێبینیانە دەردەکەوێت کە تۆمار دەکرێن لە کاتی خوێندنەوەی دیالۆگە فەلسەفیەکاندا، وەک ئامرازێک بۆ دەرهێنانی ئەوەی لە مێشکتدا دەگوزەرێت و دۆزینـەوەی ئەزموونە تایبەتەکەت. بەو شێوەیە خوێندنەوەی سێیەم و چوارەمی دیالۆگە فەلسەفیەکان خوێندنەوەیەکی باش دەبێت و پڕ دەبێت لە پرسیار و لە ئاسۆی نوێ.

وتەیەکی بەناوبانگ هەیە: خوێندنەوەی کتێبی مەزن کۆتایی نایەت؛ لەبەر ئەوەی لەگەڵ هەموو خوێندنەوەیەکدا لێکدانەوە بۆ کەسێکی جیاواز دەکەیت. ڕەنگە ئەمە هەندێک زێدەڕەوی تێدا بێت، بەڵام بێ ڕاستی نییە. وتەیەکی دیکەش هەیە کە دەڵێت: تۆ کتێبێک دەخوێنیتەوە و کتێبەکەش تۆ دەخوێنێتەوە، ڕادەی بەشداری هزرەکانی کتێبەکە لەنوێ کردنەوەی تێگەیشتنت لە ژیان و خودی خۆتدا دەردەخات. بەو دەرئەنجامە حەتمییەی هەر دیالۆگێکی فەلسەفی، فەلسەفە دەگاتە لوتکە.

### فەلسەفە بەدەوری خۆتەوە خولگە دەگرێت

فەلسەفە بەشێوەیەکی تایبەت خۆی لە چوونە ناو کێشەکانی کارەکەت نادات، یان لیستی پەیوەندییەکانی ناو تەلەفونەکەت بۆ ڕاست ناکاتەوە، هەروەها دوریشت ناخاتەوە لە ئامرازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵکو وەک مرۆڤێک دێتە ناو ژیانتەوە و ڕەنگە لە چوارچێوەی خۆیدا خۆی لەو بابەتانەش بدات.

بیهێنە پێش چاوی خۆت کەوتبیتە گێژەڵۆکەیەکەوە و فرێیدابیتە لای کەسانێک لە سەردمانێکی بەسەرچوودا بژین. توانیوتە زمانێکی هاوبەشیان لەگەڵدا بدۆزیتەوە بۆ گفتوگۆ کردن؛ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە لەگەڵیاندا ببیتە هاوڕێ و بەشدارییان پێ بکەیت لە سەرقاڵیەکانت و بۆچوونەکانت و باوەڕتدا؟ دەکرێت ئەوە ڕووبدات بەمەرجێک گفتوگۆکە لە نێوان مرۆڤێک و مرۆڤێکی


دیکەدا بێت، نەک لە نێوان کەسێکی تەکنۆکراتی پاش سەردەمی پیشەسازی و پیاوێکی ئەشکەوت نشیندا بێت. لەو دۆخەدا هاوڕێتیەکەتان تەنها پشتیوان دەبێت بەمرۆڤایەتیە هاوبەشەکەی نێوانتان. ڕەنگە بنەماکانی هاوڕێیەتیەکەتان گەشەش بکات بۆ ئاستێکی نمونەیی لە دۆخێکدا ئەگەر دەستبەرداری ئەو شتە پڕوپووچانە ببن کە ڕێگری لە بەڕێوەچوونی گفتوگۆیەکی قوڵ دەکەن.

زۆرێک لە کتێبەکانی گەشەپێدانی خود جەخت لە گرنگی گەڕان بەشوێن خوددا دەکەنەوە بەپێچەوانەی ئەو خودەی خەڵکانی دیکە وێنایان دەکرد. دەکرێت ئەوە بەدی بهێنرێت لە ڕێگای چوونە ناو قوڵاییەکانی خودەوە (نەفس) یان لە ڕێگای پێڕەوکردنی شێوازێکی نوێی ژیانەوە. بەڵام فەلسەفە هانت دەدات بۆ چوونە سەر ڕێگایەکی جیاواز کە پشت دەبەستێت بەناسینی خود لە ڕێگای ئەوانی دیکەوە. فەیلەسوفەکانی وەک ئەرستۆ و گیرترۆد ئەلیزابێث مارگریت ئەنسکۆمب «Gertrude Elizabeth Margaret Anscombe» و کارل مارکس و فردریک نیچە و ناجارجۆنا «Nagarjna» و لاوتسی یان لاوتزە و کواسی ویردو تێڕامانیان لەو چوارچێوەیەدا هەبووە.

ڕێگاکانی بونیادنانی خود پێویستی بەهەندێک پێناسە هەیە کە لە شوێنێکەوە وەربگیرێت، فەلسەفەش دەرفەتەکانی دۆزینەوەی پێناسە جۆراوجۆرەکانی ئەوەندە زۆر لێی دەڕژێت، هەروەها هاوکارت دەبێت بۆ ئەوەی خودی خۆتی تێدا بدۆزیتەوە؛ لێرەوە چالاکی هاوبەشی هەموو خوێندنەوە فەلسەفیەکان دروست دەبن.

**سود وەرگرتن لە سەرچاوەی لاوەکی** (ثانوي)

ئێمە لە سەردەمێکی ڕاستەقینەی نمونەییدا دەژین بۆ زانینی فەلسەفە؛ پێگەکانی یوتیوب پڕن لە گرتەی ڤیدیۆیی لەبارەی فەیلەسوفەکان و لێکدانەوەی هزرەکانیانەوە. سەرەڕای ئەو گومانەی دەوری هەندێک لەو گرتە ڤدیۆییانەیان داوە؛ وەک پێگەیەک (پلاتفۆرمێک



کاردەکات و دەتوانین لە ڕێگایانەوە بچینە ناوی جیهانی فەیلەسوفەکانەوە، بۆ نمونە پێگەی Philosophy Tube شیکاری هاندەرانە بۆ پرسیارە فەلسەفیەکان بڵاودەکاتەوە، ئەوە جگە لە چەندین پەخشی دەنگی کاریگەر کە بەشداری دەکەن لە کردنەوەی دەروازە بۆ چوونە ناو جیهانی فەلسەفەوە. وەک « The Partially Examined: Life, Very Bad Wizards, Philosophy Bites لەگەڵ پێگەی پیتەر ئادامسۆنی بوێر و سەرسوڕهێنەر مێژووی فەلسەفە بەبێ هیچ کەلێنێک (History of Philosophy Without Any Gaps).

باخۆمان بەدور بگرین لەوەی تەنها بەکتێب قایل بین، بەتێڕوانینی ئەفلاتون فەلسەفە لە گفتوگۆ (دیالۆگ)دا بەرجەستە دەبێت. دەقی نوسراویش جگە لەوەی بریتییە لە باشترین ئامراز بۆ لاسایی کردنەوەی ڕەسەنەکە شتێکی دیکە نییە، ئەو ڕایەشی لە یەکێک لە دەقەکانیدا نوسیوەتەوە.

جیهانێکی فراوانی سەرچاوەی جێگرەوە (بەدیل) هەیە بۆ هەرس کردنی مەزنایەتی دەقە فەلسەفییە ئاڵۆزەکان: دوودڵ مەبە لە بەکار هێنانیان. شتێکی جوان هەیە لە نەریتی فەلسەفەدا ئەویش ئەوەیە کە کتێبە فێرکارییەکانی بەهۆی تێپەڕبوونی کاتەوە بەسەرناچێت؛ بەپێچەوانەوە لە زۆربەی کاتەکاندا بەدووبارە پیاچوونەوە بەکتێبێکی کۆندا لە ساڵەکانی هەفتاکانەوە نوسراوە ڕەنگە سەر ڕێژ بێت لە کۆمەڵێک وەڵامی زۆرباش بۆ کۆمەڵە پرسیارێکی ئاڵۆزکاو. بەو پێیە خوێندنەوەی بەردەوام ڕێگات ڕوون دەکاتەوە بەرەو تێپەڕاندنی کەموکوڕییەکان لە بابەتە لاوەکیە کۆنەکاندا. ئەوەش ئەوەیە کە پێویستە وەک سەرکەوتن تێی بڕوانیت؛ لەبەر ئەوەی بەشدار بووە لە پێشخستنی تێڕوانینی فەلسەفیانەت.

هەرگیز بەهای هاوڕێکانت لەو ڕێچکەیەدا کەم مەکەرەوە؛ وەک سەرچاوەی یەدەک، بەڵکو ڕەنگە سەرچاوەی بنەڕەتیش بێت. گرووپی خوێندنەوە ڕێک بخە بۆ ئەوەی لەو کتێبە نایابانە بکۆڵنەوە کە خوێندوتانەتەوە و بچنە هەموو کەلێنەکانیەوە، ئەو شێوازە دەستەبەری ئەوەیە فێرت بکات چۆن لێکدانەوە بۆ ناوەڕۆکی ئەو کتێبانە بکەیت کە خوێندوتەوە و تاوتوێی بیرۆکەکانی بکەیت و ڕەخنەیان لێبگریت و ئەقڵیەتی خۆت بگۆڕیت. ئەوەیش بەکۆی گشتی ئامرازی جەوهەری هەر فەیلەسوفێک و هەر مرۆڤێکیشە.

### هۆکارەکانی گرنگیەکەی

بەداخم لەوەی کە دەبێت پێت بڵێم تۆ مرۆڤێکی لەنێو دەچیت (فانیت)، ئەوە ڕاستیەکە دەبێت هاندەرت بێت بۆ ئەوەی خواردنی تەندروست بخۆیت، مەشقی وەرزشی ڕێکوپێک بکەیت، هاوڕێیەتی دروست بکەیت و هاوکاری ئەوانەش بکەیت کە نایانناسیت بەر لەوەی کۆتایی بەژیانت بێت؛ هەروەها کۆمەڵێک پرسیار هەڵڕژێنیت بەسەر بیرکردنەوە و تێرامانتدا لەبارەی واتای بوونەوە، لەبارەی ماهیەتی ڕاستی و بوونی خودا و ئامانج لە ژیانی مرۆڤایەتی. وەڵامی ئەو پرسیارانە

دڵنیایی نابەخشن، بەڵام لە پرۆسەی هەوڵداندا بۆ پێشبینی کردنیان هەست بەوە دەکەیت کە بێئاگا نەبوویتە لە دەرفەتی تێگەیشتن لە سروشتی بابەتەکان.

خوێندنەوەی فەلسەفەش بەسودترین ڕێگایە بۆ دیاری کردن و لێکۆڵینەوە لە مەودای ئەو پرسیارە گەورانە، هەر چەندە دڵنیاییش نییە بۆ ئەوەی خۆری وەڵامەکانت لێ هەڵبێت، ڕەنگیشە وەڵامی زۆر وەک زریان ڕووت تێبکەن، بەڵام بەدڵنیاییەوە گفتوگۆ کردن لەگەڵ فەیلەسوفە مەزنەکان سروشتی پەیوەست بوونت بەو پرسانەوە بۆ ڕووناک دەکەنەوە. هەموو ئەوەی پێویستت دەبێت کات و هەندێک حەزی خۆ هەڵقورتاندن و سەردانی کتێبخانەکانە.

ئەفلاتون دەڵێت: بنەچەی فەلسەفە سەرسامیە. بەڵامی سەرسامی بۆچی؟ ڕەنگە سەرسامی پەیوەندی بەوشیاری خودی خۆتەوە هەبێت، یان بەرزگار بوونی بەشێک لە جەستەتەوە لەدوای مردنت، یان پەیوەندی بەسروشتی خۆشەویستی و جوانییەوە هەبێت، یان پەیوەندی بەخوی مرۆڤەکانەوە هەبێت لەبەرامبەر خراپ مامەڵە کردنیان لەگەڵ یەکتردا، یان پەیوەندی بەمەعریفەیەکی زانستی و هەوڵی تێگەیشتنی هەموو شتێکەوە هەبێت. ئەزموونی مرۆڤایەتی پڕە لەو ڕووداوانەی سەرسامان دەکەن.

زۆرجار ژیانی ڕۆژانە بەگومانی دووری لە کردەوەکەوە سەرسامییەکان کۆت دەکات؛ بۆیە حوکمی چەپاندنی بەسەردا دەدرێت. ڕەنگە هەندێک جار بەمێشکماندا بێت کە هیچ وەڵامێک بۆ ئەو پرسانە نییە، یان بڵێین هەموو ئەو پرسانە تەنها پرسگەلێکی هیچوپوچ بێ ناوەڕۆکن. ئایا لەپاش ئەوەش دەبێت سەرسام بین؟ یان بەو بانگەشانە ڕازی بین کە دەڵێن ئەو پرسیارانە هیچ گرنگیەکیان نییە، لەبەر هیچ نا تەنها

دیکارت



دیکارت لێرەدا وەڵامدانەوەی گومان و دودڵی لە ئەستۆ دەگرێت. سەرەڕای ئەوەی هەوڵی بۆ دەدات بەشێوازێك لە شێوازەکان لە فێڵێکی ڕەوانبێژی دەچێت، بۆ پەلکێش کردنێکی حەتمیانەی مرۆڤی خاوەن ئەقڵی سەنگین کە لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆیە، بۆ ناو بازنەیەکی کۆتکەر بۆ ڕامانە میتافیزیکیە دیکارتیەکان

لەبەر ئەوەی خاوەنی بەهایەکی دەگمەنن؟ یان دەرفەتەکان بقۆزینەوە لە هەموو ساتە وەختێک لە ساتە وەختەکان لەسەر ڕێگامان لەو کاتەوە کە منداڵی ناو بێشکەین هەتا ئەو کاتەی دەمانخەنە نێو گۆڕەوە بۆ ئەوەی سەرسام بین بەقوڵترین پرسیارەکان کە لە مێشکماندا دەخولێنەوە؟

**لینکەکان و کتێبەکان:**

- هاندەرەکان بۆ خوێندنەوەی فەلسەفە جۆراوجۆرن، هەر کەسێک مەتەڵە خێرا و سەرنج ڕاکێشەکانی وەک گرفتی عەرەبانە بەناوبانگەکە و پرسیار لەبارەی گوێزەرەوەکانی پێ چاکترە؛ دەتوانێت کۆتا کتێبەکەی دیڤد چاڵمەرز بخوێنێتەوە بەناونیشانی «ڕاستی پڵەس Reality +» کە لە ساڵی ٢٠٢٢ دەرچووە، سەرڕێژە لە کۆمەڵە مەتەڵێکی جوان بەتامێکی هاوشێوە، هەروەها پڕە لە پرسیار و بۆچوونی سەرنج ڕاکێش لەبارەی ڕاستی ئەو واقعە گریمانە کراوەوە.

- هەر کەسێک بیەوێت ڕوونکردنەوەیەکی دەست بکەوێت لەبارەی هەندێک بیرۆکەی ناڕوونەوە، با دەست بۆ چیرۆکی فەلسەفەی ویل دیورانت بەرێت ١٩٢٦(The Story of Philosophy)، بریتییە لە تێڕوانینێکی گشتگیرانە لە ژیان و هزری پیاوە مەزنەکانی فەلسەفە لە جیهاندا. هەر کەسێک بەنوێیی دەستی کردووە بەخوێندنەوەی فەلسەفە پێشنیاری بۆ دەکەم ئەو کتێبە بخوێنێتەوە و بەشوێن نەخشە ڕێگایەکدا بگەڕێت.

- برایان ماگی نوێکردنەوەیەکی بەرچاوی بۆ (چیرۆکی فەلسەفە)کەی ویل دیورانت کردووە: کورتە پێشەکیەکی



بۆ مەزنترین بیرمەندەکانی جیهان و هزرەکانیان نوسیوە (چاپی دووەم، ٢٠١٦ A: The Story of Philosophy) (Concise Introduction to the World's Greatest Thinkers and Their Ideas (2nd ed, ٢٠١٦)) دەتوانرێت لە ڕێگای ئەو پێش چاو خستنەی هەریەک لە دیورانت و ماگی پێشکەشیان کردووە، بەئاسانی بگەڕێینەوە بۆ سەر خودی ئەو نوسینە کلاسیکیانە وەک هەڵبژاردەکانی (Steven M Cahn) کلاسیکیاتەکانی فەلسەفەی ڕۆژئاوایی (چاپی هەشتەم: Classics of Wistern Philosophy. ed, ٢٠١١).

- لە دۆخێکیشدا ئەگەر گرنگی بەوە دەدەیت کە لە مێشکی فەیلەسوفە سەردەمیەکاندا دەخولێتەوە، ئەوە دەتوانیت سەردانی ماڵپەڕەکەی ڕیچارد مارشاڵ بکەیت ٣:١٦ کە دەیان چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ پەخش دەکات.

- هەرچی ئەوانەشە کە دەیانەوێت گشتگیرانە بخوێننەوە، دەتوانن تەماشایەکی ڕێبەری ڕێنماییە کلاسیکیەکانی خوێندنەوە (How to Read a Book ١٩٤٠) بکەیت، لە نوسینی مۆرتیمەر ئادلەر و چارلز ڤان دۆرین. ئەو کتێبەش وەک شێواز و تام بە بەرهەمی قوتابخانەی کلاسیکی (کۆن) دادەنرێت؛ بەڵام خوێندنەوەی ئەم دەقە ڕوون و بەسودانە لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفیدا سۆزمان دەگێڕنەوە بۆ ڕابردوو.

- دەتوانرێت سەردانی تۆمارگەی خوێندکارانی زانکۆی ئەدەنبرە بکرێت (Student Blog) بۆ بینینی ڕاسپاردەکان لەبارەی خوێندنەوەی فەلسەفەوە، هەر کەسێکیش دەیەوێت گرتە ڤدیۆییەکان ببینێت، دەتوانێت لە پێگەی یوتیوب گرتەی ڤدیۆیی «چۆن فەلسەفە بەشەش هەنگاو دەخوێنیتەوە؟ ببینێت، (How to Read Philosophy in ٦ Steps) بەرهەمی ساڵی ٢٠١٦ی دەرهێنەر کریستۆڤەر ئەنادیل.

- لە کۆتاییشدا کتێبەکەی (Justin. E. H. Smith) (فەیلەسوف: مێژوو لە شەش جۆردا (The Philosopher: A History in Six Types)، ئەو کتێبە دەستەبەری فراوان کردنی ئاسۆی پێناسەکانتە بۆ فەلسەفە و ڕۆچوونە ناو ئەوانەوە کە دەبنە مایەی گرنگیدانمان کاتێک فەلسەفە دەخوێنینەوە. ئەوە ئامرازێکی ڕاستکردنەوەی بەسودە بۆ هەموو ئەوانەی بەردەوامن لە هەوڵەکانیان بۆ گەڕان بەشوێن داناییدا.


وەگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی/ ڕووبا خەلیل

**پەراوێزەکان:**

(١) ئەو کتێبە بەناونیشانی کێشەکانی فەلسەفە «مشکلات الفلسفة» وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی.


(٢) نوسەر لێرەدا ئەوەی لەبارەی کتێبەکانی گەشەپێدانی خودەوە وتویەتی وەک گاڵتە پێکردن و سەرزەنشت کردنی ئەو بوارەی نوسینە، چونکە لە زۆر شوێن ئەوە بەفەلسەفە دەناسێنرێت.

# دیموکراسی تەوافوقی



چێنەر شەرعی

هەواڵنامەی کتێب



## بەشی دووەم

### پراکتیزە کردنی دیموکراتی تەوافوقی لەعیراقدا

### تەوافوق لە دەستوریی عێراقدا

لەپاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس و کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی تاک ڕەوی، سیستەمی حوکم گۆڕا و دەرگای فرەلایەنی دیموکراتی واڵابوو، تەبەنی بیرۆکەی مەبدەئی تەوافوقی بەرجەستە بوو بەو پییەش هەموو لایەنە جیاوازەکانی عیراق بەپێی قورسایی خۆیان نوینەرایەتیان لە بەڕێوەبردنی عیراقدا کرد و ئەنجومەنی حوکم دامەزرا لەنەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکان و پارتە هەمە جۆرەکان، هەروەها لەلایەن ئەم ئەنجومەنەوە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت داڕێژرا کە بەلایەنی کەمەوە مافەکانی گەلانی عیراقی تیدا جیگیربوو لەسەر پرەنسیپی تەوافوق و لە چوارچیوەی ئەو یاسایەدا مادەکانی سیستمی حوکمی فیدرالی بۆ عیراق دیاریکرا، لەمادەی ٣٦ی یاسای بەڕێوەبردنی قۆناغی گواستنەوەی عیراقدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کەمینەکان لە ئەنجومەنی نیشتمانی مافی ڤیتۆیان هەیە، ئەوەش بەو مەرجەی کە دەبێ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەزۆرینەی ٣/٢ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەلبژێردرێت و ١٨٤ دەنگ لەکۆی ٢٧٥ دەنگەکەی ئەنجومەنی نیشتمانی دەوێت، ئەمەش وادەخوازێت کە هەلبژاردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەتەوافوق بێ و لەنیوان نوینەرایەتی گروپە سەرەکیەکانی کورد و عەرەبی سوننە و شیعەدا، هەر لەمادەی ٣٦دا باس لە پرەنسیپی تەوافوق کراوە کە بۆ لابردنی ئەندامیکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی پیویستی بە ٣/٤دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی هەیە و ٢٠٧ دەنگی دەوێ لەکۆی ٢٧٥ دەنگ، لەبڕگەی (ج) مادەی ٣٦ی یاساکەدا باس کراوە کە دەبیت بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەکۆ دەنگ (اجماع) دەربکرێت و ئەمەش وادەکات هەموو لایەنەکان بەشدار بن لەبریاردان و بەتەوافوق دەبیت و هەر لایەنیک دەتوانن مافی ڤیتۆ لەدژی هەر بڕیاریک بەکار بهینن کە لەگەل خواستەکانیان نەگونجی، لەبڕگەی (أ) مادەی ٣٨ یاساکە ناونانی سەرۆک وەزیران و ئەنجومەنی وەزیران پیویستی بەکۆی دەنگی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەیە، لێرەشدا پرەنسیپی تەوافوق بەدی دەکرێت، پیویستە ئەنجومەنی نیشتمانی بەزۆرینەی ڕەها ٣/٢ی دەنگی ئەندامانی متمانە بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرانی کابینەی ببەخشێت، بەپێی برگەی (هـ) لەمادەی ٤٤ی یاساکە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دامەزراندنی هەر ٧ ئەندامی دادگای بالای فیدرالی هەیە کە دادگایەکی گرنگە و کیشە لەنیوان دەسەلاتی فیدرالی و هەریمەکان چارەسەر دەکات و دەسلاتی شیکردنەوەی دەستوری هەیە و بگومان دانانی ئەو ئەندامانە بەتەوافوقی نێوان ئەنجومەنی سەرۆکایەتی دەبێ، هەروەها لەبریاری ١٥٤٦ ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەولەتی پرەنسیپی تەوافوق

باسی لیوەکراوە و جەخت دەکاتەوە کە دەبێت دەستوری هەمیشەیی عیراق لەسەر بنەمای تەوافوق دابنرێت، مافی هەموو چین و تویژەکانی گەلانی عیراق و کەمە نەتەوەییەکان بپارێزرێت(٤٦).

لەئیستادا تاکە دورشمی کەمایەتیەکانی وەک کورد و سوننەی عەرەب و تورکمانەکان و کەمایەتیە ئاینیەکان دیموکراسی تەوافوقیە، مەبەست لیرەدا ڕزگاربوونیانە لەمەترسی زۆرینە و پەراویزخستنیان لەدەسەلاتدا(٤٧).

ئـەوەی جیگای سەرنجە تەوافوق لەناو مادەکانی دەستوردا زۆر لاواز و بەئەستەم هەستی پێ دەکرێت بەم شیوازەش ڕەگە دور و قوڵەکانی جیاوازیە کلتوری و ئەتنیکیەکانی تیدا ئاو ناخوات بەڵکو ئەو ڕابردوە نزیکەیان بە بیردیتەوە کە گۆڕەپانی سیاسی عیراق لیوان لیو بوو لە کودەتا و شەڕ و پاکتاو کردنی کەمایەتی، بۆیە دەکرا ڕاشکاوانەتر لە مادەکانی دەستوردا مەبدەئی تەوافوقی زیاتر بەدی بکرایە و کەمینەکان بە وردی دەسـەڵات و مافیان دیاری بکرایە، ڕاستە ئەم دەستورەی ئێستای عیراق باشرین دەستورە لەچاو دەستورەکانی پیشووی عیراق و ڕیکەوتنەکان لە نیوان تەیار و کوتلە و نەتەوە جیاوازەکان زیاتر ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام ناتوانین بڵێین دیموکراسی تەوافوقی لە عێراقدا پەیرەو دەکرێت چونکە ئەم دەستەواژیە تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی هەیە، دیموکراسی تەوافوقی وەک پیشتر ئاماژەمان بۆ کرد ئەرکان و وەزیفە و مەرجی خۆی هەیە و بڕیار و لیکۆڵەر و لیکۆڵەری خۆی هەیە، بەڵام دەکرێت بڵێین لە عێراقدا بۆ دروست کردنی حکومەت ئیئتلاف هەیە لەسەر مەبدەئی تەوافوق ئەو دەستەواژەیە جیاوازە لە دەستەواژەی دیموکراسی تەوافوقی چونکە لەوڵاتێکی وەک ئەڵمانیادا لەکاتی دروست کردنی حکومەت حزبەکان بۆ تەواو کردنی ڕێژەی یاساییان ئیئتلاف دەکەن و حزبەکانی دیکە وەلادەنێن و جیاوازە لە دەوڵەتانی

هەواڵنامەی کتێب



لەپاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس و کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی تاک ڕەوی، سیستەمی حوکم گۆڕا و دەرگای فرەلایەنی دیموکراتی والابوو، تەبەنی بیرۆکەی مەبدەئی تەوافوقی بەرجەستە بوو بەو پییەش هەموو لایەنە جیاوازەکانی عیراق بەپێی قورسایی خۆیان نوینەرایەتیان لە بەڕێوەبردنی عیراقدا کرد و ئەنجومەنی حوکم دامەزرا

وەک سویسرا و بەلجیکا کە دیموکراسی تەوافوقی پەیڕەو دەکرێت تیاندا, بەڵام دەوڵەتی عێراق خاوەنی ئەتنیک و کلتوریکە کە تێیدا ئۆپۆزسیۆن بەرهەم نایەت و ناچار حکومەتێکی ئیئتلافی لەسەر مەبدەئ تەوافوق دروست دەکرێت وەک ئەو حکومەتانەی لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە, عێراق بەریوەدەبەن(٤٨).

لە دەستوری عێراقیدا هاتوە حوکم بۆ زۆرینەیە, بەڵام لەڕوویەکی دیکەوە ئاماژەی پێ کراوە کە پیویستە حوکم بەپێ ڕێککەوتن بێت و بەشداری سەرجەم هێزەکانی دیکە بێت, دەووروبەری مانگی نیسانی ٢٠٠٦ ئەنجومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانی پیک هات و هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی لەخۆگرت (سەرۆک کۆمار, سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران, سەرۆکی ئەنجومەنی نوینەران) و سەرکردەی فراکسیۆنە سەرەکیەکانی ناو پەرلەمان, ئەم ئەنجومەنە بەشیوەی تەوافوق کار دەکات و بڕیارەکانی دەردەکات, ئەو حکومەتەی پێک دێت پێویستە لەسەری کە لەسەرجەم پیکهاتە سەرەکیەکانی کۆمەلگای عێراقی تێدا بێت بەتایبەت عەرەبی سونئە, عەرەبی شیعە, کورد, تەئکید نەکردنەوە لەسەر دەست تێوەرنەدانی لایەنە دەرەکیەکان دەکرێتەوە لە کاروباری ناوخۆی عێراق و هەروەها پێویستە داکۆکی بکرێت لە تەوافوقی نیشتمانی بەو پێیەی کلیلی سەرجەم کێشەکانە و پیویستە ڕەچاوی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بکریت لەسەرجەم پێکهاتە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکانی عیراق.

***دیموکراتی تەوافوقی – ئایا تەنها ڕێگەچارەیە بۆ عێراق لەکاتی ئێستادا؟**

ئەگەر ئامانج دروست کردنی دەوڵەتێکی مەدەنی و مۆدێرن بێت ئەوا هیچ ڕێگەیەکی دیکە دیار نیە جگە لە دیموکراتی تەوافوقی, سەرهەڵدانی ئەم جۆرە دیموکراتیە لەپێش چەند دەیەیەکی پێش ئێستا سەری هەڵداوە و بووە بە بەدیلی دیموکراتیەتی لیبراڵی و نوێنەرایەتی لەو جۆرە وڵاتانەی کە پێکهاتەی دانیشتوانەکەی پێکهاتەیەکی فرە جۆرە, دیموکراتی تەوافوقی نمونەی زۆر لە وڵاتان پەیرەوی دەکەن, ئەوە جگە لەوڵاتانی پێشکەوتوو وە هەروەها وڵاتانی دیکەش لەسەر ئاستە جیاوازەکان وەک (سویسرا, بەلجیکا, نەمسا و هۆڵەندا) هەروەها وڵاتانی مالیزیا و لوبنان و ڕواندا.

**چەند ڕایەک لەسەر مەبدەئی تەوافوق لە عێراقدا**

*** دەقی چاوپیکەوتنی مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقی فیدرال لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی فەیحا ٢٠٠٦/٦/١٧.** (٤٩).

ئەو وڵاتانەی کە سیستەمی دیموکراسی تیدا دەچەسپیت ڕێپێدراوە دەستکاری بارودۆخی ناوخۆ بکات, بەڵام لە سنوریکی دیاریکراودا, سەبارەت بەتەوافوق کە لە ئەنجومەنی حوکم بڕیاری لەسەردرا هەروەها لەلایەن قەوارە سیاسیە عیراقیەکانەوەی پەسەند کرا, من پیم وایە گونجاوە لەگەل بارودۆخی ئیستای عێراق, چونکە عێراق خۆی وا هەڵکەوتوە کە لەدوو نەتەوە پێکدێت, عەرەب و کورد, هەروەها نەتەوەی دیکەش هەن وەک

تورکمان و کلد و ئاشور, هەروەها دوو ئاینی تیدایە کە موسلمان و مەسیحین, موسولمانەکان دەبنە دوو بەشەوە (سوننە و شیعە) سوننەش دەبیتە دوو بەشـەوە کە شافعی و حەنەفین, شیعەش بەهەمان جۆر دابەش بوە بەسەر چەند تایفەیەکەوە, بۆیە من سەرسامم بەوەی کە دەڵێن ئەم دابەشبونە دروست کراوی حزبە عیراقیەکان و ئەمەریکیەکانە بەڵام بە پیچەوانەوە ئەوە دروست کراوی مێژووە کە سەدان ساڵە بوونی هەیە و جاران بەدەست دەسەڵاتی دیکتاتۆریەوە دەیناڵاند چونکە کەس نەیدەتوانی هەست و بیری خۆی دەرببڕێت, بەڵام ئێستا وانەماوە چونکە سیستەمی دیموکراسی پەیرەو دەکرێت و ئەوەش کاریکی زۆر ئاساییە(٥٠).

* وتەی ئەیاد عـەلاوی بۆ کەناڵی ئاسمانی الفرات ٢٠٠٦/٣/١٤

بەپێی وتـەی دکتۆر ئەیاد عـەلاوی سەرۆکی لیستی نیشتمانی عیراقی دەربــارەی کۆبونەوەی پێکهێنانی حکومەتێکی تەوافوقی لە ئەنجامدا چەند بۆچوویکی نزیک دەربارەی دەستنیشان کردنی پیداویستی یەکیتی نەتەوەیی و دواتر چەند لیژنەیەکی پسپۆر پێکهێنرا بۆ بەدوادا چوون و پێدانی بیرورا بەسەرۆکی لیستەکان, چەند رێگەیەک دەستنیشان کرا بۆ بڕیاردان لەسەر تەوافوق(٥١).

*** رای یەکێتی ئەوروپا لەسەر تەوافوق لەعێراقدا**

یەکێتی ئەوروپا لە بەیانیکدا لە ٢٠٠٦/٢/١١ داوای کردوە پەلە بکریت لە پێکهێنانی حکومەتی عیراقی کە سەرجەم لایەنە جیاوازەکان بەشدار بن تیایدا و نوینەرایەتی سەرجەم هیز و لایەنە سیاسیە عیراقەکان بکات, بەیانەکەی ئاماژەی بەو ڕاسپاردانە کردوە کە کۆمسیۆنی ئەورووپی بڕیاری لەسەرداوە لە کۆبونەوەی ٣٠و٣١ ینایر ٢٠٠٥ یەکێتی ئەوروپا تەئکیدی لەسەر درێژەپێدانی یارمەتی گەلی عێراقی بدات لە بواری پرۆسەی تەوافوق دەربارەی داهاتووی وڵاتەکەیان و سەرەڕای پیداچونەوەیەکی تەواوی دەستوری عێراقی(٥٢).

**دەرکەوتنی سیستەمی دیموکراتی تەوافوقی لە عێراقدا:**

دوای ڕووخانی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسی عێراقی و هاتنی هێزی هاوپەیمانان دەتوانین بڵێین سەرتایەک بوو لە پەیرەوکردنی سیستمی دیموکراتی تەوافوقی لە عێراقدا کە سەرجەم چین و توێژ و نەتەوە جیاوازەکانی عێراق بەشدار بوون لە پێکهێنانی حکومەتی عێراقی بۆیە بە پێویستم زانی لە دوای ئەم بەروارەوە ئەو پرۆسانەی کە لە عێراقدا ڕویداوە تیشک بخەینە سەری و هەوڵ بدەم هەتا ڕادەیەک وردەکاریەکانی دیاری بکەم. هەر یەک لەم پرۆسانە لە خوارەوە باس دەکەین دابەشبونی دەسەڵاتەکان بەشێوازی تەوافوق لە نێوان لایەنە جیاجیاکان دابەشکراوە:

**ئەو پرۆسانەی ئەنجامدروان لەسەر بنەمایی تـەوافوق لـەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسەوە**

**یەکەم: دروست بوونی (مجلس الحکم)**

دوای ڕووخـانی ڕژێمی عێراق و هاتنی هێزی هاوپەیمانان بەبڕیاری هێزی هاوپەیمانان لە بـەرواری ٢٠٠٣/٧/١٢

هەواڵنامەی کتێب

ئەنجومەنی حوکم دامـەزرا بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی عێراق, ئەم ئەنجومەنە لە نوێنەری پـارت و کوتلە و نەتەوە جیاوازەکانی عیراق کە لەکاتی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسدا ئۆپۆزسیۆن بوون دەست نیشان کران, دەسەڵاتێکی دیاریکراو و کەمی هەبوو, لەبەرئەوەی سەرجەم بڕیارەکان و دەسەڵاتەکان لە دەستی هێزی هاوپەیمانانـدا بوو کە حاکمی مەدەنی پۆڵ بریمەر دیاری کرابوو بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان لەلایەن هیزی هاوپەیمانانەوە بەپێی بڕیارەکانی جەنگ و داگیرکاری عەسکەری ئەم دەسەڵاتەیان لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پێدرابوو ,ئـەم ئەنجومەنە لەلایەن جامیعەی عەرەبی و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی جیهان ئیعترافی پیکرا, ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە بەشێوەی یەک بەدوای یەک بەپێی حروفی ئەبجەدی هەریەکەیان ماوەی مانگێک سەرۆکایەتی ئەم ئەنجومەنەیان دەکرد, بەشداری پێکردنی سەرجەم کیان و نەتەوە و پارتە جیاجیاکانی عێراق لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا شێوازێکی تەوافوقیە, چارەسەرێکی گونجاوە بۆ ئـەو سـەردەمـە کە پەشێوییەکی زۆر لە وڵاتدا هەیە و وڵاتێکە لە کۆمەڵێک نەتەوە و مەزهەبی جیاجیا پێکهاتووە, بۆیە بیرکردنەوەی هاوپەیمانان لەم ڕێگە چارەیە کە ڕێککەوتنێک دروست بکات لە نێوانیان و پۆستەکان بەشێوازێکی تەوافوقی سەرجەمیان بەشداری پێ بکات, کارێکی تەندروست و باش بوو, ئەنجومەنەکەش پێکهاتبوون لە(٥٣):

ئەم ئەندامانە سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەیان کرد:

- محمد بحر العلوم ١٣ یولیو ٢٠٠٣ – ٣١ یولیو ٢٠٠٣.
- إبراهيم الجعفری ١ اغسطس ٢٠٠٣ – ٣١ اغسطس ٢٠٠٣.
- ئەحمەد چەلەبی ١ سبتمبر ٢٠٠٣ – ٣٠ سبتمبر ٢٠٠٣.
- إياد علاوي ١ أكتوبر ٢٠٠٣ – ٣١ أكتوبر ٢٠٠٣.
- جەلال تاڵەبانی ١ نوفمبر ٢٠٠٣ – ٣٠ نوفمبر ٢٠٠٣.
- عبد العزيز الحكيم ١ ديسمبر ٢٠٠٣ – ٣١ ديسمبر ٢٠٠٣.
- عەدنان پاچەچی ١ يناير ٢٠٠٤ – ٣١ يناير ٢٠٠٤.
- محسن عبدالحميد ١ فبراير ٢٠٠٤ – ٢٩ فبراير ٢٠٠٤.
- محمد بحر العلوم (بۆ جاری دووەم) ١ مارس ٢٠٠٤ – ٣١ مارس ٢٠٠٤.
- مەسعود بەرزانی ١ أبريل ٢٠٠٤ – ٣٠ أبريل ٢٠٠٤.
- عزالدين سليم ١ مايو ٢٠٠٤ – ١٧ مايو ٢٠٠٤ (لە ١٧ مايو ٢٠٠٤ تیرۆر کرا)(٥٤).
- غازی عجيل الياور ١٧ مايو ٢٠٠٤ – ١ یولیو ٢٠٠٤.

لە بەرواری ٢٠٠٤/٦/١ کۆتایی بە ئەنجومەنەکە هات و هەڵوەشایەوە.

دووەم / پێکهاتەی حکومەتی کاتی عێراقی:

لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٦/١ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری بەغداد بەئامادەبونی ئەخزەر ئەلئیبراهیمی نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان و پۆڵ بریمەر سەرۆکی ئیدارەی مەدەنی هاوپەیمانان لە عێراق پێکهاتەی حکومەتی نوێی

عێراقی ڕاگەیەنرا: لێرەشدا لە دابەشکردنی پۆستەکان بەپێی تەوافوق ڕەچاوی نەتەوە و مەزهەبە جیاوازەکانی عێراق کراوە و پۆستە سیادیەکان بەشێوەی ڕێککەوتنی سیاسی (تەوافوق) دابەشکراون.

سەرۆکی عێراق: شێخ غازی عجیل یاوەر(عەرەب).

جێگری یەکەمی سەرۆک: دکتور إبراهیم جعفری.(عەرەب).

جێگری دووەمی سەرۆک: دکتور ڕۆژ نوری شاوەیس (کورد)

سەرۆک وەزیر: دکتورئەیاد عەلاوی

جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاوباری ئاسایشی نیشتیمانی: دکتور بەرهەم ئەحمەد صالح

لە دابەش کردنی وەزارەتەکان بەهەمان شێوە تەوافوق بەدی دەکرێت لە نێوان لایەنەکان

سێیەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشمانی عێراق و هەرێم و پارێزگاکان دروست کردنی حکومەتی ئینتیقالی

ڕۆژی ٢٠٠٥/١/٣٠؛ خەڵکی عێراق ڕوودەکەنە سندوقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سێ ئەنجومەن (ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگاکان)، لەمبارەیەوە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەعێراق ڕایگەیاند: تائێستا (٧٠) لیستی هەڵبژاردنمان بەدەست گەیشتووە کە ئەو لیستانە (٧٢٠٠) پاڵێوراویان لەخۆگرتووە، بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق کە ٢٧٥ کورسییە، لەنێو ئەو (٧٠) لیستە (٩) لیستیان هاوپەیمانییە و (٦٤) لیستیشی بەتەنهایە لەلایەن حزب و گروپ و کەسایەتی بێلایەنەوەیە، هەروەها (١٠٧) کیانی سیاسی بەشدارە و(٢٥) پاڵێوراوی سەربەخۆشی تێدایە.

٥٤٢ بنکەی هەڵبژاردن لە هەموو عێراقدا هەیە، بەمجۆرە دابەش بوون (بەغداد١٢٨ بنکە, ٥٦ لە کەرخ و ٧٢ لە ڕەصافە، ئەنبار ٢٨، دیوانیە١٩، کەربەلا ١٢، نەجەف ٢٠، بەصرە ٣٣، زیقار ٢٤، دیالی ٢٢، میسان ٢٢، موسڵ ٥٦، بابل ٢٣، واست ٢٢، موسەنا ١٦، ئەربیل ٣١، دهۆک ١٦، سەلاحەدین ١٤، کەرکوک ٢٣، سلێمانی ٣٢.

بۆ هەموو پارێزگایەک ئەنجومەنێک پێک دێت لە ٤١ کەس، بێجگە لە بەغداد کە ئەنجومەنەکەی لە ٥١ کەس پێک دێت.

لەسەر ئاستی دەرەوەی وڵات، ئەو عێراقیانەی ئاوارەن لە سوریا و ئەڵمانیا و کەنەدا ناتوانن بەشداری هەڵبژاردن بکەن، لە وڵاتانی تر کارئاسانیان بۆ کراوە و مەڵبەندی دەنگدانیان بۆ دابینکراوە. لە سوریا ٥٠ هەزار عێراقی هەیە، لە ئەڵمانیا ٨٥ هەزار عێراقی هەیە کە بێبەش دەبن.

* بە شێوەیەکی گشتی سێ لیستی سەرەکی هەیە کە ململانێی یەکتری دەکەن: * یەکەم لیستی شیعەکان کە ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی پشتیوانی لێدەکات و لە ١٦ پارتی سیاسی و کەسایەتی و ئەکادیمی پێکهاتووە کە بریتین لە (٢٢٨) پاڵێوراو لەنێویاندا (عبدالعزیز الحکیم

هەواڵنامەی کتێب

سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، ئیبراهیم ئەلجەعفەری سەرۆکی حزبی دەعوە، عەبدولکەریم ئەلعنزی حزبی دەعوە فەرعی عێراق، ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق، کوردە فەیلییە شیعەکان, صابئە، یەزیدی)، هەر چەندە لەو لیستەدا نوێنەری ڕەوتی صەدری تێدایە، بەڵام موقتەدا صەدر لەدوا نامەیدا بۆ سیستانی دەڵێت: گەر ئەمریکا وادەیەک دیاری نەکات بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق ئەوا ئەو بەشداری هەڵبژاردن ناکات، هەروەها چوار ڕێکخراوی کوردی بەناوی (منظمة اسلام كرد الشيعة، التجمع الفيلي في العراق، التجمع الوطني لكرد الشيعة، رابطة علماء وخطباء كرد الشيعة)، سێ ڕێکخراوی تورکمانیش بەشداری لیستی شیعەیان کردووە.

* دووەم لیستی حکومەت: ئەم لیستە بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی سکرتێری گشتی حەرەکەی وفاقی نیشتمانی بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ چەند هێزێکی سیاسیدا لەوانە (التجمع العراقي بەسەرۆکایەتی یاوەری سەرەک کۆمار، وەزیری پیشەسازی حاجم الحسني، وەزیری بەرگری حازم شعلان، حەرەکەی وەتەنی موەحەد بەسەرۆکایەتی حاتم جاسم مخلص، جێگرەکەی سائر النقيب وتەبێژی ڕەسمی سەرەک وەزیرانی عیراق، جەبهەی تورکمانی بەسەرۆکایەتی فاروق عەبدوڵا، حەرەکەی دیموکراتی ئاشوری لە عێراق بەسەرۆکایەتی یونادم کنا، حزبی وەتەنی دیموکراتی بەسەرۆکایەتی چادرچی، رجا الخزاعي



ئەندامی ئەنجومەنی حوکمی عێراقی، وەزیری تەندروستی علا عبدالصاحب، وەزیـری خوێندنی باڵا تاهر البكا، وەزیـری گەیاندن صاحب الحكيم، وەزیـری کشتوکاڵ سوسن الشريفي، وەزیـری کاروباری پارێزگاکان وائل عبدالتيف، وەزیری کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی قاسم داود، وەزیری دەوڵەت عدنان الجنابي)، ئەم لیستە لە (١٨٠) کەس پێکدێت.

* سێیەم لیستی کوردەکان: پێکدێت لە کەسایەتی ناسراوی هەردوو پارتە سیاسییە سەرەکییەکەی کورد، یەکێتی بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و پارتی بەسەرۆکایەتی مەسعود بەرزانی، جگە لە کەسایەتی و هێزی سیاسی کوردی و تورکمانی و عەرەبی و ئاشوری و مەسیحی(٥٥).

سوننەکان بەپارتە سیاسی و ئاینیەکانەوە هەوڵ دەدەن هەڵبژاردن نەکرێت و هانی خەلک دەدەن بەشداری هەڵبژاردن نەکەن، ڕۆژی ١٢/٥، (٦٨) پارت و کۆمەڵ و سەرۆک هۆز لە بەغداد کۆبونەوە لە کۆبونەوەکەدا داوایانکرد هەڵبژاردن دوابخرێت، دەستەی زانایانی ئاینی زۆر توندن لەسەر ئەنجام نەدانی هەڵبژاردن، حزبی ئیسلامی عێراق لیستی پالیۆراوانی تەسلیم کردووە، بەڵام داوای دواخستنی هەڵبژاردن دەکات(٥٦).

هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق

ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی لە نێوان پارت و کوتلە و کەسایەتیە جیاجیاکانی عیراقدا هەڵبژێردران

* هاوپیچ ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بەدیاری کردنی لیست و مەزهەب

* بەرواری ٢٠٠٥/٣/١٦ ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق یەکەم کۆبونەوەی خۆی گریدا کە نەتوانرا دەستەی سەرۆکایەتی دیاری بکرێت.

* لە بەرواری ٢٠٠٥/٣/٢٩ دووەم کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا لێرەشدا نەتوانرا سەرۆکایەتی دیاری بکرێت.

* لە بەرواری ٢٠٠٥/٤/٣ سێیەم کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا و توانرا دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق دیاری بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە لەسەر بنەمای تەوافوق(٥٧):

& لیستی ئیئتلافی عێراقی ١٣١ دەنگی بەدەستهێنا.

& لیستەکانی دیکە ١١٠دەنگ.

& ئامادە نەبوون ٣٤ دەنگ

دەستەی سەرۆکایەتی بەم شێوەیە دیاری کرا

سەرۆک : حاجم مهدي الحسني.

جیگری یەکەمی سەرۆک: الدكتور حسين ابراهيم صالح الشهرستاني.

جیگری دووەمی سەرۆک : عارف تەیفور عارف.

حکومەتی ئینتقالی عێراقی

لە بەرواری ٢٠٠٥/٤/٢٨ ئیعلانی حکومەتی عیراقی کرا بە سەرۆکایەتی دکتۆر ابراهيم اشيقره حمزه جەعفەری و ژمارەیەکی زۆر لە وەزارەتەکان دیاری کران: بەم شێوەیەی خوارەوە:

سەرۆک وەزیران: الدكتور ابراهيم اشيقر حمزة الجعفري.

جێگری سەرۆک وەزیران: دکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس.

جێگری سەرۆک وەزیران: دکتور احمد عبد الهادي الجلبي.

جیگری سەرۆک وەزیران: عبد مطلك الجبوري

چوارەم: ڕیفراندۆم لەسەر دەستوری عێراقی ٢٠٠٥/١٠/١٥

ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/١٥، سەرجەم گەلانی عێراق بەشداریان لە پرۆسەیەکی دیکەی دیموکراسیدا کرد ئەویش دەنگدان بوو لەسەر دەستوری عێراقی، ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢٥ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق ئەنجامی کۆتایی ئەو ڕیفراندۆمەی ئاشکرا کرد، ڕێژەیی کۆتایی بەڵی و نەخێر بۆ دەستور لە پارێزگاکاندا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو:

ڕێژەی سەدی (بەڵێ) و ڕێژەی سەدی (نەخێر) لە پارێزگاکاندا:

کۆی گشتی پارێزگاکان ٧٨,٥٩ ٢١,٤١

چەند تێبینیەکی گشتی لەسەر پرۆسەکە:

ڕێژەی بەشداری گەلانی عێراق لە پرۆسەکەدا: ٦٣٪

ژمارەی ئەو سکاڵایانەی پێشکەش بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کراوە : ١٣٥ سکاڵا.

ژمارەی چاودێرە عێراقیەکان لەکاتی پرۆسەکەدا: ٥٢,٣٦٧ چاودێر.

ژمارەی چاودێرە بیانیەکان: ٦٨٥ چاودێر.

ژمارەی گروپە چاودێریە بیانیەکان: ١٨ گروپ.

کۆی گشتی چاودێرە عێراقی وبیانیەکان: ٥٣,٠٥٢.

ژمارەی نوێنەری پارتە سیاسیەکان وەک (چاودێری پارتەکانیان) لەناو پرۆسەکەدا: ١١٧,٤٧٩.

پشت بەستن بەو ئامارانەی سەرەوە دەردەکەوێت کە پرۆسەی دەنگدان لە بەرژەوەندی دەستوری عێراقی یەکێکە لەو ئەزموونە دیموکراسیە دەگمەنانەی کە عێراق پاش چەندین ساڵی دیکە دەتوانێت شانازی پێوە بکات(٥٨).

پینجەم /هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان ٢٠٠٥/١٢/١٥

لە ساڵی ٢٠٠٥دا و بۆ جاری سێیەم گەلانی عێراق ڕووبەڕووی پرۆسەیەکی تری دیموکراسی بوونەوە ئەویش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بوو، لەم هەڵبژاردنەدا هەر هاوڵاتیەک دوو دەنگی دەدا.

لەم هەڵبژاردنەدا کە عێراقی لە قۆناغی گواستنەوە (ئینتقالی)یەوە گواستەوە بۆ عێراقی هەمیشەیی هەندێک پارتی سیاسی و هاوپەیمانی دەرکەوتن و سەرکەوتن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

ئەوەی هەستی پێکرا لەم هەڵبژاردنەدا پارتە عەرەبیە سونەکان هەندێکی بەرچاویان لە پرۆسەکەدا کشانەوە بەشداری لە پارێزگا سونیەکاندا بەرێژەیەکی بەرچاو لاواز بوو، ئەگەر پارێزگای ئەنبار وەک نموونە وەربگرین

بۆمان دەردەکەوێت کە لەکۆی گشتی ژمارەی دەنگدەران لە پارێزگاکەدا تەنها (٣٧٧٥) کەس بەشداریان لەو پرۆسەیەدا کردوە.

ژمارەی گشتی کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٧٥ کورسی بوو، ئەو هاوپەیمانی وپارتە سیاسیانەی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرکەوتن بەم شێوەیە بوو:

١- ئیئتلافی عێراقی یەکگرتوو: هاوپەیمانێتی نێوان پارتە سیاسیە شیعەکانە و (عەبدولعەزیز حەکیم) سەرۆکی بوو, ئەم هاوپەیمانیە شیعەیە زۆرترین دەنگەکانی بەدەست هێنا وتوانی لەکۆی ٢٧٥ کورسی ئەنجومەنی نوێنەران ١٢٨ کورسی بەدەست بهێنێت.

٢- هاوپەیمانی کوردستانی: هاوپەیمانێتی نێوان پارتە سیاسیە کوردیەکانە و دکتۆر فوئاد مەعسوم سەرۆکی بوو, ئەم هاوپەیمانێتیە دووەم دەنگی عێراقی بەدەست هێنا و توانی لە کۆی ٢٧٥ کورسی ئەنجومەنی نوێنەران ٥٣ کورسی بەدەست بهێنێت.

٣- بەرەی تەوافقی عێراقی: هاوپەیمانێتیەکە لەنێوان پارتە سیاسیە عەرەبیە سونیەکانی عێراق و (عەدنان دلەیمی) سەرۆکی کۆنگرەی ئەهلی عێراق سەرۆکی بوو, ئەم هاوپەیمانێتیە سێیەم دەنگی عێراقی بەدەست هێنا و لەکۆی ٢٧٥ کورسیەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق توانی ٤٤ کورسی بەدەست بهێنێت.

٤- لیستی عێراقی نیشتمانی: ئەم لیستە لەچەند حزبێکی علمانی عەرەبی پێکهاتبوو, دکتۆر (ئەیاد عەلاوی) سەرۆکی بوو, ئەم هاوپەیمانێتیە لەکۆی ٢٧٥ کورسیەکە تەنها ١١ کورسی بەدەست هێنا.

٥- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان: پارتێکی ئیسلامی سیاسیە لە کوردستانی عێراق و (صلاح الدین محمد بهاءالدین) سەرۆکی بوو, بەتەنها چووە نێو هەڵبژاردن و توانی لەکۆی ٢٧٥ کورسیەکە ٥ کورسی بەدەست بهێنێت.

٦- کوتلەی ئاشتبونەوە و ڕزگاری (المصالحە والتحریر): پارتێکی سیاسی عەرەبی سونەی قەومیە و (مشعان جبوری) سەرۆکی بوو، بەتەنها چووە نێو هەڵبژاردن و لەکۆی ٢٧٥ کورسیەکە ٣ کورسی بەدەست هێنا.

٧- رسالیون، کوتلەیەکی سەربەخۆ بوو بەڵام لایەنگری ڕەوتی صدر بوون و لەکۆی ٢٧٥ کورسیەکە تەنها ٢ کورسییان بەدەست هێنا.

٨- بەرەی تورکمانی عێراقی: پارتێکی سیاسی تورکمانیە و پێگەی لە پارێزگا سونیەکاندا بەهێزە بوو (سعد الدین ئارکیج) سەرۆکایەتی دەکرد و تەنها یەک کورسی بەدەست هێنا.

٩- لیستی ڕافدەین: لیستی ئاشوریەکان بوو (یونادم یوسف کەنا) سەرۆکی بوو و تەنها یەک کورسی بەدەست هێنا.

١٠- لیستی ئومەی عێراقی: لیستێکی سەربەخۆ بوو (مثال جمال حسین الآلوسي) سەرۆکایەتی دەکرد، تەنها یەک کورسی بەدەست هێنا.

هەواڵنامەی کتێب

١١- بزوتنەوەی یەزیدی لەپێناو چاکسازی وپێشکەوتندا: بزوتنەوەیەکی یەزیدیەکانی ناوچەی موسڵ بوو (ئەمین فرحان جیجو) سەرۆکایەتی دەکرد، تەنها یەک کورسی بەدەست هێنا(٥٩).

١. سەرۆکایەتی کۆماری عێراق:

- جەلال شێخ حسام الدین تاڵەبانی: کورد: سەرۆک کۆمار.
- عادل عبد المهدي: عەرەبی شیعە: جێگری سەرۆک کۆمار.
- تاریق هاشمي: عەرەبی سونە: جێگری سەرۆک کۆمار.

٢- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران:

- نوری کامل المالکي: عەرەبی شیعە: سەرۆک وەزیرانی عێراق.
- دکتۆر بەرهەم ئەحمەد صالح: کورد: جێگری سەرۆک وەزیران.
- سەلام زەکەم زەوبەعی: عەرەبی سونە: جێگری سەرۆک وەزیران.

٣- سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق:

- مەحموود مەشهەدانی دەستی لەکارکێشایەوە و ئەیاد سامەڕایی شوێنی گرتەوە: عەرەبی سونە: سەرۆکی پەرلەمان.
- شێخ خالید عەتیە: عەرەبی شیعە: جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان.
- عارف تەیفور: کورد: جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان.

جگە لەو سێ پۆستە سەرۆکایەتییە وەزارەتەکانی کابینەکەی مالکیش بەشێوەیەکی باش تەوافقی نیشتمانی تێدا پەیڕەو کراوە بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن(٦٠).



دیموکراسی

دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق و هاتنی هێزی هاوپەیمانان بەبڕیاری هێزی هاوپەیمانان لە بەرواری ٢٠٠٣/٧/١٢ ئەنجومەنی حوکم دامەزرا بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی عێراق, ئەم ئەنجومەنە لە نوێنەری پارت و کوتلە و نەتەوە جیاوازەکانی عیراق کە لەکاتی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسدا ئۆپۆزسیۆن بوون دەست نیشان کران



**دەرئەنجام:**

هەوڵەکانی لەبار بردنی تەوافق لە عێراقدا:

١- زۆر لە عەرەبەکان بەهەردوو مەزهەبەکەوە کار بۆ ئەوە دەکەن کە تەوافوق و گونجاندن لە دەستوردا نەهێڵن و هەمواری بکەن بەو بیانوەی کە ڕێگرە لەبەردەمیاندا زۆرێک لە سیاسیەکانیان کار بۆ ئەوە دەکەن هەموارکرنی دەستوور چارەسەری ڕەهای کێشەکان بکات بەشێوەیەک کە بەرژەوەندی ئەوان بپارێزێت و نەتەوەکانی دیکە چی دەکەن و چی دەڵێن باکیان نەبێت.

٢- ئەگەر ئەو کارەیان بۆ کرا و بە بەرژەوەندی خۆیان دەستوریان هەموار کرد ئەو کاتە هیچ مانەوەیەک بۆ تەوافق و پێکەوە ژیان نامێنێت.

٣- بەعەشایەر کردنی کۆمەڵگە و سەرهەڵدانی میلیشیای ئیسناد و سەحوەکان و حەشدی شەعبی. لەبەر یەک هەڵوەشانی کۆمەڵگا و بردنەوەیەتی بۆ ڕابردوو کە لەناو خێمەیەکدا سەیری دەمی سەرۆک هۆز بکرێت چارەسەری گونجاو بۆ مەسەلەکان بدۆزرێتەوە ئەمەش مەبەستی تایبەتی خۆیانە.

٤- بەعەشایەر کردنی کۆمەڵگا و جاش دروست کردن و زیندوو کردنەوەی بیری بەعس گەرایی و هێنانەوە پێشیان گورزێکی دیکەی کوشندەیە لە تەوافوق و پێشکەوتنی کۆمەڵگا و سەقامگیر بوونی ژیان لە وڵاتدا.

٥- هەنگاوەکان بەرەو تاکڕەوی لە حوکمدا تەوافق لە وڵاتدا ناهێڵێت و بەرژەوەندیەکانی دیکە دەکاتە قوربانی بەرژەوەندی لایەک.

٦- پتەوکردنی سوپا و ڕانەگرتنی تەوازن لەناو پێکهاتەکاندا بەشێوەیەک کە فەرمانڕەوایی و بەڕێوبردنی بۆ بەرژەوەندی کەسێک یاخود تاقمێک بەکار نەهێنرێت، ئەمەش چارەنوسی وڵات و پێکهاتەکان بەرەو هەڵدێر دەبات و نمونە ڕوداوەکانی مانگی ئازاری ٢٠٠٨ کە سوپای مەهدی و ڕەوتی صەدر تێیدا چەک کرا و دەرکران لە عێراق کە باشترین نمونەیە، هەروەها هێرشەکانی سوپای عێراق لەمانگی ئابی ٢٠٠٨ دا بۆ ناوچەکانی خانقین و جەلەولا و سەعدیە و حمرین نمونەیەکی تری ئەو قەڵەمڕەوییەی دەسەڵاتن کە دەبنە ئامرازی بەدیهاتنی ئامانجی تاک لایەنە و تەوافوق لە عیراقدا بەرەو نەمان دەچیت.

تەوافق و چارەنووسی سیاسی عێراق:

ئەگەر چاوێک بەمێژووی کورتی (٦) ساڵەی بێنەوبەردەی عێراقدا بگێڕین و بمانوێت شیکردنەوەیەکی بابەتی مەسەلە سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و ئاینی ڕوداوەکان و مامەڵەی لایەنەکان بکەین دەگەینە ئەم دەرەنجامانەی لای خوارەوە:

١- هەریەک لە پێکهاتەکانی عێراق کورد و عەرەبی شیعە و سوننە بەناچاری لەبەر هەلومەرجی تایبەتی ناوخۆیی و دەرەکی بەتەوافوق ڕازی بوون و لەگەڵ لایەنی دیکەدا ڕێککەوتوون لەسەر چەند بنەمایەک بۆ ئەوەی ئامانجێکی تایبەت بەدی بهێنن و ئەم ڕیگەیە دور ناخایەنێت یاخود دەبێت دەسەڵاتی تاک ڕەوی دروست ببیتەوە و کۆنترۆڵی عیراق بکات یاخود عیراق بەرەو پەرت بوون دەڕوات بەسەر

عەرەبی سوننە و شیعە و کورددا لەبەر ئەوەی هەم هۆکارە کلتوری و ئاینی و نەتەوەیەکان ڕێگایان خۆش کردوە بۆ ئەم پەرتبوونە هەم هۆکاری دەست تێوەردانە دەرەکیەکان ئیران و سوریا, تورکیا زیاتر هەولی نفوزیان دەدەن لە عیراقدا.

٢- لە ساڵی ١٩٩١ و دواتریش لە کۆنگرەی گشتی موعارەزەی عێراقی کە لە سەلاحەدین بەسترا ئەوان هێشتا لەماڵی کورد و لەسەر سفرەی کورد نانیان دەخوارد هەندێکیان هەر ئەو کاتە مەرجیان بۆ کورد دادەنا بۆئەوەی لەگەڵی بژین لە عێراقی نوێدا و لە سەردەمێکدا کە هیچ وڵاتێک لەخۆی ناگرتن و تەسلیمی دەکردنەوە، مافی گەلی کورد لە دیاری کردنی چارەنوسدا لای هەندێکیان هەر پارویەکی (ناقووت چوو) بوو لە دەمیاندا بایان دەدا.

٣- بۆیە تەوافق بەناچاری چارەسەری کێشەکانی ناو عێراق بووە بەڵام لەهەر کاتێکدا ئەو کێشانە کە دەهاتە بەردەم گفتوگۆ و کێبڕکێ وەک یەکەم ڕۆژی ململانێ لە سەرەتاوە دەستی پێ دەکردەوە و لەسەر ئەوە ڕێکدەکەوتن کە ڕێکنەکەون، هەربۆیەش دەستور و یاساکان و بڕیارەکانی ناو حکومەت و پەرلەمان زۆرجار بەتەوافق و سازش و تەنازولی لایەک بۆ لایەکی دیکە دوای چەند مانگێک یاسایەک بەدوو ڕەگی و سەقەتی لەدایک دەبوو.

٤- دەستوری عێراق پڕە لە کێشە و مەسەلەی هەڵپەسێردراو, نەتوانراوە کێشە سەرەکییەکان چارەسەر بکرێت بۆیە چەند دەقێکی لاستیکی تیدا دانراوە کە پێکهاتەکانی عێراق بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەرلایەک بەلای خۆیاندا ڕابکێشێت, هەتا ئەو کاتەی حەزدەکات یان هەندێک جار خۆی پێ بخەڵتێنێ، هەر کاتێک ئەو لایەنەی لە لاوازیدا بوبێت دانی بە بەرژەوەندی لایەنەکانی دیکەی ناو پرۆسەکەدا ناوە و بەڕەوای زانیوە، بەڵام کە گەیشتۆتە لوتکەی دەسەڵات لێیان پەشیمان بۆتەوە و ئەوانەی ڕابردووی خۆی ڕەتکردۆتەوە, وەک ئەوەی لە حکومەتدا ئەو ڕاستیانە بەرجەستە دەبن کە پێدەچێت خەبیرەکانی شیعە ئەو دەق و یاسایانەیان دانابێت و بزانن چی دەکەن لە عێراقی نوێدا بۆیە کەسێکی وەک نوری مالکی سەرۆک وەزیران و ئیبراهیم جەعفەری کە پێش ئەو لەسەر حوکم بوو و پێش ئەویش ئەیاد عەلاوی خزمەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی دەسەڵاتی پاوانخوازی و شیعە گەرایی و هەموو شتێ بۆ عەرەب و لە عەربیشدا بۆ شیعە ڕەخسێنراوە و خراوەتە بیری سیاسیەکان و جەماوەر و فەرمانبەرانی باڵای دەوڵەتەوە, تەنها لەگەڵ ڕژێمی پێشوودا ناوی بەعسیەکەی پێوە نەبووە.

٥- تەوافق مانایەکی نامێنێت ئەگەر دابەش کردنی پۆستەکان بەدەست ئەو لایەنە بیت ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی زۆرینە بەدەست بهینن لیرەوە دەتوانیین بڵێین دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی عێراق شێوازێکی

بازنەیی پێکدەهێنێت چونکە لە دەسەڵاتی تاکڕەوییەوە گۆڕا بۆ دەسەڵاتی فرەلایەنی و پاشان هەنگاو بەهەنگا و لە گۆڕاندایە بۆ دەسەڵاتی زۆرینە لەویشەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی تاکڕەوی، یاسایەک کە زیرەکانە داڕێژرابێت و لەکاتی خۆیدا و لە شوێنی خۆیدا بەکار بهێنرێت وەک ئەوەی لە موسڵ ڕوویدا کە بەعسیەکان زۆرینەی کورسیەکانیان بردەوە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ناو موصل ڕێکنەکەوتن بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگا تەنها پۆستەکان بۆ خۆیان دیاری کرا، کام تەوافقەیە مافی دووەم دەنگی هاتووی شارەکە دەگێڕێتەوە کە زۆربەی ئەندامان و سەرۆکی ئەنجومەن و پارێزگارەکەشی دژی کورد بن، ئەی دەبێت لە دژی ماددەی (١٤٠) چی بکەن لە موسڵ کە یاساو دەستور لەگەڵ ئەو بێت هەر لەناو دەقی دەستوردا دەقێکی تر بۆ دەستور دەدۆزنەوە و ماددەی (١٤٠) جێبەجێ ناکەن ئەوجا دەبێ پەنا بەرینەوە بەرنەتەوە یەکگرتوەکان و ئەمریکا و ئەوانیش دوور نییە گەر نەیانەوێ چارەسەری بکەن دەڵێن ئەوە مەسەلەیەکی ناوخۆییە دەبێ خۆتان چارەسەری بکەن، ئەگەر کێشەکانی ناو وڵاتیش چارەسەر کرا و بەهەر شێوەیەک بێت گەیشتە چارەسەر ئەوان دەڵێن کێشەی کەرکوک و موسڵ و ناوچە ململانێ لەسەرەکان پەیوەندی بەدەرەوەش هەیە و تورکیا و ئێران واز ناهێنن کێشە دروست دەکەنەوە دەبێ دوای بخەین بۆ ئەو مەبەستە توافوق دەکەن تا سەردەمێکی دیکە دێتە پێش.

٦ـ سوننەکان دوای ئەوەی لە عەقلی شیعەگەرایی گەیشتن و مامەڵەی ساڵانی ڕابردوو بەس بوو بۆ ئەوەی بەناوی تەوافق و فشاری کۆمەڵگەی عەرەبی یەوە ڕیزەکانی خۆیان یەکبخەن و بەعس بەمۆدێلێکی نوێوە بهێننەوە ناو ساحەکە چونکە هەر ئەوە دەرمانی برینەکانیان دەکات و دەیانکاتە کۆیلە, چی بکەن ئەوان پەروەردەی ڕژێمێکی (٣٠) ساڵەن کە فێری ئەوەی کردوون تەنها خۆیان بوێت وەک تاکتیک بۆ مەرحەلەیەک تەوافق بکەن هەتا دەگەنە کورسی ئەو کات بەقانون و یاسا دەستور دەنگی لایەنەکانی تر لە خشتە دەبەن و دەبنەوە بە (قائد الضرورة) ئەمانەش وابیردەکەنەوە.

٧ـ ئەگەر پێکهاتەکانی ناو عێراق دوور لە دەستی دەرەوە و دوور لە بەرژەوەندی تەسکی خۆ بەزلزانی ڕێک نەکەون و تەوافوقی تەواوەتی و ڕاستەقینە نەکەن هەرگیز وڵات ئاسودە نابێت و شەڕی تائیفی و مەزهەبی و قەومی ئەمڕۆ بێت یان سبەی هەر دەقەومێت، ئەگەر سوپای نوێی عێراق کە هەموو لە ڕوانگەی خۆیەوە سەیری دەکەن دەستە باڵابێت و ببێتە چەکی دەستی سەرۆک وەزیران (قائد القوات المسلحة) هەر وەک چۆن لە مێژەوە بەدەست ئەو بوو جا سەرەک وەزیرانەکە بەعسی بێت یان هاشمی یان مالکی یان جەعفەری یاخود عەلاوی یان هەر سەرۆک هۆزێکی دیکە بێت, هەر ئەو سیاسەتە پاوانخوازییەی دەبێت کە هەیبووە بۆیە دەبێت دەستور زامنی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بێت و

هەواڵنامەی کتێب

**تەوافوق لەسەر مەسەلەکان بکەن بۆ ئەوەی وڵات دوور بێت لە شەڕی خۆێناوی.**

**٨- پێویستە پێکهاتەکانی عێراق (شیعە، سوننە، کورد) بگەنە ئەو دەرەنجامەی بەتەوافوق سیستەمێکی فیدراڵی سەربەخۆ و ڕێک بۆ خۆیان دابنێن کە زۆر لە جیابونەوە بچێت واتە دەسەلاتی تایبەتی و زیاتریان هەبیت بۆ بەڕێوبردنی وڵات و هەموویان لەژێر چەترێکی سێ پارچەیی پینەکراو کەناوی عیراقە بژین و لەچەند مەسەلەیەکی دەولی و دارایی رواڵەتی دەرەوەدا یەک بن و یەک هەڵوێست بن و لەناو خۆشدا هەر لایەک حوکمڕانی خۆی بکات و ئەوانی دیکە بۆیان نەبێت دەست لە کارەکانیەوە وەربدەن.**

**پەراوێزەکان**

**(٤٦) عێراق لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی – خەلیل عەبدولا – لا ٨٤.**

**(٤٧) گۆڤاری نۆڤین ژمارە ٤٥ – عەدنان کاکەڕەش – لا ١١٥.**

**(٤٨) مكتب اعلام اتحاد الوطني الكردستاني** www.pukmedia.com

**(٤٩) ئەنصاتی مەرکەزی – ژمارە ٣٥١٨ – ١٨/٦/٢٠٠٦– یەکشەمە.**

**(٥٠) مكتب اعلام اتحاد الوطني الكردستاني** www.pukmedia.com

**(٥١) شبكة اخبار العراق** www.aliraqnews.com

**(٥٢) وكالة رويترز** http://ara.reuters.com/

**(٥٣)** http://ar.wikipedia.org/wiki

**(٥٤) سەرچاوەی پێشوو– مكتب اعلام اتحاد الوطني الكردستاني.**

**(٥٥) اصوات العراق** www.aswataliraq.inf

**(٥٦) شبكة اخبار العراق** www.aliraqnews.com

**(٥٧) مجلس النواب العراقي** www.irqna.com

**(٥٨) سەرچاوەی پێشوو** www.pukmedia.com

**(٥٩) شبكة اخبار العراق** www.aliraqnews.com

**(٦٠) سەرچاوەی پێشوو** www.irqna.com



# چۆنیەتی نووسینی چیرۆك بۆ منداڵان..



ڕەزا شوان

چیرۆکی منداڵان، گرنگترین و کاریگەرترین لقە لە لقەکانی ئەدەبی منداڵان. گرنگترین سەرچاوەی ڕۆشنبیریی منداڵانە. گرنگترین هۆکاری فێرکردن و پەروەردە کردنی منداڵانە. چیرۆک دەرگاکانی ژیان لەسەر منداڵان دەکاتەوە. منداڵان لە ڕێگای چیرۆکەوە، فێری کۆمەڵێک بەهای جوان و بەرز دەبن. لە کتێبی (ڕۆشنبیریی منداڵان)دا، بە درێژی باسم لە گرنگییەکانی چیرۆک بۆ منداڵان کردووە.

کەسانێکی زۆر پێیانوایە, نووسینی چیرۆک بۆ منداڵان، کارێکی سووک و ئاسانە. بەڵام لە ڕاستیدا بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەم کەسانەیە. نووسینی چیرۆک بۆ منداڵان کارێکی هەڕەمەکی و ئاسان نییە. لە نووسینی چیرۆک بۆ گەورەکان گرانترە. لە زۆر ڕووەوە، جیاوازی هەیە لەگەڵ نووسینی چیرۆک بۆ گەورەکان. چونکە منداڵان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و جیهانی منداڵان لەگەڵ جیهانی گەورەکاندا جیاوازی هەیە.

نووسینی چیرۆکی باش بۆ منداڵان، سەرەڕای بوونی بەهرە و لێهاتوویی و ئارەزوو، پێویستی بەخەیاڵێکی فراوان هەیە. پێویستە چیرۆکنووسی منداڵان شارەزاییەکی باشی لە قۆناغەکانی منداڵیدا هەبێت. شارەزایی زمانی منداڵان بێت، هەتا بتوانێت بچێتە ناو جیهانی وەنەوشەیی و ئەفسووناوی سەیر و سەمەرەیان، کە پڕە لە هیوای سەوز و لە ڕاز و نیازی پاک و لە خۆزگە و لە خەونی شیرین. لە زەردەخەنە و لە پێکەنین، جیهانێکە سەرتاپا لە پاکی و بێتاوانی و جوانی. ئەوسا دەتوانێت لە سروشتی ژیانی ڕاستی و لە زمانی شیرین و ساکار و لە تایبەتمەندییەکان و لە سەرچاوە هەستییەکانی منداڵان بەباشی تێبگەیت. چیرۆکنووسی سەرکەوتووی منداڵان، پێویستە نوێخواز و داهێنەربێت و توانای گۆڕینی چەمکە جیاوازەکانی هەبێت، وەکو: چاکە، خراپە، توندوتیژی، ئاشتی، هاوڕێتی، و ..هتد.

پراکتیزە کردنی نووسین لەم جۆرە ئەدەبیاتە، پێویستی بەتێڕامانێکی ورد و درێژخایەن و بەهەڵبژاردنی شێوازێکی ئاسان و بە زمانێکی ناسک و شیرینی دەقەکانی هەیە.

زۆر لەو چیرۆکنووسانەی کە تازە دەچنە ناو جیهانی بەرینی نووسینی چیرۆکی منداڵانەوە، دادەمێنن و ئەوە بەخەیاڵیاندا دێت، لە کوێوە دەست پێبکەن؟ ئیلهام لە چییەوە وەربگرن؟.

ئەگەر تۆ ئارەزووی نووسینی چیرۆکت بۆ منداڵان هەیە و پێویستیت بەهەندێک ڕێنمایی پێویست هەیە. پێش ئەوەی دەست بەنووسینی چیرۆک بۆ منداڵان بکەیت، پێویستە ئەم خاڵانە بزانیت و لەبەر چاویان بگریت:

١- پێویستە ژمارەیەکی زۆری چیرۆکی هەمەچەشنەی منداڵان بخوێنیتەوە. لە شێوازی چیرۆکنووسە ناسراو و بە ئەزموونەکان ئاشنابیت. لەکاتی نووسینی چیرۆکەکانت بۆ منداڵان سوودیان لێوەربگرە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لاساییان بکەیتەوە.

٢- ئیلهام بۆ بیرۆکەی چیرۆکەکانت زۆرە و لە هەموو شوێنێکدا هەیە، تەنیا ئەوەی دەوێت کە بزانیت چۆن دەیدۆزیتەوە. دەکرێت لە ڕووداوێک یان هەڵوێستێکی منداڵیی خۆت، یان لە بیرەوەرییەکانی ڕابردووی ژیانت یان لە سەرنجدانی ورد لە ڕووداوە ڕاستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی دەوروبەرتەوە ئیلهام وەربگریت. دەکرێت یەکسەر ئیلهامی بابەتێکی داهێنانی تازە بەخەیاڵتدا بێت. یان لە خوێندنەوەی داستانێک یان چیرۆکێکی فۆلکلۆری یان ئەفسانەییەوە ئیلهامێکی باشت بۆ بێت. ماڵپەڕ و مەکۆی زۆریش هەیە، تایبەتن بەیارمەتیدانی نووسەران بۆ پەرەپێدانی بیرۆکەی نوێ.

٣- بۆ پێکهێنانی بیرۆکەیەکی گشتی سەبارەت بەچیرۆکەکەت. چەندین جار لە هزرتدا تاووتوێ و گەڵاڵەی بکە، لەگەڵ گەیشتنت بەو بیرۆکەیەی کە بەلاتەوە جوان و پەسەندە، توانای نووسینی ئەم بابەتەت دەبێت.

٤- پێش ئەوەی دەست بەنووسینی چیرۆکەکەت بکەیت، پێویستە نەخشەیەک دابڕێژیت کە هەموو مەرجە سەرەکییە پێویستییەکانی نووسینی چیرۆک بۆ منداڵان لەخۆ بگرێت.

٥- سەرناوێکی خۆش و ئاسان و سەرنجڕاکێش بۆ چیرۆکەکەت دابنێ کە لەگەڵ ناوەڕۆکی چیرۆکەکەتدا بگونجێت.

کەسانێکی زۆر پێیانوایە، نووسینی چیرۆك بۆ منداڵان، کارێکی سووك و ئاسانە. بەڵام لە ڕاستیدا بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەم کەسانەیە. نووسینی چیرۆك بۆ منداڵان کارێکی هەڕەمەکی و ئاسان نییە. لە نووسینی چیرۆك بۆ گەورەکان گرانترە. لە زۆر ڕووەوە، جیاوازی هەیە لەگەڵ نووسینی چیرۆك بۆ گەورەکان



٦- ئەوەش زۆر گرنگە کە بزانیت چیرۆکەکەت بۆ چی قۆناغێکی تەمەنی منداڵی دەنووسیت. بەکارهێنانی شێواز و زمانێکی گونجاو و لەبەرچاو گرتنی پێداویستییەکان و تایبەتمەندییەکانی هەر قۆناغێکی تەمەنی منداڵی، لە هەموو ڕوویەکەوە بزانە چین. هەتا بتوانیت چیرۆکێکی شایستە بۆ منداڵانی ئەو قۆناغە بنووسیت کە دەتەوێت.

٧- دوای دیاری کردنی شتە سەرەکییەکانی ناو چیرۆکەکە، بەمتمانە بەخۆبوون و بە گەشبینییەوە، بە ڕیزبەندییەکی لۆژیکییەوە بەم شێوەیە دەست بەنووسینی ڕەشنووسی چیرۆکەکەت بکە: دەست پێکردنی پێشەکی چیرۆکەکەت بە دەستەواژەیەک یان بەڕستەیەکی سەرنجڕاکێش دەست پێبکە. بۆ ئەوەی لە سەرەتاوە منداڵانی خوێنەر یان گوێگر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و مەیلی خوێندنەوەی بکەن. ئەوەش بزانە کە چیرۆک پلۆت و سەرەتا و ناوەند و کۆتایی هەیە، هەریەکەش لەم بەشانە مەرجی پێویستییان هەیە. فۆرم و ناوەڕۆکیش دوانەن و تەواکەری یەکترین. یان گیانێکن لە دوو جەستەدان، یان هەردوو باڵی چیرۆکن. پێویستە هاوسەنگییەک لەنیوان فۆرم و ناوەڕۆکی چیرۆکی منداڵاندا هەبێت. بەڵام هیچیان مەکە بە قوربانی ئەوی دیکەیان.

٨- چیرۆکنووسی منداڵان، بۆ نووسینی چیرۆک بۆ منداڵان، پێویستی بە بیرکردنەوەی قووڵ و بەخەیاڵێکی فراوان هەیە. چونکە خەیاڵ ڕەگەزێکی گرنگە لە چیرۆکدا.

گرنگترین هەنگاوەکانی نووسینی چیرۆک بۆ منداڵان:

گرنگترین بنەما و ستراتیژی و پێویستییەکانی نووسینی چیرۆک بۆ منداڵان، بەچڕی و بەکورتی، لەم هەنگاوانەدا باسیان دەکەین:

١- دیاریکردنی تەمەنی منـداڵان: کاتێک کە چیرۆکنووس بیەوێت چیرۆکێکی گونجاو بۆ منداڵان بنووسێت، پێویستە بەتەواوی ئەو تەمەنە منداڵییە دیاری بکات کە کردوونی بەئامانج و چیرۆکەکەیان بۆ دەنووسێت. بۆ نموونە منالانی تەمەن نێوان (٣ -٧) ساڵان، بەتەمەنێکی تایبەتی و بەقۆناغێکی خەیاڵی منداڵان دادەنرێت. منداڵانی ئەم قۆناغە، بەزۆری هۆگری چیرۆکی خەیاڵ ئامێزن. بە تایبەتیش ئەو چیرۆکانەی کە پاڵەوان و کارەکتەرەکانیان ئاژەڵ و باڵندە و دار و درەختن. بەمەرجێک لە ژینگەیانەوە نزیکبن. بەڵام منداڵانی تەمەن نێوان (٨ -١٠) ساڵان، جیاوازن و کەمتر خەیاڵین و بەزۆری هۆگری ئەو چیرۆکانەن کە ڕاستین یان لە ڕاستییەوە نزیکن. حەز بەو چیرۆکانە دەکەن کە پاڵەوانە سەرەکییەکانیان منداڵانن. کەواتە ئارەزوو و توانای تێگەیشتنی منداڵان لە چیرۆک، بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان جیاوازە. بۆیە پێویستە نووسەرانی چیرۆکی منداڵان لە سەرەتاوە،





لە هەموو ڕوویەکەوە شارەزاییان لە ڕەهەندەکانی قۆناغەکانی منداڵی هەبێت. بە تایبەتیش لەو تەمەنەی کە چیرۆکەکانیان بۆ دەنووسن.

٢ـ دیاری کردنی بیرۆکە یان ئامانجی سەرکیی چیرۆک: بیرۆکە بەشێکی گرنگ و بنەڕەتییە لە چیرۆکدا کە چیرۆکەکە بە دەوریدا دەسووڕێتەوە. دەکرێت تۆی نووسەر لەسەر هەر بابەتێک چیرۆک بۆ منداڵان بنووسیت. ئەو بەهایە دیاری بکەیت کە دەتەوێت بیکەیت بەئامانجی چیرۆکەکەت. وەکو هاوڕێتی، دڵسۆزی، نیشتمان پەروەری، خۆشەویستی، ژینگەپارێزی، قارەمانێتی، هاوکاری، لێبووردن، ڕاستگۆیی، و ... هتد. پێویستە بە وریاییەوە و لە ڕوانگەی منداڵانەوە ڕوونی بکەیتەوە. وا باشترە کە لە چیرۆکێکدا، لە یەک بیرۆکە زیاتر نەبێت. هەتا هزری منداڵەکە ئاڵۆز نەکات. لە هەڵبژاردنی بیرۆکەی چیرۆکەکەتدا، تایبەتییە دەروونییەکان و سۆزداری و توانای وەرگرتن و زمان و تێگەیشتن و گەشەکردنی قۆناغەکانی منداڵی لەبەرچاو بگرە.

٣ـ گرێ و بلۆت لە چیرۆکدا: بریتییە لەو کێشە و ئاریشەیە کە پاڵەوانی چیرۆکەکە دەیەوێت چارەسەری بکات، یان ڕووبەڕووی ببێتەوە و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە.

٤ـ ئامانج یان بەهای چیرۆک: ئەو بەها یان مەبەست و ئامانجە دیاری بکە کە لەپشت چیرۆکەکەتەوەیە و دەتەوێت بیهێنیتەدی. لە میانەی چیرۆکەکەتەوە چی پەیامێکت هەیە کە دەتەوێت بەمنداڵانی بگەیەنیت. هەوڵ بدە چیرۆکەکەت لە بەهایەک زیاتر لەخۆ نەگرێت. چونکە سەرقاڵت دەکات و چیرۆکەکەشت یەکگرتوویی خۆی لەدەست دەدات. بۆیە پابەندبە بەیەک ئامانجەوە. ئامانجەکەشت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و داهێنەرانە بەمنداڵان بگەیەنە. وەک گەورەکانیش لەگەڵ منداڵاندا قسە مەکە. یان بەگەمژەیان تێمەگە. بەهەندیان بزانە، چونکە منداڵان هەست بەزۆر شت دەکەن.

٥ـ هەڵبژاردنی پاڵەوانی سەرەکی و کارەکتەرەکان (کەسایەتییەکان): پاڵەوانی چیرۆک، ئەو کارەکتەرە سەرەکییەیە کە دینەمۆی ڕووداوەکانە و چیرۆکەکە بەدەوریدا دەسووڕێتەوە. بۆیە پێویستە بەباشی هەڵبژێردرێت، خەسڵەتی باشی هەبێت. نووسەری چیرۆکی منداڵان دەتوانێت کارەکتەری ڕاسەقینەی جیاوازی منداڵان یان بە ساڵاچوان لە هەردوو ڕەگەز کە لە ژیاندان بەکاربهێنێت. مەرجیش نییە پاڵەوان و کارەکتەرەکان مرۆڤ بن، دەکرێت ئاژەڵ یان باڵندە یا دار و درەخت بن. باشتر وایە، سیمایەکی تایبەتی بەپاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەت بدەیت، وەکو: بوونی نیشانەیەک یان خاڵێک لە دەموچاویدا، یان ستایلێکی جیاوازی قژی، یان شێوەیەکی

جیاوازی جلوبەرگ لەبەرکردنی، یان جیاوازی لە ڕۆیشتنی یان جیاوازی لە قسەکردنی، یان جیاوازی لە پێکەنینی، و ..هتد. سەرەڕای هەندێک خەسڵەت و تایبەتمەندیی پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە، وەک: میهرەبانی، ئازایی، دڵسۆزی، بەئەمەکی، خۆڕاگری، هاوکاری، چاکەخوازی، فریادڕەسی، زیرەکی، ڕووخۆشی, و ... هتد. منداڵان هەوڵدەدەن لاسایی ئەو پاڵەوانانە بکەنەوە کە لە چیرۆکەکاندان. پێویستە ناوەکانی پاڵەوانەکان کوردی بن. باشترە کە ناوە تازەکان بخرێنە چیرۆکەوە. ئاساییشە کە کارەکتەرەکان، لە ڕووی قەوارە و ڕەنگ و شێوە جیاوازبن، کچ بن یان کوڕ، خەڵکی سادە بن یان شازادە، هەژار بن یان دەوڵەمەند. سپی پێست بن یا ئەسمەر. منداڵان فێری قبووڵ کردنی جیاوازییەکان دەبن. ناشبێت چیرۆکنووس کاری لە توانابەدەر و خەیاڵی بداتە پاڵ پاڵەوانی چیرۆکەکەی. هەتا پاڵەوان نزیک بێت لە ژینگەی منداڵانەوە، کاریگەرییەکی باشتری دەبێت. دەکرێت کارەکتەری بچووک لە کارەکتەری گەورە بباتەوە. دڵنیابە کە پاڵەوانی چیرۆکەکەت خۆی کێشەکانی چارەسەر بکات، وا مەکە کە بۆ چارەسەری کێشەکانی پشت بەدایک و باوکی ببەستێت. دڵنیاشبە کە کێشەکانی



پاڵەوانی چیرۆکەکەت بەڕێکەوت چارەسەر ناکرێن. ڕاستەوخۆش بەمنداڵەکان مەڵێ: ئاو بەفیڕۆ مەدەن، یان زبڵ و خاشاک لەسەر ڕێگاکاندا فڕێ مەدەن. بەڵکو وا لە پاڵەوانەکەت بکە کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم کارانە فێربێت.

٦- نووسینی پێشەکییەکی کورت بۆ چیرۆکەکە: چیرۆکنووس لە پێشەکییەکەیدا ناوی پاڵەوان و کارەکتەرە سەرەکییەکانی چیرۆکەکەی بەمنداڵان دەناسێنێت. کات و ئەو شوێنانەش کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوو دەدەن دیاری دەکات.

٧- زمانی چیرۆکی منداڵان: پێویستە تۆی چیرۆکنووسی منداڵان، شارەزاییەکی باشت لەزمان و لە ڕێزمانی کوردی و لە فەرهەنگی وشەکانی منداڵان هەبێت. سەرنج وردیت لەسەر زمانی نووسین بۆ منداڵان بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی هەبێت، هەتا وشە و ڕستەی گونجاو بەکاربهێنیت. وشەکانت ئاسان و ڕستەکانت کورتبن. بێ گرێ و گۆڵبن و گران و ئاڵۆز نەبن. زۆر گرنگە لە گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵاندا، زمانی هەستی بەکاربهێنیت. لەگەڵ ڕوونکردنەوەی وردەکارییەکان بۆ منداڵانی خوێنەر، بەجۆرێک کە وا هەست بکەن، ئەو پاڵەوان و کارەکتەرانەی لە چیرۆکەکەتدا باست کردوون، ڕاستەقینەن. لە میانەی ورد بوونەوەیان لەو کارانەی دەیانبینن و گوێیان لێیان دەبێت و هەستیان پێدەکەن و چێژیان لێوەردەگرن.

٨- بەکارهێنانی دیالۆگ و قسەکردن و میتەفۆرم لە چیرۆکەکەکاندا: دیالۆگ لە نێوان ئەکتەرەکاندا بەشێکی گرنگە لە چیرۆکدا. لە نووسینی دیالۆگدا، پێویستە ڕەچاوی قۆناغەکانی ئەو تەمەنە منداڵییە بکەیت کە چیرۆکەکەیان بۆ دەنووسیت.

چیرۆکنووس لە پێشەکییەکەیدا ناوی پاڵەوان و کارەکتەرە سەرەکییەکانی چیرۆکەکەی بەمنداڵان دەناسێنێت . کات و ئەو شوێنانەش کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوو دەدەن دیاری دەکات



هەواڵنامەی کتێب

باشترین دیالۆگ لەنێوان پاڵەوانەکاندا، ئەوەیە کە دیالۆگێکی سادە بێت. چونکە وشەکانی منداڵان سنووردارن. لە قسەی بەتوێکڵ و تەرز و واتای شاراوە تێناگەن.

٩- بەکارهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی و وێنەی کێشراوی ڕەنگاوڕەنگ (گرافیک): وێنەی جوان و ڕەنگاوڕەنگ هەر ئەوە نییە کە سەرنجی منداڵان رادەکێشێت و چیرۆک دەڕازێنێتەوە، بەڵکو تەواوکەری چیرۆکە، هۆیەکی گرنگە بۆ ئەوەی منداڵان باشتر لە چیرۆک تێبگەن و چێژێکی زیاتری لێوەربگرن. زیاتریش خەیاڵ لە چیرۆکە وێنەدارەکان دەکەنەوە. زۆر جار ئەو پەیامەی کە چیرۆکنووسانی منداڵان ناتوانن بەجوانی و بەدروستی بەوشە و بەڕستە گوزارشتی لێبکەن، وێنەکێش بەئاسانی بەوێنەی جوانی ڕەنگاوڕەنگ گوزارشتی لێدەکات.

١٠- ململانێ لە چیرۆکدا: ململانێ بنەمایەکی گرنگی چیرۆکە. بەڵام پێویستە جەخت لەسەر سەرکەوتنی: چاک بەسەر خراپدا، ئاشتی بەسەر شەڕدا، ئازایەتی بەسەر ترسدا، خۆشەویستی بەسەر رقدا، یەکێتی بەسەر دووبەرەکیدا، دڵسۆزی بەسەر ناپاکیدا، ئازادی بەسەر دیلێتیدا، و ... هتد بکەیتەوە.

١١- خاڵبەندی لە چیرۆکدا: چەند هێمایەکی خاڵبەندی لە چیرۆکەکەتدا لە شوێنی ڕاستدا بەکاربهێنە. وەک، مەنووسە: لەناکاو شێرەکە نەڕاندی!!! بەڵکو، بنووسە: لەناکاو شێرەکە نەڕاندی! . مەنووسە: جوان بەچی پێکەنی؟؟ بنووسە: جوان بە چی پێکەنی؟ بەکارهێنانی خاڵبەندییەکی زۆر، ڕستەکان لاواز دەکات.

١٢- کات و شوێن لە چیرۆکدا: پێویستە تۆی نووسەری چیرۆک بۆ منداڵان، پابەندبێت بەو کاتەی کە چیرۆکەکەت تێیدا دەست پێکردووە. ئایا چیرۆکەکەت لە ڕابردوودا گێڕاوتەوە؟ یان لەکاتی ئێستادا؟ یا دەربارەی داهاتوو نووسیوتە. بەدرێژایی چیرۆکەکەت پابەندبە بەکاتەوە. هەروەها ئەو شوێنانەش دیاری بکە کە ڕووداوەکانی چیرۆکەکەت تێیاندا ڕوویان داوە. ماڵەوەیە، پۆلە، قوتابخانەیە، یاریگایە، گوندە، شارە، و ... هتد. باشتر وایە ئەو شوێنانەبن کە لە منداڵانەوە نزیکن.

١٣- دووبارەکردنەوەی وشە و ڕستە: دووبارە کردنەوەی هەندێ وشە و ڕستە لە چیرۆکدا، بۆ ئەوەیە کە لە مێشکی منداڵاندا جێگیربن و لە بیریان نەچنەوە. بۆ نموونە، وشەیەک یان ڕستەیەک هەیە کە پاڵەوان یان کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە هەر کاتێک ڕووبەڕووی دۆخێکی دیاریکراو دەبێتەوە، دووبارەی دەکاتەوە.





١٤- دووركەوتنەوە لە شێوازی تەڵقین ئاسایی و بانگەشە و پەندیری و وتاربێژی و فرمان پێکردن و لە ڕێنمایی ڕاستەوخۆ، لە نووسینی چیرۆکی منداڵاندا. ئەو هەڵەیەی کە هەندێ لە نووسەرانی چیرۆکی منداڵان تێیکەوتوون، ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ بەئامۆژگاری و بەپەندیری و بەڕێنمایی دەستیان بە نووسینی چیرۆکەکانیان کردووە.

١٥- کۆتایی چیرۆک: دیاری کردنی کۆتایی چیرۆکەکەت، لە میانەی ئاشکرا کردنی ئەوەی کە پاڵەوانەکە، بەئامانجەکەی گەیشتووە یان نەگەیشتووە. هەوڵبدە کۆتاییەکی دڵخۆشکەر و هیوابەخش بنووسیت، کە جێی ڕەزامەندیی منداڵان بێت. لە چیرۆکدا کۆتاییەکان بەهەمان شێوەی سەرەتاییەکان گرنگن.

١٦- پێداچوونەوە بەچیرۆکەکەت: کاتێک ڕەشنووسی چیرۆکەکەت تەواو کرد، کاتی ئەوە دێت کە دووبارە و سێبارە، بەوردی و بەچاوێکی ڕەخنە گرانەوە، چیرۆکەکەت تاووتوێ بکەیت و لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵیبسەنگێنیت، هەڵەکانت بژاربکە،

ئەو وشە و ڕستانەی کە زیادن بیان سڕەوە، دەکرێت دەستکاری بکەیت و وشە و ڕستەی تری بۆ زیاد بکەیت. دڵنیاشبە لەوەی کە چیرۆکەکەت کورت و پوختە و زیادە ڕەویت تێیدا نەکردووە. چونکە چیرۆکی درێژ منداڵان بێزار دەکات.

١٧- شەرم و شوورەیش نییە، گەر چیرۆکەکەت پێشانی یەک دوو چیرۆکنووسی پیشەیی خاوەن ئەزموون لەبواری چیرۆکنووسین بۆ منداڵان بدەیت و بیخوێننەوە. سوود لە بیروڕاو و لە بۆچوونەکانیان وەربگرە. ڕەخنەکانیشیان قبووڵ بکە.


١٨- دەکرێت بەدەنگێکی بەرز و بەشێوازێکی شیرین و فانتازی، چیرۆکەکەت بۆ کۆمەڵێک لە منداڵان بخوێنیتەوە. بزانە کاردانەوەیان دەربارەی چیرۆکەکەت چۆنە؟

لە کۆتاییدا دەڵێین، نووسینی چیرۆک بۆ منداڵان، یەکێکە لە گرنگترین جۆرەکانی نووسینی ئەدەبی کە پێویستی بەوە هەیە، گەشە بکات و بەشێوەیەکی جیاواز دەربکەوێت و داهێنانی تێدا بکرێت. چونکە چیرۆک فاکتەرێکی بەهێزی مەستکردنی پێداویستییە سایکۆلۆژییەکانی منداڵانە. هۆکارێکی ئاسان و گرنگی فێرکردن و پەروەردەکردن و ڕۆشنبیر کردن و ڕاهێنانی منداڵانە. ئەوەی بەچیرۆک دەکرێت، زۆر لە لقەکانی تری ئەدەب پێیان ناکرێت. چونکە ژیان لە منداڵییەوە بەچیرۆک دەست پێدەکات، چیرۆکەکانی ژیانیش کۆتاییان نایەت.

نەرویژ ٢٠٢٢



# ٣٣
# پرسیار بۆ وروژاندنی خەیاڵی داهێنەرانەی منداڵ



لە عەرەبییەوە:
عەلی حەمەڕەشید

بۆ جوڵاندنی خەیاڵی منداڵەکەت و هاندانی بۆ داهێنان، دەتوانیت ئەم پرسیارانەی ئاراستە بکەیت، کە دوورە لەو پرسیارە کۆن و سواوانەی ڕۆژانە ئاراستەی منداڵ دەکرێن و بێزارکەرن لە وەڵامدانەوەدا. لە چاوی دایک و باوکەوە هیچ کەسێک گرنگتر نییە لە منداڵەکانی، بەڵام لە ئێستادا خەمی ژیان و گوزەرانمان ڕێگامان پێنادات کە منداڵەکانمان بەو شێوەیە بناسین کە خۆمان ئارەزووی دەکەین. کەواتە بۆچی بە شێوەیەکی باشتر قسەیان لەگەڵدا نەکەین، با دەستەواژە ئاساییەکان بوەستێنین و بە دیالۆگ و گفتوگۆیەکی ڕاستەقینە تاقییان بکەینەوە.

لێرەدا کۆمەڵێک پرسیار دەخەینە ڕوو، کە هاوکارت دەبن لە گواستنەوە لە پرسیاری باو و سواوی وەک "قوتابخانە چۆن بوو"، بۆ شتە نوێ و گرنگەکان بۆ ئەوەی زیاتر دەربارەی منداڵەکانت بزانیت و ڕەنگە لەبارەی خۆشتەوە شتێک بزانیت. ئەم نزیککردنەوەیە ڕێگاتان پێدەدات کە کاتی خۆتان بەفیڕۆنەدەن لە ئامۆژگارییە ئاکارییەکاندا و گفتوگۆ و مشتومڕەکانتان بگۆڕن بۆ بابەتی بونیادنەرانە لە پەیوەندییەکانتاندا.

بۆ ئەم وتارە لە ماڵپەڕی (التربية الذكية)، بەشوێن هەندێک بابەتی گرنگدا گەڕاین لە ڕێگای چەندین وتار و کتێبەوە، کە ڕەنگە مایەی گرنگی پێدانی خەڵک بێت لەبازنەی خێزانیدا و پەیوەندییەکان یەکگرتووتر دەکات، هاوکاریش دەبێت لە جوڵاندنی ئەندێشەی منداڵەکانتاندا.

ئەو پرسیارانەی کە جێگەی ئەو پرسیارە"ڕۆژەکەت چۆن بوو" دەگرێتەوە؟

١- لە ئەمڕۆدا گرنگترین شت بەلاتەوە چی بوو؟

٢- ئەمڕۆ چی فێربوویت؟

٣- چی ڕووداوێکی ئەمڕۆ زەردەخەنەی خستە سەر لێوەکانت؟

٤- کێ لە ئەمڕۆدا کردارێکی پێکەنیناوی ئەنجامدا، کێ ئەمڕۆ لە پۆلدا نوکتەیەکی گێڕایەوە؟

٥- ئەمڕۆ بە چی ڕووداوێکی لەناکاو سەرسامی بوویت؟

٦- ئەمڕۆ یارمەتی هاوڕێیەکت داوە؟

٧- ئەمڕۆ کەسێک یارمەتی دایت؟ یان شتێکی خۆشی پێوتیت؟

٨- ئەمڕۆ شانازیی بەخۆتەوە دەکەیت؟ بۆچی؟

٩- ئایا ئەمڕۆ خەمبار بوویت؟

١٠- ئایا ئەمڕۆ بەلاتەوە سەخت بوو؟

١١- ئەمڕۆ لەگەڵ هاوڕێکانتدا هیچ یارییەکت کرد؟

١٢- ئەمڕۆ نانت لەگەڵ کێ خوارد؟

١٣- لە پۆلدا حەز دەکەیت هاوڕێیەتی کێ بکەیت؟ پێت وایە ئەمە گونجاو بێت؟ بۆچی؟

١٤- لە پۆلدا کێ لە تۆ دەچێت؟ کێ لە تۆ جیاوازە؟

١٥- کام مامۆستات هانت دەدات؟ کام مامۆستات هانت نادات؟

١٦- ئەگەر بۆ یەک ڕۆژ مامۆستا بوویتایە، چیت فێری هاوپۆلەکانت دەکرد؟

١٧- ئایا ئەمڕۆ شتێک تورەی کردیت؟

١٨- ئایا کەسێک کارێکی هەڵەی کردووە؟

١٩- ئایا ئەمڕۆ هەستت بە کەمێک ونبوونی خۆت کردووە؟

٢٠- ئەگەر بتوانیت ڕووداوەکانی ئەمڕۆت دووبارە بکەیتەوە، چی تێدا دەگۆڕیت؟

٢١- ئەمڕۆ لە چی ئەرکێدا سەرکەوتوو نەبوویت، لە چی ئەرکێکدا سەرکەوتوو بوویت؟

- ئەو پرسیارانەی ئەندێشە دەجوڵێنن:

١- ئەگەر ئەم ئێوارەیە خواردن بباریێت، چ جۆرە خواردنێکت دەوێت؟

٢- حەزت لە سواری کام ئاژەڵە؟ فیل یان زەڕافە؟

٣- ئەگەر توانای گۆڕینی ناوی ڕەنگەکانت هەبێت، چۆن ناویان دەنێیت؟

٤- ئەگەر پشیلەکەت قسەی بکردایە، پێت وایە چی دەگوت؟

٥- ئەگەر بتوانی داوای شتێک لە ئاژەڵێکی کێوی بکەیت، داوای چی لێدەکەیت؟

٦- ئەگەر ئەشکەوتێکی خۆت هەبوایە، چیت تێدا دادەنا؟

٧- چۆن دەتوانیت دیوارێک دروست بکەیت توانای نەڕووخانی هەبێت؟

٨- کام ئاژەڵ ئەگەر هەیە بتوانێت ئۆتۆمبێل لێبخوڕێت؟

٩- چۆن دەتوانین شتێک دابهێنین، کە بوونی نییە؟

١٠- ئەگەر بتوانی بەربەستی کات بشکێنیت چی ڕوودەدات؟


١١- چۆن بەبێ پارە جیهان بنیات بنێین؟

١٢- ئەگەر دارێکی سیحریت هەبوایە، ئەو سێ شتەی کە ئاواتت پێدەخواستن چی بوون؟

**سەرچاوە:**

https://tarbiazakia.com/






# دۆستۆڤسکی



ئامادەکردنی: زاهیر شکور

بەشی چوارەم

نەجیب مەحفوز لە ڕۆمانە سیانێیەکەیدا (بەین ئەلقەسرەین و قەسر ئەلشوق و سوکەریە) لە زۆر شوێندا و لە ناسین وێناکردنی ناخی پاڵەوانەکانی کەوتووتە ژێر کاریگەری دەروونزانی دۆستۆڤسکییەوە، ئەوتا لە زاری کەمالەوە دەڵێت (الانسان حیوان قذر) واتا مرۆڤ ئاژەڵێکی قێزەونە، تەنانەت دوولەت بوونی کەسایەتی سەرەکی ئەو ڕۆمانانەی نەجیب مەحفوز (سی سەید) نمونەی ناودژێتی ئەو کەسایەتییەیە.

(ڕاسکۆلینۆڤ) لە ڕۆمانی تاوان و سزادا، خۆی لە (سفیدریفاییلۆڤ)ی خوێڕیدا دەبینێتەوە، پێی دەڵێت پێم نەوتی خەسڵەتی هاوبەش لە نێوانماندا هەیە، لە ڕۆمانی هەرزەکاردا (موراهیق) (ڤێرسیلۆڤ) بەهەمان شێوەی (گۆلیادکین) گیرۆدەی (ئینفسام) دەبێت، پێموایە بیرم بووەتە دوو لەتەوە، بەڵێ من ئیزدیواجیم، (ئیڤان کرامازۆڤ) لە وڕێنەکانیدا شەیتان دەبینێت، ئەو شەیتانەش خۆیەتی، (ئیڤان) دەڵێت جنێو بەخۆت دەدەی جنێوە بەمن، تۆ منی بەشێوەیەکی دیکە و تەنها گەمژەیی و گێلی و ئەحمەقیم دەبەیت بۆ خۆت. هەروەها دەڵێت: هەرچی گێلی و سیفەتی ئاژەڵیم هەیە و ئەوەی هەرسم کردووە و هەڵمهێناوەتە کە وەک زبڵدان پیسە، وەک کاڵایەکی تازە بۆم دێنی، چۆن ڕووحم توانی کەسێکی بێ بەها و خوێری وەک تۆ بەرهەم بێنیت، (سمیردیاکۆڤ)یش وێنەیەکی گاڵتەجاری (ئیڤان کارامازۆڤە) و لە ڕووحیدا (سمیردیاکۆڤ) جێگیرە.

بۆدلێر دەڵێت: لە هەموو مرۆڤێکدا، دووئاراستە یان دوو کەسایەتی هەیە، یەکێکیان بۆ لای خودا ڕاتدەکێشێت، ئەوی تریش بۆلای شەیتان.

زۆرجار دۆستۆڤسکی بەڕوونی لە زۆربەی بەرهەمەکانی گوزارشتی لەو بیرۆکەیە دەکرد کە لە قۆناغی گەنجی و پیریدا نووسی بووی، بەڵام ڕۆمانی (مزدوج)، تێکیدا، لەبەر ئەوەی نەیتوانی کاریگەری (گۆگۆڵ) بەسەریەوە تێپەڕێنێ، لەوەش زیاتر هەندێک دەستەواژەی (گۆگۆڵ) بێ دەستکاری وەک خۆی گواستۆتەوە.

ڕۆمانەکەی (گۆگۆڵ) چیرۆکی کارمەندێکە، لووتی لە دەم و چاوی دەبێتەوە، ژیانێکی سەربەخۆ دەگوزەرێنێ، ڕۆمانەکەی دۆستۆڤسکیش، چیرۆکی کارمەندێکە، ڕووحی دەبێت بە دوو لەتەوە، هەر لەتێکی کەسایەتیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەشی دووەمی ڕۆمانی (لووت) بەم دەستە واژەیە دەست پێدەکات (کۆفالیف) سەرپەرشتیاری قوتابخانەی ئامادەیی، بەیانی زوو لەخەو هەستا، داوای ئەو ئاوێنەیەی کرد، کە هەڵواسرابوو، دەیویست تەماشای ئەو دوومەڵە بچووکانە بکات کە دوێنێ ئێوارە لە دەم و چاوی دەرچوو بوو.

ڕۆمانی(مزدوج) بەم شێوەیە دەست پێدەکات: سەعات هەشتی بەیانی بوو، کاتێک(ئایاکۆڤ بیۆڤیچ گۆلیادکین) دوای خەوێکی دووروو درێژ بەئاگا هاتەوە، لە قەرەوێڵەکەیەوە بازیدا بۆ لای ئاوێنە خڕە بچکۆلەکەی،

(گۆلیادکین) لەبەر خۆیەوە وتی، چ چیرۆکێکە ئەگەر هات و دوومەڵ لە ڕووم دەرچێت.

دۆستۆڤسکی لەوەش زیاتری کرد کاتێک ئەم وشە و دەستەواژانەی بەکارهێنا (لـووت بەرامبەر لووت چاومان بەیەکتری کەوت، لەبەر هەمان هۆکار مستێکی لە لووتیدا، لووتی لە هەموو شتێک هەڵئەقوورتێنێ و..هتد).

بۆ چاککردنەوە و لابردنی ئیقتباس و لاساییەکان بۆ چاپی دووەمی ڕۆمانەکە دەبوایە دۆستۆڤسکی نیوەی ڕۆمانەکە لابەرێت بەتایبەتی لابردنی لووتەکان، ئەم پرۆسەیەش قەسابخانەیەک بوو بۆ خۆی هەر نەیتوانی ڕۆمانی (مزدوج) ڕزگار بکات، دۆستۆڤسکی هەردوای بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکەی دانی بەهەڵەکەیدا نا.

لە (١/نیسان/١٨٤٦)، دۆستۆڤسکی نامەیەکی بۆ میشێلی برای نووسی: پێت ڕادەگەیەنم چی غەمبار و بێتاقەتی کردووم، هاوڕێکانم لەسەرووی هەمووشیانەوە (بیيلنسکی) بەهۆی ڕۆمـانـی (گۆلیادکین)وە لێم بێزار بوونە، ڕەنگدانەوەی یەکەم خوێندنەوەیان، دەست خۆشی وپیاهەڵدان بوو، ڕەنگدانەوەی دووەم خوێندنەوەیان ڕەخنە بوو، لە ڕاستیدا هەموویان، پێیان وایە ڕۆمانێکی دوور و درێژ و لاوازە و زیاد بارکراوە، خوێندنەوەی قوورسە، سەبارەت بەخۆمیش، بەو هۆیەوە غەمبار و بێزار و بێتاقەتم، ڕۆمانی (گۆلیادکین) وای لێمکردووە هەست، بەنابووتی و گاڵتەجاڕی بکەم، زۆربەی دەستەواژەکانی بەخراپی نووسراوە، هەموو ئەمانە ژیانمیان کردۆتە دۆزەخ بەهۆی نائومێدیمەوە نەخۆش کەوتم.

لە ڕاستیدا ڕەخنەکان زبر و توند بوون، (ئەکساکۆڤ) نووسیویەتی: من تێناگەم، چۆن ڕێگەیاندا ئەم ڕۆمانە بڵاوبێتەوە، ڕوسیا هەمووی (گۆگۆڵ) دەناسێت و کارەکانی دەزانن، ئەوەتانێ دۆستۆڤسکی دەستەواژە و گوزارشتەکانی بۆ خۆی بردووە، وەک ئەوە وایە پارچەیەک لە جلەکانی بەرێت و جلێکی بۆ خۆی لێدروست بکات.

دۆستۆڤسکی هەستی کرد خۆشەویستی و سۆزی خوێنەران و جەماوەری لە دەستداوە، بۆیە دەبێت بەزووترین کات ئەو سۆز و خۆشەویستییە بگێڕێتەوە، لەو پێناوەدا دەبێت بنووسێت، چی بنووسێت؟!

لە ڕۆمانێکی درێژدا بەناونیشانی (پرۆخارچین Prohartchin) دۆستۆڤسکی وێنەی پیاوێکی پیسکە و چاوچنۆک و منجڕ دەکێشێت، دوای مردنی ئەم پیرە پیاوە، لە جێگەکەیدا کە لە پووش درووست کرابوو، بڕێک ئاڵتوون دەدۆزنەوە، دیمەنێکی ئابروو بەرانەی لاشەکەی کە ئەم دیو ئەو دیوی پێدەکەن لەسەر قەرەوێڵکەیەوە ئەکەوێتە خوارەوە، هیچ نابینن جگە لەسەرێک شۆڕ بۆتەخوارە و دوو قاچی لەڕ و سیس و



شین هەڵگەڕاو لە شێوەی درەختێکی وشکەوە بوو، ئەم ڕۆمانە پڕ لە بەرائەتە، دوای لابردنی بەشێکی زۆری بەتایبەتی بەشە جوان و گرنگەکانی لەلایەن مقەستی چاودێریەوە هیچ سوودێکی نامێنێت، دۆستۆڤسکی لە نامەیەکدا بۆ میشێل دەنووسیت: لە هەموو لاپەڕەیەکی ڕۆمانی (پڕۆخارچین) مقەستی چاودێری بەشێوەیەکی سەخیفانە شێواندویتی، تەنانەت وشەی فەرمانبەریشیان سڕیوەتەوە، لە ئێسقانەکەی زیاتر هیچ بەگیانێوە نەماوە، سەرەڕای ئەمانەش، (بیلنسکی) بەڕۆمانێکی خراپ هەڵیسەنگاند، لەناو تاریکییەکی چڕدا جاربەجار تروسکاییەک بەدی دەکرێت، هەروەها (بیلنسکی) دەڵێت ئەو تروسکاییانە ئەوەندە کەمە، ڕێگەی جیاکاریمان ناداتێ.

دۆستۆڤسکی بۆ قەرەبوو کردنەوەی شکستەکانی ڕۆمانێکی لە شێوەی ئاڵوگۆڕ کردنی نامە ناردنی دووکەسی بەرەڵا و شەرانگێزدا نووسی، دۆستۆڤسکی لەیەک شەودا ڕۆمانێکی، لەژێر ناونیشانی (نۆ نامەدا) نووسی، ئەم ڕۆمانە بریتیە لە نۆنامە، لە نێوان دوو کەسدا لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی نامەوە موناقەشەی یەکتری دەکەن، دۆستۆڤسکی ئەم ڕۆمانەی بەشەوێک تەواو کرد و لە ڕۆژنامەی سەردەمدا بڵاویکردەوە.

(بیلنسکی) لەنامەیکدا بۆ (تۆرگینیڤ) دەڵێت: سەراسیمە وبێزاریشم

نەجیب مەحفوز لە ڕۆمانە سیانێیەکەیدا (بەین ئەلقەسرەین و قەسر ئەلشوق و سوکەریە) لە زۆر شوێندا و لە ناسین وێناکردنی ناخی پاڵەوانەکانی کەوتووتە ژێر کاریگەری دەروونزانی دۆستۆڤسکییەوە، ئەوتا لە زاری کەمالەوە دەڵێت (الانسان حیوان قذر) واتا مرۆڤ ئاژەڵێکی قێزەونە، تەنانەت دوولەت بوونی کەسایەتی سەرەکی ئەو ڕۆمانانەی نەجیب مەحفوز (سی سەید) نمونەی ناودژێتی ئەو کەسایەتییەیە.

لەو نامانەی نێوان ئەو دوو کەسە بێبەها و بێڕەوشت خوێرییانە، بەهەزار ناڵی عەلی دەتوانم بیخوێنمەوە و هەموو ڕەخنەگرانی دیکەش ئەم ڕایەی منیان هەیە.

دۆستۆفسکی لەسەر ئەم ڕەخنانە و فەشەل بوونی تووشی هێستریا بوو، لەناو ونبوون و فەشەل بووندا، بۆ دۆزینەوەی خۆی دەگەڕا و بێسوود وتار لەسەر وتاری دەنووسی، لەو کەین و بەینەدا، ڕازی بوو بەشداری بکات لە دەستەی نووسەرانی دەرچوواندنی گۆڤاری کاریکەتێری (زۆبۆسکاڵ)، بەیاننامەیەکی تێدا بڵاوکردەوە بێ ئەوەی ئیمزای خۆی لەسەر بکات، دواتر نوسیویەتی: ئەو بەیاننامەیە هەرا و زەنایەکی زۆری نایەوە و یەکەم ڕۆمانی (لۆسیان دوو ڕۆمبمیری) ی بە بیرم هێنایەوە.

(کرایڤسکی) سلفەیەکی باشی پێدا و گوشاری خستە سەر بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی.

لە سلفەکەی (کرایڤسکی) قەرزەکانم دایەوە، ئێستا تەنها ئارەزوم ئەوەیە، ئەم زستانە لەسەر حیسابی (کرایڤسکی) ئیش بکەم بۆ ئەوەی پێش وەرزی هاوین هەموو قەرزەکانم بدەمەوە و تەنها (کۆبیکێک) چییە قەرزاری کەس نەبم.

لە نامەیەکی دیکەیدا لە (ساڵی١٨٤٧) بۆ میشێلی برای، دۆستۆڤسکی دەڵێت: لەم نزیکانەدا ڕۆمانی (نیتۆچکا نیزڤانۆڤا Netochka Nezvanova) دەخوێنیتەوە، ئەم ڕۆمانە زیاتر دانپیانانە وەک چیرۆکی (گۆلیا دنیک) وایە، بەڵام بەزمان و زاراوەیەکی جیاواز، من ئێستا سەرقاڵی نووسینی ئەو ڕۆمانە نوێیەم.

لە ئێستاوە دیارە لە ڕۆمانی (هەژاران) جوانتر و باشترە، ئیلهامێک لە ڕووحمەوە دەردەچێت و قەڵەمەکەم خێراتر دەکات.

ڕۆمانی (نیتۆچکا نیزڤانۆڤا) تاوەکو ساڵی (١٨٤٩) بڵاو نەکرایەوە، ئەم ڕۆمانە باس لە کچێکی منداڵکار دەکات، ژیان لە نێوان مامەی (مێردی دایکی) کە پیاوێکی ئالودە و بەردەوام سەرخۆشە و پێی وایە میوزیک زانێکی بلیمەتە و دایکێکی نەخۆش، لە دونیایەکدا دەژێت و لەنێو دیواری ژوورە بچووک و نزمەکانی ڕەنگی خۆڵەمێشیدا نووقمە.

دۆستۆڤسکی لە بارەی ڕۆمانەکەیەوە دەڵێت: (نیتۆچکا) کچێکی مناڵکارە، لە تەمەنێکدایە کە هەموو ئاراستەکانی ڕوو دەکاتە دەرەوە، لە ناخییدا تێبینیەکانی دەرەوە چڕدەبێتەوە، خەونەکانی بوونەتە خۆراکی و تەمی ژیانی ئەنارشیستی ڕێگای لێ ون کردووە، سەرسامە بەمامی، چونکە مایەی بەزەییە، ڕۆژێک (مامی) بەدەنگێکی بەرز هاوار دەکات (من هیچ نیم، من کەس نیم)، ڕۆژی دواتر هاوار دەکات و دەڵێت من بلیمەتم، لە ڕاستیدا وا دەر دەکەوێت تێکەڵەیەکی نامۆ بێت لە ژێر چەپۆکی و کەلەڕەقی و توندڕەویدا، بە

جۆرێک لە جۆرەکان حەز دەکات هەست بەچەوسانەوە و ئەشکەنجە بکات.

(نیتۆچکا) ڕقی لە دایکێتی، چونکە پێی وایە دایکە نەخۆش و ئازار کێشەکەی ڕێگرە لە بەردەم ئەم هونەرمەندە، لە تەرخان کردنی کاتەکانی بۆ هونەرەکەی، ئەو رق و کینە تێکەڵ بە بەزەیی، ئەو خۆشەویستیەیە تیکەڵەی بەنەفرەت کردن، دۆستۆڤسکی لە سەردەمی منداڵیدا بەرامبەر باوکی هەستی پێدەکرد و لە بچووکترین فرسەتدا خۆی لێیان قووتار دەکات و دەیداتە سەر پاڵەوانەکانی ناو ڕۆمانەکانیدا و لە ڕێگەی پاڵەوانەکانییەوە (ئیعتراف) دەکات.

دایکی (نیتۆچکا) لە هەل و مەرجێکی کارەسەتباردا دەمرێت و مێردەکەشی شێت دەبێت، شازادەیەکی شێت و شەیدای میوزیک (نیتۆچکا) دەگرێتە خۆی، ئەم شازادەیە وێنەیەکی کۆنت (ڤیلجۆرسکی)یە، شازادە کچێکی هەیە ناوی (کاتیا)یە، ئەمیش بۆ خۆی شازادەیەکی بچووکە، خۆ سەپێنە و ئاین و ئۆینی زۆرە، داخراوە بەڕووی خۆیدا، جێگەی نازی هەمووانە، وەک گەوهەرێکی بەنرخ تەماشا دەکرێت، سەرەتا (کاتیا) لالووتی و ڕووگرژیەکی زۆری پیشان (نیتۆچکا)دا وەک (هەتیو) بێ دایک و باوک تەمەشای دەکرد و گاڵتەی بە جلە کۆنەکانی دەکرد، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک، (کاتیا) بەجۆرێک خۆشەویستی (نیتۆچکا) چووە دڵییەوە، هەتا ئاستی حەز لێکردن بوو.

خۆشەویستی نێوانیان بووە حەزێکی پڕ لە گومان، لەحەزی شەهوەت و سێکس نزیک بووەوە، قسە کردنی زۆر هەتا ئاستی هەڵەوەڕی و چەنەبازی لەسەر جێگای خەوتن، یەکتری ماچکردن، قوونجرک گرتن، ((تێبینیم کرد بێ من ناژێیت، لە نهێنی خۆمدا دەموت، ماچی دەکەم، بەتووندی و هەتا ئاستی مردن قونجرکی لیدەگرم)) ئەم سرووشتە گەرم و گوڕانەی (مێینەکان) پێش ڕۆمانی (نیتۆچکا) بەماوەیەکی زۆر لە ڕۆمانی (la logeuse) باسی لێکراوە.

زانای گەنج (ئۆردینۆڤ)، بۆ تێرامان لە ئاین خۆی لە دونیا دوور خستوەتەوە، ژوورێکی لە کەسێکی پیر بەکرێ گرتووە، ئەو پیرە تەم و مژاوی و نادیار دەرئەکەوێت خەریکی (سیحرە) تێڕوانیینەکانی وەک ژیلەمۆی ئاگرە، ئەم پیرە کچێکی ئێجگار جوانی لەگەڵدایە، (ئۆردینۆڤ) ئەکەوێتە داوی خۆشەویستی ئەو کچەوە.

(ئۆردینۆڤ) گیرۆدەی وەسواسی و دڵەڕاوکێ و ناجێگیری بووە، خۆشەویستیە توندەکەی بۆ (کاترین) تەم و مژاویە، لە هەڵوەسە وڕێنەیەکی تەماویدا ڕادەچەڵەکێت، بەردەوام هەست دەکات خەو دەبینێت و دواتریش لە دونیایەکی دووژمن کاریدا بەخەبەر دێتەوە، لەوانەیە کە خەو دەبینێ هەر بەخەبەر بێت، یان کە خەو دەبینێت وادەزانێت بەخەبەرە، خوێنەر




دێت و دەڕوات لە نێوان دوو دونیادا، دونیای خەون و دونیای راستی واقیعی.

(ئۆردینۆڤ) گوێی لە ئەفسانە و چیرۆکی ئەفسانەیی دەبێت، دواتر ئەو دەنگە نامێنێ، بەڵام دەنگی چیرۆکە ئەفسانەییەکان لە شوێنێکی دیکەدا بەردەوام بوونی هەیە، لە ناکاودا، دەرگاکە دەکرێتەوە، دوو لێوی گەرم دەنووسێتە لێوەکانیەوە، دوای چرکەیەک (کاترین) لە نزیک قاچی (ئەیقوونەکانەوە) رادەکشێت وخۆی بەوە تاوانبار دەکات کە تاوانێکی کوشتنی ئەنجام داوە، ئەمە شێتە، (مۆرین)ی سیحرباز هەوڵدەدات لە خۆشەویستی (ئۆردینۆڤ) دووری بخاتەوە، ڕاستی لە کوێدایە؟ درۆ لە کوێیدایە؟

ڕۆمانەکە بە هەڵاتنی پیرە مێردەکە و کچەکە کۆتایی دێت، ئەم ڕۆمانە بەدڵنیاییەوە ئیلهامی ڕۆمانی، (تۆڵەکردنەوەی ترسناک)ی (گۆگۆڵە) کە باس لە جادووگەرێک دەکات ئاشقی (کاترین)ی کچی دەبێت، هەموو داو دەرمان و تارمایی و فرت و فێڵ و جادوویەک، بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی کچەکەی لە پیاوەکەی بسێنێتەوە، زۆربەی ئەمانە لە ڕۆمانەکەدا هەیە، تەنانەت ئەو ڕەشەبا و تۆفانەش کە دای بەسەر (دنیبیر)دا، (گۆگۆڵ) باسی دەکات، هەرئەو ڕەشەبا و تۆفانەیە، دایە سەر (فۆلگا)دا کە (کاترین) بۆ (ئۆردینۆڤ) دەیگێرێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ ئـەوەشـدا، تەنها گواستنەوە وەرگرتن و نەریتێکی ئەدەبی نیە، چونکە (ئۆردینۆڤ)ی بیرمەند کە تەحەمولی شەڕ و گێچەڵەکانی هاوڕێکانی دەکات، ئەوانیش بەپلەی جیا جیا دڵتەنگن لە خەسڵەتە نامۆکانی کە بەرەو دابڕان و تەنیایی دەیبات، ڕێک دۆستۆفسکی خۆیەتی، شەیدا بوونی کارەکتەری ڕۆمانەکە بە(کاترین) شەیدا بوونی دۆستۆڤسکییە بە (باناییڤ) کە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دووری دەخاتەوە.

((من لە تەمەنی (٢٧) ساڵیدام، کەسم نەبینیوە، بـاوەرم پێبکە، هیچ ژنێک، تەعاروفم لەگەڵ کەس نـەکـردووە، هەموو شـەوێ خەو دەبینم، ئەو چرکە ساتە دێت تیایدا تەعاروف لەگەڵ یەکێکدا بکەم، ئەمە ئەو نووسینە بوو، کە دۆستۆفسکی لە کتێبی (شەوە سپێکاندا) نووسی، ئەو هونەرەی نووسەرێکی پر لە خەون و خەیاڵ پیادەی دەکات، دەبێت ڕەخنەی سەردەمی شێوازی ڕیالیستی و داواکاریە کۆمەڵایەتیەکان کۆڵی پێنەدەن.

ئەوەتانی (بیلنسکی) هۆشی لە دەست دەدات و بۆ (ئانانکۆڤ) ئەنووسێ، ئایا پێتم وت دۆستۆڤسکی ڕۆمانێکی بەچاپ گەیاندوە بەناوی (کرێچی ژوورێکی پۆشتە)، ئەوە ڕەشترین گەمژەییە! هەموو بەرهەمە تازەکانی کەوتنێکی تازەیە.. بێ بەزییانە بەبلیمەتی دۆستۆڤسکی هەڵخەڵەتاین، من یەکەم ڕەخنەگرم کە کەر بووم، ئێستا لە خوێندنەوەی (دانپیانانەکەی) جان جاک ڕۆسۆ بوومەوە هەستم بەبۆگەنیەکی بەهێز کرد و بەپلەیەکی گـەورە لە دۆستۆڤسکی دەکـات کە پێیوایە، تێکڕای بەشەریەت ئێرەیی پێ دەبەن و دەی چەوسێننەوە.

ئەم ڕەخنە ڕەق و توونـد و تیژانە، دۆستۆڤسکی زۆر بێتاقەت کردبوو هەستی بە داچـۆڕان دەکرد، لە نامەیەکدا بۆ میشێلی برای دەڵێت: ساڵی سێیەمە لە بواری ئەدەبی کار دەکەم، ژیانم تەم و مژێکی چڕ دەوری داوە، ، من ژیان نابینم، کاتی ئەوەم نییە هەستەکانم بگێڕمەوە وپەرت بوونی هزرم کۆکەمەوە.

لەو مـاوەیـەدا، دۆستۆڤسکی بەرهەمەکانی پەلە و خێرایی پێوە دیـاربـوو، بەرهەم گەلێک بـوون، داهێنان و ڕووناکی تێدا نەبوو، دۆستۆڤسکیش وەهمی بێ ناوەڕۆک و خیانەتی قێزەون و دووزمانی دەوری دابوو، دەسکورتی و ملکەچ پێکردنی پێدانی کرێ خانوو و دانەوەی پارەی سلفەکەی و دەستگرتن بە هاوڕێتیە بەهێزەکانەوە، یانی بەرگەگرتنی هەموو ئەو ئێش وئازارانەی خەڵکانی هەژار بەرگەی دەگرن.

موسیبەتە گەورەکانی لێدەرچێت کە تووشی هەندێک خەڵک دەبێت و لەناو خۆیاندا دڵنەوایی یەکتری دەکـەن، بەڵام سەر ئێشە ماندووکەرەکانی ڕۆژانەیە مرۆڤ دەخواتەوە و بێئەوەی بیر لە دەربازبوون لەو

هات وهاوارە بکاتەوە، لەمەشدا دۆستۆڤسکی پشکی شێری بەرکەوتووە.

دۆستۆڤسکی هاوڕێ ئەدیب و نووسەر و ڕەخنەگرەکانی یەک لە دوای یەک لە دەستدا، (بیلنسکی) لە شکستەکانی خۆش نەبوو، ناکۆکیەکانی نێوانیان بواری هونەر و ئەدەبی تێپەڕاند و لە پشتی ڕقەکانی (بیلنسکی)یەوە خەڵکی تووڕە و داخ لەدڵی وەک (ڤیساریۆن) هەبوون.

دوو ڕەهەند لە بیری (بیلنسکی) بەرانبەر یەکتری لە دوو هێڵی هاوتەریبدا هەبوو، پێکەوە نەدەگونجان، زانست و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و کەرامەتی تاک لە پلەی یەکەمدا و خۆ خەریک کردن بە هزر و ڕووناکبیریەوە ڕووحی شاد دەکرد و لە ڕووی دەروونیشەوە بەبینینی ڕاکێشانی هێڵی ئاسن ئاسوودە دەبوو.

دۆستۆڤسکی لە ڕۆژانەی نووسەردا، نووسیویەتی (بیلنسکی) (( لە سەرەتاوە پڕ بەدڵ خۆشی ویستم، بەسادەیی خۆی هەوڵیدەدا بمباتە سەر بیرووباوەڕەکانی خۆی، لە سەرەتاوە وەک سۆشیالیستێکی بەجۆش و خرۆش ویستی بەرەو (ئیلحاد) کەمەندکێشم بکات، وەک پابەند بوون بەبیر و هزری سۆشیالێزم دەیویست ڕێنماییەکانی مەسیح هەڵوەشێنێتەوە.

لە ساڵی (١٨٧١) تووڕەییەکانی دۆستۆڤسکی، خامۆش نەبووەوە، نامەیەکی بۆ (ستراخۆڤ) نووسی: ئەو پیاوە مەبەستی (بیلنسکی)یە، لە بەردەم من جنێوی بەمەسیح دەدا، کاتێک جنێوی دەدا نەیدەوت کێ بخەینە جێگای مەسیح، ئایا خۆمان لە جێگەی دانێن، نا قەت بیری لەوە نەدەکردەوە، زۆر لەخۆ بایی بوو، ئایا ئەوە حەماقەت و لەخۆ بایی بوون نییە؟

تۆ پێم دەڵێی ئەو لێهاتو و خاوەن داهێنانە، نەخێر هیچ داهێنانێکی نییە، تەنها ڕووکەشانە کارەکانی (گۆگۆڵ)ی هەڵسەنگاندوە، لە ماوەی چوارساڵدا لێکۆڵینەوە ڕەخنەیەکانیم خوێندۆتەوە، هێرشی کردۆتە سەر پۆشکین وێرانی کردوە.

لە پەلەکردن و ڕۆیشتنی خێرای ئەملا و ئەولادا، دۆستۆڤسکی باوەڕی بەهیچ بەهایەکی (بیلنسکی) نەمابوو، وای لێهات ڕقی لە هەموو شتیک و لە هەموو هاوڕێکانی ببێتەوە لە سەرووی هەموویانەوە (تۆرگینیڤ)، دژایەتی دۆستۆڤسکی و (تۆرگینیڤ) لە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (مزدەوەج)ـەوە دەستی پێکرد و دوای ئەوەش بە ماوەیەکی کەم پەیوەندیەکانی لەگەڵ (نیکراسڤ)یش بڕی و بۆ میشێل برای نووسی: دەمەوێت پێت ڕابگەیەنم، کە بێزارم، چونکە ناکۆکی لە نێوان من و نوێنەری رۆژنامەی (سەردەم) (نیکراسۆڤ) دروست بوو، ئەو گلەیی ئەوەم لێدەکات کە دوو چیرۆکم داوەتە (کراییڤسکی) بەرامبەر ئەو سلفەیەی وەرمگرت، من هەندێک پارە بە(نیکراسۆڤ) قەرزارم و ئارەزووی خۆمێش ڕانەگەیاند کە لەمەودوا لە گۆڤاری (ساڵنامەی نیشتیمان) شت بڵاوناکەمەوە و بێ ئومێدیش بوو لەوەی ڕۆمانێکی بۆ بنووسم، بۆیە قسەی ڕەق و بازاڕی پێکردم

و بەشێوەیەکی سەر سوڵکەرانە داوای قەرزەکەی کرد، منیش لەسەر داواکەی بەڵێنی ئەوەمدا لە (١٥/ کانوونی یەکەم) قەرزەکەی بدەمەوە، بەڕاستی ئەمە چیرۆکێکی قێزەوەن و بۆگەنە.

لەم ڕۆژانـــەدا پڕوپاگەندەی ئـەوە دەکـەن تووشی نەخۆشی خۆ بەزلزانین و لـووت بـەرزی بووبێتم، (نیکراسۆڤ) خۆی ئامادە دەکات ڕەخنەی توند و تیژ و ڕەقم لێبگرێت، (بیێلنسکی)یش بەڕادەیەک پیاوێکی لاوازە، تەنانەت هەڵسەنگاندنە ئەدەبیەکانی ئەوەندە بەئاسانی دەگۆڕێ بەهەمان ئاسانی گۆڕینی کراسەکانی.

لەو ماوەیەدا نووسەری گەنج و نوێ پەیدا بوون، دۆستۆڤسکیش ئـەو گەنجێتیەی نەما کە ڕۆمانی (هـەژاران)ی نووسی و جەماوەری پێ گەشکەدار کرد، دۆستۆڤسکی چەند بەرهەمێکی بڵاو کردەوە، هەندێکی مایەی پەسەند کردن و دڵخۆشی بوون، هەندێکیشی مایەیی بێ ئومێدی بوون، نە نووسەرێکی سەرەتایە و نە نووسەرێکە ئامانجەکانی لەڕێی بەرهەمەکانیەوە هاتبێتە دی، جـەمـاوەر ناوروژێنێ، لە وێستگەی چاوەڕوانیدا وەستاوە.

بۆ میشێل ئەنووسێ: دەرکەوتنی کۆمەڵێک نووسەری گەنج، کە هەندێکیان مونافەسەی من دەکەن، لەناویاندا (هێرزین و گۆتشارۆڤ) دیارن، یەکەمیان بەر لە ئێستا هەندێک شتی بڵاو کـردەوە، بـەڵام دووەمیان هیچی بڵاو نەکردۆتەوە، ڕەخنەگران بەشێوەیەکی ترسناک، هەڵیان دەسەنگێنن و پێیاندا هەڵدەدەن، منیش هەتا ئێستاش پارێزگاریم لە سەرکەوتن بەسەر هەموویاندا کردووە و دەیکەم.

بەردەوام! ئەوەی بۆ دڵنیابوونی میشێل دەنووسی، بەڵام لە ڕاستیدا لەوە دەترسا هەڵەبێت، گوومانی لە خۆی هەبوو، لەوانەیە هیچی نەبوو بێت بیڵێت؟ لەوانەشە (بیێلنسکی) و گروپەکەی لەسەر هەق بوونە کاتێک دەیانووت، دۆستۆڤسکی هیچ بلیمەتی و داهێنانێکی تیدا نییە، لەوانەشە باشتر وابێت خۆی لەبەرچاو دوور بخاتەوە، بەڵام نا ئەو هێشتا نەگەیشتوەتە مەودای خۆی، چونکە لە هەلومەرجێکی تـەواو بێ پارەییدا کار دەکـات، هـەژاری و نەبوونی بەو ڕادە ترسناکە، کەش و هەوایەک ئەخولقێنێت ناهێڵێت ئیلهامی داهێنانی بۆ بێت، نەبوونیەکەی و بێ پارەیەکەی هەتا ئەندازەیەکی کووشندە و لەناو بردنە، لە هەلومەرجێکدایە زۆر پێویستی بەپارەیە و نییەتی. خۆی دەڵێت: چەند ترسناکە کار بۆ بژیوییەک بکەیت، دەستکەوتەکەی نەتوانێت بتژێنێت و لە پێویستیەکی تەواو تەنگانەدا بیت.

دۆستۆڤسکی بەمیشێل دەڵێت لەو ڕۆژەوەی لە یەکتری جیابووینەوە، (٤٥٠٠) ڕۆبڵم خەرج کردوە، لە فرۆشتنی پێش وەختی بەرهەمەکانم (١٠٠٠) ڕۆبڵم دەستکەوت، یەک (کۆبیک)م نیە، قەرزی زۆرم لەسەرە،

دەنووسم و هیچ کۆتایی و ئەنجامێک نابینم: بێزاری، سستی، تەمبەڵی چاوەڕوانییەکی تاقەت پڕۆکێن بۆ دۆخێکی باشتر، ئەمانە هەمووی ئازارم دەدەن، قەرز کردنی بەردەوام بەم شێوەیە، وەک (کرایڤسکی) وەسفی دەکات، بەڵگەی کۆیلەیەتیمە، بەگشتی بەڵگەی کۆیلەیەتی ئەدەبە.


((ئەگەر لە دونیادا خەڵکانی بەڕێز و باش نەبوایە، من نەدەبووم، من لەحاڵەتی هەژارییەکی ترسناکدام، هیچم نییە، خاوەن هیچ نیم، (مارمۆلادۆڤ) لە ڕۆمانی تاوان و سزادا دەڵێت (دەزانن مانای چییە؟ گەر یەکێکمان نەزانێت بۆ کوێ دەچێت).

هەڵمەتەکانی نێوان ساڵانی (١٨١٢-١٨١٤) بەخێرایەکی سەیر سوپای ڕووسیای گەیاندە ناو جەرگەی ئەورووپا، ئەفسەرەکان لە نزیکەوە ئاشنای ڕۆشنبیری ئەورووپا بوون، ئەوروپا، دیکتاتۆریەتی ناپلیۆن ماندووی کردبوون، هێدی هێدی و لەسەرخۆ لەسەر ژیانی تازەی کۆمەڵایەتی بەئاگا هاتەوە، ڕێکخراوی نهێنی جۆرا و جۆر دامەزرا، لە فەرەنسا، لە ئیتاڵیا، لە ئەڵمانیا.. وهتد. لەگەڵ گەڕانەوەی سوپای ڕوسیا بۆ وڵات، چەندین کۆمەڵە دروست بوو، سەرەتا بەئاشکرا، دواتر شێوازی نهێنی وەرگرت و بەنهێنی کاریان دەکرد (یەکێتی باکوور، یەکێتی باشوور، یەکێتی سلاڤیەکان) ئەم کۆمەڵانە لە ئەرستۆکراتەکان و گەورە فەرمانبەرەکان پێکهاتبوو، زۆربەی بەرنامەکانیان بریتی بوو، لە هەڵوەشانەوەی سیستمی کۆیلایەتی، لابردنی سزای جەستەیی، خەبات کردن دژی سیستمی موحافیزکارانەی ئیمپراتۆر (ئەلیکساندەر)ی یەکەم.

(ئەلیکساندەر) لاری نەبوو لە هەڵوەشانەوەی سیستمی کۆیلایەتی، بەڵام ترسی لەوە بوو پەلەی تێدا بکرێت. ئەو کاتەی (نیکۆلا)ی یەکەم چووە سەر تەختی ئیمپراتۆریەت، چەند گرووپێکی بەرهەڵستکار لەناو سوپادا یاخی بوون کە بووە مایەی ئاژاوەیەکی خوێناوی، لە بەرواری (١٤/ کانونی یەکەم /١٨٢٥) گاردی ئیمپراتۆری توانی بەسەر شۆڕشگێرانی کانوونی یەکەمدا سەربکەوێت و هەندێک لە هاندەرانی شۆڕشیش ئیعدام بکات و هەندێکیشیان بۆ سیبریا دوور بخاتەوە، هەر چەندە شۆڕش شکستی هێنا، بەڵام جوڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان و مانگرتنەکان ڕانەوەستان.

قەیسەر ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ئەنجامدانی ئەو چاکسازیانەی شۆڕشگیرانی کانوونی یەکەم داوایان کردبوو، بەمەرجێک، قەیسەر خۆی پێیهەڵسێت و چینی ئەرستۆکراتی شۆڕشگیر دەست وەرنەداتە سیاسەتی ئیمپراتۆرەوە.

لێکۆڵینەوەی کێشەی جووتیار و گوندەکان دەستی پێکرد، لەهەمان کاتدا چاودێری کردنی توندی پۆلیس بۆ سەر بیرمەندان و ڕووناکبیران لە نزمترین ئاستەوە بۆ بەرز ترین ئاست دەستی پێکرد.



هەر چەندە ئیمپراتۆری نوێ تێڕوانینی خۆی و بیرکردنەوەی سەردەمیانەی خۆی سەلماند و پەرۆشی خۆی دەربڕی بۆ چارەسەر کردن و چارەنووسی (مۆجیک) جووتیارە کۆیلەکان، نەبووە مایەی گۆڕینی تێڕوانینی چینە ڕووناکبیرەکان کە بەڕەمزی دیکتاتۆرییەت و دواکەوتوویی و چەوساندنەوە و ستەمیان دادەنا، مێژوونووس (کێکین) دەڵێت: ئازادی لە پێناو بیرکردنەوەدا نەبوو، مرۆڤ هەستی بەگووشاریکی توندی بیرکردنەوە دەکرد، خەڵگ ئارەزووی لە بیرکردنەوە نەما، لەو ڕۆژگارەدا هەندێک کەس بیریان لەوانە دەکردەوە کە بیرناکەنەوە و بیریان لەو کەسانە دەکردەوە کە ڕێگر بوون لە بەردەم بیرکردنەوەی خەڵک، هەندێک بیرکردنەوەکانیان تاک گەرایانە بوو، هەندێکیش لە ژوورە تەنیا و تاریکەکاندا بەدەستە جەمعی و نهێنی بیریان دەکردەوە.

(بییلنسکی لە ساڵی ١٨٤٢) نووسیویەتی: ڕووحی سەردەمەکەمان وای دەردەخات، گەورەترین هێز تەنها بەشێوەیەکی کاتی دەتوانێت هەندێک شت بوروژێنێت.

هەڵگرانی بەها و ڕوناکبیری ڕۆژئاوا و لایەنگرانی سلاڤییەکان، لە تێڕووانینی دەسەڵاتەوە، کەسانی گوومان لێکراو بوون، ڕۆژئاواییەکانیش ڕوسیایان

دۆستۆڤسکی بۆ قەرەبوو کردنەوەی شکستەکانی ڕۆمانێکی لە شێوەی ئاڵۆگۆڕ کردنی نامە ناردنی دووکەسی بەرەڵا و شەرانگێزدا نووسی، دۆستۆڤسکی لەیەک شەودا ڕۆمانێکی، لەژێر ناونیشانی (نۆ نامەدا) نووسی، ئەم ڕۆمانە بریتیە لە نۆنامە، لە نێوان دوو کەسدا لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕی نامەوە موناقەشەی یەکتری دەکەن، دۆستۆڤسکی ئەم ڕۆمانەی بەشەوێك تەواو کرد و لە ڕۆژنامەی سەردەمدا بڵاویکردەوە

بەوڵاتێکی دواکەوتوو وەسف دەکرد و پێیان وابوو بەبێ چاکسازییەکی قووڵ هەڵناسێتەوە، وەک ئەو چاکسازییەی لە ڕۆژئاوا ڕوویدا.

خوێندکارانی ڕووسیا لە تەماسی بەردەوامدا بوون لەگەڵ بەرهەمەکانی (جۆرج ساند و فۆرییە و لویس بلان Louis Blanc). یەکێک لەو کۆمەڵە شۆڕشگێڕانەی کارمەندێکی وەزارەتی دەرەوە بەناوی (پیتراشیڤسکی Petrashevsk) دایمەزراندبوو، ڕیشێکی ڕەشی دانابوو، شەپقەیەکی لەسەر دەکردە، دیمەنێکی پیلانگێڕی نیشان دەدا، لە مانگی (ئایاری/١٨٤٦) دۆستۆڤسکی ئاشنایەتی لەگەڵ (پیتراشیڤسکی) پەیدا کرد، دوای ساڵێک لەو ئاشنابوونە دۆستۆڤسکی لەسیمینار و کۆڕەکانی ئەو کۆمەڵەیە بەدەرکەوت.

لە ڕاستیدا ئەمانە پەیوەندیان نەبوو بەپیلانگێڕییەوە، تەنانەت بابەتی پیلانگێڕیش لە موناقەشەکانیاندا نەبوو، هاوڕێ و برادەرەکانی (پیتراشیڤسکی) بۆ قسە کردن لەسەر سیاسەت و ئەدەب دەچوون بۆ ماڵی (پیتراشیڤسکی) کە بریتیی بوون: لە( سالتکۆف، شیدرین، کاییدانۆف، مایکۆف، بلسهیڤ، میلیوتین، دۆرۆڤ، دۆبۆکس، سییشنیڤ و... هتد)، (ئەکشارۆمۆڤ) لە بیرەوەریەکانی خۆیدا نووسیویتی: کۆمەڵێکی ڕێکخراوەیمان درووست نەکردبوو، لە دانیشتنەکانماندا، گفتوگۆمان لەسەر بەرنامەیەکی دیاریکراومان نەدەکرد، بەڵام ڕەخنەمان لە حکومەت دەگرت و داخ و بێزاری خۆمان لەسەر دۆخی وڵات دەردەبڕی.

ئەندامێکی تری ئەو کۆمەڵەیە کە ناوی (کۆسمین) بوو، دەڵێت: هەر زوڵم و ستەمێک دەسەڵات ئەنجامی بدابایە، یان هەر گوشارێک، یان هەر کردەوەیەکی نەشیاوی دەسەڵات، دەبووە مایەیی تووڕە بوونی یەک بەیەکی ئێمە.

(بۆگسلۆڤ) دەڵێت: بیرۆکەی هاوبەشی ئێمە، بەرپەرچ دانەوەی تووندی ئێمە، دژی یاری کاغەز و هەڵەوەڕی سالۆنەکان بوو. دۆستۆڤسکی، لە یەکەم سەردانی بۆ ماڵی (پیتراشیڤسکی) چاوی بەکۆمەڵێک گەنجی خوێن گەرم و پڕ جۆش و خرۆش کەوت، کۆمەڵەکەیان کۆمەڵێک کتێبی قەدەغە کراوی هەبوو، دۆستۆڤسکی ئارەزوی خوێندنەوەیانی هەبوو، جگە لەوانەش دۆستۆڤسکی بۆ دەرباز بوون لە گۆشەگیریەکەی پێویستی پەیوەندی کردنی هەبوو بەکۆمەڵەکەوە، بۆیە ناوبەناو سەردانی کۆمەڵەی دەکرد و هەستی بەخۆشی و شادی دەکرد لەکاتی گوێگرتن لەو گفتوگۆیانەی کە کۆتایی نەدەهات، هەموویان باردۆخی وڵاتیان پێباش نەبوو و پێیان وابوو هەموو شتێک لە وڵاتدا پێویستی بەنوێبوونەوە و گۆڕانکاری هەیە، کۆمەڵەکەی (پیتراشیڤسکی) لەسەر میکانزمی جێبەجێ کردنی سۆشیالزمی فەرەنسی و ڕێبازەکەی هاورا نەبوون.

هەولێرنامەی کتێب





(ئەکشارۆڤ) ڕازی بوو لەسەر ئەوەی قەیسەر لەسەر کورسی فەرمان ڕەوایی بمێنێتەوە، بەمەرجێک دەسەڵاتەکانی دەستوور دیاری بکات، بەڵام (پیتراشیڤسکی) سەبارەت بەتیوریەکانی (فۆرییە) تووشی شەڵەژان و بێسەروبەریی ببوو و نەیدەتوانی تێروانینێکی دیاریکراوی هەبێت، دۆستۆڤسکیش بەدانپیانانی بەو بیرکردنەوە مرۆڤ دۆستیەیی هاوڕێکانی، بەگومان بوو لە کارەکانیان و لە گونجاندنی بیروباوەڕی (فۆرییە) لەگەڵ واقعی ڕووسیادا، پێی وابوو ڕووسەکان لە دەوری مێژووەکەی خۆیان بن و لەو مێژووەوە ئەمن و ئاسایشی خۆیان دابین بکەن.

کۆمەڵەکەی (پیتراشیفسکی) دەیانویست لە کەسایەتی دۆستۆڤسکی، دۆستۆڤسکیەکی شۆڕشگێر دروست بکەن کە دروست نەدەبوو.

دۆستۆڤسکی لە بەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوەدا وتی (لەوە ناماقووڵتر و بێهودەتر نیە ڕووسیا حکومەتێکی شۆڕشگێری هەبێت، هەموو ئەوانەی دەم ناسن ئەم ڕاو بۆچوونەم دەزانن).

دۆستۆڤسکی باوەڕی بەوە هەبوو قەیسەر کۆمەڵێک چاکسازی و گۆڕانکاری بکات و سیستمی کۆیلایەتی جوتیاران هەڵوەشێنێتەوە پەیوەندی نێوان قەیسەر و میللەتی ڕووسیا پەیوەندی باوکانە بێت لەگەڵ گەلەکەی.

لە زۆربەی ناوچەکان جموجوولی شۆڕشگێرانە و مانگرتن و یاخی بوون دەستی پێکرد، دوای کوشتنی (١٢) کەسی موڵکدار لەلایەن جووتیارەکانیانەوە لە ساڵی (١٨٤٦)، لە ساڵی (١٨٤٨)یش (١٨) خاوەن موڵکی تر کووژران و دوای (٢٧) جووڵانەوەی یاخیبوون و نیوەی کۆیلەکانی شاری (ڤیتیبسیک) ڕاپەڕین و بەرەو پترسبۆرگ کەوتنەڕێ، بەڵام پۆلیس و سوپا توانیان



پێشیان لێبگرن، سەرەڕای ئەوانەش، مانگ هات و مانگ ڕۆیشت، جوتیاران هەر بەکۆیلەیی مانەوە.

جووڵانەوە و ڕاپەڕین و یاخی بوونی جووتیاران باوەڕی دۆستۆڤسکی بە چاکسازی دەوڵەت لەق کرد و هاتە سەر باوەڕی ئەو کۆمەڵە بچووکەی پەیوەندی پێیانەوە هەبوو و کاتێکیش لە دۆستۆڤسکییان پرسی جگە لە شۆڕش چی بکەین بۆ ئازادی کۆیلەکان؟ دۆستۆڤسکی وتی بەرپاکردنی شۆڕش!


لەو چرکە ساتانەدا، دۆستۆڤسکی ئامادە بوو بەئالایەکی سوورەوە دابەزێتە گۆڕەپانی خەبات، لەم سەرو بەندەدا، میشێلی برای دوای ئیستقالە کردنی گەیشتە سان پترسبۆرگ، دۆستۆڤسکی، میشێلی بە (پیتراشیڤسکی) ناساند، دواتر میشێلیش هاتە سەر ڕاکەی براکەی سەبارەت بەڕاپایی و دڵەڕاوکێی (پیتراشیڤسکی).

(پیتراشیڤسکی) هەوڵیدا لەو پارچە زەوییەی هەیانبوو کۆمەڵگایەک دروست بکات بۆ کارە هاوبەشەکانیان، بەڵام جووتیارە کۆیلەکان کە نەیاندەزانی سۆشیالیزمی فەرەنسی چیە، بینای کۆمەڵگەکەیان سووتاند.

دانیشتوانی پترسبۆرگ ئاگایان لە کۆبوونەوەکانی شەوانی شارەکە بوو، بەبێ ئەوەی گرنگی بەو کۆبوونەوانە بدەن، ئەندامی ئەنجوومەنی پیران (لیبیدیڤ) دەڵێت (ئەو گەنجانە خەڵکانی هەڵەوەڕ و چەنەبازن و هیچ نیین جگە لەوەی هەندێک منداڵی پیلان گێڕن و هەڵسوکەوتیان لە یاری منداڵانی قوتابخانەکان دەچێت.

لەناو ئەو گەنجانەدا گەنجێک بەناوی (سبیشنیڤ) دەرکەوت، گەنجێکی قۆز ڕووخساری لە ژنێکی جوان دەچوو، گەنجێکی پڕ لە نهێنی و لوغز، لایەنگری کاری هاوبەش بوو، هەموو ئامرازەکانی بەباش دەزانی بۆ لەناو بردنی دەسەڵات، یاخی بوون، تەقە کردن، نارەزایی دەربڕین، تیرۆری سیاسی، نەیدەترسان، کاتێک دەستگیر کرا،

DOSTOEVSKY



لەناو گیرفانەکانیدا شێوازێکی شۆڕشگێڕانەی سوێند خواردنیان دۆزیەوە (من لە خوارەوە ئیمزام کردووە پابەندی خۆم دەردەبڕم بۆ هەموو بڕیارەکانی لیژنەی باڵا، کاتێ یاخی بوون وهەڵسان بە بەرپاکردنی شۆڕش هاتووە، پابەندم بەبێ هیچ مەرجێک بۆ بەشداری تەواو بە جەنگ کردن، دوای وەرگرتنی چەک.

ئەم بوونەوەرە سەیرە دۆستۆڤسکی ناوی شەیتانی لێدەنێت کە کاریگەری نەرێنی دەبێت بەسەر دۆستۆڤسکیدا.

دۆستۆڤسکی رقی لە (سبیشنیڤ) دەبووەوە، چونکە پیاوێکی بێباوەڕ (مولحد) بوو، سەرەڕای ئەوەش دۆستۆڤسکی نەیدەتوانی خۆی لە کاریگەرێتیە سەیرەکەی قووتار بکات، کەسایەتیەکە، ئیرادەیەکی جەهەنمی هەیە، ڕق ئەستوورە، ناتوانی خۆشت بوویت، یان دەبێت شەڕی بکەیت یان دەبێت ملکەچی بیت، دۆستۆڤسکی بەخەم و پەژارەوە تەسلیمی بوو، لە هەلومەرجێکی ئێجگار نەبوونی و تەنگانەدا دۆستۆڤسکی (٥٠٠) رۆبڵ قەرزی لێکرد، بیرۆکەی ئەم قەرزە ئازاری زۆری دۆستۆڤسکی دەدا و تووشی خەم و پەژارەی کرد، پێیوابوو بەئاسانی ئەو قەرزەی پێنادرێتەوە، لەوانەشە بیداتەوە وەرینەگرێتەوە، بەشێوەیەکی نا ئیرادی مرۆڤ ئەو شەیتانانەی بیر دەکەوێتەوە کە لە سەرجەم کارەکانی دۆستۆڤسکیدا وێنەی شێواوی پاڵەوانەکانێتی.

بێ گومان دۆستۆڤسکی لەچاوی (سبیشنیڤ)دا کۆتایەکی ناشرینی دەبینی لەبنەما ئازادی خوازەکانی خۆی، چونکە گەورەترین داخوازی دۆستۆڤسکی ئەیزانی و جموجوڵە ترسناکەکانی (سبیشنیڤ)ی پێگەیشتبوو.

# ڕەوتە سیاسیە دەمارگیرەکانی ئەمڕۆی ئەوروپا



موعتەسەم نەجمەدین

ئەوروپا لە ئەمڕۆدا هاوشێوەی سەردەمی پێش شەڕی جیهانی دووەم بووەتە زەمینەی گەشەکردنی چەند ڕەوتێکی هزری سیاسی، کە بە زۆری ڕەوتی نەتەوەی دەمارگیر و شۆفینزم و توندڕەون. پۆپۆلیزم و نازیزم و فاشیزم جارێکیتر بە بەرگێکی جیاواز و بە کۆمەڵێک دروشمی جیـاوازەوە گۆڕەپانی سیاسی و جـەمـاوەری ئەوروپا دەشەڵەقێنن. ئەم ڕەوتانە بە گشتی هەڵگری هەمان ناوی ڕابـردوون، بەڵام بە پاشگری وشەی نوێوە، وەک نازیزمی نوێ، فاشیزمی نوێ، پۆپۆلیزمی نوێ و...تاد. لە هاوشانی ئەمانیشدا جموجۆڵێکی شەرمنانەی هزری چەپیش دروستبووەتەوە. دروستبوون و گەشەکردنی ئەم ڕەوتە سیاسیانە، جگە لە چەپەکان ئەوانیتر بە گشتی کـوڕی ڕاستڕەوە توندڕەوەکانن، لە جەوهەریشدا لە منداڵدانی هزر و دنیابینی ڕاسیزم و فاشیزمەوە خولٚقاون. ئەم فۆرمانە لە دەرئەنجامی بەرجەستەبوونی قەیرانی دارایی ئەوروپاوە خولٚقاون و بە گۆڕانی قەیرانی دارایی بۆ قەیرانێکی ئابووری جیهانی زۆر بە خێرایی گەشە دەکـەن. لە زۆربـەی وڵاتانی ئەوروپادا کاریگەریان لە سەر ئاراستە کردنی سیاسەت و دارشتنەوەی ستراتیجی نوێی وڵاتەکەیان خولٚقاندوە. لە بەرنامەی سیاسیاندا بە گشتی بانگەشە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ و جیاواز لە فۆرمی لیبڕالیزمی نوێ دەکـەن. واتا لە جەوهەردا پێیانوایە لیبڕالیبزمی نوێ، فۆرمێکی ئابووری و سیاسی بەسەرچووە و پێویستە وڵاتانی ڕۆژئـاوا بگەڕێنەوە بۆ



نازیزم و فاشیزم  لە پێناو خۆپاراستن لە مەترسیەکانی سرینەوەیان و تەوژمی دوژمنکارانەی کۆچبەران و گروپ و میللەتانی توندڕەو.

لە ئاراستە سەرەکیەکەیاندا بەگشتی بانگەشە بۆ دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی دەمارگیر و نەژادپەرست بۆ گەلانی خۆیان دەکەن. وڵاتێکیان دەوێت کۆچبەر و خەڵکی غەوارەی تیادا نەبێت، واتا بونیادنانی وڵاتێک لە سەر بنەمای نەژادپەرستی بۆ نەتەوەیەکی تایبەت یان نەژادێکی تایبەت. لە ڕەهەندی هزری و سیاسیاندا بە هەموو شێوەیەک دیموکڕاسی لیبرالی و ئەجندای هزری لیبرالیزمە نوێکان ڕەتدەکەنەوە، پێیانوایە دیموکڕاسی و پرانسیپەکانی مافی مرۆڤ و بنەما کۆمەڵایەتیەکان و یاساکانی وڵاتانی ئەمرۆی ئەوروپا دەبێتە هۆی داروخان و سڕینەوەی نەژادی و خەڵکی ڕەسەنی وڵات. هاوکات دەبێتە زەمینە بۆ ڕوودانی تاوان و گەشەکردنی تیرۆر، بۆیە پێویستە بەهەر نرخێک بێت کۆتای بەم مۆدێل و فۆرمە سیاسیە باوە بێت. ئەم واقعە لە ئەمڕۆدا بوەتە دیاردە لە شەقامی ململانێ سیاسیەکانی ئەوروپادا زۆر بە ڕوونی دەردەکەون و بێ شەرمانەیش بانگەشە بۆ بیروباوەڕەکانیان دەکەن. بگرە دۆخەکە بەو ئاراستەیەدا دەبەن، کە ئەم بیروباوەڕانە بکەنە جۆرێک لە کۆهەستی کۆمەڵایەتی و دوایش بکرێتە ڕای گشتی. بیروباوەری دمارگیری نەتەوەی و نەژادی و ڕاسیزم و فاشیزم و نازیزم بەشێکی زۆری تۆڕە کۆمەڵایەتیکانیان دادەپۆشێت، وەک دیاردەیەکی باو لە شەقام و بازاڕ و شوێنە گشتیەکاندا دەردەکەون.



هەواڵنامەی کتێب

دروشمەکانی (نەخێر بۆ فرە کەلتوری و دەرکردنی کۆچبەران و خەڵکی غەوارە) تەنیا لەلایەن ڕاسیزمەکانەوە کاری بۆ ناکرێت، بەڵکو لە ژێر کاریگەری و گوشاری ئەم ڕەوتانەیشدا هەندێکجار حزبە پارێزگار و میانڕەوەکان و حکومەت و کۆمپانیاکانیش کار لەسەر دەرکردنی کەسانی بیانی لە کارەکانیان دەکەن و ناڕاستەوخۆ سوکایەتیان پێدەکەن. لیبراڵە توندڕەوەکان بۆخۆیان کۆمەڵگایەکی هاوشێوە و لیکچویان دەوێت، کە بنەمای پێکهاتەی لە سەر نەژادپەرستی و دەمارگیری نەتەوەی بێت.

**دیارترین ئەم ڕەوتانە:**

**پۆپۆلیزمی نوێ**

جوڵانەوەی پۆپۆلیستی لە ئەمڕۆدا وەک ڕەوتێکی هزری سیاسی لە تەواوی وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژئاوادا لە گەشەکردندایە. بڵاوکردنەوەی بیروباوەری پۆپۆلیستی و تەرویجکردن بۆ سڕینەوەی ئەویتر و دژایەتیکردنی کۆچبەران و خەڵکی غەیرە نەژادی ئەوروپی تەواو پێچەوانەی بیروباوەڕی دیموکراسی لیبراڵە. گروپ و ڕێکخراوە پۆپۆلیستیەکان زۆر بە وردی کار لە سەر برەودان بە بیروباوەڕی دەمارگیری و نەژادپەرستی دەدەن، لەم ڕێگایەوە دەبنەوە هاوبەشێکی سەرەکی ڕێکخراو و گروپە نازی و فاشیستەکان.

پۆپۆلیزم وەک زاراوە و تێگەیشتن چەندین بۆچوونی جیاواز و هەندێک جار پێچەوانە و پارادۆکسی لە خۆگرتوە. لە ڕەهەندی شیکاری زمانەوانیدا وشەی پۆپۆلیزم popalism لە وشەی گەل (people)ەوە هاتووەتە ناو فەرهەنگی سیاسیەوە. بەم شرۆڤەیە



جوڵانەوەی پۆپۆلیستی لە ئەمڕۆدا وەك ڕەوتێکی هزری سیاسی لە تەواوی وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژئاوادا لە گەشەکردندایە. بڵاوکردنەوەی بیروباوەری پۆپۆلیستی و تەرویجکردن بۆ سڕینەوەی ئەویتر و دژایەتیکردنی کۆچبەران و خەڵکی غەیرە نەژادی ئەوروپی تەواو پێچەوانەی بیروباوەڕی دیموکراسی لیبراڵە

جەوهەری ئەم ڕەوتە هزریە بانگەشە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕای جەماوەر و ڕەتکردنەوەی ڕای توێژ دەکات. واتا پێیوایە بەردەوام جەماوەر ڕاستە و خۆی بەرژەوەندی خۆی باشتر دەبینێت، بۆیە پێویستە بۆ هەموو بڕیارێک بگەڕێینەوە بۆ ڕای جەماوەر، نەک توێژێکی ڕووناکبیری سیاسی، واتا ڕاستەوخۆ گرنگی بە ژیانی گشتی میللەت دەدات و ڕاستەخۆ گوتار ئاراستەی جەماوەر دەکات. لەمەڕ پۆلێنکردنی ئەم ڕەوتە سیاسیە دوو بۆچونی تەواو جیاواز و پێچەوانەی یەکتر هەیە، لایەنێک وەک فەلسەفە یان ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی کۆمەڵایەتی و لە سەر بنەمای پیرۆزکردنی میللەت شرۆڤەی بۆ دەکات. ئەم بۆچونە پێیوایە ڕای گشتی جەماور ئەستەمە هەڵە بکات، میللەت بۆخۆی سەرچاوەی حیکمەت و ڕاستیە. لەم ئاراستەیەدا پۆپۆلیستەکان کار لە سەر دروستکردنی کۆهەستی کۆمەڵایەتی دەکەن، بەڵام لێرەدا لادانە سەرەکیەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کاتێک، کە ئەم ڕەوتە دەبێتە بەشێک یان ئامرازێک بۆ بڕەودان بە بیروباوەڕی نەژادپەرستی و دەمارگیری، واتا لەو کاتەی نەژاد پەرستی و دەمارگیری دەبێتە کۆهەستی جەماوەری، کۆمەڵگایەک ئامادە دەبێت بۆ گەشەکردن و دروست بوونی فاشیزم و نازیزم. ئەم واقعە لە سەردەمی پێش شەڕی جیهانی دووەم تەواو بەرجەستەببوو، دواتریش دروستبوون و گەشەکردنی فاشیزم و نازیزم لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیا هەموو جیهانیان ڕاپێچی شەڕ و نەهامەتی و ماڵوێرانی کرد.

لە بەرامبەر ئەم بۆچونەدا ڕایەکی تەواو پێچەوانەیش هەیە، کە پێیوایە پۆپۆلیزم لە جەوهەردا گوتارێکی سیاسیە، کار لە سەر تەفرەدانی عەقڵی گشتی دەکات، لە ڕێگای ختوکەدانی هەستی جەماوەرەوە کار بۆ گەیشتن بە خواستە تایبەتییەکانی گروپێگ یان حزبێکی سیاسی دەکات. ئەم ئاراستەیە پێیوایە پۆپۆلیزم لە جەوهەردا تەنیا جوڵانەوەیەکی سیاسیە و هیچیتر، لە کۆتایدا خزمەت بە بیرو باوەڕی فاشیزم و نازیزم دەکات و هیچ بنەمایەکی هزری و ئایدیۆلۆجی نیە، بەڵکو تەنیا گوتارێکی سیاسیە و لە پراکتیکدا کار لەسەر دوو تەوەری سەرەکی دەکات، ئەویش خولْقاندنی ترس و دڵەڕاوکێ، ڕق و کینیە.

پۆپۆلیستەکان بە گشتی کار لەسەر سەپاندنی پرنسیپی ئەرکی لە پێشینە دەکەن. لە بەرنامەی سیاسی و کار و چالاکیاندا کۆمەڵێک پرس دەکەنە ئەرکی سەرەکی و لە پێشینەیان و ئامادەیی دەردەبڕن بۆ قوربانیدان بە چەندین پرس لە پێناو ئەم پرسانەدا. بۆ نموونە ئەمریکییەکان باس لە گرنگی و ئەرکی لە پێشینەیان لەپرسی نەتەوەیی و نیشتمانیدا دەکەن و پێیانوایە قوربانیدان بە دیموکراسی و پرنسیپەکانی مافی مرڤ لە پێناو بەرژەوەندیە نەتەوەیەکانیدا، ئەرکێکی ڕەواو ڕاستە. لەم بوارەدا ئامادەیی دەردەبرن بۆ ئەنجامدانی هەموو شەڕێکی ڕەواو ناڕەوا لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەیدا. کاتێک، کە دۆناڵد ترامپ سەرۆکی پێشوی ئەمریکا بانگەشەی سیاسی دەکات، بە بەردەوامی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە،

کە بەرژەوەندی ئەمریکا لە پێش هەموو شتێکەوەیە، ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێت: پاراستنی بەرژەوەندی ئەمەریکا لە یەکەمین ئامانجەکانمانە.

لە واقعدا تەواوی پۆپۆلیستەکانی ئەمڕۆ لە وڵاتانی ڕۆژئـاوا لـە سـەر بنەمای ڕاسـیزم و نەژادپەرستی و دەمارگیری بونیادی جەستە و گیانی خۆیان لە جوڵانەوەیەکی سیاسیدا دەنێنەوە. ئەم ڕەوتە سیاسیانە لـە وڵاتـانـی دواکـەوتـوو سروشت و دروشمەکانیان دەگۆڕێت، بە زۆری جەخت لەسەر پێداویستیە سادەکانی جەماوەر وەک نان و ئـازادی و ژیانی شەرفمەندانە دەکـەنـەوە. جیاوازییەکی دیکەی نێوان پۆپۆلیزمی ڕۆژئاوایی و پۆپۆلیزمی وڵاتانی دواکەوتوو ئەوەیە پۆپۆلیزمی نوێ لە ڕۆژئاوا دروست دەبێت و خاوەن پـرۆژەی هزری سیاسیە، بەڵام پۆپۆلیزمی وڵاتە دواکەوتوەکان هەتا ئەمڕۆیش بە هەمان عەقڵ و ئەجندای کۆن دەخولێن و لە پراکتیکیشدا خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی هزری نین، بەڵکو هەموو هزر و بەرنامەی سیاسیان زیاتر لە گوتارێکی سیاسیدا چڕ دەبێتەوە، بۆیە پۆپۆلیستە کوردیەکان لە هەرێمی کوردستان، جگە لە دروشم هیچ پرۆژەیەکی هزری سیاسیان پێ نیە. ئەم ئاراستەیە، پۆپۆلیزم لە گوتارێکدا چڕ دەکاتەوە، کە لە سەر بنەما و لۆجیکی ئاسانکردن و سادەکردنەوەی کێشە و پرسەکانی کۆمەڵگا و تاک و خستنەڕووی چارەسەری خێرا و ناواقعی بۆیان، هەر لەسەر ئەم دنیابینی و بۆچونە بەرنامەی سیاسی خۆی دادەڕێژێت ودەخاتەڕوو.

ئەم دنیابینیە بۆچوونی نەیارانی بیر و ئایدیای پۆپۆلیزمە و بە گوتارێکی نا بەرپرسیار، کە گرەو لەسەر بەلاڕێدابردنی خەڵکی عەوام لە ڕێگای ئیستغلال کردنی سۆز و هەستی خەڵکانی ناڕازی و تورە لەواقع جێگیر دەکات. واتا چەندێک ڕێژە و قەبارەی خەڵکی ناڕازی پەراوێزخراو، زیاتر بێت زەمینەی گەشەکردنی ئەم فۆرمە لە جوڵانەوەی سیاسی زیاتر دەبێت. لە خاسیەتە دیارەکانی پۆپۆلیزم ئەوەیە تەنیا لە فۆرمێکی تایبەتدا بەرجەستە نابێت، بەڵکو لە زۆربەی جوڵانەوە و حزبە سیاسیەکاندا بە جیاوازی بیروباوەر و ئایدیۆلۆژیاوە جێگای دەبێتەوە.



لە واقعدا زۆرێک لە حزب و جوڵانەوەکانی چەپ و لیبرال و ئاینی و نەتەوە و شۆفینی، نازی ..تاد، گوتارێکی پۆپۆلیستییان هەیە، یان بەشێک لە بەرنامەکانیان بە شێوازی پۆپۆلیستی جێبەجێ دەکەن، هەندێکجار جوڵانەوەیەکی سیاسی لە جەوهەردا پۆپۆلیزم نیە، بەڵام هەڵگری خاسیەت و سیمای پۆپۆلیستی هەیە. بە گشتیش کار لەسەر ڕەتکردنەوەی قاڵبە ئامادەکراوەکان و ڕەوتە سیاسیە باوەکان دەکات. داهێنانی دروشمە دژە باوەکان و دەرچوون لە پرۆتۆکۆڵ و گرەوکردن لەسەر خوڵقاندنی پشێوی و خەیاڵی بەرجەستە کردنی گۆڕانکاری جەوهەری لە پرۆسەی سیاسی و ژیانی کولەمەرگی خەڵک دەکات.

پۆپۆلیزم ئایدیایەکی سیاسیە لەسەر کۆمەڵێک بیر و دنیابینی و ئایدیای ئاڵۆز و تەمومژاوی بونیاد دەنرێت و لە واقعدا هیچ وابەستەیەک نیە پارچەکانی ئەم بیروباوەر و ئایدیایە بە یەکەوە ببەستێتەوە، بە واقعی هەڵگری جۆرێک لە پارادۆکسی هزری و سیاسیە. بەپێی پێویست گوتارەکانی دادەڕێژێتەوە نەک لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پرنسیپی دیار و کۆمەڵێک باوەڕی نەگۆڕی پێشوەختە.

### نازیزمی نوێ

نازیزمی نوێ لە ئەمڕۆدا لە سەر بنەمای بیر و دنیابینی نازیزمی کۆن بونیاد دەنرێتەوە. ئەم فۆرمە لە جوڵانەوەی سیاسی لە ئەوروپا بەهەمان شێوەی سەردەمی پێش شەڕی جیهانی دووەم زەمینەی دروست بوون و گەشەکردنی بۆ ڕەخساوە، هەر ئەمەیش هۆی بونیادنانەوەیەتی لە ئەڵمانیا و چەندین وڵاتی تری ئەوروپا. ڕاسترەوە توندڕەوەکان و گروپە نەژاد و دەمارگیرە نەتەوەییەکان قۆناغ بە قۆناغ و سات بە سات زیاتر لە فۆرمی نازی نزیک دەبنەوە. لە پرۆسە و چالاکی سیاسیاندا نازییەکان



بە شێوەیەکی گشتی بانگەشە سیاسیەکانیان بەدوو ئاراستەدا بونیاد دەنرێن، ئاراستەیەک لە بواری ناوخۆیدا دژایەتیکردنی کۆچبەران و غەیرە ئەڵمانەکان، ئاراستەیەکیش لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا، لەهەردوو ئەم بانگەشانەدا پرسی پیرۆزی و مەزنی نەژادی ئەڵمانی لە بەرامبەر تەواوی گەلان و نەتەوەکانیتردا دەخەنەروو

هەولێرنامەی کتێب

دژی تەواوی جوڵانەوە و حزبە لیبراڵ و میانڕەو و چەپ و نەتەوەییەکانە، دۆست و هاپەیمانی تەنها لەگەڵ حزب و جوڵانەوە شۆفینی و فاشیستەکان دەکەن. لە ژێر چەتری دنیابینی نازیزمدا ئەم ڕەوتانە کار بۆ گێڕانەوەی ئەڵمانیا دەکات بۆ ئەڵمانیە ڕەسەنەکان.

بە شێوەیەکی گشتی بانگەشە سیاسیەکانیان بەدوو ئاراستەدا بونیاد دەنرێن، ئاراستەیەک لە بواری ناوخۆیدا دژایەتیکردنی کۆچبەران و غەیرە ئەڵمانەکان، ئاراستەیەکیش لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا، لەهەردوو ئەم بانگەشانەدا پرسی پیرۆزی و مەزنی نەژادی ئەڵمانی لە بەرامبەر تەواوی گەلان و نەتەوەکانیتردا دەخەنەروو. کار لە سەر سەپاندنی ئەجندا و هەژمونیان بەسەر وڵاتانی دیکەدا دەکەن. لەواقعدا نازییەکان نەک تەنها کۆچبەران بە ئەڵمانی نارەسەن و غەیرە دادەنێن، بگرە ئەو ئەڵمانیایانەیشی، کە ڕەگەزی غەیرە ئەڵمانییان هەیە، یان لەڕووی نەژادییەوە جیاوازن، ئەگەر سەد سالیش لە ئەڵمانیادا ژیابن و ناسنامەی ئەو وڵاتەشیان هەبێت، لای ئەمان غەیرە و کۆچبەرن. بەواتا ئەڵمانییەکی ڕەش پێست یان نەژاد ژاپۆنی با دەیان ساڵیش بێت باوباپیرانیان لە ئەڵمانیا نیشتەجێ بووبن و خزمەتی ئەڵمانیایان کردبێت و نەوە لە دوای نەوەیش هەڵگری ناسنامەی ئەڵمانیا بن، لە دنیابینی نازیەکانەوە هەر غەیرە و کۆچبەرن و پێویستە لە ئەڵمانیا دەربکرێن. پرۆسەی خوڵقاندنی دوژمن لای نازییە نوێیەکان لە ئەمڕۆدا لە کۆچبەران و ئەڵمانییە نەژاد جیاوازەکاندا چڕدەبێتەوە. لێرەدا ئەوەی بۆ نازییە نوێیەکان دەبێتە گرفت، گەورەیی قەبارەی ئەم توێژانەیە لە کۆچبەران و ئەڵمانییە نەژاد جیاوازەکان. لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە بەهۆی ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەی لە سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوروپیدا ڕوویدا و هاوکات بونیادنانی دەوڵەتی خۆشگوزەران و گەشەی ئابووری ئەم وڵاتانە لە زۆر وڵاتانی دونیاوە، بە تایبەتی لە وڵاتە دواکوتووەکانەوە بە لێشاو خەڵکی ڕوویان لەم وڵاتانە کرد و تیایدا نیشتەجێ بوون و دواتریش زۆرینەیان ناسنامەی ئەو وڵاتانەیان وەرگرت. ئەم واقعە جیاوازە لە واقعی سەردەمی نازیزمی هیتلەری بەوەی ئەوکات دوژمنی ئەڵمانیای مەزن لەبواری ناوخۆییدا لە جولەکەکاندا چڕ دەکرایەوە، ئەمانیش ئەو دەم بە بەراورد بە ڕێژەی ئەڵمانییە ڕەسنەکان وەک ئەوەی خۆیان ناویان لێنابوو کەمینە بوون و هیتلەر توانی زۆر بە ئاسانی جینۆسایدیان بکات و وەک پرۆسەیەکی سیاسی بۆ بەرژەوەندی نازییەکان و تەفرەدانی ئەڵمانیەکان بەکاریان بهێنێت، بەڵام لە ئەمڕۆدا دوژمنانی نازیزم لە ناوخۆ و دەرەوە ئەوەندە گەورە بوون زۆر لە قەبارەی نازییەکان زیاترن. لە ڕاستیدا هەر ئەم هەقیقەتەیش هۆی سەرەکی ئەوەیە، کە نازیە نوێکان لە ئەمڕۆدا بە دوای سیاسەت و مۆدێلێکی نوێی خۆڕێکخستنەوەدا دەگەڕێن.

لەبارە گشتیەکەیدا ژینگەیەکی ئانارشیست و قەیراناوی زەمینەی دروستبوون و گەشەکردنی نازیزم و فاشیزمە. ئەم مەرجە هۆیەکی هاوبەشە بۆ دروست بوونی نازیزم لە هەرسات و جێگایەکدا بخولقێت. هەڵگرتنی خاسیەتی پۆپۆلیستی و گوتاری پۆپۆلیستی بۆ تەواوی بیروباوەر و جوڵانەوە نازییەکان و فاشیەکان لە هەموو سەردەم و جێگایەکدا مەرجێکی ژیاری گەشە کردنیانە. پرۆسەی خوڵقاندنی دوژمن و ترس لەلایەک و خوڵقاندنی ڕق و کینە و تورەی لەلایەکی دیکە دەبنە بناغەی سیاسەتی ئەم ڕەوتە، هزری سیاسیان بە گشتی. لە ساڵی ١٩٣٢ وزیری ڕاگەیاندنی نازییەکان جۆبلز لە وتارێکدا دەڵێت: وڵاتی دایک لە مەترسیدایە، میللەت لە لێواری فەنابووندایە، گەل بێزار و تورەیە، ئەگەر لە گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکان و ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆی ئەڵمانیای تیاداخزێنراوە سەرکەوتوو نەبین، هەموو هیواکانمان بۆ بوونیادنانی ئەڵمانیایەکی نوێ لە گۆڕ دەنرێت. هەر لەمەر ئەم باسە لەم سەردەمەیشدا ماریۆ مۆلەریش ئەم ئەجندایە دووبارە دەکاتەوە، کاتێک، کە دەڵێت: لە چەند دەیەی داهاتوودا ئەڵمانی ڕەسەن بوونی نامێنێت و کۆچبەر و غەیرە ئەڵمان دەبنە خاوەنی ئەم وڵاتە. واتە خوڵقاندنی ترس لە ئایندە و کۆتایهێنان بە ئەڵمانییە ڕەسەنەکان وبانگەشەکردن بۆ مەترسی گۆڕین ئەڵمانییە ڕەسەنەکان بە هاوڵاتی پلە دوو لە بانگەشە و پروپاگەندە سیاسیەکانی نازییەکانە لە ڕابردوو و ئێستایشدا. هەروا دەڵێت: ئەرکە و پێویستە نازییەکان بە هەموو ڕێگا و شێوەیەک ڕووبەڕووی ئەم واقع و چارەنوسەیان ببنەوە، ئەگەر ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیە چەندێک نامرۆییانەش بێت. لە سەردەمی پێش شەڕی جیهانی دووەمدا نازییەکان، جولەکەیان کردبووە دڕندە و دوژمنی پلەیەکی ئەڵمانییەکان، لە ئەمڕۆدا کار لەسەر بە دوژمن کردنی کۆچبەران و ئیسلامیەکان و غەیرە ئەڵمانەکان دەکەن. لەم پرۆسەیەدا بە خوڵقاندنی دوژمنێکی دڕندە و بکوژ و مەترسی فەنابوون کار لەسەر تەجنیدکردنی هەزاران ئەڵمانی دەکەن و دواتریش بە چاندنی ڕق و کینە لە ناخیاندا مرۆڤی نازی عەیار بیست و چوار بوونیاد دەنێنەوە. لە ڕاستیدا ئەم پرۆسەیە تەنیا مەترسی نیە بۆ زیندوکردنەوەی نازیزم، بەڵکو جۆرێکیتر لە تیرۆر بوونیاد دەنرێت. تیرۆرکردن لەسەر بنەمای غەیرە باوەڕی ئاینی و ئایدیۆلۆژی. گۆڕینی دوژمن لە ئەمڕۆدا لەلایەن نازییەکانەوە لە جولەکەوە بۆ ئیسلام و کۆچبەران و هەموو غەیرە ڕەگەزێکی نەژادی و لە سێبەری بوون بە کەمینەی (ئەڵمانی، ئیتالی، فەرەنسی، و....تاد)کان لە بەرامبەر کۆچبەران و ئیسلامیەکان و ڕەگەزە جیاوازەکان لە سنوری وڵاتە ڕەسەنەکان هۆیەکی سەرەکی دروست بوونی جۆرێک لە تیرۆرە، کە هەتا ئەمڕۆ وەک حاڵەت دەیبینین، بەڵام

هەواڵنامەی کتێب

دوور نیە لە ئایندەدا و لە سێبەری ئەم ئاراستەیەدا نەبێتە دیاردە. بۆ نمونە هەندێکجار دەبیستیت، کە کەسێک بە هەڕەمەکی و زۆر بە دڕندانە هێرشی کردوەتە سەر گردبوونەوەیەکی ئەو توێژە جیاوازانە، یان هێرشیان کردوەتە سەر مزگەوتێک لە ئەوروپا و دەیان کەسیان زۆر بە ئاسانی و بێ لێکدانەوە لە گەورە و منداڵ کوشتون. ئەم حاڵەتە هەندێکجار لە چەندین وڵاتی ئەوروپی بە شێوازی جیاواز، بەڵام بە یەک عەقڵیەت دووبارە دەبێتەوە.

**فاشیزمی نوێ**

لە ساڵانی کۆتای سەدەی بیستەمەوە جارێکیتر فاشیزم وەک ڕەوتێکی هزری سیاسی لە ئەوروپادا بەڕوونی لە گەشەکردندایە، ئەوروپا بووە بە لانکەی گەشەکرن و تەشنەکردنی ئەم ڕەوتە هزریە سیاسیە. ئەم ڕەوتە لە سەردەمی نێوان هەردوو شەڕی جیهانی یەکەم و دووەمدا وەک ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسی لە گەشەکردن و بڵاوبونەوەدا بووە، لەو دەمەدا تەنیا لە وڵاتانی ئەوروپادا نەمایەوە، بەڵکو پەلی کێشا بۆ زۆربەی وڵاتان و



گەلانی جیهان لە سەرانسەری گۆی زەویدا. تەنانەت لەوڵاتانی دواکەوتووی وەک عێراق و کوردستانیش ئەم ڕەوتە دەرکەوتن و چالاکی بەرچاویان هەبووە. وەک دیاردە لە ئەمڕۆدا تا ئەم بەرواره زیاتر لە وڵاتانی ڕۆژئـاوادا دەرکەوتوون. ئەو بارودۆخە قەیراناوی و ناجێگیرەی جیهانی گرتووەتەوە و دەرهاویشتەکانی لە وڵاتانی ڕۆژئـاوا وایکردوە ئەو وڵاتانە جارێکیتر ببنەوە بەلانکەی دروستبوون و گەشەکردنی فاشیزم. سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و ئابووری لەو وڵاتانە دەبێتە هۆی ئـەوەی ئەم ڕەوت و فۆرمانە زۆر بە خێرایی گەشە بکەن. لەگەڵ ئەوەی فاشیزم لە ئەمڕۆدا هەوڵدەدات بە بەرگ و سیما و ئەجندای جیاوازەوە خۆی بسەپێنێت، بەڵام لە کرۆکدا هەمان ئەو ڕەوتە هزری و سیاسیەیە، کە پێش شەڕی جیهانی دووەم لە بـرەودابـووە و جیهانیان توشی شەڕ و دۆخێکی نەخوازراو کردووە. ئەم فۆرمە لە ئەمڕۆدا بە فاشیزمی نویٚ ناوی دێت. لە جەستە و گیانی ڕاسیزمی نەتەوەیی نەژادپەرستیدا دروسـت دەبێتەوە. ئۆتۆکڕاسی و پۆپۆلیزم لە خۆیدا بوونیاد دەنێت. بە هەمان ئەجندا و مۆدێلی نازیزم لەسەر پایەی خوڵقاندنی ترس و ڕق و کینە کاردەکات. ئەمە خاڵێکی زۆر هەستیاری هاوبەشی نێوان پۆپۆلیستەکان و نازیەکان و فاشیەکانە. دژایەتیکردنی کۆچبەران و غەیرە و ئیسلام وێنەی دوژمن دەخوڵقێنن، پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئـازادی بە تەواوەتی ڕەتدەکەنەوە، لیبرالیزم و چەپ و هەموو جوڵانەوە و ڕەوتێکی هزری جیاواز لە خۆیان بە نەیار تۆماردەکەن. لە بانگەشەی سیاسیدا بەدوو ئاراستە کاردەکەن. لە ئاراستەیەکدا بانگەشە بۆ

> بە شێوەیەکی گشتی بانگەشە سیاسیەکانیان بەدوو ئاراستەدا بونیاد دەنرێن، ئاراستەیەك لە بواری ناوخۆیدا دژایەتیکردنی کۆچبەران و غەیرە ئەڵمانەکان، ئاراستەیەکیش لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا، لەهەردوو ئەم بانگەشانەدا پرسی پیرۆزی و مەزنی نەژادی ئەڵمانی لە بەرامبەر تەواوی گەلان و نەتەوەکانیتردا دەخەنەروو



بێخەوشی نەژادی و نەتەوەی و ڕاسیزم و ڕەگەزپەرستی دەکەن و لە ئاراستەیەکی دیکەدا دژایەتی لیبرالیزم و چەپ و هەموو ڕەوتە نەتەوەیی و لیبراڵە پارێزگار و میانڕەوەکان دەکەن. لەمەر ڕاسیزم و فاشیزم، ڕۆجەر گریفین (Roger Griffin) دەڵێت: فاشیزم فۆرمێک لە فۆرمەکانی دەمارگیری نەتەوەی پۆپۆلیستیە. ئامانجی بونیادنانی دەوڵەتێکی نوێیە لە هەناوی قەیران و داڕوخانی ئابووری سیاسی کۆمەڵایەتیدا. لەم پرۆسەیەدا پێویستە لەسەر فاشیەکان کار لەسەر ڕووخانی تەواوی ستراکچەری سیاسی و فەرمانڕەوایی و ئەجندای سیاسی دەسەڵاتی جێگیر بکات و کار لە سەر شکاندن و سرینەوەی بەها و پرنسیپە کۆمەڵایتیەکانی ئەو فۆرمە جێگیرەی ژیان بکات، کە لە ئەمڕۆدا بوەتە بنەمای سەرەکی جێگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی. لە سەردەمی پێش شەڕی جیهانی دووەم فاشیەکان هەردوو بیر و ئایدیای سەرمایەداری و سۆسیالزمیان بە دوژمنی سەرسەختی خۆیان و بەربەست لە بەردەم گەشەکردن و پێشکەوتنیان دەزانی. لە ئەمڕۆدا پاشەکشێی چەپ ئەو بارەی بۆی خوڵقاوە، کە لە پرۆسەی دژایەتی کردنی لەلایەن نازییەکان و فاشیەکانەوە لە پلەی یەکەمەوە دابەزێت بۆ پلەیەکی لاوەکی. ئەم ڕەوتە هزریە لە بونیادیدا دەوڵەت وەک گیان و جەستەیەکی بایۆلۆژی دەبینن، بە پێچەوانەی تەواوی هزر و ئایدیاکانی دیکەوە، کە بە گشتی هەریەکەیان لە دنیابینی خۆیەوە دەوڵەت لەلایان جەستەیەکی کەلتوری مێژووییە.

فاشیزم ڕەوتێکی هزری سیاسی دەمارگیر و توندڕەوە و کەسانی ڕاسیزم و دەمارگیر و فاشی نەبێت نایگرێتە خۆی. لە کرۆکدا هەڵگری جۆرێک لە پاڕادۆکس و کۆکەرەوەی (شتێک و دژەکەیتی) پێکەوە، بۆ نمونە دژی بۆرجوازیە، بەڵام هاوپەیمانی لەگەڵ موحافیزکارەکاندا دەکات. لەژێر پەردەی مافی نەتەوەییدا بانگەشە بۆ سرینەوەی گەلان و نەتەوەکانی دیکە دەکات. لە ژێر سایەی سیستمدا بانگەشە بۆ تێکدانی جێگیری و بەرپاکردنی توندوتیژی و توندڕەوی دەکات و.... تاد. لە پرۆسەی گەشەکردنی فاشیزمدا خراپی باری کۆمەڵایەتی و گوزەرانی خەڵک، هەژاری، بێکاری، ڕۆڵی زۆر گەورە لە ڕەخساندنی زەمینەی گەشەکردنی دەبینێت. لاوازی بونیادی دەوڵەت و فەرمانڕەوای بوونی جۆرێک لە ناجێگیری و ئەنارشیزم زەمینەی گەشەکردنی ئەم دیاردەیە زیاتر دەکات. جەوهەری ئەجندای هزری شۆفینزم و نازیزم وەک دوو ڕەوتی هزری شمولی کار لەسەر بەرجەستە کردنی پرۆسەی ترس و تۆقاندن و تیرۆر بە مەبەستی خوڵقاندنی ئایدیا و عەقڵێکی ئەبستکرات و ڕەتکردنەوەو سڕینەوەی هەموو بیرو دنیابینیەکی جیاواز لە خۆیان دەکەن.



# فابریککردنی واتا
# (دەربارەی نیشانەناسی و
# گێڕانەوە لەلای گریماس)

## دیمانە لەگەڵ:
# بەیان سەلمان



**سازدانی: هەرێم عوسمان**

٢٠٢٢/٩/١٤–٢٠٢٢/١٠/٣١

بەشی یەکەم

**. لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا چەند تیۆر و قوتابخانەیەکی گرنگ لەژێر کاریگەری تێز و تیۆرییەکانی سۆسورەوە هاتوونەتە ئاراوە. دەمەوێت بپرسم تیۆرییەکەی گریماس لە چ زەمینەیەکدا سەریهەڵداو چی وەرگرت و چی زیادکرد؟ چۆن دەتوانین سەرەتایەک بۆ قوتابخانە تیۆرییەکانی گریماس دەست نیشان بکەین؟**

لەسەرەتای سەدەی بیستەوە ڕەوشی مۆدێرن سەری هەڵدا، مەبەستم وەک پێناسەیەک بۆ خوێندنەوەی ڕەخنەیی و پێداچوونەوە بەهزری پێشینەیی. شەڕی یەکەم و دووەمیی جیهانی بوون بەهۆی دەرکەوتنی چەندین خوێندنگە و ڕەوشی نوێ. بێگومان بایەخدان بەبواری زمانگەراییlinguistique ، شێوەگەراییformalisme ، نیشانەگەرایی sémiotisme، بونیادگەرایی structuralisme، چەمکی خوێندنەوەی ڕەخنەیی گۆڕی و وەرچەرخانێکی لەڕوانگە و پێداچوونەوەی دەقەکاندا کرد. بەدوایاندا هەڵوەشانگەرایی déconstruction وەک ڕەوشی پۆست مۆدێرن بانگەشەی بۆ خوێندنەوەیەکی تەواو جیاواز بۆ دەقەکان کرد. بەو پێیەی کە هیچ دەقێک جێگیر نیە و لەناواخنیدا هەڵگری دەیان واتایە کە وەرگرتنی، یاخود گەیشتنی دەقەکە کراوەیە. بێجگە لەوەی بۆ هەر خوێندنەوەیەک هەمان وەرگرتن نیە. بێگومان ئاڵۆزبوونی ژیان لەهەموو بوارێکدا، بڵاوبوونەوەی




زانستی ئینفۆرماتیک، دیموکراتیزەکردنی ئینتەرنێت، نانۆتەکنەلۆجیا... دەبنە هاندەری نوێ لەداهاتوودا بۆ سەرهەڵدانی ڕەوشی نوێ و ناونانی دیکە، ئەوەش پێداچوونەوە بەوانەی پێشووتر دەکات.

جاری بابزانین زمانەوانی خۆی چییە؟ بەپێی فەرهەنگی «پتی ڕۆبێرت»((١)، بەزۆری بەلێکۆڵینەوەی زانستی لەزمان پێناسە دەکرێت. گریماس لەدەقی «واتاسازیی بونیادگەر» زمانەوانی دەناسێنێت بەوەی، دەتوانێت دژایەتی ڕێزمان و فیلۆلۆژی بکات کە بواری سەرقاڵییەکانیان جیاوازن: وەک بایەخدان بەپێوەری هەڵسەنگاندن، بایەخدان بە

بەراوردکاری: زمانەوانی لێکۆڵینەوەی زانستی زمانە مرۆییەکان، لێکۆڵینەوە لەزمانە سروشتییەکان، واتە کار لەسیستەمێکی بێ خەڵتەی واتا دەکات، بۆیە دەتوانێت بەبێ پارادۆکس بانگەشەی ئەوە بکات کە مۆدێلێکی بیرکردنەوەیە بۆ زانستە مرۆییەکان. هەرچەندە ئامانجەکانی ئەو دەقە لەبنەڕەتدا زمانەوانین، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە لەو کتێبەدا ئەنجامدراوە دوو هێندە لەزمانەوانی جیا دەکرێتەوە، وەک چۆن ئەو کاتە لەلایەن لایەنگرانی ڕێزمانی گۆڕانکاری ئەوەی چۆمسکییەوە پراکتیزە دەکرا.

بابپرسین نیشانەناسی چییە؟ زانستێکە لێکۆڵێنەوە لەبارەی سیستەمی نیشانەکان دەکات. ئەی ئامانجی چییە؟ سنووردارکردنی وەرگرتنە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو نیشانانەی کە لەناواخنی دەقێکدا هاتوون. نیشانەناسیی لێکۆڵینەوەشە لەنیشانە و هێماکان وەک بەشێکی گرنگی پەیوەندییەکان. ئەم بەپێچەوانەی زمانەوانی، لەسیستەمی نیشانە نازمانییەکانیش دەکۆڵێتەوە. هەر چۆن فەیلەسوفی فەرەنسی جان ییپۆلیت، سەبارەت بەزمانی دەستکرد دەڵێت، «(...) زمانی دەستکرد، وەک ماتماتیک و داتای ئینفۆرماتیک، کۆدە کە بەنێوەندی کۆمەڵە دەربڕینێکی تایبەت زمانێک دادەهێنێت و رایدەگەیەنێت کە لەدۆزێکدا واتای هەیە و لەیەکێکی دیکەدا نیەتی...»(٢) لەزمانیشدا، بەواتا زمانەوانییەکەی، ڕستە کەمترین نیشانەیە، نەک وشە، چونکە هەمیشە فۆرمێکی گوتنەوە لەخۆ دەگرێت کە کەمترین گوتنە. بەو جۆرەش، نیشانەناسی بریتییە لەلێکۆڵینەوە لەنیشانەکان و پرۆسەی نیشانەکان، ئاماژەدان، دەستنیشانکردن، لێکچوون، لێکچوونی هاودژ، پێوەر، دەربڕینێک لەبری مەبەستێکی دیکە، میتافۆر، هێما، واتا و هاوپەیوەندی. نیشانەکان، سروشتی بن یان دەستکرد، بەو واتایەی لەڕووی تەکنیکییەوە مرۆڤ بەداهێنان

هەواڵنامەی کتێب

**بەیان سەلمان**



لەسەرەتای سەدەی بیستەوە ڕەوشی مۆدێرن سەری هەڵدا، مەبەستم وەك پێناسەیەك بۆ خوێندنەوەی رەخنەیی و پێداچوونەوە بەهزری پێشینەیی.
شەڕی یەكەم و دووەمیی جیهانی بوون بەهۆی دەركەوتنی چەندین خوێندنگە و رەوشی نوێ

و دروستکردن و بەرێککەوتن لەنێوان خۆیاندا لەسەر واتا و مەبەستەکانیان پەرەی پێدراوە و پێیدەدرێت، وەک زمانی مرۆڤ و زمانی نیشانەکانی هاتوچۆ... یان ئەوەتا نیشانەکان لەسروشتدا هەن بەبێ خۆهەڵتێقورتانی مرۆڤ، بەشێوەیەکی خۆرسکیانە هەن، وەک دەنگی ئاژەڵەکان، دەربڕینی ئەو دەنگانەی ئاماژەن بۆ ئازار، سەرسوڕمان و ناڵە و هاوارکردن، وەک: ئۆە، ئاە، ئای، ئاخ...

پێویستە بڵێین کە قوتابخانەی فەرەنسی بەپێشەوایی فردیناند دو سۆسور، بەوە خۆی لەوەی ئەمریکیەکان، بەپێشەوایەتی شارڵ ساندریس پێرس charles sanders peirce، جیادەکاتەوە کە زمانەوانی بەشێکە لەنیشانەناسی، بەڵام ئەمریکیەکان بەپێچەوانەوە، نیشانەناسی بە بەشێکی زمانەوانی دادەنێن. گرنگترین جیاوازی نێوان سۆسور و پێرس لەوەدایە، سێمیۆتیک بۆ پیرس هەروەک لۆژیکە، بۆیە فەرمییە. بۆ ئەو سێمیۆتیک وەک مێتا-زانست ئامادەیە، واتە لەپێوەندی لەگەڵ زانستەکانی تردا دەخرێتە دواوە. بۆ سۆسور سیمیۆلۆژی زانستێکی مرۆییە نەک لۆژیکی. سێمیۆتیکی پێرس بەڕووی بوارە جۆراوجۆرەکانی مەعریفەی مرۆیی و زانستی بەگشتیی دەکرێتەوە؛ لەکاتێکدا سۆسور سێمیۆلۆجی لەبواری ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەهێڵێتەوە. بێجگە لەوەی، لەڕوانگەی زاراوەوە، پێرس ئەم زانستە بەسێمیۆتیکsémiotique ناودەبات، لەکاتێکدا سۆسور بەسێمیۆلۆجی sémiologi ناوی دەبات. دواتر بابەتی ئەو دوو زاراوەیە لەلایەن گریماسەوە یەکلایی کراوەتەوە کە بناغەکانی نیشانەناسیی دانا و چەمکەکانی دووبارە پێناسە کرد. هاوکات یاکۆبسۆن و بێنڤێنیست و ڕۆلاند بارتیش لەساڵی ١٩٦٨دا دەنگیان یەکخست بۆ ناونانی نیشانەناسی. بەڵام ڕۆڵان بارت لەکتێبی «توخمەکانی سیمیۆلۆژیا» لەبارەی نیشانەناسییەوە دەڵێ، «سیمیۆلۆژیا بەشێکە و زمانەوانیش کۆیە. نیشاندەر (دال) نێوەندگیرە: مادده بۆی پێویستە. پێویستی بەوشەیە، بەدەنگە، بەوێنەیە بۆ ئەوەی خۆی دەربڕێت».

سەبارەت بە سۆسور، (٣) پێش ئەوەی کار لەزمانەوانی گشتیدا بکات، بایەخی دەدا بەلێکۆڵینەوە لەبواری ئەفسانە و شیعری دێرین؛ وەک شیعری ساتورنی(٤)، لەتەک بەرهەمەکانی هۆمێرۆس و هەموو جۆرە شیعرێکی مێتریک کە پابەندە بە کۆی ریتم و ئاواز و درێژی سەرجەمی شیعرەکە. پێشانی دەدا، کە کۆمەڵە بەربەستێکی دەنگیی phonique تایبەتی هەن بێجگە لەیاسای مێتریک و درێژیی شیعرەکە. سۆسور پێیوابوو کە (هیپۆگرام)(٥) خودی دەنگەگە دیاری دەکات. واتە (هیپۆگرام پێکهاتەی دەنگەکان لەشیعرەکاندا دیاری دەکات. هەر کۆپلەیەک دەبێت ئەو فۆنێمانە(٦) بەکاربهێنێت کە لەوشەی دیاریکەردا هەن. بۆ نموونە، ئەم کۆپلەیەی بەشیعری پێشبینی دەستنیشان دەکرێت «Ad mea templa portato» کە لەلایەن تیتوس لیڤیوسەوە(٧) ڕاپۆرت کراوە، تێبینی دەکەین کە ئاناگرامی (ئەپۆلۆ)ی Apolo تێدایە. ئاپۆ Apo لە «تەمپلا پۆرتاتۆ» دەخوێندرێتەوە. پیتی (ل - L) لە



**بەیان سەلمان**

«تەمپلا» temple. درێژکراوی (ۆ- O) لە «پۆرتاتۆ» portato. نووسەری پێشەنگی ئەم چەشنە دەقە، ژان ستارۆبینسکی(٨) لەدەقی «وشەکانی ژێر وشەکان» خافڵ نەبوو لەئاماژەدان بەسروشتی گوماناویی میتۆدێکی لەو جۆرە، کە دەتوانێت ببێتە هۆی دۆزینەوەی هیپۆگرام لەهەموو جێیەک، بەپرۆژەکردنیان لەناو دەقەکەدا.(٩) مەبەست لەوەیە ئەگەر میتۆدێکی لەو جۆرە بەکار بەرین لەهەموو شوێنێک و دەقێکدا وشەی شاراوە دەدۆزینەوە کە بۆ مەبەستێک و خواستێکی تایبەت بەکار هێندراون. لێرەوە، سۆسور کە پتر بەنێوەندی «وانەکان»ی، ناسراوە بەوەی دامەزرێنەری زمانەوانی مۆدێرنە، لەسایەی ئەو تیۆریە سەرەکیەی خۆی سەبارەت بەنیشانە کە هیچ پەیوەندییەکی پێویست و سروشتی لەنێوان نیشاندەر دال (وێنەی دەنگی) و نیشانە پێکراو مدلول (چەمک)دا نییە؛ بۆیە زمانیش بێ مەرجە و بێ پاڵنەرە. لەڕاستیشدا سۆسور ڕوونی دەکاتەوە کە «فۆرم»ی زمانەوانی لەلایەک و «بیرۆکە» لەلایەکی دیکەوە بوونی نییە، بەڵکو تەنیا «خاڵەکانی یەکگرتنی هەردوو بوارەکە» لەئارادان.»(١٠) تێزە سەرەکییەکەی سۆسور سەبارەت نیشانەی زمانەوانیە کە بەبڕوای ئەو هەڕەمەکییە. بەو واتایە، فۆرم و واتاکەی بەشێوەیەکی لۆژیکی بەیەکەوە نەبەستراون. هەربۆیە سۆسور لەبارەی زمانەوە بەردەوام جەختی لەوە کردووە کە سیستمێکە لەجیاوازیی و لەنیشانەدا جەختی کردووە لەنیشانە، نەک لەسیمبول کە زیاتر بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەفسانە بەکار دێت. سۆسور وایدەبینی کە بواری نیشانەگەرایی زۆر بەرفراوانترە لەزمانەوانی و واتای نیشانەکان کاتێک واتایان دەبێت کە هاودژییەکی بەرامبەری بۆ داهێندرابێت. بۆ نموونە بۆ ڕەنگی سپی، دەکرێ بڵێین: بۆیە دەزانین سپییە لەبەر ئەوەی ڕەش هەیە. لێرەوە پسپۆری نیشانەناسی، ئیڤ جانتیۆم، لەبابەتێکیدا «نیشانە لەگوتارە تەکنۆزانستییەکاندا: دوو گریمانە»، سەبارەت بەسۆسور دەڵێت، «بەبۆچوونی ئێمە، گرنگیی زۆری سۆسور ئەوەیە کە تیشکی خستە سەر ژمارەیەکی دیاریکراو لەچەمکە بنەڕەتییە سیمیۆلۆجیەکان کە یەکەم ڕێبازی گەڕان و دۆزینەوە و سەرهەڵدان بوو.»(١١) «(...) لەنێو ئەو چەمکانەی سۆسوردا، نیشانە (وشە بێت یان هێما بێت) و ئەو چەمکانەی کە بەشێوەیەکی ئۆرگانیک پەیوەستن پێیەوە □نیشاندەر (دال)؛ نیشانەپێکراو (مدلول)؛ پەیوەندی هەمەڕەکی ئەم دووانەش؛ پاڵنەر؛ سەقامگیری؛ هتد□. کە لەسیستەمێکی نیشانەناسیی تێکەڵاودا کاردەکەن...»(١٢).

نیشانەناسیی سۆسوری کاریگەرییەکی زۆری لەسەر قوتابخانە بونیادگەرەکان و پۆست بونیادگەرەکان هەبووە. باشترین نموونە، جاک دێریدایە کە گرنگیی داوە بەو پەیوەندیە سۆسۆریەی نێوان نیشاندەر و نیشانەپێکراودا هەیە. دیریدا ڕوونی کردۆتەوە کە ئەم دوو توخمە جێگیرنین. هەرچی ئیڤ جانتیۆمە، ئەم وەها سەیری سۆسوری کردووە کە بەڕاستی پێشەنگ بوو لەبواری نیشانەناسیدا، «(...) لەنێوان فرەگۆڕانکاریەکی تیۆریەکان و هەڵبەز و دابەزیان




و کۆمەڵێک پێکهاتە کە گرنگییەکی تیۆری دیاریکراویان هەیە، بەڵام کە لەڕووی میتۆدۆلۆژییەوە لۆژیکتر دەردەکەون، (باشترە کە ئەو تیۆرییانە، بەراورد بەوەی سۆسور)(١٣) وەک پێشکەوتنی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.››(١٤) بەو واتایەی جانتیۆم، ئەو پسپۆڕانەی پێش ئەو یاخود هاوکاتی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیان لەو بوارەدا کردووە، هەمان گرنگیی سۆسوریان نیە ئەگەرچی پێویستە وەبەرچاو بگیرێن. جانتیۆم هەروەها جەخت دەکات لەوەی، واتا لەلای سۆسور، تەنیا لەگەڵ جیاوازی و لەناو جیاوازیدایە. ڕەوشی نیشانەناسی بۆ ئەو زانستێکە کە لەناو چوارچێوەی کۆمەڵدا توێژینەوە لەنیشانەکان دەکات. ئەم پرەنسیپەشە کە دواتر نیشانەگەرایی بەرەوتێک گرتی بۆ توێژینەوەی گەشەپێدانی بونیادگەرایی. پسپۆڕی سیمیۆلۆجی، ژان-کلۆد کۆکێ، لەبابەتێکی بەناونیشانی «بونیادی ڕستەسازی لەئەرستۆوە بۆ بێنڤینیست››، باس لە وانەیەکی سۆسور دەکات کە تێیدا پێناسەی ڕستەی کردووە بەوەی، «(...) تێکەڵکردن و کۆکردنەوەی وشەیە بەیەکەوە، بەڵام ئەم پێکەوەبوونە زیادەیەک نییە.››(١٥) ژان-کلۆد کۆکێ، دیسان دەڵێ، بۆ ئەوەی لەو بیرۆکەیەی سۆسور تێبگەین، نموونەیەکی کیمیایی لەوانەیەکیدا هێناوەتەوە، «هایدرۆجین و ئۆکسجین؛ پێکەوە دەکەنە ‹ئاو›، هیچ کامی ئەودوو پێکهاتەیە بەتەنیا ناکاتە تایبەتمەندێتی ‹ئاو›.››(١٦) بەو شێوەیە، زمان بۆ سۆسور بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیە، ڕێکەوتنێکە کە لەلایەن

ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی زمانییەوە پەیڕەودەکرێت. جیاکردنەوەی زمان لەقسەکردن، یەکسانە بەجیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی لەتاک، جەوهەرییە لەڕواڵەتدا، مەجازیشە لەبەدیهاتوویدا...(١٧).

هەروەها بۆ سۆسور «زمان دوو ڕەهەندی هەیە: دیاکرۆنی، دەرەکاتی، ناهاوکات (غیر متزامن) (بە واتای پەرەسەندن و هەڵسەنگاندنی نیشانەکان بەتێپەڕبوونی کات) و ڕەهەندێکی سینکرۆنی، هاوکاتی (متزامن) (پەیوەندی نێوان نیشانەکان لەچرکەساتێکی دیاریکراودا). لێکۆڵینەوە لەم لایەنە دووەمەیشدا بوو کە سۆسور بەتایبەتی داهێنانی کرد. بەبڕوای ئەو، دروستە دەبێ لێکۆڵینەوە لەڕەهەندی دیاکرۆنی بکرێت، بەڵام ئەمە بوار نادات بەوەی ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگیرێت کە زمان سیستەمێکە تەنیا بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییەکان لەبەرچاو دەگرێت؛ ڕێبازی سینکرۆنی دیاری دەکات کە مانای نیشانەکان بەندە بەبونیادی زمانەکە بەگشتی.»(١٨) بەدیوێکی دیکەدا، لایەنی دیاکرۆنی، بەعەمەلی، مێژووی زمان دەگرێتەوە و لایەنی سینکرۆنی بەپێچەوانەوە.

سیمیۆلۆگ نیکۆلا جورنێ، لەبابەتی «فێردیناند دی سۆسۆر (١٨٥٧–١٩١٣)، ئیمیل بنڤینیست (١٩٠٢–١٩٧٦) لەیاسای یارییەوە هەتا «من»ی گوتار» بیرۆکە بنەڕەتیەکانی سۆسور لەچوار خاڵی سەرەکی کورت کردۆتەوە، کە پێکهاتوون لە: «١. ئۆبژەی زمانەوانی زمانە نەک قسەکردن. ٢. دەتوانین لەدوو ڕوانگەوە لەزمانەکان بکۆڵینەوە: یەکێکیان لەڕووی پەرەسەندنیان (دیاکرۆنی)، یان سەبارەت بەبارودۆخیان لەساتێکی دیاریکراودا (سینکرۆنی). سۆسور پێداگریی دەکات لەسەر لایەنی سینکرۆنی بۆ دەستڕاگەیشتن بەسیستەمی زمان. ٣. زمان لەنیشانەکان پێکهاتووە. ئەی خودی «نیشانە» چییە؟: پەیوەندییەکە لەنێوان دال (وێنەیەکی دەنگی) و مدلول (چەمکێک). ٤. دواهەمین خاڵێش، زمان سیستەمێکە لەنیشانە.»(١٩) بەو جۆرە تێدەگەین کە، زمان سیستەمێک بێت لەنیشانە، واتە هەموو نیشانەیەک لەپێوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا پێناسە دەکرێت، بەجیاوازییەکی تەواو



(نەرێنی)، نەک بەتایبەتمەندییەکانی کە لەخۆیدا هەیەتی. مەبەستیش لە(نەرێنی) و پچەوانەکەی (ئەرێنی) ئەوەیە، جۆرە بەراوردێک دەکرێت، لەنێوان دوو شت، دوو کەس، دوو بابەت، دوو دەق، دوو دۆخ، دوو وێنە (فۆتۆیەک و وێنەیەکی سینەمایی)... بۆ ئەوەی تایبەتمەندێتی لایەکیان دەربخرێت. بۆ نموونە، فلان دەقی (١) چێژبەخش نیە بە بەراورد بە فلان دەقی (٢). واتە لەڕێگای نەرێنکردنی (١) جوانی و خۆشی و چێژی ئەوەی (٢) دەردەکەوێت.

زمان بۆ سۆسور هەروەها «بریتیە لەکۆمەڵە یاسایەک؛ بۆ تێگەیشتن لەزمانێک تەنها پێویستە لەیاساکانی تێبگەیت و جێبەجێیان بکەیت.»(٢٠) سۆسور لە «وانەکانیدا» نموونەی ئەم یاسایەی لەیاریکردنی شەترەنج هێناوەتەوە. ئەگەر یەکێک لەدوو یاریکەرەکە لەنێوەندی گەمەکەدا ڕۆیشت و هاوڕێیەکی جێیگرتەوە، بێ ئەوەی پێشتر لەوێ بووبێت، ئەمیان پێویستی بەوە نیە بزانێت هاوڕێیەکەی چی جووڵاندووە، لەوێوە دەست پێدەکات کە دامەکە جووڵاوە، چونکە یاسای یارییەکە دەزانێت. میکانیزمی زمانیش بەهەمان شێوە کار دەکات بۆ زانینی پێویستمان بەزانینیی مێژوو نیە.(٢١) ئەو سیستەمەی سۆسور کە زمان بەسیستەمێکی بەرتەسک دەستنیشان دەکات، دەڵێت، دەبێت تیۆرییش بەقەد زمان سیستەمێکی بەرتەسک بێت. ئەوە لەلایەن نیشانەناسێکی وەکو ئیریک بایزنس ڕەتکراوەتەوە و دەڵێت، «سیستەمێک، تەنانەت بەتەواویی یەکگرتووش بێت، دەکرێت بەتەواویی هەڵە دەربچێت.»(٢٢).

سەبارەت بەئەلجیرداس جولیان گرێماس، لەساڵی ١٩١٧ لەشاری تولا لەڕووسیا لەدایکبووە و لەساڵی ١٩٩٢ لەپاریس، لەفەرەنسا کۆچی دوایی کردووە، زمانەوان و نیشانەناسێکە بەڕەچەڵەک لیتوانیە و زمان فەرەنسیشە. پسپۆری نیشانەناسی، ڤیکتۆریا دۆژۆتیتێ، لەگوتارێکیدا بەناونیشانی «هەقیقەتی هزریی گرێماسیانە» لەبارەی ئەم دوولایەنەی گرێماس، دەڵێت، «(...) بەزمانی فەرەنسی و لیتوانی نووسیویەتی، وەک ئەوەی دابڕانێک بکات لەنێوان بوارەکان: فەرەنسی، بۆ بەرهەمەکانی زمانناسی و نیشانەناسی؛ لیتوانییش، بۆ لێکۆڵینەوەی ئەفسانە، ڕەخنەو وتار. (...) ئەگەرچی ئەو لەهەردوو بوارەکەدا زۆر شارەزا بوو.»(٢٣).

گرێماس پێش ١٩٤٩ ڕاهێنەر بوو لەمەڵبەندی نەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی؛ لەوەبەدوا بەڕێوەبەری خوێندن بوو لەخوێندنگەی باڵای توێژینەوە لەبواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، دامەزرێنەری ماناسازیی بنەماگەراییە، کە سەرچاوەی لەهزری سۆسورو- یێمسلێڤەوە(٢٤) وەرگرتبوو. هەروەها هەڵسوڕێنەری گروپی نیشانە- زمانەوانی (EHESS/CNRS)(٢٥) و قوتابخانە نیشانەییەکانی پاریس بوو. تێبینیەکی پێشەکی ئەوەیە کە بەبۆچوونی گرێماس «زمان سیستەمێک نییە لەنیشانەکان، بەڵکو کۆکردنەوەیەکە لەپێکهاتە مانادارەکان»(٢٦). پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە گرێماس بەدرێژایی ژیانیی و نووسینەکانی جەختی لەوە کردووە کە نیشانە



بەیان سەلمان

زانستێک نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی زانستییە.

نووسەرێکی وەکو پۆل ریکۆر لەکتێبی «خودیخۆت وەک ئەویتر›› بەگەرمی لایەنگیری تیۆریەکانی گریماس دەکات کە «لەگەڵ (مۆدێلی ئاکتانسیال)(٢٧)ی گریماس پەیوەندی نێوان گرێچنە (پلۆت) و ئاکتەر(٢٨) دەگەیەندرێتە بەرزترین ئاستی ڕادیکاڵێتی خۆی، پێش لێکدانەوەی هەرچ وێنەیەکی پەیوەستدار بەهەستەکانەوە. هەر لەبەر ئەوەشە ئێمە لێرەدا باس لەکارئاکتەر ناکەین، بەڵکو باس لەکردار دەکەین، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی ئەنترۆپۆمۆرفیکی(٢٩) بکەرەکە بخەینە ژێر پێگەی ئەو وەک هەڵسوڕێنەری کردارەکان لەسەر ڕەوتی گێڕانەوە››(٣٠).

گریماس چیرۆکی فۆلکلۆری ڕووسی خستۆتە ژێر ئەوەی ناوی دەنێت «شیکاریی ئەکتانسیال››. لەهەر چیرۆکێک ژمارەیەکی دیاریکراو لەوەزیفەکان دەدۆزینەوە کە هاوتای لکسێمەکانlexème(٣١) زمانەوانین. لەبەرامبەردا هەر ئاکتەرێک لەهەر یەکێک لەدەستێوەردانەکانی لەگێڕانەوەدا، هەندێک ئەرکی پێ ئەنجام دەدرێت، هەندێک سیفەت دەردەخات کە دەتوانرێت بەهاوتەریب دابنرێت لەگەڵ (سێمەکان) sèmes(٣٢). لەکۆتاییدا تێبینی ئەوە دەکەین کە هەمان ئاکتەر لەخاڵە جیاوازەکانی چیرۆکەکەدا بەرەفتار و سیفەتەکان پێناسە دەکرێت تەواو جیاوازە و بەپێچەوانەوە، ئاکتەرە جیاوازەکان لەهەمان ڕۆڵدا، زۆرجار خۆیان بە بەرپرسیار دەبیننەوە. لەزاراوەی گرێیماسیانەدا دەڵێین، دوو ئاکتەر دەتوانن نوێنەرایەتی هەمان ئاکتەر بکەن؛ ئاکتەرێکیش دەتوانێت نوێنەرایەتی چەند ئاکتەرێک بکات.

سەبارەت بە بەرنامە و ڕەوتی سۆسوریانە لەلای گریماس، پسپۆری نیشانەناسی، میشێل ئەریڤێ لەبابەتێکی بەناونیشانی «گریماس خوێنەری سۆسور›› وایدەبینێت کە «گریماس (...) سەرەتا ئەوەندە لەسەر فیکری سۆسور نەوەستاوە. تەنانەت لەوانەکانیدا پێش ١٩٥٦ کەم تا زۆر لایەنگری هزری سۆسوری نەبوو. بگرە هزری سۆسوری لەڕووی زمانەوانی و سێمیۆلۆجیەوە لەیەک جودا کردبۆوە.››(٣٣). گریماس لەدوای دیداری لەگەڵ ڕۆلان بارت لەئیسکەندەریە دێتەوە سەر تیۆریەکانی سۆسور. سەرچاوەی خوێندنەوەی گریماس بۆ سۆسور هەرچییەک بێت، پێدەچێت کە لەساڵی ١٩٥٦وە بەتەواوی بووبێتە سۆسوری. تەنانەت گلەیی لەو کاریگەرییە کەمەی دەکرد کە سۆسور لەفەرەنسادا دەیخستە سەر پەرەسەندنی زمانەوانی. میشێل ئەریڤێ، لەهەمان بابەتدا، سەبارەت بەو کاریگەرییە دەڵێت، «(...) گریماس گەشبینە بەدرێژکردنەوەی خاڵەکان لەڕوانگەی سۆسوری بۆ کۆی زانستە مرۆییەکان، فەلسەفەی مۆریس مێرلۆ-پۆنتی، ئێتنۆلۆژیای کلۆد لیڤی-ستراوس، مێژووی هونەر و مێژوو بەگشتیی و زانستی مۆسیقا. هەروەها ئەدەبیات دەوروژێنێت. ئەو ‹نیشانەناسی گشتیی› وەبەرچاو دەگرێت. تاکە کەموکوڕیەکی لەبواری شیکاری دەروونیدا هەیە، بەتایبەتی لاکان کە گریماس حەزی پێی نییە.››(٣٤)

لەو بارەوە، نووسەر ئیڤان دارو هاریس، لەبابەتێکی بەناونیشانی «گریماس و دەروون شیکاری» هەمان ڕای دەربڕیوە، «گریماس حەزی بە لاکان نەبوو (...) لەکاتێکدا هەموو دەزانین کە لاکان بایەخێکی گەورەی بەزمانەوانی دەدا...»(٣٥) لاکان، لەکتێبی «نووسینەکان» جەخەت دەکاتە سەر ئەوەی، «(...) لەشیکارییەکی دەروونیدا، بابەتەکە بەنێوەندی گوتارێک پێکدەهێنرێت کە تێیدا تەنیا ئامادەبوونی دەروونشیکار، پێش هەر دەستێوەردانێک، ڕەهەندی دیالۆگ دادەمەزرێنێت (...) بەکورتی، دەروونشیکاری ئەزموونێکی دیالێکتیکییە و دەبێت ئەم چەمکە زاڵبێت لەکاتی پرسیارکردن لەسروشتی گواستنەوەکە.»(٣٦) ئیڤان دارو هاریس، ئاماژە بەدیمانەیەکی گریماس دەکات کە ساڵێک پێش مردنی لەگەڵیدا ئەنجامی داوە سەبارەت بەپرسیاری پەیوەندی گریماس بەشیکاریی دەروونی دەڵێ، «هەتا ڕادەیەک وەک دانپێدانانێکی کۆتایی، قەرزی خۆی بەرامبەر بەفرۆید و «دڕدۆنگی» خۆی دەناسێتەوە کە دەرئەنجامی خوێندنەوە و دووبارە خوێندنەوەی Traumdeutung(٣٧) بوو.»(٣٨) هاریس هەروەها دەڵێت، «(...) ئەم چەمکە سەرەکییەی گۆڕانکارییە، گریماس لەفرۆیدەوە قەرزی کردووە، لەڕێگەی چەمکی وێناکردنەوە، لەشیکاریی فرۆیدییەوە بۆ خەون دەستی پێکردووە، شیکارییەک کە فرۆید، بەپێی وتەی گریماس خۆی، دەکاتە «نیشانەناسێکی پێشوەخت»»(٣٩). دیسان سەبارەت بەپەیوەندی گریماس و لاکان، بەم جۆرە لێکیداوەتەوە، «دەزانین، هەر چۆن نیکۆلاس ڕوێت، گریماسیش لەدوای ئەو خۆکوشتنە تراژێدیەی، لوسیان سێباگ، زاوای داهاتووی لاکان، لەساڵی ١٩٦٥دا، لەگەڵ لاکان جیابوونەوە (روێت پڕۆژەی ڕوونکردنەوەی هەبوو لەنێوان واتاسازی بونیادگەرایی و لێکۆڵینەوە لەنائاگایی)...»(٤٠) خودی گریماس لەدەقی «واتا II»



گریماس چیرۆکی فۆلکلۆری ڕووسی خستۆتە ژێر ئەوەی ناوی دەنێت «شیکاریی ئەکتانسیال». لەهەر چیرۆکێك ژمارەیەکی دیاریکراو لەوەزیفەکان دەدۆزینەوە کە هاوتای لکسێمەکانlexème زمانەوانین. لەبەرامبەردا هەر ئاکتەرێك لەهەر یەکێك لەدەستێوەردانەکانی لەگێڕانەوەدا

بەیان سەلمان



وەکو کەموکوڕییەکی بواری نیشانەگەرایی دێتەوە سەر ئەو ڕایانەی سەبارەت بەدەروناسی، دەڵێت، «نیشانەناسی لەمێژە خۆی بەدوور گرتووە، کەم تا زۆر، لەهەر شتێک سەر بەبواری دەروونناسیە. (...) ئەگەر لەسەرەتاکانیشدا ئەمە ڕەوا بوو، ئەمڕۆکە وەک سنووردار کردنێکی میتۆدۆلۆجی دەرەکەوێت...»(٤١).

گریماس بەشێوەیەکی بەرچاو، ئەوەی دەبینی کە نزیکبوونەوەیەک هەیە لەنێوان چەمکی بابەتیی فرۆیدییەوە، جونکە سوبێکت (ئاکتەر-سووژە) دابەش دەبێت بەسەر پێکهاتەکانیدا. پتر لەوەش، ئەو دووانە لەڕاستیدا وەها نین، سەبارەت بەدۆخی سوژە، ئۆبژە، نێرەر و وەرگر. بەڵام لەکتێبی «واتاسازیی بونیادگەرا» ئەو لایەنانە بەم شێوەیە دەخاتەڕوو، «(...) پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە پەیوەندی نێوان سوژە و ئۆبژە کە ئێمە ئەوەندە کێشەمان لەگەڵی هەبووە، بەبێ ئەوەی لەدیاریکردنیدا بەتەواویی سەرکەوتوو بین، لێرەدا بەوەبەرهێنانێکی «هەڕەمەکییانە» (...) دەردەکەوێت، کە تێیدا لەژێر فۆڕمی پراکتیکی و ئەفسانەییەکەی، کە بریتییە لە «گەڕان» ئاشکرا دەبێت.»(٤٢) بەو جۆرە، نیشانەناسیی لەگەڵ سەرهەڵدانیدا، «(...) بوارێک بوو بۆ کردنەوەی دەرگای ڕەخنە و وەیەکدادانی لەگەڵ بوارەکانی فەلسەفە، بەڵام توانی دیالۆگێک دامەزرێنێت لەگەڵ شیعر و ئەدەب و مێژوونووسان و ڕەخنەگرانی هونەر، بێگومان دەروونناسییش پشکی خۆی لەوەدا وەرگرت...»(٤٣).

هەولێرنامەی کتێب

**. گریماس نایشارێتەوە کە سوودی لەپرۆپ وەرگرتووە، بەڵام ڕەخنەشی لێگرتووە کە لەرووکەشدا ماوەتەوە و نەچووەتە ناو بونیادی قووڵ، دیارە بەشێکی ئەو ڕەخنانەش پەیوەندی بەڕەخنەی ستراوس لەپرۆپ هەیە، ئەم ڕەخنە و پەیوەندییانە چۆن دەستنیشان دەکەن و دەخوێننەوە؟**

پێش پرۆپ، شیکردنەوەی چیرۆک بەگشتیی خۆی لەمێژووی ئەو وشانەدا کورت دەکردەوە کە لەناو دەقێکدا بەکارهێندراون، یاخود لەچوارچێوەی پۆلێنکردنی هاندەر و کەسایەتیەکان بوو. خودی پرۆپ لەلاپەڕەکانی سەرەتای دەقی «مۆرفۆلۆجی چیرۆک»(٤٤) جەخت دەکات لەسەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی تەنها سەبارەت بەچیرۆکی سەیروسەمەرەیە. ئەوجا مێژووی ئەو کێشەیە دەخاتە ڕوو، ناوی چەند نووسەرێکیش دەبات و ناوکێشەی میتۆدی کارکردنیان سەبارەت بەو چیرۆکانە شیدەکاتەوە.

مشتومڕ سەبارەت بەپرۆپ لەساڵەکانی حەفتاکانەوە سەری هەڵدا، بەتایبەتی بەهۆی هەڵە تێگەیشتنی زمانەوانی و کولتوورییەوە بوو. بەڵام، لەو ساتەوەختەی (ئەفاناسییێڤ)(٤٥) دەستیکرد بە کۆکردنەوە و چاپکردنی چیرۆکە فۆلکۆریەکانی ناو کولتووری ڕووسی، ئیدی وەک بناغەیەکی لێکۆڵینەوە لەلایەن پرۆپەوە بەکارهاتووە. پاشان کە ئەو دەقانە بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕدران باشتر چوونە ناو بواری ڕەخنەی ئەدەبی. گرنگە بڵێین، ئەو تیۆری و ڕەوشانەی لەسەردەمی پرۆپ و دوای وەرگێڕانی کتێبە ناودارەکەی «مۆرفۆلۆجی چیرۆک» دەرکەوتن، هەمووویان ئیلهامیان لەڕێبازی کارەکانی ئەو وەرگرت، ئەگەرچی بەرەوەڕووی ڕەخنەی میتۆدیشی بووبێتەوە.

ڤلادمیر پرۆپ لەساڵی ١٨٩٥ لەدایکبووە. مرۆڤناس (ئەنترۆپۆلۆگ) و زمانناس بوو. لەنێو نەوەی پسپۆڕانی ئەو بوارەدا ناسراوترینیانە کە ڕێبازێکی بونیادییان بۆ چیرۆک گێڕانەوە بەکارهێناوە. پرۆپ بەپێچەوانەی زۆرینەی شارەزایانی بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، بونیادی چیرۆکی لەئەفسانە جودا دەکردەوە. بایەخی بە هەموو لایەنەکانی کولتووری فۆلکلۆری میللی ڕووسیا دەدا و چەندین کتێبی چاپ کردووە، گرنگترینیان «مۆرفۆلۆجی چیرۆک»ە، کە لەساڵی ١٩٢٨ چاپ کراوە. وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی بۆ ساڵی ١٩٦٥ دەگەڕێتەوە. ئەم بەرهەمە لەناو نەریتی فۆڕمالیزمی ڕووسی تۆمار کراوە، کە لەکارە پێشینەکانی (جۆزێف بێدییە Joseph Bédier)ەوە ئیلهامی وەرگرتووە. تێیدا لەسەرەوەی چەند چاپتەرێکیان ئاماژەی بە وتەکانی گوتەGoethe و کارڵ ڤۆن لینێ Carl von Linné کردووە. پرۆپ، «٣١ وەزیفەی دەستنیشان کردووە (...) کە بەدرێژایی ڕەوتی پاڵەوانەکە لەگرێچنەکەدا، کەم تا زۆر، پێیدا دەڕوات.»(٤٦) سەرجەمی چیرۆکەکانیش (مەبەست تەنیا لەچیرۆکە ڕووسەکانە و لەنێو ئەوانەشدا ئەو چیرۆکانەیان کە بەسەیروسەمرە پێناسەی کردووە) هەمان ڕەوتی یەک چیرۆکێکی داهێندراوە، کە بەپێی پرۆپ ئەو چیرۆکەیان بنەڕەتییە بۆ هەموو ئەوانەی دیکە. بێجگە لەوەی بۆ پرۆپ چوار خاڵی سەرەکی دەستنیشان دەکات لەناو



بەیان سەلمان

ئەو چیرۆکانەی بە سەیروسەمەرە لەقەڵەمیداون کە بەپێی ئەو چوار خاڵە فۆرمی بنەڕەتیی جودا دەکاتەوە لەفۆرمێک کە لەوەوە هاتبێت: ١. لێکدانەوەیەکی سەرسوڕهێنەر بۆ بەشێک لەچیرۆکەکە پێش هەموو لێکدانەوەیەکی ئەقڵانییە. مەبەستی پرۆپ لەفۆرمی پێشینەیی بڕواداری و ئاییینە. بۆ نموونە، ئەگەر لەچیرۆکێکدا ئیڤان بەنێوەندی جادووی پیرێژنێک یارمەتی درا و لەچیرۆکێکی دیکەدا ئیڤان هەمان ئەو یارمەتییەی لەبابا یاگا وەرگرت، ئەوەی دووهەم پێشنییەی بەسەر ئەوەی یەکەمدا هەیە، چونکە، پرۆپ وای دەبینێت کە کەسایەتی ژنەجادوگەر، بابا یاگا Baba Yaga کە لە زۆربەی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان ڕووسیا دووبارە دەبێتەوە، نوێنەرایەتی پاسەوانێکی شانشینی مردووەکان دەکات و قوڵیتەکەی (کوخەکەی) ڕێڕەوێکی پێویستە کە سنووری دوو جیهان پێکدەهێنێت. ٢. هەر لێکدانەوەیەکی قارەمانانە پێشی هەر لێکدانەوەیەکی کۆمێدیە. لێرەدا پرۆپ وایدەبینێت کە بۆ نموونە، کوشتنی ئەژدیهایەک لەگەمەیەکی کارتۆنی هەمان کوشتن نیە کە بەوەیەکدادان لەگەڵ پاڵەوانەکەدا دەکوژرێت. ئەمەی دووهەم پێشینەییە بەسەر ئەوەی یەکەم. چونکو ئەوەی یەکەم فۆرمێکی گاڵتەجاڕییە. ٣. فۆرمێکی لۆژیکی پێشینەیی بەسەر فۆرمێکی ناگونجاودا هەیە. ٤. فۆرمێکی جیهانی پێشینەیی بەسەر فۆرمێکی ناوچەییدا هەیە. بۆ نموونە، فیگوری ئەژدیها کە لە چیرۆکەکاندایە فیگورێکی جیهانیە، بەڵام فیگوری ورچ و شێر لەهەندێ کولتووردا فۆرمێکن کە لەئەژدیهاوە هاتوون. بەو واتایە ئەژدیها پێشنییەی بەسەر هەموو جۆرە فیگورێکی تردا هەیە(٤٧).

پرۆپ، «وەزیفەی بەکرداری کەسایەتییەکان پێناسە کـــردووە»(٤٨)؛ لەڕوانگەی واتاکەیەوە لەناو ڕەوتی گرێچنەکەدا بەکردارێکی تایبەت هەڵدەسێت. ئەم وەزیفانە، «لەچیرۆکێکدا بەسەر سێ ڕیزبەندیدا دابەشبوون، بەپێی زنجیرەیەک بەدوای یەکدا دێن.»(٤٩). هەندێکیان ئیجبارییە و هەندێکیان هەڵبژاردەیە. زنجیرەیەک لەگێڕانەوە بریتییە لەتێکەڵەیەک لەچەند وەزیفەیەک، یان ئەوەی کە پرۆپ لە «مۆرفۆلۆجی چیرۆک» بە ‹ئەتۆمەکانی گێڕەڕەوە› ناوی دەبات. لەڕوانگەی پرۆپ، لەهەر چیرۆکێکدا حەوت یەکەمین «مۆدێلی کەسایەتی»(٥٠) هەر پەیڕەو دەکرێت: (١)بەدکار: ئەم لەدژی پاڵەوانەکە کردار ئەنجام دەدات؛ (٢) بەخشەر، پێدەر (بەزۆری فریشتەیەکە یان جادووگەرێک، لەهەندێ هەلومەرجدا دەکرێ باوکی کچە شازادەکە بێت کە پاڵەوانەکە دەخاتە گەڕان, بەدوای ئامرازێک کە دەکرێ کچەکەی بێت...)؛ (٣)یاوەر یان یارمەتیدەر (وەک ئەسپێکی باڵدار، کەشتییەک، کڵاوێکی خۆ ونکردن، موستیلەیەک...)؛ (٤)کچەشازادە، یان خەڵاتێک کە دەبێ بەدەستی بهێنێت؛ (٥)باوکی کچەشازادەکە؛ (٦)پاڵەوان (ژن یان پیاو)؛ (٧) پاڵەوانی ساختە (بۆ نموونە شازادەیەکی تـرە دژی پاڵەوانە سەرەکییەکە دەیەوێت کچی پاشا بخوازێت...). هەر یەکێک لەو ئاکتەرانە کایە و کرداری تایبەت بەخۆیان هەیە، تەنیا دەتوانن هەندێک ئەرک ئەنجام بدەن. پرۆپ

چیرۆکی وەک وشە دەبینی کە چۆن وشە بریتیە لە پیتەکان و یەکەیەکی ڕێزمانە، چیرۆکیش هەروەها بریتیە لەکردار و وەک وتمان (٣١) وەزیفەی بۆ جێبەجێکردنیان دەستنیشان کردووە. بەو پێیە، پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەر بونیادە ناوخۆییەکەی چیرۆکەکە بکرێت. هەموو چیرۆکێک توخمی نەگۆڕ و توخمی قابیل گۆڕانی تێدایە؛ ئەوەی دەگۆڕێت بێگومان ناسنامە و وەسفی کەسایەتیەکانە، بەڵام ئەوەی ناگۆڕێت خودی ئەو وەزیفە و کردارەیە کە پێی هەڵدەسێت، یان ئەو ئەرکەیە کە پێی ڕادەسپێردرێت. دەتوانین بڵێین وەزیفەکان لەژمارەیەک تێناپەڕن، بەڵام کەسایەتیەکان هەتا بڵێی لەژمارە نایەن... بەو جۆرە، ستروکتووری هەموو ئەو چیرۆکانەی سەیروسەمەرەن، سەر بەهەمان تیپن...(٥١) لەلای گریماس هەموو چیرۆکێک سەرەتا و ناوەند و کۆتایی هەیە. بەم پلانەی گریماس، هیچ چیرۆکێکی کۆتایی کراوە ئەوەی بەسەردا ناپێکێت. ئەم بەپێچەوانەی پرۆپ، چیرۆکی نەک وەک وشە، بەڵکو وەک ڕستە پێناسە کرد کە بریتیە لەناو و لەکردار. وەک ئـەوەی ناو یەکسان بێت بەکەسایەتیەکان و کرداریش بەڕووداوەکان. دروستە ئاماژە بەوە بکەین کە شیکاری نیشانەیی پرسیارێک دەربارەی دەقەکە دروست ناکات، بەڵکو دیقەتی میکانیزمەکانی دەدات، لەسەروی هەموو فۆرمێکی خوێندنەوە. بەو واتایە، لەهەلومەرجەکانی بەرهەمهێنانی واتا لەناو دەقدا دەکۆڵێتەوە. ئەو بەدوای واتــادا ناگەڕێت، بەڵکو بــەدوای واتــای چیە دەگەڕێت




(ئەمەش خاڵێکی گرنگە کە پاساوی نێرەر و وەرگری لێ سازدەکات، چونکە بەرهەمهێنانی مانا لەنێرەر و وەرگردا لەدایک دەبن). لێرەوە پەیوەندی نێوان خودی نێردراو و وەرگیراو، واتە خودی دەقەکە و وەرگرەکەی، هەرچییەک بێت فیگوری ئەو وەرگرە، کچە، کوڕە، پیرە، گەنجە، منداڵە، مامۆستایە یان ڕەخنەگری ئەدەبیە... گرنگ ئەوەیە سیستەمێک لە نیشانە بەکارە بۆ دروستکردنی کاریگەریەکی دووسەری. لێرەوە، هەموو ئەوانەی لەبواری نیشانەناسی لێکۆڵینەوە و نووسینیان ئەنجام داوە، وەک پرۆپ، ستراوس، سۆسور، گریماس، بنڤینیست، بارت،

ئامۆن، یێمسلێڤ، شۆمسکی، یاکۆبسن، کریستیڤا، دریدا، جۆن لیۆنز و چەندانی دیکە، هەموو کارەکانیان بۆ تێگەیشتنە لەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی لەنێوان دەق و وەرگرەکەیدا هەیە. دەرئەنجامیش بۆ خوێندنەوەی جیهانە لەهەموو بوار و ڕوویەکەوە.

بێگومان سیستەمی نیشانەگەراییش لەناواخنی ئەو پەیوەندیەدایە. لەلای خۆیەوە، جۆن لیۆنز، پسپۆڕی زمانەوانی و نیشانەناسی، لە «زمان و زماننناسی» (١٩٨١ چاپکراوە)، «(...) نیشانەناسی بەسیستەمێکی هاوپەیوەندی دادەنێت. ئەم هاوپەیوەندییەش مەرج نیە بۆ پێشکەشکردنی زانیاری بێت. بیرۆکەیەکی بنەڕەتییە بۆ خوێندنەوەی ڕەفتار. هەروەها گواستنەوەی پەیامێکە لەنێوان نێرەر و وەرگـر، یان وەرگـرەکـان، بەنێوەندی بەکارهێنانی سیستەمێکی نیشانەیی، لەچوارچێوەی زمانەوانیشدا ئەو دوولایە دەکاتە قسەکەر و گوێگر و سیستەمی نیشانەکەش دەکاتە زمانەکە. بەو پێیەش، نیشانە، شێوە و واتایەکی یان پەیامێکی تایبەتی هەڵگرتووە. پەیوەندی نێوان شێوەی نیشانە و واتاکەیشی، بەگشتی لەنیشانەناسیدا، جفرەیەک (کۆدێک) دروستی کردووە. بەو جۆرە، پەیامەکە لەلایەن نێرەرەوە کۆد دەکرێت و وەرگر کۆدەکەی دەکاتەوە (...)»(٥٢) بەڵام میخایل باختین لەدەقی «مارکسیزم و فەلسەفەی زمان» نیشانە بەئایدیۆلۆجیاوە گرێ دەدات. دەڵێت، «(...) وشە دیاردەیەکی ئایدیۆلۆژییە بەڕەهایی. تەنیا ناونانێکی دیکەی نیشانەی ئایدیۆلۆژییە. لەکوێ نیشانە هەبێت ئایدیۆلۆجیاش هەیە... فۆرمەکانی نیشانە ئەوەندەی لەلایەن ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە مەرجدار دەکرێن، ئەوەندەش بەپێی ئەو هەلومەرجانەی کە تێیدا کارلێکەرن ڕوودەدات. دەستکاری کردنی ئەم فۆرمانە دەبێتە هۆی دەستکاری کردنی نیشانەکەش... هەر نیشانەیەکی ئایدیۆلۆژیش، بەنیشانەی زمانەوانیشەوە، بەدرککردن بەخۆی لەپرۆسەی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا، بەئاسۆی کۆمەڵایەتیی سەردەمێک و گروپێکی کۆمەڵایەتی دەستنیشان کراو دیاری دەکرێت.»(٥٣) هەرچی گرێماسە، ئەم ویستویەتی شوێنەوارناسییەک لەواتای دەقەکان جێگیر بکات، لێکۆڵینەوە لەمەرجەکانی ئەگەری واتا بکات، بە بەرگریکردن لەچەمکی واتا بەبێ ئونتۆلۆژیا. گرێماس، سەرەتا بەقووڵی لەژێر کاریگەری ئەو مۆدێلی گێڕانەوەیەی کە لەلایەن ڤلادمیر پـرۆپ و لیڤی ستراوسەوە پەرەی پێدرابوو، بوو، هەوڵیدا لەژێر سایە و بەسەرپەرشتی زمانەوانی یەکیبخات و میراتی بونیادگەرایی بۆ بواری نیشانەناسی بگوازێتەوە، بەڵام، دەبێ بشزانین، کە هەرسێ تیۆریناس (ستراوس و پرۆپ و کاسیرەر) کۆکبوون لەسەر ئەوەی، «زمان و ئەفسانە هەمان پێکهاتەی مەعریفییان هەیە»(٥٤). دواتر، بەکارە وەبەرچاوەکانی لەبواری تیۆری دەقدا، ئەویش بە شوێن پای ستراوس، هەمان ئەو مۆدێلەی پرۆپی زۆر بە «تەم و مژاوی»(٥٥) دانا و وەرچەرخانێکی بە تیۆریەکانی دا. لەو بارەوە، پسپۆڕی ئەمریکی بواری فۆلکلۆرناسی (ئالان داندێس) Alan Dundes (١٩٣٤-٢٠٠٥)

هەمان ڕای هەیە. ئەمیش کاتێک هەوڵیدا ئەو میتۆدەی پرۆپ بەسەر چیرۆکەکانی هندیە سوورەکان بپێکێنێت، پێی باشتر بوو لەبری وشەی «fonctionوەزیفە» کە لەزمانی ڕۆژانەدا زۆر ناڕوونە، بەوشەی «motifèmeهاندەر» جێی بگرێت. هەروەها سێ جۆری سەرەکی زنجیرەکان لەچوار «هاندەر»دا دیاری دەکات؛ بۆ نموونە: کەلێن + قەدەغەکردن + سەرپێچیکردن + سڕینەوە یان نەهێشتنی کەلێن. بێجگە لەوەی، چیرۆکە درێژەکانی هندیەسوورەکان بە چیرۆکی ئاڵۆزتر دایاننانێت، بەڵکو بەچیرۆک گەلێکی «درێژەپێدراو» سەیری دەکات(٥٦).

بەپێی پسپۆر ئۆتۆ دوچاک، گریماس لە «واتاسازیی بونیادگەرا»، «بەکەمیی باس لەوە دەکات کە هەتا ئێستا ناوەڕۆکی سەرەکی واتاسازی زمانەوانی نوێنەرایەتی دەکرد، واتە (پەیوەندی دوولایی نێو یەکەی زاراوەکان، هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکیان و هتد). پتر، گرنگیی بەواتاسازیی چیرۆکەکان دەدا (چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی ڕووسیا، بەرهەمەکانی جۆرج بێرنانۆس...)»(٥٧) ستراوس وای دەبینی، کە پێشنیارەکەی پرۆپ، «گشتیی و سادەیە، لەشیکارییەکانیدا بۆ توخمەکانی چیرۆک، جەختی لەڕووکەشی بونیادەکان کردووە و بۆ بونیادە قووڵەکان ئەوەی تێنەپەڕاندووە، ئەوەش وای لێکردووە فۆرم و ناوەڕۆک لەیەک جیا بکاتەوە. بێجگە لەوەی، هەموو ئەو وەزیفانەی دەستنیشانی کردوون دەکرێ کەمبکرێنەوە و ببن بەجووت؛ هەر جووتێک نوێنەرایەتی یەک وەزیفە بکات»(٥٨).

لەسەر ئاستی پەیوەندی ستراوس و پرۆپ، پێویستە بڵێین کە ئاڵۆزییەکە دەگەڕایەوە بۆ لەیەک حاڵی نەبوون لەنێوانیاندا، ئەوەیش بەزۆری بەهۆی نەزانینی زمان و وەرگێڕانی دەقەکان بوو. تەنانەت ستراوس لەدەقی «ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادیی»دا دەڵێت، «(...) نیگەرانم کە زانای ڕووسی لەنووسینەکەمدا، ڕەچاوکردنی هەندێک لایەنی تیۆری و میتۆدۆلۆژیی نەبینیوە لەکارەکەیدا، بەڵکو بەهێرشێکی نابەجێ سەیری کـــردووە.»(٥٩) لەلایەکی تریش، هەمان پەیوەندی لیڤی ستراوس و گریماسیش ئەوەندە نەبوو، دەگـەڕایـەوە بۆ ئـەوەی، «(...) ستراوس لەبەرازیل بوو پێش جەنگ، پاشان لەکاتی جەنگی جیهانیدا لەنیویۆرک بـوو؛ گریماس لەفەرەنسا بوو، پاشان لەمیسر و تورکیا.»(٦٠) مەبەست لەوەیە کە لەکۆنتێکستی ئەو دەمانەدا ئاڵوگۆڕی فیکری هێندە ئاسان نەبوو تاکو بەتەواویی و لەکاتی خۆیدا دەقەکانیان بەردەست بکەوێت و فیکری نـووسـەران و پسپۆڕانی تر بخوێندرێنەوە و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لەبارەوە بکەن. بەو شێوەیە، کە ستراوس ڕەخنەکانی لەبارەی جیاوازی بنەڕەتی نێوان بونیاد (بەپێی پێناسەی بونیاد) و فۆرم (بەپێی نەریتی فۆڕمالیستی) گەیشتەوە بەپرۆپ، ئەو بەسەختیی وەریگرت. ستراوس، هەروەها پێیوابوو کە پرۆپ سەرەڕای ئەوە جێی ڕێزە بۆ «توانای دەستپێشخەری لەسەر گەشەپێدانی دواتر. دڵنیاشە لەوەی کە ڕەخنەکانی بەهیچ شێوەیەک لەگرنگیی بێئەندازەی




بەیان سەلمان

پرۆپ کەم ناکەنەوە.››، بەڵام ستراوس دەشڵێت ئەفووس کە «تەنها وەک فەیلەسوفێک›› مامەڵەی لەگەڵ دەکات و «هیچ لەکارە ئێتنۆلۆژییەکانی ئەو نازانێت››(٦١).

پرسی واتا و شێوازەکانی دەرکەوتنی تیشک دەداتەوە بەسەر هزری گریماس. بۆیە لەپێشەکیی کتێبی «واتا ا››، دەڵێت، «(...) مرۆڤ لەجیهانێکی وەبەرچاو دەژی. بۆ ئەو واتا کێشەیەک نیە، واتا لێرەیە، خۆی وەک ڕاستییەک دەسەپێنێت، وەک ‹هەستێکی تێگەیشتن›ی تەواو سروشتی خراوەتە ڕوو.››(٦٢) هەروەها بەردەوام دەبێت، «دیاریکردنی فرەفۆرمەکانی بوونی واتا و شێوازەکانی بوونیان، لێکدانەوەیان وەک نموونەی چرکەی ئاسۆیی و ئاستی ستوونی واتا، وەسفکردنی ڕەوتەکانی گواستنەوە و گۆڕانکارییەکانی ناوەڕۆک، ئەمانە هەموویان پێویستین کە ئەمڕۆ چیتر ئایدیاڵ دەرناکەون. تەنها سیمیۆتیکێکی لەو جۆرەی فۆرمەکان دەتوانێت لەداهاتوویەکی نزیکدا وەک ئەو زمانە دەربکەوێت کە ڕێگەمان پێدەدات باس لەواتا بکەین. چونکە، بەوردیی، فۆڕمی نیشانەیی بێجگە لەواتای واتا هیچی تر نییە.››(٦٣).

هەموو ئەو تیۆریناسانەی بواری زمانەوانی و نیشانەناسی کۆکن لەسەر ئەوەی کە گریماس، لە «واتا ا››دا لایەنی زەمەنیی تیۆرییەکەی پەرەپێدەدات، کردەی سوژەکە بابەتی لێکۆڵینەوەکەیەتی، هەروەها لە «واتا اا›› و «نیشانەناسیی سۆزەکان››، باس لەهەلومەرجی سەرەتایی تێگەیشتنی واتا دەکات. گریماس «هەمیشەش مێتافۆری سۆسوریانە دەهێنێتەوە و نموونەکە بەتۆڕی جاڵجاڵۆکەیەک وێنا دەکات کە لەبەردەم شاشەیەکی دوکەڵدا دانراوە، بۆ ئەوەی باس لەتێڕوانینمان بۆ واتا بکات: ئەو لادانە جیاوازانەی کە قسەیان لەسەر دەکرێت «هیچ نین جگە لەدەرئەنجامی [درکردنێک] لەنابەردەوامیەکان».››(٦٤).

نیشانەناسی بەسیستەمێکی هاوپەیوەندی دادەنێت. ئەم هاوپەیوەندییەش مەرج نیە بۆ پێشکەشکردنی زانیاری بێت. بیرۆکەیەکی بنەڕەتییە بۆ خوێندنەوەی ڕەفتار. هەروەها گواستنەوەی پەیامێکە لەنێوان نێرەر و وەرگر، یان وەرگرەکان



بەیان سەلمان

**پەراوێزەکان:**

1- Le Petit Robert, Dictionnaire français, en ligne.

2- HYPPOLYTE, Jean, sur Le langage 14/. Bourdieu, Hyppolyte, Mounin et Laplanche. Débat. Chaîne TV : Sociología Contemporánea.

٣- Ferdinand de Saussure فێردیناند دو سۆسور (سۆسێر) (١٨٥٧–١٩١٣) زمانەوانێکی سویسریە. وەک پێشەنگی بونیادگەرایی لەزمانەوانیدا ناسراوە، بەدامەزرێنەری زمانەوانی وەسفیی دادەنرێت، هەروەها بەکارەکانی لەسەر زمانە هیندۆئەوروپییەکان خۆی جیاکردۆتەوە. کتێبی وانەکان، کۆمەڵە وانەیەکی زمانەوانی زۆر گرنگن کە لەپاش مردنی لەساڵی ١٩١٦ لەلایەن دوو هاوکارییەوە، بەپشتبەستن بەتێبینیەکانی خوێندکارەکانی، بڵاوکراوەتەوە

٤- کۆپلە شیعری هەرە دێرین لەزمانی لاتینیدا.

٥- hypogramme، بەواتای وشەیەکی شاراوە بۆ مەبەستێک.

٦- phonème دەنگە، لەبواری زمانەوانیدا بچووکترین یەکەی جیاکراوە کە دەتوانرێت بەپارچەبوون لەزنجیرەی قسەکراودا جیا بکرێتەوە. ئەو دەنگە بوونێکی ئەبستراکتە کە دەتوانێت لەگەڵ چەند دەنگێکدا بگونجێت. بۆ نموونە [□] لە croc [k□o] (کەڵبە) و [□] لە [□□o] (گەورە). ئەم رەمزە [□] هەمان پیتی [□] بە سەروخوار و بۆ فۆنێم بەکار دەبرێت. هەموو فۆنێمێکیش رەمزێکە لەنێوان دوو سلاش جێی دەکرێتەوە. بۆ نموونە: /□/ ن، /□/ ئیی.

٧- Titus Livius، تیتوس لیڤیوس، (٥٩/٦٤ پ.ز.–١٧) مێژوونووسێکی رۆمانی بەناوبانگە، خاوەن کتێبێکی زۆر گرنگە بەناونیشانی «مێژووی رۆمان».

٨- Jean Starobinski (١٩٢٠–٢٠١٩) ژان ستارۆبینسکی، مێژوونووسێکی بیری تیۆری ئەدەبیە و پزیشکێکی دەروونیی سویسریە.

9- Jean Starobinski, Les mots sous les mots. Les anagrammes de Ferdinand de Saussure, Paris, Gallimard, 1971, P. 7071–. P.115.

10- Saussure, De l’essence double du langage, P.20.

11- GENTILHOMME, Yves «Le signe dans les discours technoscientifiques: deux hypothèses»

١٢- GENTILHOMME, Yves ,Ibid هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٣- بەیان سەلمان، بۆ ئاسانکردنەوەی وەرگێڕانەکە ئەو کەوانەیەم زیاد کرد.

١٤- GENTILHOMME, Yves .,Ibid, هەمان سەرچاوەی پێشوو.

15- COQUET, Jean-Claude, DE SAUSSURE, Cours, P.145. Op. citée dans : « La syntagmation d’Aristote à Benveniste », Linx [En ligne], 7 | 1995, mis en ligne le 25 juillet 2012.

١٦- COQUET, Jean-Claude ,Ibid… هەمان سەرچاوەی پێشوو.

17- BALLABRIGA, Michel. Sémantique textuelle 1. Texto ! mars 2005 [en ligne]. (Consultée le 15 /102022/).

١٨- BALLABRIGA, Michel. Sémantique textuelle ,Ibid ١. هەمان سەرچاوەی پێشوو لە هەمان بەروار.

19- JOURNET, Nicolas, Ferdinand de Saussure (1857–1913), Émile Benveniste (19021976–) – De la règle du jeu au « je » du discours, Revue « Sciences Humaines »Hors-Série (N°6 octobre-novembre 2007).

٢٠- JOURNET, Nicolas ,Ibid, هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢١- JOURNET, Nicolas ,Ibid, هەمان سەرچاوەی پێشوو.

22- BUYSSENS, E., 1942, « Les six linguistiques de F. de Saussure », Revue des Langues Vivantes, 8è année / Jaargang 1942, p. 1555–. Op. citée par: SOFIA, Estanislao « Système et systématicité chez Ferdinand de Saussure », Linx, 74 | 2017, 129148–.

23- Viktorija Daujotyté, « La réalité de la pensée greimassienne », Actes Sémiotiques [En ligne], 112, 2009, consulté le 272022/09/.

٢٤- Louis Hjelmslev لوی یێمسلێڤ، (١٨٩٩–١٩٦٥)، زمانەوانێکی

دانمارکییە کە درێژەیدا بەکارە زمانەوانەیەکانی دو سوسور و بوو بەدامەزرێنەری تیۆری گلۆسیماتیک، کە جەخت لەشێوە و ناوەڕۆک دەکات.

٢٥- EHESS خوێندنگەی باڵای توێژینەوە لەبواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان. CNRS مەڵبەندی نەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی.

26- GREIMAS A.J. Sémantique structurale. P.20

٢٧- modèle actantiel : مۆدێلێکە هێڵسازی (دیاگرام) بەکار دەبات. بەشیکاریی چیرۆکێک دەوترێت کە بیرۆکەی کارئاکتەرێک تێدەپەڕێنێت بۆ ئاشکراکردنی ئەو پەیوەندییە بونیادییانەی لەنێوان ئاکتەرەکاندا هەن. ئەمەش بەنێوەندی ئەو دیاگرامە ئەنجام دەدرێت.

٢٨- actant ئاکتان، لەنووسینی تریشدا پێناسەی ئەوەم کردووە و ئاکتەرم(ئا)، لە(ئە) ئەکتەری (هونەرمەند) جیا کردۆتەوە، چونکە نزیکترین وشەیە کە بۆ ئەو واتایە بپێکێت. وشەی ئاکتان لەناراتۆلۆجی (زانستی گێڕانەوەبەندی) و سێمیۆلۆجیدا (زانستی نیشانە) تەنیا بەواتای کەسایەتی نایەت، بەڵکو دەکرێت مرۆڤێک بێت، ئاژەڵێک، هەورێک، شمشێرێک، دارێک و لەوانەیە بیرۆکەیەک بێت... کە توانای قسەکردنیان هەیە.

٢٩- Anthropomorphisme : لەدوو وشەی گریکی دێرین پێکهاتووە: ánthrōpos (مرۆڤ) و morph□ (فۆرم، شێوە) ئەنترۆپۆمۆرفیزم بریتییە لەگەڕانەوەی تایبەتمەندییەکانی ڕەفتار یان مۆرفۆلۆژیای مرۆڤ بۆ بوونەوەری دیکەی وەک خوداوەندەکان، ئاژەڵەکان، شتەکان، دیاردەکان، بیرۆکەکان و تەنانەت بوونەوەری جیهانی دیکەش (لەئەستێرەکانی دیکە) ئەگەر دۆخەکە بۆی بگونجێت. واتە پەیوەستە بەشێوەگرتن و بەرجەستەکردن.

٣٠- Anthropomorphisme : لەدوو وشەی گریکی دێرین پێکهاتووە: ánthrōpos (مرۆڤ) و morph□ (فۆرم، شێوە) ئەنترۆپۆمۆرفیزم بریتییە لەگەڕانەوەی تایبەتمەندییەکانی ڕەفتار یان مۆرفۆلۆژیای مرۆڤ بۆ بوونەوەری دیکەی وەک خوداوەندەکان، ئاژەڵەکان، شتەکان، دیاردەکان، بیرۆکەکان و تەنانەت بوونەوەری جیهانی دیکەش (لەئەستێرەکانی دیکە) ئەگەر دۆخەکە بۆی بگونجێت. واتە پەیوەستە بەشێوەگرتن و بەرجەستەکردن.

٣١- لەفەرهەنگناسیدا دەکاتە کەمترین یەکەی مانا و فۆرم. وشەکە لەبنەڕەتدا لەگریکی دێرینەوە هاتووە: لێکسیس lexis کە دەکاتە (وتە، وشە، قسەکردن) لەگەڵ زیادکردنی پاشگری –ème کە دەتوانین بڵێین پێکهاتەی بنەڕەتی وشەیە. بەو واتایە لیکسێم دەکاتە(تۆخمێکی بنەڕەتی وشەیەک).

٣٢- sèmes کەمترین یەکەی جیاوازی مانایە لەشیکاریی مانای وشەیەکدا.

33- ARRIVE, Michel, « Greimas lecteur de Saussure », Linx [En ligne], 74 | 2017.

٣٤- Ibid, ARRIVE, Michel هەمان سەرچاوەی پێشوو.

35- DARRAULT–HARRIS, IVAN, GREIMAS ET LA PSYCHANALYSE.

36- LACAN, Jacques, Écrits, P. 216.

٣٧- مەبەست «شیکاری خەون»، ناونیشانی ئەو کتێبەی فرۆید لەدەقە فەرەنسییەکە بەئەڵمانی هاتووە.

٣٨- IVAN ,DARRAULT–HARRIS ,bid هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣٩- IVAN ,DARRAULT–HARRIS ,Ibid هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٤٠- IVAN ,DARRAULT–HARRIS ,Ibid هەمان سەرچاوەی پێشوو.

41- GREIMAS, A.J. Du SENS, II, P. 15.

42- GREIMAS, A. Sémantique structurale, P.176.

43- Waldir Beividas. «La sémioception et le pulsionnel en sémiotique Pour l’homogénéisation de l’univers thymique», Actes Sémiotiques [En ligne]. 2016, n° 119.

44- PROPP, Vladimir, Morphologie Du Conte (1965)–

Suivi de, Les Transformations Des Contes Merveilleux, P.927–.

٤٥ـ Alexandre Nikolaïevitch Afanassiev ئەلیکسەندەر نیکۆلایڤیتش ئافاناسییڤ، لە ١٨٢٦ لە شاری بۆگوچار لە ڕووسیا لەدایکبووە و ١٩٧١ لە مۆسکۆ کۆچی دوایی کردووە. کۆکەرەوە و چاپکەرێکی چیرۆکی ڕووسیە، نزیکەی شەش سەد چیرۆکی کۆکردۆتەوە و یەکەم چاپیان لەژێر ناونیشانی «چیرۆکی میللی ڕووسی›› چاپ کردووە، ئەو چیرۆکانەیان کە وەک چیرۆکی سەیرو سەمەرە ناوی لێ نابوون و ژمارەی (٥٠ تاکو ١٥١)ی پێ دابوون، لەلایەن ڤلایمیر پرۆپ بەنموونە وەریانیگرتووە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو دەقە بەناوبانگەی: «مۆرفۆلۆجی چیرۆک››. (*)

46ـ MONTALBETTI, Christine, Le personnage, P. 52–53.

47ـ PROPP, Vladimir, Morphologie Du Conte (1965)– Suivi de, Les Transformations Des Contes Merveilleux. P. 183184–.

٤٨ـ Ibid MONTALBETTI, Christine, Le personnage, هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤٩ـ Ibid MONTALBETTI, Christine, Le personnage, هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥٠ـ archétypes d›acteurs مەبەست لەداهێنانی جۆرێکی تایبەتە لەکەسایەتی. بۆ نموونە، کەسایەتی (راستینیاک): کوڕێکی گەنجی هەلپەرستە لەڕۆمانی «باوکە گۆریۆ››ی بەلزاک.

51ـ PROPP, Vladimir, Morphologie Du Conte (1965)– Suivi de, Les Transformations Des Contes Merveilleux. P. 2834–.

٥٢ـ LYONS, John, Language and Linguistics (١٩٨١), الترجمة الى العربية(«اللغة وعلم اللغة» مصطفى التوني) ص.٢٣–٢٤.

53ـ BAKHTINE, Mikhaïl, le Marxisme et la philosophie du langage, P.42, 43, 44. 45.

54ـ Lévi–Strauss Claude, Anthropologie structurale, op. citée, in : Sémiotique greimassienne et sciences cognitives. Paul Pirron et Marcel Denesi.

55ـ GREIMAS A.J. Dictionnaire raisonné de la théorie du langage, p. 152.

56ـ Alan Dundes, op. citée par : Bremond Claude. Postérité américaine de Propp. In: Communications, 11, 1968. Recherches sémiologiques le vraisemblable. pp. 148164–;

57ـ DUCHÂCK, Otto, La Sémantique Structurale, 1969, Linx, A 17.

58ـ DUCHÂCK, Otto, La Sémantique Structurale, 1969, Linx, A 17.

59ـ Lévi–Strauss, Claude, La structure et la forme, Reflexions sur un ouvrage de Vladimir Propp, dans Anthropologie structurale deux, pp. 139173–

60ـIvan Darrault–Harris, « La rencontre Greimas/ Lévi–Strauss : une convergence éphémère ? », Actes Sémiotiques.

٦١ـ Ibid, Lévi–Strauss, Claude, La structure et la forme, هەمان سەرچاوەی پێشوو.

62ـ Cécilia W. Francis, (Du sens : prolongements théoriques autour de la perception et de la modalisation), Protée, ٣٤(١), ٣٣–٤٥. ٢٠٠٦.

٦٣ـ Ibid, Cécilia W. Francis, هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٦٤ـ Ibid, GREIMAS A.J. Du SENS, I, Essais sémiotiques, هەمان سەرچاوەی پێشوو , P.٩–١٠

# وەرگێڕ وەک بەرهەمهێنەرەوەی ناوەرۆک؛ لە هونەری وەرگێڕاندا

هەواڵنامەی کتێب




ئەلێکساندرا ئاڵتر
لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن



وەرگـێـڕان تەنیا خستنەڕووی ڕستە و ڕێزمانی زمانێک بۆ زمانێکی دیکە و شارەزاییەکی هونەری نییە، بەڵکو هونەرێکە هەندێک جار وەرگێڕەکانیش لە ڕۆڵی نوێنەرانی ئەدەب دەردەکەون و دەبنە فاکتەری دووبارە ناسینەوە و بوارخوڵقێنی بەرهەمی ئەدەبی...

کاتێک ڕۆمانی «هـەڵاتـن»ی (ئۆلگا توکارچۆکی) پۆڵەندی بووە جێگاسەرنجی نێودەوڵەتی، کە (جنێفەر کرۆفتی) وەرگێڕی ئەمریکی بۆ زمانی ئینگلیزی گۆڕی. کاتێک کرۆفت باسی «هەڵاتن» دەکات، هەندێک جار بە تاسەوە بە «مندالّی بیژوو»ی خۆی دەزانێت. کرۆفت دەڵێت: «ئەوە کاری ئۆلگایە، بەڵام زۆر تووخمی منی تێدایە، واتا تووخمی ئەدەبی و بڕیارەکانی من».

وەرگێڕانی «هەڵاتن» بۆ (کرۆفت) کارێکی عاشقانە بوو، پاش دەیەیەک بڵاوکەرەوەیەکی بۆ دۆزییەوەو دواجار لە ساڵی (٢٠١٧)دا بڵاوکەرەوەی (فیتسکارالدۆ ئەدیشنز) لە بەریتانیا و ساڵی (٢٠١٨) بڵاوکەرەوەی (ڕیڤیرهود) لە ئەمریکا بڵاویان کردەوە و وەک شاکارێکی ئەدەبی پێشوازی لێ کرا. ئەم ڕۆمانە براوەی خەڵاتی نێودەوڵەتی (بۆکەر) و کاندیدی خەڵاتی نەتەوەیی کتێبی ئەمریکا بۆ وەرگێڕانی ئەدەبی بوو، کە وایکرد هەمان ساڵ (توکارچۆک) خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت و لە ئاستی دنیادا خوێنەرێکی زیاتر بۆخۆی بەرهەڤ بکات.




بەڵام (کرۆفت) زۆر بەتووندی نیگەران بوو لەوەی کە دوای ساڵانێک ڕەنجکێشان بۆ ئەم پرۆژەیە، ناوی لە سەر بەرگی کتێبەکە نەبوو. هاوینی ٢٠٢١، هەنگاوێکی بوونیرانەی نا. لە تویتێکدا نووسی: «من جارێکی دی کتێبێک وەرناگێڕم ناوم لە سەر بەرگەکەی نەبێت. چونکە نەک بێ ڕێزیکردنە بە من، بەڵکوو زەبرێکیشە لە

خوێنەران، چونکە دەبێت خوێنەران بزانن ئەو وشانەی کە دەیخوێننەوە کێ هەڵی بژاردوون».

تویتەکەی پشتگیرییەکی زۆری لە دنیای ئەدەب بۆ خۆی مسۆگەر کرد. (کرۆفت) نامەیەکی کراوەی بۆ (مارک هادوون)ی نووسەری بەریتانی نووسی و داوای لە بڵاوکەرەوان کرد ناوی وەرگێڕ لە سەر بەرگی کتێب بنووسن. نزیکەی (٢٦٠٠) کەس نامەکەیان ئیمزاکرد، لەوانە ئیمزای نووسەرانی بەناوبانگی وەک (لۆرن گراف، کیتی کیتامۆرا، فیلیپ پۆلمان، سیگرید نۆنپیز، نیل گیمان)، هەروەها وەرگێڕە بە ناوبانگەکانی وەک (ڕابین مایەرز، مارتین ئایتکن، جین کلایا، مارگرێت جۆڵ کۆستا و جۆن کین)ی بەسەرەوە بوو. کەمپینی کرۆفت و هەندێک لە بڵاوکەرەوان، وەک (پان مەک میلان) لە بەریتانیا و بڵاوکەرەوەی ئەورووپی بێلایەن، (لالی ئەدیشنزی) ناچار کرد ناوی وەرگێڕیش لەسەر بەرگی کتێب بنووسن.

نوێترین وەرگێڕانی بڵاوبووەوەی کرۆفت، «کتێبەکانی یاقوب»ی (توکارچۆک)ە: ڕۆمانێکی مێژوویی (٩٠٠) لاپەڕەیی دەربارەی ڕابەرێکی جوولەکەی پۆڵەندی سەدەی هەژدەیەم، کە چیرۆکەکەی لە ڕێگای یاداشتەکان، شیعرەکان، نامەکان و پێشبینییەکانەوە دەگێڕێتەوە.

ڕەخنەگران ستایشی زمان پاراوی (کرۆفت)یان بۆ ئەم داستانە دوورودرێژە کرد و وەرگێڕانەکەیان پێ «باش» و «مۆلەقکەر» بوو. (دوایت گارنەر)ی جۆرنالیستی

هەزارنامەی کتێب



تۆکارچۆک

کەمپینی بەفەرمی ناسینی وەرگێڕەکان بۆ (کرۆفت) تەنیا هەوڵ بۆ سەرنجڕاکێشان و متمانە نەبوو، هەر چەند هەتا ئاستێك ئەمانەش ڕۆڵییان هەیە، بەڵکوو (کرۆفت) باوەڕیشی وایە بەرجەستەکردنی ناوی وەرگێڕەکان زیاتر کارەکە تیوار (شەفاف) دەکات و هاوکاری خوێنەر دەکات بەرهەمەکانیان هەڵبسەنگێنن




ئەمریکی لە ڕەخنەیەکدا لە نیویۆرک تایمز ستایشی هەستیاریی و هاودەنگی وەرگێڕانەکەی (کرۆفت)ی بەتۆنی نووسەر کرد، کە تەنانەت توانیوویەتی پیشە ئەدەبییەکان بەزمانی ئامانج بگوازێتەوە.

بەڵام ئەم جارەیان لەسەر داوای (کرۆفت) و (توکارچۆک)، بڵاوکەرەوەی (ڕیوڕهد) ناوی (کرۆفت) ی لەسەر بەرگەکەی نووسی. لەگەڵ ئەوەشدا (کرۆفت) مافی نووسەریشی لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە وەرگرت، کە بۆ «هەڵاتن» وەری نەگرت. لە ڕاستیدا، زۆرجار وەرگێڕەکان تەنیا جارێک پارەی دیاریکراو وەردەگرن و هیچ پشکێکی فرۆشتن لە بڵاوکەرەوە وەرناگرن.

(توکارچۆک)یش بەتاسەوە پشتگیری لەم هەنگاوەی بڵاوکەرەوەکان کرد. (توکارچۆک) ستایشی زمان پاراوی (کرۆفت) دەکات و دەڵێت: «هەرگیز (کرۆفت) لەسەر زمان قووڵ نابێتەوە، بەڵکوو ئەوەی لەودیو زمان پەنهانە و زمان دەیەوێ، دەری دەبڕێت. واتا نیازی نووسەر دەردەبڕێت، نەک تەنیا ئەو وشانەی بەدوای یەکدا ڕیزکراوون. لەگەڵ ئەوەشدا (کرۆفت) هاوسۆزی زۆرە: واتا توانا و هاتنەناوەوە بە تۆنی تایبەتی نووسەر».

کەمپینی بەفەرمی ناسینی وەرگێڕەکان بۆ (کرۆفت) تەنیا هەوڵ بۆ سەرنجڕاکێشان و متمانە نەبوو، هەر چەند هەتا ئاستێک ئەمانەش ڕۆڵییان هەیە،



بەڵکوو (کرۆفت) باوەڕیشی وایە بەرجەستەکردنی ناوی وەرگێڕەکان زیاتر کارەکە تیوار (شەفاف) دەکات و هاوکاری خوێنەر دەکات بەرهەمەکانیان هەڵبسەنگێنن، هەر وەک جێبەجێکردنی کتێبێکی دەنگی نەک تەنیا لەڕووی ناوەرۆکەوە، بەڵکوو لەڕووی شێوازی گێڕەرەوە هەڵدەسەنگێنن.

(کرۆفت) لەو باوەڕەدایە وەرگێڕان هەر شارەزایی هونەری نییە، بەڵکوو کاری هونەری/ داهێنەرانەیە. (کرۆفت) دەڵێت: «دەبێت جێمتمانەی کارەکەمان بین، بەڵام پێویستە بەرپرسیاریی ئەو کارەکەشمان بگرینە ئەستۆ کە دەیکەین».

کەمپینی (کرۆفت) بۆ چالاکوانانی دیکەی ئەم بوارە جێگای بایەخ بوو. (جۆمپا لاهیر) نووسەری ئەمریکی کە وەرگێڕێکی ئیتالییە و بەرهەمەکانی خۆیشی بۆ ئینگلیزی وەردەگێڕێت، باوەڕی وایە دەبێت ناوی وەرگێڕیش لەسەر بەرگی کتێب بێتە شێوازی ستاندارد و پێویستە وەرگێڕەکانیش بە هونەرمەندی ئەدەبی دابنرێن. لاهیری کە خۆیشی نامە کراوەکەی ئیمزا کردووە دەڵێت: «ئێستا کاتی هاتووە ئەم پشتگوێخستنە مێژووییە تەواو بێت. وەرگێڕان پێویستی بە داهێنان و بلیمەتییە، چونکە دەبێت بە شێوەیەکی ئاسایی دەقەکە ژێرەوژووور بکەی و ئەگەر ئەم کارە داهێنان نەبێت، ئەدی چییە؟»

کاری وەرگێڕان تەنیا ڕستە دارشتن و ڕێزمانی زمانێک بۆ زمانێکی دیکە نییە. هەندێک جار وەرگێڕەکان لە ڕۆڵی نوێنەری ئەدەبی/ بانگەشەیی دەردەکەون. زۆربەیان بەردەوام ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە دەخوێننەوە، کە بە سەریاندا زاڵن هەتا دانراو و کتێبی نوێ بدۆزنەوە.

کاتێک کتێبی وەرگێڕدراوی ئینگلیزی بڵاو دەبێتەوە، بە شێوەیەکی ئاسایی داوا لە وەرگێڕەکان دەکرێت چاوپێکەوتن بکەن، لە گەشتی سەفەردا دانەرانی کتێب هاوڕێیەتییان بکەن و سۆشیال میدیا بە زمانی ئینگلیزی بیانبەن بەڕێوە.

ئەدەبی وەرگێڕان دەربارەی ئەمریکا تەنیا بەشێکی گچکەی کۆی گشتی کتێبە بڵاوکراوەکان پێک دەهێنێت. بە پێچەوانەی سەرکەوتنی بەرهەمی نووسەرانی وەک (ئەلینا فرانتە، هاروکی مۆراکامی و کارڵ ئۆڤی کناسگۆر)، هێشتا زۆربەی بڵاوکەرەوان نیگەرانن کە خوێنەرانیان بە هۆی وەرگێڕانەکان لەدەستبدەن.

(ئان گلدستانی) وەرگێڕی ئەمریکی کە بەرهەمەکانی فرانتە و نووسەرانی دیکەی ئیتالی وەردەگێڕێت دەڵێت: بڵاوکەرەوانی ئەمریکی کۆن باوەڕیان وابوو خوێنەران متمانەیەکی ئەوتۆیان بە وەرگێڕانەکان نییە و هەر بۆیە بە شێوەیەکی ئاسایی ڕۆڵی وەرگێڕەکان بەکەم دەگرن و هەندێکجار هەرگیز ناویان لە ناو کتێبیشدا نەدەنووسی. (ئان) دەڵێت: «هەمیشە پێشتر پێیان دەگووتین ئەگەر

هەولێرنامەی کتێب

ئەمریکییەکان بزانن کتێبێکە وەرگێڕانە، نای خوێننەوە».

لە ساڵی (٢٠١٠)ەوە کەمتر لە (٩٠٠٠) وەرگێڕانی ئینگلیزی چیرۆک و شیعر لە ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە و لە ساڵی (٢٠٢١) تەنیا (٤١٣) وەرگێڕان بڵاوکراوەتەوە. لە کاتێکدا بڵاوکەرەوە ئەمریکییەکان تەنیا لە ساڵی (٢٠٢١) زیاتر لە (٥٨٦٠٠٠) چیرۆکی بە تەمەنەکانیان بڵاوکردوەتەوە.

لەم ژمارە کەمەی وەرگێڕان، تەنیا ژمارەیەکی کەم ناوی وەرگێڕ لەسەر بەرگەکەیان نووسراوە. لە ساڵی (٢٠٢١)دا کەمتر لە نیوەی وەرگێڕدراوەکان ناوی وەرگێڕ لەسەر بەرگەکانیان هەبوو. زیاتر فرۆشتنی کتێبەکە پاساوێکە، کە بڵاوکەرەوان بۆ نەنووسینی ناوی وەرگێڕ دەیهێننەوە.

زۆربەی بڵاوکەرەوە گەورەکان دەڵێن سیاسەتێکی ڕەسمی بۆ نووسینی ناوی وەرگێڕ لەسەر بەرگ نییە. هەندێک بڵاوکەرەوەی گچکە لەسەر ئەدەبی جیهان قووڵبوونەوە، بە شێوەیەکی ئاسایی ئەم کارەدەکەن، هەندێک بڵاوکەرەوە تەنیا کاری وەرگێڕان دەکەن یان بۆ نموونە بڵاوکەرەوەی (کاتاپۆلت) ناوی وەرگێڕ لەسەر بەرگ دەنووسێت و بەپێی نوسخەی فرۆشراو، مافی نووسەر دەداتە وەرگێڕ.

(کرۆفت) جگە لە زمانی پۆڵەندی، لە زمانەکانی ئیسپانی و ڕووسی و ئۆکرانییش وەرگێڕان دەکات. کرۆفت تەمەنی (٤٠) ساڵە، دەڵێت بەرێکەوت کاری وەرگێڕانی کردووە. کرۆفت لە خێزانێکی یەکزمانزانی (ئۆکلاهۆما) گەورە و لە منداڵییەوە لایەنگری زمانی خوێندن بووە.


تۆکارچۆک

لەسەر داوای (کرۆفت) و (توکارچۆک)، بڵاوکەرەوەی (ڕیوڕهد) ناوی (کرۆفت)ی لەسەر بەرگەکەی نووسی. لەگەڵ ئەوەشدا (کرۆفت) مافی نووسەریشی لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە وەرگرت، کە بۆ «هەڵاتن» وەری نەگرت. لە ڕاستیدا، زۆرجار وەرگێڕەکان تەنیا جارێك پارەی دیاریکراو وەردەگرن و هیچ پشکێکی فرۆشتن لە بڵاوکەرەوە وەرناگرن



لە زانکۆی تالسا، شاعیری ناسراوی ڕووسی (یەڤگینی یەفتۆشینکۆڤی) ناسیووە، کە (کرۆفت)ی بە ئەدەبی ڕووسی گەیاند. (کرۆفت) لە زانکۆی (ئایۆڤا) لە بەشی وەرگێڕانی ئەدەبی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە و لەوێ هۆگری ئەدەبی پۆڵەندی بووە.


ساڵی (٢٠٠٢) کۆمەڵە چیرۆکێکی (توکارچۆک) دەخوێنێتەوە و هەرچەندە زاڵبوونێکی ئەوتۆی بەسەر زمانی پۆڵەندی نابێت، گیرۆدەی بڵاوکردنەوەی بوو، بۆیە ڕێگای نووسینەکانی (توکارچۆک) دەگرێتەبەر. (کرۆفت) دوو وەرگێڕانی ڕۆمانی (توکارچۆک) لە وەرگێڕانی (ئەنتۆنیا لوید – جۆنز)ی وەرگێڕی ئینگلیزی دەستەبەرکرد و پێوەندی بە (لوید – جۆنز)ەوە کرد، ئەویش (کرۆفت)ی بە (توکارچۆک) ناساند. پێکەوە گونجان.

دوای ئەوەی (کرۆفت) لە ساڵی (٢٠٠٣)دا خوێندنی تەواو کرد، بە هۆی تواناسازی خوێندن سەردانی پۆڵەندای کرد و لەوێ مژولی کتێبی «هەڵاتن» و پرۆژەی دیکە بوو. (کرۆفت) پاش ماوەیەک ژیان لە بەرلین و پاریس، سەردانی بوینۆس ئایرسی کرد هەتا خوێندنی زمانی ئیسپانی تەواو بکات، کە لە بەرایی ساڵەکانی زانکۆوە فێری ببوو. بە درێژایی ئەم ماوەیە بانگەشەی بۆ کارەکانی (توکارچۆک) کرد.

(کرۆفت) دەڵێت، کتێبەکانی (توکارچۆک) بە هەڵەچنەکان دەدەم، هەمیشە دەمگووت خەڵاتی نۆبڵ دەباتەوە. هەوڵی زۆرم دەدا بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی (توکارچۆک)، بەڵام هەڵەچنەکان قەناعەتیان نەدەکرد.

(کرۆفت) جگە لە کارەکانی (توکارچۆک)، وەرگێڕانی بۆ بەرهەمەکانی (ویولتا گۆرگی) نووسەری پۆڵەندی کرد و نووسەرانی ئەرجەنتینی (ڕۆمینا پانۆلا، پدرۆ مایراڵ و فدریکۆ فاڵکۆ) گووتیان (کرۆفت) بە گچکەترین گۆڕان لە تۆن و خولکوخۆی کەسایەتییەکان هەستیارە.

هەتا ڕادەیەک (کرۆفت) ڕوانگەیەکی ناباوی لە وەرگێڕاندا هەیە. کرۆفت تەواوی کتێبەکە دەخوێنێتەوە، پاشان بۆ سەرەتای دەگەڕێتەوە و هەوڵدەدا ئەوەندەی بتوانێت ڕەوتی نووسینی نووسەر دووبارە بەرهەمبهێنێتەوە. بۆ نموونە لە کاتی وەرگێڕانی ڕۆمانی «ژنێکی ئۆرگوایی»ی (مایراڵ)، کە نامەی پیاوێکە بۆ ژنەکەی و مایراڵ بە پەلە نووسیوویەتی، ٠کرۆفت) زۆر بە پەلە وەریگێڕا هەتا بتوانێت ڕیتمی بلەز و پەخشانی شێتانە و دانپێدانانئاساکەی دووبارە بەرهەمبهێنێتەوە. (مایراڵ) دەڵێت: (کرۆفت) توانیوویەتی گەرموگوڕی تۆنەکەی بهێڵێتەوە و ئەو هەستەی وەرگێڕان دەیخاتە مێشکەوە وەک قسە کردنتە لەگەڵ کەسێکدا و منیش ڕێک دەمەویست هەر ئەوە بکەم.




(کرۆفت)، زیاتر لە ڕامانی تیۆری، لەسەر گواستنەوەی تۆن و شێواز و مانا قووڵ دەبێتەوە. کرۆفت بەمشێوەیە باسی ڕەوتی کارەکانی دەکات: «پەڕ پەڕکردنی کتێبێک بە یەکجاری و ئەوجا داڕشتنەوەی لە سفرەوە تا سەد».

کاتێک (کرۆفت) کاری وەرگێڕان ناکات، دەنووسێت. (کرۆفت) ڕۆمانێکی تۆبۆگرافی بە ئیسپانی بەناوی «مار و پەیژە»، دەربارەی باڵقبوون و خۆشەویستی نوێی بۆ ئاڵۆزییەکانی زمان و وەرگێڕان نووسی. سەرەتا نیازی نەبوو بە ئینگلیزی بڵاوی بکاتەوە، بەڵام چەند بەشێکی بۆ ئینگلیزی وەرگێڕا و بۆ خوشکەکەی نارد هەتا بیخوێنێتەوە، نەخۆشی خوشکەکەی بابەتێکە چەندینجار لە کتێبەکەدا دەبینرێت. (کرۆفت) وردە وردە چیرۆکەکەی پاکنووس کرد و دواجاریش بەیەکجاری چیرۆکەکەی پاکنووس کرد و نوسخە ئینگلیزییەکەی لەژانری بیرەوەری و بەناوی «غەمگینی» لەساڵی (٢٠١٩)دا، لە ڕێگای بڵاوکەرەوەی ئەننیمد پرێس بڵاوی کردەوە. لە ڕاستیدا ئەم کتێبە بەرەنجامی وەرگێڕانی کتێبێکی دی بوو، بۆ ساڵی داهاتوو خەڵاتی نێودەوڵەتی (ویلیام سارۆیان)ی وەرگرت.

هەروەها (کرۆفت) وەرگێڕانێکی نوێی هەیە و لە ساڵانی داهاتوودا بڵاو دەبێتەوە، لەو ڕۆمانانەیە کە لە ئیسپانی و پۆڵەندییەوە وەرگێردراوون. هەرچەندە (کرۆفت) زۆر پرۆژەی بەدەستەوەیە، لەوانەیە پێی وابێت بۆ متمانەدان بە وەرگێڕان، بۆی ببێتە کۆسپێکی نوێ. دەڵێت: «دڵنیام هەندێک بڵاوکەرەوە نایانەوێت کارم لەگەڵدا بکەن. هەندێکیان ئارەزوویان لە ئایدیالی من نییە، کە چەند هەڵەچنێک بۆیان باسکردووم».

لەگەڵ ئەوەشدا، گووتارەکەی (کرۆفت) ڕەزامەندبەخش بووە. دەڵێت: «لانی کەم ئێستا خەڵک بەهەویان کەمێک زیاتر فۆکەس دەخەنە سەر خودی زمان، زمانەکان و بە هەمان شێوە بەرهەمی وەرگێڕدراو».

سەرچاوە: nebesht.com

# بڵاوکراوەی نوێی نوسەرانی کەرکوك




**لە حزوری کتێبدا**

نوسینی: عەلی حسێن

وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل


ئەم کتێبە لەدوو توێی (٤٠٠) لاپەڕەدایە و لەلایەن دەزگـای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ کراوە. ئەم کتێبە یەکێکە لە بەسودترین کتێبەکان، زیاتر لە کۆمەڵە وتارێک دەچێت، لە ژیاننامەی (٣٠) کەسی خاوەن هزری باڵا دەچێت لە بوارەکانی فکر و فەلسەفە و هونەر و ڕۆمانی کلاسیک و نوێدا، نوسەر باسی (١٠٠) کتێب دەکات کە چێژی لە خوێندنەوەیان و هاوەڵی کردنیان وەرگرتووە، هەروەها باسی (١٠) کتێبیش دەکات کە هەتا ئێستاش نەیتوانیوە کۆدەکانیان بکاتەوە، نوسەر ژیانی لەگەڵ ئەو کتێبانەدا بەسەر بردووە کە زۆربەی ئەزموونەکانیشی لەو کتێبانەوە سەرچاوەیان گرتووە، تەنانەت بوونەتە بەشێک لە کەسایەتیشی کە بەشێوەیەکی فراوان کەسایەتی ناو کتێبەکان و جیهانەکانیان و خەم و نهێنییەکانیان وێنا دەکات و تەنانەت بوونەتە تەوەرەی سەرەکی هەموو ژیانیشی، لە ڕێگای کارەکەیەوە وەک نوسەر و ڕۆژنامەنوس.

ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبانەی خوێنەر کێش دەکاتە نێو جیهانی خوێندنەوە و فەلسەفە و پرسیارە نەمرەکانیەوە، بەشێوازێکی جوان و سەرنج ڕاکێش نوسراوە، وەرگێڕانەکەشی لەنوسینەکەی کەمتر نییە و هەمان تام و چێژی کتێبەکە دەدات کە بەزمانە بنەڕەتیەکەی دەیخوێنیتەوە.

## میتۆلۆجیا و ئاین و کۆمەڵگای کوردواری


نوسینی: موعتەسەم سالەیی

ئـەم کتێبە لە دووتـوێـی (٢١٩) لاپـەڕەدایـە، لە (دار رؤى للنشر والطباعة) چـاپ کـراوە، نوسەر موعتەسەم سالەیی نوسیویەتی، بریتییە لە کۆمەڵێک




وتار لەبواری لێکۆڵینەوە لە میتۆلۆجیا و ئایندا، پێکهاتووە لە: پێشەکییەک و (٢٠) وتار، لەم کتێبەدا توێژینەوە دەربارەی چەندین میتۆلۆجیای ناو کۆمەڵی کوردەواری کراوە و ڕوونکردنەوەیان لەبارەوە دراوە، لەوانە، بیرۆکەی پیرۆزی دار و درەخت لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، بۆ نموونە باسی مەقامی خدری زیندە دەکات یان چەندین شوێنی دیکە، کە بە پیرە دار دەوری کەڵەکە بەردان دراوە و ناوی جیاجیای لێنراوە، وەک ئیمام دارینە لە خۆرئاوای داقوق و لە نزیک گوندی زەنقەر. هەروەها لە بابەتێکی دیکەدا باسی بیرۆکەی بەهەشت و دۆزەخ دەکات، کە ئەویشیان وەک هیوایەک بۆ ژیانێکی دیکە و لەپاش مەرگ جاریکی دیکە زیندوو بوونەوە بۆتە خولیای مرۆڤەکان و لە شارستانیەتە کۆنەکان و لەپاش ئەوانیش لە ئاینە ئاسمانیەکاندا باس کراوە.

هەر لەم کتێبەدا باسی جەژنی نەورۆز و چوارشەممە سورەی کوردەواری کراوە، باسێکیش لەبارەی ئاینی ئێزدی، سەربوردەی یوسف و زولەیخا و مێژووی سۆفیگەری و سولەیمان باڵندەی پەپوو سولەیمانە و چەندین بابەتی دیکەش لە خۆ دەگرێت.




## شەڕە موحەمەدییە مەزنەکان

نوسینی: شاکر سەلامە حەسەب

وەرگێڕانی: موعتەسەم محەمەد

ئەم کتێبە لە دووتوێی (٤٠٧) لاپەڕەدایە و لەلایەن دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە چاپ کراوە، ئەم کتێبە باسی سێ شەڕەی گەورەی ئیسلام دەکات، کە خودی موحەمەد پەیامبەری ئیسلام سەرکردایەتی کردوون، ئەوانەش: شەڕەکانی بەدر و ئوحود و خەندەقن، کە ئیسلام لە یەکەمیاندا سەرکەوت بەسەر موشریکەکانی قورەیشدا و لەدووەمیاندا شکستی خوارد و خەریک بوو خودی موحەمەد و ئاینەکەی لەناوبچن، بەڵام شەڕی سێیەم، کە هیچ پێکدادانێکی سەربازی تێایدا ڕوویندا و تەنها بەهۆی تەکتیکێکی سەربازی نامۆ بە دوورگەی عەرەبییەوە کۆتایی هات.

لەم کتێبەدا هۆکارەکانی سەرکەوتنی سوپای ئیسلام لە شەڕی بەدر و شکست خواردنی لە شەڕی ئوحوددا ڕوونکراوەتەوە، کە لە یەکەمیاندا بەهۆی ئامادەسازی و پلانی وردی موحەمەد و هاوڕێکانی و پەرتەوازەیی موشریکەکانی قورەیش سەرکەوتن بەدی هاتووە، لە دووەمیشیاندا بەهۆی لووت بەرزی سوپاکەی موحەمەد و پەرتەوازە بوونیان و یەکگرتوویی و جوڵەی بەپلانی سوپاکەی قورەیشەوە موسوڵمانەکان شکستیان خواردووە.

لەم کتێبەدا باسی وردەکاریی زۆر کراوە لەشەڕەکاندا و باسی پلانی موسوڵمانان بۆ دەرکردن و لەناوبردنی جووەکان کراوە، هەروەها باسی غەزەواتەکانی سوپای ئیسلامیش کراوە بۆ ڕێگری کردن لە کاروانە بازرگانیەکانی قورەیش و تاڵانکردنیان.

هەولێرنامەی کتێب

## ئایا دیموکراسی هەناردە دەکرێت؟

نوسینی: زۆڵتان بارانی و ڕۆبێرت مۆزەر

وەرگێڕانی: حەمەڕەشید

کتێبی ئایا دیموکراسی هەناردە دەکرێت؟ کتێبێکی لێکۆڵینەوەیی قەبارە گەورەیە و لە دوو توێی (٤٧٩) لاپەڕەدایە، پێکهاتووە لە (١٠) بەش، هەربەشێک بابەتێکی پەیوەندار بە دیموکراسی باس دەکات و لە چەندین ڕوانگە و لایەنەوە لێکۆڵینەوەی لێدەکات، چەندین نموونە لەسەر ئەو باسانە دەهێنێتەوە و لە کۆتایی هەر بەشێکیشدا ئەنجامگیرییەک لەبارەی بابەتەکانی بەشەکەوە دەدات.

هەروەها لەم کتێبەدا باسی هەموو ئەو تەنگژانە کراوە کە دێنەپێش پرۆسەی دیموکراسی و پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی دەسەڵاتەکان لە کۆمەڵگە داخراو و دواکەوتووەکاندا بە هۆی جیاوازی کلتوری و تێگەیشتنەوە، لە کۆتاییشدا چارەسەرەکانی بۆ دیموکراتیزەکردنی ململانێکان و مەترسیەکانی دیموکراتیزەکردنی ناتەوایشی خستۆتە بەردەستی خوێنەر، لە کۆتاییشدا وەڵامی پرسیاری سەرەکی کتێبەکەی داوەتەوە، کە دەڵێت: ئایا دیموکراسی هەناردە دەکرێت؟ بێگومان دیموکراسی هەناردە ناکرێت، چونکە دیموکراسی کاڵا نییە دروست بکرێت و هەناردەی وڵاتان بکرێت، بەڵکو دیموکراسی کلتورە و دامەزراوەی تایبەتی و یاسای دەوێت بۆ جێگیرکردنی بنەماکانی و دامەزراندنی دامەزراوە تایبەتەکانی، دەبێت حکومەت و گەلی هەر وڵاتێک خۆیان بگەنە ئەو بڕوایەی کە دیموکراسی شێوە بەڕێوەبردنێکی گونجاوە بۆ وڵاتەکەیان و بڕیاری لەبارەوە بدەن.



# مێژووی سۆفیگەرێتی لەناوچەکەدا





موعتەسەم ساڵەیی

هەرچەند ناوی سۆفی و سۆفیگەرێتی و تەریقەت و تەکیەو دەروێشی بێتە کایەوە، ناڕوونی و تێکەڵ و پێکەڵیەک لەلای هەندێک لەخەڵکی دروست دەبێت. لەسەرەتادا پێویستە جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە بکەینەوە کە سۆفیگەری لەمێژوودا لە قەوارەیەکی فەلسەفیدا بەرجەستە بووە. بەڕادەیەک بۆمان هەیە بڵێین کە فەلسەفەی سۆفیگەرێتی هیچ پەیوەندییەکی نەلەدوور و نەلەنزیک بەتەکیەو تەریقەت و دەروێشیەوە نییە. لە کاتێکدا سۆفیگەری بەمانا فەلسەفیەکەی بەڕادەی یەکەم ئاوێتەبوونە لەگەڵ خوای پەروەردگاردا. بەڵام تەریقەت بریتیە لەتەکیەو تەپڵ و دەف و حەلەقەی زیکر و جەزبەی دەروێشی. لاپەڕەکانی مێژوو دەریدەخەن کە فەلسەفەی سۆفیگەرێتی بەهەموو بەشەکانیەوە، لەگەڵ تەریقەتیشدا نە لەسەردەمی پێغەمبەر و نە لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیدا بوونی نەبووە.

تەنانەت لەو سەردەمانەیشدا تەزبیحی دەستیش نەبووە بەو ڕادەیەی ئەسحابەکان بۆ هەزاران جار بڵێن : ئەڵڵا .. ئەڵڵا.. بەڵکو ئەسحابەو یاوەرانی پێغەمبەر لەمشووری غەزەوات و بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامدا بوون. لە قورئاندا کە دەڵێ (فأذكروا ألله قياما وقعودا وعلى جنوبكم ــ النساء ــ ) مانای حەلەقەی زیکر ناگەیەنێت ، بەڵکو مانای یادکردنەوەی هەمیشەیی خوا دەبەخشێت. ساڵانی زوو شێخانی تەریقەت بەزۆری ڕیشیان نەدەهێشتەوە، بەڵکو بەتەنیا دەروێش و موریدەکان قژی سەریان درێژ دەکرد. هەندێک جاریش چەند پیرە پیاوێک بەناوی دێوانە و مامەسۆفی خاوەنی سەرو ڕیشی سپی بوون. کاتی خۆی ئافرەتێک بۆی گێڕامەوە و وتی ساڵانێکی زوو لە شێخ (س) م پرسی و وتم زانیومانە مانای شێخ و خەلیفەو دەروێش چییە ، ئەی گوایە دێوانە چی دەگەیەنێت؟ ئەو ئافرەتە بۆی

هەرچەند ناوی سۆفی و سۆفیگەرێتی و تەریقەت و تەکیەو دەروێشی بێتە کایەوە، ناڕوونی و تێکەڵ و پێکەڵیەك لەلای هەندێك لەخەڵکی دروست دەبێت . لەسەرەتادا پێویستە جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە بکەینەوە کە سۆفیگەری لەمێژوودا لە قەوارەیەکی فەلسەفیدا بەرجەستە بووە .



گێڕامەوە و وتی شێخ بەو پرسیارەم سەرسام بوو، پێکەنی و لەوەڵامدا وتی: لە ڕاستیدا ئەو جۆرە کەسانە لە بنەڕەتدا کەم عەقڵن، کاتێکیش تەریقەت وەردەگرن خراپتر دەبن و ئەوسایش خەڵکی پێیان یژن دێوانە! لەزمانی هیندی و فارسیشدا وشەی (دیڤانە) بەمانای شێت دێت. بەو مانایەی کە دێو و درەنج عەقڵی ئەو شێت و دێوانانەی شێواندووە. پێش سەرهەڵدانی ئاینی زەردەشتی دێو پەرستی لەئارادا بووە. زەردەشت دێو پەرستی قەدەغە کردو ناوی نا (دەئیڤە یەسنا) و داوای کرد (مەزدا یەسنا) یانی ڕاستی پەرستی پەیڕەو بکرێت. بەڵام سەرەڕای قەدەخە کردنیشی دێو پەرستی هەر مایەوە. یاقوتی حەمەوی نزیک بەشاری موسڵ ناوی چیای (داسن) دەبات کە بەشێک بووە لەچیای مەقلوب. هەر لە کۆنیشەوە بەئێزیدیەکان دەووترێت (داسنی) مێژوونووس تۆفیق وەهبی باوەڕی وەهایە کە وشەی (داسنی) لەوشەی (دەئیڤە یەسنا)ی دێو پەرستیەوە داتاشراوە. بەو پێیەی کە ئێستا بیرۆکەی دێو نەماوەو ناوی مەلەک تاوس جێی گرتۆتەوە(١).

شاعیر (ئەخۆل) لەهەڵبەستی (شەرتە تا ڕۆژی حەشر) باسی دێوانەی کردووە و دەڵێ:

**شەرتە وەک دێوانە کەشکۆڵ و عەسایەک هەڵگرم**
**بیخەمە لاوە بەجارێ عیزەتی نەفس و ویقار**

لەم شیعرەدا باسی کەشکۆڵ کراوە کە بەزۆری کەسانی زاهید و دێوانەی تەرکە دنیا هەڵیان دەگرت، بریتی بوو لە دەورییەکی قووڵی لەتەختە و دار دروست کراو. سۆفی و دێوانە بەقەدی خۆیانەوەیان دەبەست و خۆراک و ئاویان تێدەکرد و بەکاریان دەهێنا. لە سەردەمانی کۆندا باوبوو هەندێک کەسان بەناوی زاهید و تەرکە دنیاوە، لەنێو ئەشکەوتەکاندا خەڵوەتکێشیان دەکرد، دوور لەژاوە ژاوی کۆمەڵگا بەتەنیا ژیانیان بەسەر دەبرد. تەنانەت لە سەردەمانی کۆندا بانگەشەی ئەوە هەبوو، گوایە هەندێک جار کەسانی ئەولیای پڕ لە کەشف و کەرامەت لەو دەشت و تەلانانەدا دەبن بەئاسک و دەڵەوەڕن. بۆیە لەو سەردەمانانەدا وەها باوبوو کە خەڵکی سڵیان لە ئاسک کوشتن دەکردەوە، نەبادا ئەو ئاسکە کوژراوە لەبنەڕەتدا پیاو چاکێک بێت! خۆزگە ئەو بیرۆکەیە لەم ڕۆژگارەی ئێمەیشدا هەر لەئارادا بووایە، بۆ ئەوەی کەسانی ڕاوچیی دڵڕەق ئەو ئاسکە بێ وەی و چاو کەژاڵانەیان بەناهەق نەکوشتبایە. دیاردەی هەڵاتن لەکۆمەڵ و پەنابردن بۆنێو ئەشکەوتەکان، لەنێو ئاین و سەردەمە جیا جیاکاندا هەردەم بوونیان هەبووە. بۆ نموونە لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئاینی مەسیحیدا و لەپێناوی سەلماندنی زیندوو بوونەوەو هەڵسانەوەی سەروەری مەسیح، چەند دەقێک لەبارەی برادەرانی ئەشکەوتی ئەسحابول کەهفەوە بڵاوبوونەوە. ئوسقوفی یۆنانی (ئیستفان ئیفسوس) لەنێوان ساڵانی (٤٤٨ ـ ٤٥٠ ز) دەقی داستانێکی نووسی بەناوی

(حەوت خەوتووەکەی ئیفسوس) تیایدا گوایە حەوت کەسی سەر بەئاینی مەسیحی، لەترسی زەبرو زەنگ و ستەمی ئەمبراتۆر (دیسیوس) کە لەنێوان سالانی (٢٤٩ــ ٢٥١ز) حوکومڕانی کردووە هەڵدێن، بەدرێژایی سێ سەد ساڵ لێی دەخەون، لە سەردەمی ئەمبراتۆر (تیۆدۆری دووەمدا ) کە لەنێوان سالانی (٤٠٨ ــ ٤٥٠ ز) حوکمڕانی کردووە هەر حەوتیان لەو خەوە قووڵ و دوور و درێژەیان ڕادەپەڕن (٢).

لە سەردەمی پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامدا ئەحنافەکان بڕوایان بەیەکتا پەرستی هەبوو. هەندێکیان دەچوونە نێو ئەشکەوتی حەراوە (غار حراء) خەڵوەتیان دەکرد. هەندێک لە گێڕانەوەکان وەها دەردەخەن کە عەبدولموتەلیبی باپیری پێغەمبەر، بەدرێژایی مانگی ڕەمەزان لەنێو ئەشکەوتەکەدا دەمایەوەو خۆراکی بەسەر هەژاراندا دابەش دەکرد. پاش ئەویش کەسانی وەکو (ورقە بن نوفل) و (أبی أمیة بن المغیرة) بەدرێژایی مانگی ڕەمەزان لەنێو ئەو ئەشکەوتەدا دەمانەوە (٣) (غار حراء) لەمەودای دوو فەرسەخ کەوتبووە باکووری شاری مەکە. پێغەمبەری ئیسلامیش هەروەکو ئەحنافەکان لەمانگی ڕەمەزاندا چەند ڕۆژێک یاخود ئەو مانگەی





لەنێو ئەو ئەشکەوتەدا بەسەر دەبرد. هەر لەنێو ئەو ئەشکەوتەیشدا وەحی بۆ دابەزی(٤) خەڵوەتکێشی پێغەمبەر لەپێناوی ڕاکردن نەبوو لەواقیعی تاڵی ئەو سەردەمە، بەڵکو بریتی بوو لەحاڵەتی تێڕامان و بیرکردنەوە، هەوڵدانێکیش بووە بۆ گۆڕینی بارو دۆخی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە .

زوهد و پۆشینی بەرگی خوری و دوورکەوتنەوە لەخورد و خەو مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەناوچە موسوڵمان نشینەکاندا، لەسەدەی دووی زاینی بەدوواوە بەزەقی سەریهەڵدا. هۆکاری ئەم دیاردەیەیش دەگەڕێتەوە بۆ بڵاو بوونەوەی گەندەڵی و زوڵم و ستەمکاری لەلایەن حاکم و دەسەڵاتدارانەوە. ئەوانەی خۆیان بەسۆفی و زاهید ناودەبرد وەکو پەرچە کردارێک لەکۆمەڵ دوور دەکەوتنەوە. نەفسی خۆیان لە خۆشگوزەرانی و ڕابواردنی دنیای فانی بێ بەش دەکرد. حەسەنی بەسری کە لەساڵی (١١٠کۆچی ٧٢٨ زاینی) کۆچی دووایی کردووە باسی کەسانی سۆفی کردووە. یاخود شاعیرو نووسەری عەرەب (جاحظ) کە لەساڵی(٨٦٨ زاینی) کۆچی دووایی کردوو، لەکتێبی (البیان و التبیین) ناوی چەند سۆفیەکی هێناوە کە خۆیان لە خۆشگوزەرانی ژیان بێ بەش کردبوو(٥) دەووترێت وشەی سۆفی (صوفي) لەوشەی (صوف) ی عەرەبیەوە هاتووە کە بەمانای خوری دێت، چونکە سۆفیەکان لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون جل و بەرگی خوریی زبر بپۆشن. لێکدانەوەیەکی دیکەیش هەیە وەهای بۆ دەچێت کە وشەی سۆفی لەوشەی (سۆفیا Sophia)، یاخود (سافیس) یۆنانیەوە وەرگیرابێت کە بەمانای حیکمەت و دانایی دێت. وشەی (فەیلەسوف) یش هەر یۆنانیەو بەمانای خۆشەویستیی حیکمەت و دانایی دێت. ئێستایش کۆنە کڵێسەیەک لەنێو شاری



ئەخۆڵ

سۆفی و دێوانە بەقەدی خۆیانەوەیان دەبەست و خۆراك و ئاویان تێدەكرد و بەكاریان دەهێنا . لە سەردەمانی كۆندا باوبوو هەندێك كەسان بەناوی زاهید و تەركە دنیاوە، لەنێو ئەشكەوتەكاندا خەڵوەتكێشیان دەكرد، دوور لەژاوە ژاوی كۆمەڵگا بەتەنیا ژیانیان بەسەر دەبرد .

ئەستەمبولدا هەیە بەناوی (ئەیا سۆفیا) کە هەنوکە کراوە بە مزگەوت. لێکۆڵەران بەزۆری کۆکن لەسەر ئەو ڕایەی سۆفی و سۆفیگەرێتی لەوڵاتانی هیند و چینەوە گەیشتۆتە نێو میللەتە موسوڵمانەکان. هەروەها لە سەردەمانی کۆندا لەنێو مەسیحیەکانیشدا خەڵکانێکی ڕەبەنی خوری پۆشی لاتەریکی دوور لە لەزەت و چێژی دنیا هەبوونە. لەفەلسەفەی بوزیی کۆندا دیاردەی خۆ ونکردن و ئاوێتە بوونی باڵا لە گەردووندا پێی دەووترا (نیرڤانا) لەلای بەشێکیش لە هیندیەکان پێی دەووترا (ڤیداتا) وشەی فەناء خۆ لەنێوبردن (الفناء) لەلای سۆفیگەری بەناوبانگ بایەزیدی بوستامی بەکارهاتووە. ئەم فەناء لەنێو چوونەیش بەمانای لە نێوبردنی ئاکاری ناپەسەند دێت. یاخود مانای لەنێو چوونی سۆفی و بەندەیە و واتای ئاوێتە بوونیانیش لەگەڵ خودادا دەگەیەنێت. لەوانەیشە سۆفیەکان وشەی فەنایان لەئایەتێکی قورئانیەوە وەرگرتبێت (کل من علیها فان. ویبقی وجە ربک ذوالجلال والإکرام ـ الرحمان ـ) بەهەرحاڵ بەکارهێنانی بیرۆکەی فەناء لەنێو چوون لەژێر کاریگەریی بیرو هزری هیندی و چینیەوە لەلای سۆفیە موسوڵمانەکان سەریهەڵداوە(٦) پێغەمبەری ئیسلام و خەلیفەکانی هەرگیز داوایان لە موسوڵمانان نەکردووە کە خۆیان لەخۆراک و خۆشگوزەرانیی ژیان بێبەش بکەن، یاخود خۆیان ئازار و ئەشکەنجە بدەن. لە قورئانیشدا هاتووە کە نابێت شتە حەڵاڵەکان حەرام بکرێن ( یا ایها الذین امنوا لاتحرموا طیبات ما أحل ألله لکم ـــ المائدة ـــ) سەردەمانێک وەها باوبووە کە حاجیەکان بەپێی پەتی بەرە و شاری مەکە ڕێیان دەگرتەبەر، یاخود بێدەنگییان هەڵدەبژارد و هەندێک جاریش وەکو وشتر زنجیریان بەلوتی خۆیانەوە دەلکاند، ئەوە بوو خەلیفە ئەبوبەکر ئەو داب و نەریتەی قەدەخە کردو بەعادەتی جاهیلیی ناوزەد کرد(٧) تەریقەت (الطریقة) بەمانای کۆمەڵە ئامۆژگاری و ڕێنماییەک دێت کە شێخ بۆ موریدەکانی دادەڕێژێت تاوەکو پەیڕەوی بکەن. زانین و مەعریفەتی ناوەکیش (باتنی) یەکێکە لە گەورەترین دەستەواژەی سۆفیەکان کە لە کوردیدا بووە بەئەهلی عیرفان. ئەم وشەی مەعریفەتە (المعرفة) هاوشانە لەگەڵ وشەی (گنوسیس) ی یۆنانی (الغنوصیة)ی عەرەبی. بەو واتایەی کە تاک بەبێ شایەد و واسیتە و نێوەندگیری یەکسەر بەدڵ و دەروون پەی بەڕاستی و زانین و مەعریفەت و خواناسی ببات. شاعیرە سۆفیە عارەب و فارسەکان بەهاش و هوش ناسرابوون (الشطحات) ئەم حاڵەتەیش بریتیە لە پیادەکردنی جۆرە هەڵس و کەوت و دەربڕینی جۆرە بیرۆکەیەک، کە بەلای خەڵکی سادەوە مایەی سەرسوڕمانە.

یەکێک لەبنەما سەرەکیەکانی فەلسەفەی سۆفیگەرێتی خۆی لەئاوێتە بوون لەگەڵ خودادا دەبینێتەوە. هەموو شاعیرە سۆفیە عارەب و فارسەکان

لاف و گەزافی ئەوەیان لێدەدا، گوایە لەگەڵ خوادا تێکەڵ بوونە و بوونە بەیەک قەوارە. لەئاکامی هەر بەراوردکاریەک بەڕوونی دەردەکەوێت کە لەمێژووی فیکرو ئەدەبیاتی کوردیدا، شیعری سۆفیگەرێتی بەشێوەی شاعیرانی سۆفیی عارەب و فارس هەرگیز وجودی نەبووە. شاعیرە کلاسیکیە کوردەکان خوا پەرست بوونە، بەڵام بەهیچ ئەندازەیەک دیاردەی فەلسەفەی ئاوێتەبوون و حلولییەت لەلایان بەدی نەکراوە. نموونەی حلولی لـەلای شاعیرو سۆفیە عارەب و فارسەکان زۆرن. دەوترێت ڕۆژێک بایەزیدی بوستامی دەیەوێت بچێت بۆ حـەج. مامۆستاکەی ڕێی پێدگرێت و داوای گەڕانەوەی لێ دەکات و پێی دەڵێت: خوا ئەوەیە کە تۆ لەمندا دەیبینیت. چونکی منی بەماڵی خۆی تەرخان کردووە. منت بینی یانی ئەوت بینیوە و بەدەوری کەعبەدا تەوافت کردووە. منت پەرست یانی ئەوت پەرستووە. وەهای تێنەگەیت کە من غەیری ئەو نەبم:

إن الله هو ماتراه في بعين قلبك.. لانه اختارني بيتا له. فإذا رأيتني فقد رأيته.. وطفت حول الكعبة الحنيفة.. وإذا عبدتني فقد عبدته وسبحت له.. فلا تظن إنني شيء غيره..(٨).

حەللاج پێداگری لەسەر ئاوێتە بوون لەگەڵ خودادا دەکرد، لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەوەی خۆشمی بوێت و خۆشم بوێت هەر خۆمم.. ئێمە دوو گیانین لەیەک جەستەدا.. گەر منت بینی ئەوت بینیوە.. گەر ئەویشت بینی ئەوا منت بینیوە:

أنـــا مـــن أهـــوى ومـــن أهـــوى أنـــا
نـــحـــن روحـــــــان حــلــلــنـــا بـــدنـــا
فــــــإذا أبــــصــــرتـــنــــي أبــــصــــرتـــه
وأذا أبــــصــــرتـــه أبــــصــــرتـــنـــا(٩)

هـەروەهـا حـەلـلاج لـەبـارەی خـوداوە دەڵێت: خۆشەویستێکم لەناخدا هەیە.. ئەگەر بیەوێت بەسەر ڕومەتمدا دەڕوات.. ڕوحی ئەو ڕوحی منە و ڕوحی منیش ڕوحی ئەوە.. ئەگەر خاوەن ویست بێت منیش خاوەن ویست دەبم.. ئەگەر منیش خاوەن ویست بم ئەو خاوەن ویست دەبێت:

لــي حــبــيــب حــبــه وســـط الـحـشـا
لــو يــشــا يــمــشــي عــلــى خـــدي مـشـى
روحـــــه روحـــــي و روحـــــي روحـــه
إن يــشـــأ شــئــت وإن شــئــت يــشـــأ(١٠)

فەلسەفەی حلولی و یەکبوون لە گـەردووندا لە ڕۆژئـاوا لەلای فەیلەسوفی هۆڵەندی (سپینۆزا ١٦٣٢ ــ ١٦٧٧ز) سەریهەڵدا. ئەم فەیلەسوفە وەهای بۆ دەچوو کە خودا و گـەردوون و جەوهەر، هەموو هەر یەک شتن و لێک جیانابنەوە. ئەگەر بێتو بۆ نموونە بە بەراوردکاریەک لەنێوان شاعیر مەحوی و شاعیرانی سۆفیگەری فارس و عەرەبەکان هەڵبستین، ئـەوا بۆمان دەردەکـەوێـت کە فەلسەفەی حلولی

هەولێنامەی کتێب



لەلای مەحوی بەدی ناکرێت. ئەو تەم و مژەی لە شیعرەکانی مەحوی هەیە لەلای ئەوان نییە، بەڵکو ئەوان ڕاستەوخۆ بەبێ پێچ وپەنا مەبەستیان دەخەنە نێو مشتی خوێنەرەوە. هەروەها مەحوی وشەیەک یاخود مەغزایەک دەدرکێنێت، مەبەستی گەڕانەوەیە بۆ ئایەتێکی قورئانی. بۆیە دەتوانین بڵێین مەحوی شاعیرێکی دیندارو ئاین پەروەر و خوا پەرست بووە نەک سۆفی.

شاعیر لەتیف هەڵمەت لەکتێبی (سۆفی و سۆفیگەریتی)دا بابەتێکی زۆر هەستیار و ناسکی وروژانـــدووە، وەکو بزانم هیچ کـەس پێش ئەو نەیتوانیوە خۆی لەقەرەی ئەو کێشەیە بدات. من بەش بەحاڵی خۆم هاوڕام لەگەڵ کاک لەتیفدا کە دەڵێ لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا نەشاعیری سۆفیمان هـەبـووە، نەشیعری سۆفیگەریشمان هـەبـووە. لەبارەی ئەو جۆرە شیعرە سۆفیگەرێتیانەوە دەڵێت (فەلسەفەیەکی شۆڕشگێڕانەیە دژی فشاری شەریعەتی ئیسلامی لەسەر کۆمەڵگای موسوڵمانان، بەجۆرێک لە جۆرەکان بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگەی ئیسلامیە و کورسی دەرهێنانە لەژێر سوڵتەی شەریعەت، کە بـەدار و قامچی و ڕم و شیر و جۆرەها پیلان فەرمانڕەوایی مرۆیی دەکات. لەکاتێکدا خوای مەزن خۆی مرۆڤی سەرپشک کردووە ئازاد بێت هەر بیر و باوەڕێ هەڵگرێ یارەتی بکاتەوە )(١١) منیش دەنگم

دەخەمە پاڵ دەنگی کاک لەتیف و لەوەی زیاتری بۆ دەچم، دەڵێم شاعیرانی سۆفیگەری عەرەبی و فارسی نەک بەتەنیا دژایەتیی شەریعەتیان کردووە، بەڵکو لەوەیش زیاتر بڕوایان بەهیچ ئاینێکیش نەبووە. هەڵس و کەوتی ڕۆژانەیان و شیعرەکانیان و هاش و هوش و شەتەحاتیان بەڕوونی ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن. ئەو شاعیرانە بەتەنیا و تەنیا خۆشەویستیی خودا بەتوندی لەدڵ و دەروونیاندا جێگیر ببوو. بەو ڕادەیەی وەها هەست بکەن گوایە لەگەڵ خودادا تێکەڵ و یەکانگیر بوونە. ئەم هەڵوێست و بۆچوونەیش لەلای هیچ کام لەشاعیرە کوردەکان هەرگیزا و هەرگیز بەدی ناکرێت. بۆیە بۆی نییە هیچ شاعیرێکی کلاسیکی کوردی بەناهەق بخرێنە خانەی سۆفیگەرێتییەوە وەکو: بابا تاهیری هەمەدانی و مەحوی و جزیری و حەریری و مەولەوی و مەولانا خالید و بێخود و .. هتد. شاعیرانی کلاسیکیی کوردی بەوە ناسرابوون وەکو بەندەیەک ئاینداری و خوا پەرستیان کردووە. هەمیشە ستایشی پێغەمبەریان کردووە و خزمەتی زمانی کوردیشیان کردووە. هیچ یەکێکیش لەو شاعیرە کوردانە بەشێوەی شاعیرە سۆفیە عەرەب و فارسەکان نەیانوتووە گوایە گەیشتوونەتە پلەو پایەو مەقامی باڵای خودای پەروەردگار. ئەوەتا کاک لەتیف لە کتێبەکەیدا وەکو نموونە شیعرێکی شاعیری ئێرانی بایەزیدی بوستامی هێناوەتەوە کە ئەو شاعیرە ئێرانییە ئاین و شەریعەت و بەهەشتی وەلاوە ناوە، بەیەکجارەکی ڕەتی کردوونەتەوە و وتوویەتی:

سوێند بەخوا ئاڵاکەی من لە ئاڵاکەی محمد بەرزترە
ئەی خوایە گوێ ڕایەڵی تۆ بۆ من
لەگوێ ڕایەڵی من بۆ تۆ مەزنترە
زەبری من سەختترە لەزەبری ئەو بۆ من
بەهەشت چییە و گەمەی منداڵانە
. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .
تالله إن لوائي أعظم من لواء محمد
طاعتك لي يارب أعظم من طاعتي لك
بطشي أشد من بطشه لي
ما الجنة إلا لعبه الصبيان(١٢)

هەواڵنامەی کتێب

(رابعة العدوية ٧١٧ـ ٨٠١ ز) ژنە سۆفیەکی شاری بەسرا بوو تاوەکو تەمەنی نەوەد ساڵی ژیاوە. دەیووت نە لەعەزاب و ئەشکەنجەی خودا دەترسم و نە بەتەمای پاداشتی خودایشم. لەنێو دڵمدا بەتەنیا خۆشەویستیی خودا جێی دەبێتەوە. خۆشەویستیم بۆ خوا لە خۆشەویستی پێغەمبەریش دووری خستوومەتەوە(١٣).

حەللاج وەهای بۆدەچوو گوایە بۆی هەیە کەسی موسوڵمان لەمانگی ڕەمەزاندا بەس سێ ڕۆژ بەڕۆژو بێت، لەڕۆژی چوارەم ڕۆژووەکەی بەخواردنی سەوزە بشکێنێت. یاخود وەهای بۆ دەچوو کە تاکی موسوڵمان

بۆی هەیە لەشەکەتی و ماندوێتی حەجی شاری مەکە خۆی بپارێزێت، لەبری حەجکردنی کەعبە لە دەوروبەری ماڵی خۆیدا تەواف بکات و بسووڕێتەوە(١٤) هەموو ئەم بۆچوونانەی شاعیرە سۆفیەکان پێچەوانەی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامن (أبا زرعة الطبري) لەبارەی شاعیر حەللاج (حسین بن منصور) قسان دەکات و دەڵێت، گوێم پێوە بوو کە کاتی خۆی (عمرو بن عثمان) نەفرەتی بۆ حەللاج دەنارد و دەیووت، گەر دەستم بڕوات بەو دەستانەی خۆم دەیکوژم، چونکی ڕۆژێک ئایەتێکی قورئانم دەخوێندوە حەللاج لێی پرسیم چی دەخوێنیت؟ لەوەڵامدا وتم ئایەتێکی قورئان دەخوێنم. حەللاج هاتە قسە و لەبارەی قورئانەوە وتی: منیش دەتوانم هەمان شت دابنێم و بیڵێمەوە (یمکنني أن أؤلف مثله وأتكلم به)(١٥) بەتۆمەتی کوفر و گومڕایی حەللاج بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەشاری بەغدا زیندانی کرا. لە پاشانیشدا بەهاندانی (حامد بن العباس)ی وەزیری گەندەڵکار و دەستەڕاستی خەلیفەی عەباسی (المقتدر بالله) لە (بیست و سێی مانگی ذی القعدە ٣٠٩ك بەرامبەر بە٢٦ی مارسی ٩٢٢ز) دادگایی کرا. بۆ ڕۆژی دوایی حەللاج بەرامبەر بەئاپۆڕای خەڵکی شار هەزار قامچیی لێدراو ئۆفی نەکرد. دەست و قاچیشی بڕایەوە و سەریشی لە لەشی جیا کرایەوە. نەوتیان کرد بەسەر جەستەی پارچە پارچە کراویدا و سوتاندیان، خۆڵەمێشەکەیان هاویشتە نێو ڕووباری دیجلەوە. کەلە سەریشی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەشوورای شاری بەغداوە هەڵواسرا. (إبن كثير) لەبارەی خەلیفە (المقتدر بألله)ی بکوژی شاعیر حەللاج دەدوێت و دەڵێت: لە ماڵەکەیدا یازدە هەزار پیاوی خەسێنراوی خزمەتکار کاریان دەکرد (کان



لەتیف هەڵمەت

شاعیر لەتیف هەڵمەت لەکتێبی (سۆفی و سۆفیگەرێتی)دا بابەتێکی زۆر هەستیار و ناسکی وروژاندووە، وەکو بزانم هیچ کەس پێش ئەو نەیتوانیوە خۆی لەقەرەی ئەو کێشەیە بدات. من بەش بەحاڵی خۆم هاوڕام لەگەڵ کاک لەتیفدا کە دەڵێ لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا نەشاعیری سۆفیمان هەبووە

في داره أحد عشر ألف خادم خصي غير الصقالية والروم والسودان)(١٦) لەپاشاندا خەلیفە خۆیشی بەهەمان دەرد چوو، لەلایەن دەست و پێوەندەکەی خۆیەوە دەکوژرێت و سەر دەبڕدرێت. هەموو جل و بەرگەکەیشی لەبەر دادەکەنن و دەیبەن. تەنانەت دەرپێکەیشی لەپێ دادەکەنن و دەیبەن (وضرب أحدهم بسيفه على عاتقه فسقط إلى الارض. وذبحه أخر وتركوا جثته. وقد سلبوه كل شيء كان عليه حتى سراويله. وبقي مكشوف العورة مجدولا على الارض)(١٧) پێشتریش (حامد بن عباس)ی وەزیر کە هاندەری سەرەکی بوو بۆ کوشتنی حەللاج، خۆیشی کوژراو جەستەی پارچە پارچە کراو ماڵەکەیشی سوتێندرا. پێستی مەیمونیان لەبەرکرد و گەمانیان بەلاشەکەی کرد ( قطعت أوصال الوزير حامد وأحرقت داره. وقتل شر قتلة بعد أن ألبسوه جلد قرد. ولعبوا به قليلا)(١٧).

ڕاستیەکی سەلمێنراوە کە شاعیرە سۆفیەکانی سەردەمانی کۆن، بەهیچ ئەندازەیەک بڕوای تەواویان بەشەریعەت و ئاین نەبووە. ئەوەتا شاعیر (مەولانە جەلالەدین) بەئاشکرا و بێ پێچوپەنا, بێ ئاینی و بێ بڕوایی خۆی ئاشکەرا دەکات، ڕاست و ڕەوان دەڵێت من نە جولەکەم و نەمەسیحیم و نەموسوڵمانیشم. نەشەرقیم و نەغەربیم و نەعێراقیم و نەخوراسانیم و نەهیندیم و نەچینیم و نەبولگاریم و نەسەکسینم و بەڵکو خۆمیش نازانم چیم:

چە تدابیرای مسلمانان کەمن خودرا نمیدانم
نەترسانە یەهودیم نەکبرم نەمسلمانم
نەشرقیم نەغربیم نەعلویم نەسفلیم
نە أز أرکان تەبیعیم نەأز أفلاک کردانم
نەأز هندم نە أزچینم نە أز بلغار و سقسینم
نە أز ملک عراقیم نە أز خاک خراسانم
نشانم بی نشان باشد مکانم لاسکانی باشد
نەتن باشد نەجان باشد کەمن خودجان جانانم
دوئی راجون برون کردم دو عالم رایکی
دیدم یکی بینم ، یکی جویم، یکی دانم، کی خوانم

شاعیری ئێرانی عومەری خەیام نموونەیەکی زیندووە لەبێ باوەڕی و گومڕایی. ئەوەتا لە چوارینەکانیدا بەئاشکەرا دەڵێت کە بڕوای بە بەهەشت و زیندوو بوونەوە نییە. هەر بەوەیشەوە ناوەستێت و بەڵکو دەڵێ ئەو پەشتەماڵەی کە پاش مەی خواردنەوە دەم و لێوی پێ دەسڕدرێتەوە، قیمەت و نرخ و بەهای لە هەزار بەرماڵی نوێژ کردن زۆرترە. شاعیری کورد (سەلام) بەسەلیقەی بەرزی بەهەندێک دەستکاریەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:

ئەڵێن لە بەهەشت حۆری و کەوسەرە
جۆگەی شەراب و شیر و شەکەرە
جامێ شەرابم بۆ تێکە ساقی
حازربێ، کەم بێ، لەقەرز چاترە
××××××

دڵۆپێ شەراب دونیا ئەهێنێ
خشتی سەرکوپە ڕۆح ئەجوڵێنێ
ئەو پەشتەماڵەی لێوی پێ ئەسڕن
قیمەتی هەزار بەرماڵ ئەشکێنێ

ژیننامە و شیعری شاعیرە سۆفیە عارەب و فارسەکان، بەڕوونی دەیسەلمێنن کە دژایەتیی شەریعەتیان کردووە و بەهیچ کلۆجێکیش باوەڕیان بەئاین نەبووە. لەژیانیاندا بەتەنیا خواپەرستیان کردووە و عاشقی ڕاستەقینەی خودا بوونە. ئەوەی شایانی باسە لەو سەردەمە کۆنانەدا بیرۆکەی ئیلحاد و ڕەتکردنەوەی بوونی خودا لە ناوچەکدا لە ئارادا نەبووە. بۆیە شاعیرانی ئەوسایش گەر باوەڕیشیان بەئاین نەبووبێت، ئەوا وەکو هەموو خەڵکی پەنایان بردۆتە بەر خودا و خودا پەرستیان کردووە. گەر جاروباریش وەکو خاوەن باوەڕ خۆیان پیشان دابێت و چووبێتن بۆ حەج، ئەوە لەپێناوی ئەوەدا بووە لە لێپرسینەوە و ڕاوەدونان و کوشتن خۆیان ڕزگار بکەن. لەو سەردەمە کۆنانەیش وەکو ڕۆژگاری ئێستا قات و چاکەت و پانتۆڵ نەبووە، بەڵکو نووسەران و شاعیران تێکڕا بەدیندارو بێ دینیانەوە هەموو جل و بەرگی ئەو سەردەمەیان لەبەر کردووە کە بریتی بووە لە جوبە و عەمامەی سەر. بە هەرحاڵ سۆفی و سۆفیگەریێتی بەهەموو جۆرە جیا جیاکانیەوە، هەر لەبەشە فەلسەفیەکەیەوە بیگرین تاوەکو دەگاتە بەشەکانی تەریقەت و خەڵوەتکێشی و دێوانەیی، تێکڕا لەڕێی وڵاتانی هیندو چین و ڕەبەنە مەسیحیەکانەوە لەسەدەی دووی هیجریدا هاتۆتە نێو موسوڵمانەکانەوە. ئەوەتا لە قورئاندا نەهی لە ڕەبەنایەتی کراوە (ورهبانية إبتدعوها ماكتبناها عليهم ــ الحديد ــ) لە فەرمودەیەکی پێغەمبەریشدا هەمان فەرمان دووپات کراوەتەوە (لا رهبانية في الإسلام) جا نازانرێت سک گوشین و خۆ مەحروم کردن لەخۆراکی خۆش و بەتام، یاخود خۆلاواز کردن و ئێسک و پروسک دەرپەڕین، داخۆ دەبێت چ سوودێکی هەبێت و چ مانایەکیش ببەخشێت؟ گەر هەر کاردانەوەیەکیش ببێت دژی گەندەڵکاران، ئەوا ستەمکاران پێیان خۆشە میللەت پتر ڕەش و ڕووت و برسی بێت، بۆ ئەوەی خۆیان بتوانن زیاتر بەشەکانی ئەوانیش بخۆن و حەپە لوشی بکەن. دەقە ئاینیەکانی ئیسلامیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت مرۆڤ هەموو ڕزق و خۆراکێکی سەر ڕووی زەوی بخوات، (كلوا من طيبات ما رزقناكم ــ البقره ــ) فەرمودەیەکی پێغەمبەریش هەیە کە دەڵێت سێ شت لەدنیادا لەلام خۆشەویست کراوە: عەترو بۆن و ژن و نوێژکردن (حبب إلى من دنياكيم: الطيب والنساء وجعلت قرة عيني الصلاة).

لەکۆتاییدا جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە دەکەینەوە کە لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا شاعیری سۆفی و شیعری سۆفیگەریمان نەبووە. بەپێچەوانەی هەڵوێستی



شاعیرانی سۆفیگەریی عارەب و فارس، دەبینین تێکڕای شاعیرانی کلاسیکی کورد خواپەرست بوونە و ستایشی پێغەمبەریان کردووە. هەروەها کورد پەروەر بوونە و خزمەتی زمانی کوردیان کردووە. هیچ شاعیرێکی کورد وەکو شاعیرە سۆفیەکان نەیوتووە من لەگەڵ خوادا ئاوێتە بوومە، یاخود من هەقم بەو شێوەیەی حەلاج کە دەیووت (أنا الحق) یاخود هیچ شاعیرێکی کوردیش وەکو بایەزیدی بوستامی نەیوتووە خوا لەژێر جوببەکەمدایە.

پەراوێزەکان:


١ ــ مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی . وڵاتەکەت باشتر بناسە. دەزگای ئاراس. هەولێر ٢٠٠٥ لاپەڕە (٢٦٨ ــ ٢٦٩).

٢ــ جبرائيل رينولدز. القران فی محيطه التاريخي. ت: سعدالله السعدي. منشورات دار الجمل. بيروت بغداد ٢٠١٢، ص ١٨٨.

٣ــ جواد علی. تأريخ العرب فی الإسلام. منشورات دار الجمل. بيروت بغداد ٢٠٠٩، ص١٨٢.

٤ــ سەرچاوەی پێشوو .. لاپەڕە ١٨٠.

٥ــ الدكتور عبدالرحمن بدوي. تأريخ التصوف الإسلامي. دار الشعاع للنشر. القاهره ٢٠٠٨.

٦ــ رينولند نيكولسون. في التصوف الإسلامي و تأريخه. ت: أبو العلا العفيفی. منشورات دار الجمل. بيروت بغداد ٢٠١٥، ص ١٤٨.

٧ــ سەرچاوەی پێشوو ... لاپەڕە ١٠٢.

٨ــ سەرچاوەی پێشوو ... لاپەڕە ٢٧٧.

٩ــ رينولند نيكولسون. في التصوف الإسلامي و تأريخه.... ص ٢٤١.

١٠ــ روجيه أرنالديز. الحلاج السعی إلی المطلق. دار التنوير. بيروت ٢٠١١، ص ١٤٨.

١١ ــ لەتیف هەڵمەت. سۆفی و سۆفیگەریتی. لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر. سلێمانی ٢٠٠٩، لاپەڕە ٧٣.

١٢ ــ سەرچاوەی پێشوو .... لاپەڕە ١٠٨.

١٣ ــ رينولند نيكولسون . في التصوف الإسلامي و تأريخه .... ص ١٤٦.

١٤ ــ تور أنديه. التصوف الإسلامي. ت: دكتور عدنان عباس علي. منشورات دار الجمل. بيروت بغداد ٢٠١١، ص ١٠.

١٥ ــ إبن كثير. البداية و النهاية. تحقيق: جوده محمد جوده. محمد حسنی شعراوي. دار إبن هيثم . القاهرة ٢٠٠٦، المجلد السادس، ص ٩١.

١٦ ــ سەرچاوەی پێشوو .... لاپەڕە ١١٩.

١٧ ــ سەرچاوەی پێشوو .... لاپەڕە ١١٩.

١٨ ــ هاله العوري. الفناء في الإنسان كبار الصوفية. دار صفحات. دمشق ٢٠١٣، ص٣٦.


هەواڵنامەی کتێب



# ڕەمزی نافیع، لەگەڵ نازییەکان ویستی چی بکات؟!



محەمەد گۆران

ڕەمزی نافیع ڕەشید، ساڵی ١٩١٧ لەشاری هەولێر لەسەر قەڵا لەدایک بووە، لە ئامێزی دایک و باوکێکی دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوو و تێر پەروەردە کراوە.

لەلایەن درەختی خانەوادەوە، ڕەمزی کوڕی نافیع ئاغای حاجی ڕەشید ئاغای یەحیا ئاغای عەبدولوەهاب ئاغای ئەحمەد ئاغای حارس ئاغایە، لە عەشیرەتی مەموندی لە ناوچەی مەموندی بناری چیای سپیلک نزیکی سیساوا، بەسەر ڕێی نێوان شەقڵاوە و ڕەواندزەوە، لە سەردەمی حارس ئاغا، بنەماڵەکە دەگوێزێتەوە بۆ هەولێر و دەبن بەخاوەن موڵک و ماڵ و دیوەخان، هەر وەک لە شوێنی خۆیاندا خاوەن موڵک و دیوەخان بوون، ڕەمزی لەلای دایکییەوە دەگەڕێتەوە بۆ میرەکانی شەقڵاوە، خوارزای



میرانی قادر بەگ و نەوەی میرانی مستەفا بەگ بووە.

بەمەدا دیارە ڕەمزی بەڕیشە لەناو جەرگەی کوردەوارییەوە سەری هەڵداوە، هەر چەند کوڕە ئاغا بووە و لەناز و نیعمەتی هەولێردا پەروەردە و گەورە بووە، بەڵام وەک نزیکەکانی لێی دەگێڕنەوە، لەلایەن ڕەوشت و تەبیعەت و ڕەفتارەوە، دەماری گیانی عەشیرەت و دەشت و دەری بەهێزتر بووە.

ڕەمزی کە دەچێتە ئەلمانیا، ئاوا وەسفی خۆی دەکات: «باوکم ئاغایە و لە هەولێر دادەنیشێت، خێڵەکەشی لە چیاکاندا دەژین». میولەر دەڵێت ڕەمزی چووە نزیک نەخشە گەورەکەی کوردستان کە بەدیوارەوە هەڵواسرابوو، پەنجەی ڕاکێشا و گوتی «ها لێرە«، پرسیم ڕەمزی خێزانەکەتان لەکوێوە هاتوونە؟ گوتی، دایکم لەخێڵێکی دیکەیە، بەداخەوە ئێستا مردووە، خێڵەکەی دایکم لەبەری ڕۆژهەڵاتی خێڵەکەی ئێمەوە دەژین، هەمیشە لەوێش ڕێزم لێ دەگرن. میولەر دەڵێت «ڕەمزی کە هەستی کرد من پەیوەندی خێڵەکیانەی ئەوم زۆر بەدڵە، کەیفی هات، درێژەی دایێ و گوتی، برۆنێ، چاکترین برادەرم لەم گوندە بچووکە دەژی، ئامۆزامە، بەخوێنبرا بانگی یەکتری دەکەین».

ڕەمزی نەریتی شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەری گۆڕی، چونکە تاوەکو ئێستا لەم بەشەی کوردستاندا، ئەوانەی خاوەنی دەیان و سەدان و هەزاران مەتر زەوین، خانوو و بەرژەوەندییان لەشار و دێهات و دەرەوەدا هەیە، ئامادە نین خۆیان لەپێناو نیشتمان بەهەلاکەت بدەن و گیانبازی وەها بکەن، بەڵکو تەنها چینی خوارەوە و ڕەش و ڕووتەکەی کۆمەڵگایە، کە لەپێناو نیشتماندا گیانبازی بەخۆی و ریسک بەبەرژەوەندی و داهاتووی خۆی و خانەوادەکەیەوە دەکات، بەڵام ڕەمزی ڕێک پێچەوانەی ئاراستەی بەرەکەی خۆی، (بەرەی سەروو)ی کۆمەڵگای هەڵنەبژارد و وەک تاکێکی ڕەنجدەری (بەرەی خواروو) لەپێناو سەربەخۆیی نیشتماندا گیانبازی کرد و دەستبەرداری پاشناوی ئاغایەتی و بەرژەوەندییەکانی بوو.

لەئێستادا لەم بەشەی کوردستاندا (باشور) نیشتمان پەروەری و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و تێگەیشتنی تاکی کورد بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان وەها تێکەڵ بە بەرژەوەندی و پیرۆزییەکان کراوە، تەواو لە ڕاستەڕێ لایداوە و کەسیش هەوڵی هێنانەوەی تایمەکەی نادات. ئایا کەس لە ئێمە هەتا ئێستا لە خۆی پرسیوە «بۆچی کاتێک بەرپرسەک لەناو جێگادا دەمرێت، هەزاران کەسی ئەم نیشتمانە بەمەراسیم و لاوانەوە دەینێژن، بەڵام ئەوانەی وەک ڕەمزی گیانبازی لەپێناو نیشتماندا دەکەن و رووحیان دەبەخشن، زۆربەی جار تەنها کەسوکارەکەی بەبێ ئامادەبوونی نێشتمان پەروەرەکان! دەینێژن؟». بۆیە کاتی ئەوە هاتووە سەرلەنوێ نیشتمان و نیشتمان پەروەری فۆرمەلە بکەینەوە؟ لەوەوە دەست پێکەین ئایا نیشتمان چییە و نیشتمان پەروەری چۆنە؟ ئایا نیشتمان بۆ دۆشینە یان بۆ گیانبازی و خۆبەختکردنە لە پێناویدا؟ وەک ئەوەی ڕەمزی کردی!



## ڕەمزی نافیع

«بەپێوانەی ئەو ڕۆژگارە، ڕەمزی گەنجێکی خودا پێداوی حەساوەی شەنگی بەرچاوی دەسکە گوڵی هیوای لەدەستدابوو، لەلایەنی پێداویستی ژیانی کامەرانییەوە، ئەگەر تەماعیشی تێدا بەکاربێت، ڕەمزی بەولای تێری و تەسەلییەوە بوو، نیازێک نەبوو لەوانەی دڵی گەنجێکی خورتی کوردی ئەوسای بۆ بچێ ڕەمزی پێی نەگات، هەتا خەیاڵی چرووک بەدڵی کرمێدا هاتوچۆی پلانگێری بکات بۆ هەڵبەستنی نیازێکی قرپۆک، لەویژدانی ڕەمزیدا لەوە پتر بەدەستەوە نادات کە پیاوەتی وەها مەزن، لە ڕەمزییەوە وەک زەهر بێ وەهایە بۆ ناو زار و گەرووی بێگەن. لەساڵی ١٩٤٣دا ئەگەر کورد ئاوێکی ڕوونی شک بردبایە بۆ نەتوانەوە و حەسانەوە، نەدەشیا ڕۆڵەی وەها بەناز پەروەردەکراوی خۆی لە باوەشی گەرموگوڕی باوک و دایکییەوە هەڵدات بۆ گاڵتە بەگیان کردن، بۆ ڕێی هاتێک و دە جاران نەهات. ئەوەندەی بیستبێتم و زانیبێتم، ڕەمزی یەکەم کورد بووە بۆ کوردایەتی، یان بۆ هەر نیاز و تەما و مەبەستێک بێت، بەپێلیژەی هەوادا، لە شەوی تاریک، سەروژێر بووبێتەوە بۆ مەجهوولێکی پڕ لە ترسی شەکەت بوون و مل شکاندن و مەرگ.

ڕەمزی! ڕۆڵەی بەشەرەفی کورد و هەولێر!.. بەهەموو ماناوە شاگوڵێک بوویت لەباغی کوردایەتیدا، بەر لە پشکوتن هەڵوەریت. ئاواتێک بەناکامی نیشتمانت چوویت.. بزەیەک بوویت لە شەبەقی بەیانیدا، بەر لە خۆرهەڵات بەسەر لێوانەوە وشک بوویتەوە. وای لە ڕەنجی بەفیڕۆ ڕۆیشتووت. وای لەزیانی بێ ئامان و سامانی میللەتەکەت بەکوژانەوەت. وای لەبێ ڕەحمی ڕۆژگار بەتەنینەوەی فەرامۆشی لە دەوری پرشنگی ناو و خەباتت! هەزاران هەزار فرمێسکی بەکوڵ بۆ سەر خاکی قەبرە پیرۆزەکەت، نازداری کورد و هەولێر، ڕەمزی گیان»!

بیریاری کورد (مەسعود محەمەد) لەدوای ٣٨ ساڵ لەوەفاتی ڕەمزی، ئاوا ڕەمزی لاواندۆتەوە و دەشڵێت: «من چەند جاران لەڕێکەوتدا ڕەمزیم دیتووە: ئەم دیمەنەی ڕەمزی کە لە یادکردنەوەوە دێتەوە بەرچاوم، لەقژی زەرد و چاوی کاڵ و ڕووی سوور و بزەی سەر لێوانی، کە وەکو شکۆفەی گوڵ هەمیشە لێی چەسپ بوو، لەوڕێنەشدا خەیاڵی نەدەبردمەوە بۆ چەتربازی و گیانبازی».

«ڕەمزی بۆ هەولێر شۆڕشێک بوو، شۆڕشەکەی لە پێناسی خۆیەوە دەست پێدەکات، شانازی بەوشەی (ئاغا) وە نەکردووە، بە (ڕەمزی نافیع ڕەشید) خۆی بەخەڵکی ناساندووە، ئەگەرچی لەشار گەورە بووە بەڵام خو و ڕەوشتی دەشتیشی پاراستووە. شارێکی دێرینی وەکو هەولێر کۆنە، بەسەرهاتی مێژوو، پەروەردەیەکی تایبەتی خەڵکی شارەکەی کردووە، بەڵام ڕەمزی ئەو بوونەی ڕووخاند، چونکە نیشتمان پەروەرییەکەی تەنها بەقسە و لەڕووی تیۆرییەوە نەبوو، بگرە بەکردەوە و پراکتیکەوە چووە مەیدان، بەرلین و مەشقی پەڕەشووت و سیلاح شۆڕی، بەبێ قیزە بە پەڕەشووت دابەزین لەوڵاتی خۆی». دکتۆر مارف خەزنەدار وای وەسف دەکا.

عیزەدین فەیزی، ئەویش دەڵێت: لە بنەماڵەیەکی دیار و دەوڵەمەندی هەولێربوو، بیویستایە چ لە عێراق و چ لە دەرەوەی وڵات، دەیتوانی زۆر بەخۆشی و ئاسانی ژیان بباتە سەر، بەڵام دڵسۆزییەکەی وای لێکرد، قوربانی بەهەموو شتێکی خۆی بدات و ئەمکارە بەرزە جێبەجێ بکات، لەبەرئەوە پێویستە خزمەتەکەی بەکردەوەیەکی پیرۆز دابنرێت.

ڕەمزی لەتەمەنی ٢٦ ساڵیدا و ڕێک لەساڵی ١٩٤٣دا چووە نێو هاوکێشەیەکی ئاڵۆزی نێونەتەوەیی سیاسی و هەواڵگرییەوە، هەوڵی بەدەست هێنانی دەوڵەتی نەتەوەییدا، بەو پەڕی متمانەوە ویستی ڕێبەرایەتی نەتەوەیەکی بێ قەوارە و بێ ئاڵا بکات و بیهێنێتە ڕیزی نەتەوە هەژموونگەرا و دیارەکانەوە، ئەو سەرنج و تێڕامانەی پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت ئەوەیە:

هەتاکو سەدەی ڕابردوو و بە چاوخشاندن بە مێژووی کورد و نەتەوەکانی دیکەدا، زۆر کەڵەپیاو و شۆڕەژن ناویان چۆتە مێژووی سیاسی و مرۆڤایەتییەوە، کە لە بیستەکانی تەمەنیاندا بوونە، ئایا لەبەرچی مرۆڤی ئەم سەردەمەی ئێستامان، هەتا تەمەنی دەگات بەچل ساڵیش هێشتا هەر بەگەنج و مێشک نەمەیو دادەنرێت؟! لە کاتێکدا پێشتر مێژوو زۆر کەسی هاوشێوەی ڕەمزی پێ ناساندین کە لە بیستەکانی تەمەنیاندا بوون، ئایا کەشوهەوا، یان خواردن، یان سیستەمی سەرمایەدارییە کە لە ئێستادا لێناگەڕێت، مرۆڤ هەتاکو تەمەنی چل ساڵیش پێبگات و متمانەی بەخۆی هەبێت؟! ئەمە پێویستی بە توێژینەوەی هەمەلایەنەی دەروونی و کومەڵایەتی و تەندروستی و کولتووری و سیاسیشە.

ڕەمزی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، پاشتر ڕوو دەکاتە کەرکووک و پۆلی چوارەمی ئامادەیی لەوێ تەواو دەکات. ئەمجارە دەچێتە

**ڕەمزی نافیع**



ڕەمزی گەنجێکی خودا پێداوی حەساوەی شەنگی بەرچاوی دەسکە گوڵی هیوای لەدەستدابوو، لەلایەنی پێداویستی ژیانی کامەرانییەوە، ئەگەر تەماعیشی تێدا بەکاربێت، ڕەمزی بەولای تێری و تەسەلییەوە بوو، نیازێك نەبوو لەوانەی دڵی گەنجێکی خورتی کوردی ئەوسای بۆ بچێ ڕەمزی پێی نەگات

بەغدا و ساڵی خوێندنی ١٩٣٧ و ١٩٣٨ لە پۆلی پێنجەمی زانستی (علمی) لە قوتابخانەی ئامادەیی ناوەندی (الاعدادیة المرکزیة)ی بەغدا بووە، هەتا کۆتایی ساڵ دەخوێنێت و لەهەموو وانەکانیش دەردەچێت و داخیل بە تاقیکردنەوەی بەکالۆریا دەبێت (ئەوکات ئامادەیی تاکو پێنج بوو)، بەڵام بە بڕیارێکی کتوپڕ و لەناکاو ساڵی ١٩٣٩ بەغدا جێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە بەیروتی پایتەختی لوبنان و لەوێ لە زانکۆی ئەمەریکی دەستدەکاتەوە بەخوێندن. دوو ساڵی خوێندن تەواو دەکا و پلەی (فریشمان) وەردەگرێت، لەپاشاندا دەچێتە ئەستەنبوڵ و دەبێت بەقوتابی لە (ڕۆبەرت کۆلێژ). ڕەمزی لە تەمەنێکی زوودا (١٩٣٧–١٩٤٦) بوو بە ئەندام لە (پارتی هیوا). هیوا، خاوەنی بزووتنەوەکی شۆڕشگێڕانە و دژ بەسەرمایەداری بوو، زۆرێک لە کۆمونیست و سۆسیالیستی سووری کورد، هاتنە ڕیزی پارتی هیواوە.

لە ماوەی سەرکەوتن و دەرچوونی لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت، ڕەمزی گوازرایەوە بۆ زانکۆی ڕۆبیرت کۆلێجی ناسراو لە ئیستەنبوڵ، بەڵام لەدوای دەرچوونی لە بەیروت، بۆ دیدار و مانەوە لەگەڵ خێزانەکەی گەڕایەوە هەولێر، پێش جێهێشتنی هەولێر بەرەو ئیستەنبوڵ، هەرچۆنێک بوو، دەرفەت و پێشنیارێک هاتە سەر ڕێگای و ڕێڕەوی ژیانی گۆڕی، شتێک کە ئەگەری هەبوو ڕووخساری سەردەم بەتەواوی و مێژووی گەلی کورد بۆ هەمیشە، بگۆڕێت!.

پاش ماوەیەکی کەم لە گەیشتنی بۆ ئەستەنبوڵ و بەدیاری کراوی لەساڵی ١٩٤٣دا پەیوەندی پێوەکرا و دیداری لەلایەن ئەندامانی «ئەبڤێیری نازیNazi Abwehr » بۆ ڕێکخرا، کە یەکەیەکی هەواڵگیری سەربازی نهێنییە و پێکدێت لە تاکتیککار و سیخوڕ و ڕاهێنەرە سەربازییە گرنگ و هەرە پێشەنگەکان.

لە یەکەم دیدار و هەنگاودا (گۆتفرێد یوهانس میولەر) ئەرکی بە ڕێکخستن کردنی ڕەمزی نافیعی لەگەڵ ڕاهێنەرەکەی بەناوی (فریدریک ویلهام هۆفمان) کرد. ئەوان لە قاوەخانەیەک چاویان بە ڕەمزی نافیع کەوت و لەگەڵ یەکتردا دانیشتن سەبارەت بە نەخشە ڕێگایەک: «بەرامبەر بە بزووتنەوە یاخیگەرییە کوردییەکان وەک پلانی یەکگرتنی کورد دژی بەریتانییەکان، کە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوکیان داگیر کردبوو، گفتوگۆیان کرد». لەگەڵ ئەوەشدا، وا دانوستان لەگەڵ ڕەمزی کرا کە خوێندنەکەی لە بەرلین تەواو بکات و ببێت بەخاوەن ناسنامەی ئەڵمانی، هیچ بەڵگەیەکیش نییە بە فەرمی ئاماژە بە هاتنە ڕیز و بە ئەندام بوونی ڕەمزی بکات لە پارتی نازی. ڕەمزی نافیع کوردێکی نەتەوە پەرست بوو، سەرەڕای هزری سۆسیالیستی و نەتەوەیی بوونی لەڕووی ڕامیارییەوە، بەڵام هەرگیز نەبووە بە ئەندام لە ‹›پارتی سۆسیالیستی نەتەوەیی کرێکارانی ئەڵمانی NSDAP»دا بۆیە تاکە پارتییەک کە ڕەمزی بەفەرمی تێیدا ئەندام بووبێت، پارتی هیوا بووە.

«ڕەمزی هەڤاڵێکی زۆر نزیکم بوو، لەپۆلی یەکەمی سەرەتایی هەتا ناوەندیشمان تەواوکرد هەر پێکەوە بووین،

بەڵام ساڵی ١٩٣٦ من بۆ خوێندنی خانەی مامۆستایان چوومە بەغدا و لە هەولێر دوور کەوتمەوە، ڕەمزیش بە مەبەستی تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندی چووە کەرکووک. وەک نووسەر و کەسایەتی دیاری شاری هەولێر (عیزەدین فەیزی) ئاماژەی بۆ دەکات: «ڕەمزی پەروەردەی دەستی چەند مامۆستایەکی قۆناغی سەرەتایی بوو کە زۆر بە دڵسۆزی بیروباوەڕی کوردایەتی و نیشتمان پەروەریان لە مێشکی قوتابیاندا دەچاند، هەر بۆیەش لەگەڵ پێشکەوتنی تەمەنیدا، ڕەمزی ئەو هەستە زیاتر لە مێشک و دەروونیدا چەکەرەی کردووە و بەهەموو چەشنەک لەناو قوتابخانە و لەدەرەوەدا بۆ پەرەپێدانی بیروباوەڕی کوردایەتی درێغی نەکردووە، خۆیشی لەبەرئەوەی دایکی خۆشناو بوو، کوردییەکی ڕەوان و پاراو قسە دەکرد، لاوێکی دڵ و دەروون پاک و دڵسۆز و ناسک و ڕووحپەروەر بوو».

لەبارەی حزبی هیوا و ئەندامییەتی ڕەمزی لەحزب، عیزەدین فەیزی بەردەوامی بەقسەکانی دەدات و دەڵێت: ساڵی ١٩٣٩ کە بە مامۆستا لە هەولێر دامەزرام، بەرپرسیارەتی پارتی هیوا لە هەولێردا بەمن سپێردرا، ئەو کات زانیم کە ڕەمزی ئەندامی حزبە. ساڵی ١٩٤٠ ڕۆژێک لە خزمەت سکرتێری حزب مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)دا و لەماڵی (یونس





## ڕەمزی نافیع

قادر)، کە خەڵکی سلێمانی بوو و ئەو دەمە بەڕێوەبەری ئیشغاڵی هەولێر بوو، هاوکات ئەندامی حزبی هیوا بوو، دانیشتبووین، لەو کاتەدا ڕەمزی و هەڤاڵێکی هاتنە ژوورەوە و ڕەمزی سڵاوێکی سەربازانەی زۆر بەتوندی بۆ مامۆستا ڕەفیق حیلمی کرد، وا هاتە بەرچاوم هەموو لەشی پڕ چالاکی و دڵسۆزی و دەروون پاکی بوو.

ڕەمزی زمانەکانی ئینگلیزی و ئەلمانی و تورکی و عەرەبی زۆر بەباشی زانیوە، ئەندامێکی کارامەی حزبی هیوا بووە، لەگەڵ ئەندامە باڵاکانی ئەو حزبە لەپەیوەندیدا بووە. (سروود سوعاد) کە دەکاتە برازای ڕەمزی، ئەو ڕۆژە لە ماڵەکەی خۆیاندا، یادنامەکی بەرباخەڵی ساڵی ١٩٤٢ی ڕەمزی ئەو دەستاودەست پێدەکرد و لە شوێنێک بە پەنجەی دۆشاومژەی ئاماژەی بۆ پەڕەیەک کرد و لەوێدا، «ئەو کاتەی ڕەمزی لەبەیروت دەیخوێند، ئابوونەی حزبی کۆمەڵێ لە ئەندامانی حزب کە لێی وەرگرتبوون، لەوێدا تۆماری کردبوون. هەر لەو کاتەی لە بەیروت بووە، ڕەمزی دۆستی نزیکی کامەران بەدرخان و نورەدین زازا و چەندین کوردی بە ناوبانگی ئەوێ بووە».

ڕەمزی بۆچی بەشداری لە کردەوەی مامۆت کرد؟ ئایا سیخوڕێکی ئەلمان و نازی بوو؟ یان تەنها کوردێکی دڵسۆزی نەتەوە و خاکەکەی بوو، مەبەست لەو کارەی تەنها ئەوە بوو کورد بگاتە ئامانج و هیچی دیکە؟ زۆرن ئەوانەی کە ناوی ڕەمزی دێت و یەکسەر بە جاسووس و نازی بوون تۆمەتباری دەکەن، کە لەڕاستیدا نازی نەبووە و لەهیچ لە قسەکانیدا، میولەری هەواڵگری ئەلمانی، ئەو ناڵێ ڕەمزی پیاو و ئەندامی ئێمە بووە، بەڵام ئەگەر نازیش بووبێت؟ خەوشەکەی لەکوێ دایە، لە کاتێکدا هەر لەو سەردەمەدا خەڵکانەکی زۆر مووچەخۆر و پیاوی ئینگلیز بوون! یاخود کۆمۆنیست بوون و وەک دەڵێی، ئەگەر لە مۆسکۆ بەفر باری بووا، ئەوان لە هەولێر چەتریان هەڵدەدا؟!.

ئایا هۆکارەکەی تەنها ئەوەیە کە مێژوو، سەرکەوتووەکان دەینووسنەوە؟! ئەگەر وانییە؟ ئەی لەبەرچی چەرچل بە کودەتا هاتە سەرتەخت و هیتلەر لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە، بەڵام دواتر یەکەمیان بووە ئاشتیخواز و دووەمیان بووە دیکتاتۆر؟ ئەی ئەگەر لەجەنگی دووەمی جیهانیدا بەرەی نازییەت و فاشیزم سەرکەوتبان، ئەوکاتە هەموو هاوکێشەکان پێچەوانە نەدەبوونەوە؟!.

«لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی، بە تایبەتی لە کوردستانی عێراقدا (باشور) سێ بیروباوەڕی سیاسی و ئایدۆلۆژی هەبوو، بەزۆری رووکەش بوو، لەناخی تێگەیشتنەوە هەڵنەقولا بوون. یەکەم: ئەوانەی سەر بە ئینگلیز بوون و زۆربەشیان پەیوەندیان پێیانەوە هەبوو. دووەم: ئەوانەی خۆیان بەلایەنگری ئەڵمان دەزانی و شانازییان بەوە دەکرد کە نازییان پێ بڵێن، بەڵام هیچ پەیوەندییەکیشیان بەنازییەکانەوە نەبوو. سێیەم: ئەوانەی تورکچێتیان دەکرد، ئەمانە بووبوون بەدوو بەشەوە، بەشێکیان بۆ دەسەڵاتی عوسمانی دەگریان و دەیان لاواندنەوە، بەشەکەی دیکەیان خۆیان سەر بە تورکیای مستەفا کەماڵ و لاتینی دەزانی،

لەڕووی بیرباوەڕی ئایدۆلۆژییەوە، ئەمانە مەیلیان زیاتر بۆ نازی هەبوو، چونکە عوسمانی و تورکی پاش عوسمانیش لەگەڵ ئینگلیز ڕێک نەبوون».


مارف خەزنەدار کە لەدایک بووی گەڕەکی (سەعدوناوە)ی هەولێرە و لەهەمووان باشتر خەڵکی شارەکە دەناسی، دەڵێت: هەموو ئەو خەڵکانەش (کوردی باشور ـ هەولێر) تورکچییەکان نەبێت، واتا ئەوانەی سەر بەئینگلیز و لایەنگری ئەلمان بوون، بیروڕایان هەرچی بووبێت، لە چوارچێوەی کوردایەتی نەچووبوونە دەرەوە، هەموو شت بەلای ئەوانەوە دەبوو لەپێناوی چاکەی کورد بێت، بێگومان (پارتی هیوا) قاوغێکی پڕ بەپێستی پاراستنی ئەو ڕێڕەو و ئایدۆلۆژیانە بوو، چونکە لەناو هیوادا، یەکێتی ئایدۆلۆژی نەبوو، ڕەنگە ئەمەیان بەخەوش بۆ دانابێت، جگە لەمە خەوشێکی دیکەشیان بۆ دۆزیوەتەوە بەوەی کە دەڵێن هیوا، پارتێکی بۆرژوازی بوو، بەڵام نەیەکەم و نەدووەم هیچ یەکێکیان خەوش نین، هیوا، یەکێتی ئایدۆلۆژی نەتەوایەتی تێدا هەبوو، بەڵام هەستی ئایدۆلۆژی چینایەتی تێدا نەبوو.

«ڕەمزی یا دەبوو لایەنگری ئینگلیز یان ئەلمان بێت، نەدەبوو بەلایەنگری تورک چونکە بە کوردی پەروەردە کرابوو، لە ماڵیاندا هەوایەکی دژ بە ئینگلیز هەبوو، ئەمە ببوو بەهۆی ئەوەی مەیلی بۆ ئەلمان هەبێت، لەو کاتەدا ئەو مەیلە دروشمی نیشتمان پەروەری بوو، خۆ ئەگەر ببووایە بەلایەنگری ئینگلیز، ئێستا و ئەوساش بەچاوێکی دیکە تەماشا دەکرا، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، بەدوای هیوا و ئامانجێکدا وێڵ بوو کە چەندینجار ئینگلیز ببوو بەتەگەرە بۆ هێنانەدی ئەو هیوا و ئامانجانە، بەڵام وارێک نەکەوتبوو تاقیکردنەوەی لەم لایەنەوە لەگەڵ ئەڵمان



ڕەمزی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، پاشتر ڕوو دەکاتە کەرکووك و پۆلی چوارەمی ئامادەیی لەوێ تەواو دەکات. ئەمجارە دەچێتە بەغدا و ساڵی خوێندنی ١٩٣٧ و ١٩٣٨ لە پۆلی پێنجەمی زانستی (علمی) لە قوتابخانەی ئامادەیی ناوەندی (الاعدادية المركزية)ی بەغدا بووە، هەتا کۆتایی ساڵ دەخوێنێت و لەهەموو وانەکانیش دەردەچێت و داخیل بە تاقیکردنەوەی بەکالۆریا دەبێت

ڕێک بکەوێت، مەسەلەکە هیچ نەبێت لەڕووی تیۆرییەوە ڕاست و ڕێکبوو، بۆیە بەڵگەی لەخۆ بووردن و قارەمانێتی زیاتر لە ڕەمزیدا دەردەکەوێت». دکتۆر مارف خەزنەدار، لەبارەی ڕەمزی و هیوا و نازی، بەردەوامی بەقسەکانی دەدا و دەڵێت: «دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی پێی وتم، لەپێش حەرەکەتی ڕەشید عالی گەیلانی، ڕەمزی لە کەرکوک نەمایەوە و دەرچوو، لە پاشاندا کە لەگەڵ ئەڵمانەکان ڕێککەوت، پارتی هیوا ئاگاداری ئەو پەیوەندییە نەبوو، چونکە ئەڵمانەکان بۆ مەبەستی دەستێوەردان لە مەسەلەی کورد، پەیوەندییان لەگەڵ پارتی هیوا نەبەستووە«.



هەواڵنامەی کتێب

«ڕەمزی بۆ ئێمە قوتابخانەی کوردایەتی بوو، ئێمە هەموومان لەوەوە فێری کوردایەتی بووین»، ئەمە قسەی (نیهاد نورەدین)ی ئامۆزای ڕەمزییە، تاکە کەسە لە بنەماڵەکە لەوانەی کە ڕەمزی بینیبێت و خۆیشی هێشتا لەژیاندا مابێت، مام نیهاد لەسەر قەنەفە چەرمەکەی ماڵەکەیدا، لەماڵەکانی ناو قەسران لای شەقامی سوڵتان موزەفەر قسەی بۆ ئێمە (نووسەری کتێب) کرد و بە قووڵی بە یادەوەرییەکاندا دەچووەوە و قسەکانی دەکرد: «ڕەمزی بەردەوام لەگەڵ خزمەکاندا لەسەر کوردایەتی کێشە و گرفتی هەبوو، قبووڵی نەدەکرد ئەگەر یەکێک ئینکاری کورد بوون یان تانە و تەشەری لەکورد بدابووایە».

«من بەهەموو شێوەیەک، شانازی بە ڕەمزییەوە دەکەم، لەبەرئەوەی کوردی بە مەزلووم بینیوە و هەوڵی ئەوەی داوە شتەک بۆ کورد بکات، بۆ ئەو کاتەش ئەڵمانیا باشترین پاڵپشت بووە بۆ کورد و ڕەمزیش بۆیە پشتگیری لە ئەڵمانەکان کرد هەتا شتەک بۆ کورد بکەن، ئەگینا ڕەمزی نەباوەڕی بەنازییەت هەبوو، نە بیریشی لەوە دەکردەوە، ئەگەر ئەلمان شتەک بۆ کورد بکەن، ئەو ببێ بەسەرۆکی کوردستان، چونکە ڕەمزی لەو کەسانە نەبوو حەز بەپۆست و ناو بکات». ئامۆزاکەی دیکەی ڕەمزی (دکتۆر ئەرسەن موسا رەشید)، وا دەڵێت.

هەر لەنێو بنەماڵەکەیاندا، (سروود سوعاد) دەڵێت: ڕەمزی زۆر بەپێش سەردەمەکەی خۆی کەوتبوو، لە تەمەنێکی کەمدا، چەند زمانێکی جیهانی دەزانی، یەکێک بوو لەو کەسانەی کەوا لەسەرەتای بزووتنەوەی نەتەوەیی چۆتە ناو حزبی هیوا و کوردایەتی کردووە، کە چۆتە بەیرووتیش لەوێ لەگەڵ کامەران بەدرخان و نورەدین زازا و گەنجەکانی دیکە، پەرەی بەبیری کوردایەتی و نەتەوەیی داوە و بەیەکەوە کوردینیان کردووە. هەر بەدەم قسەکردنەوە، دەفتەری بیرخەرەوەی ڕەمزی کردەوە و لە پەڕەیەک بەدەست ئاماژەی بۆ چەند ناوەک کرد و گوتی: هێندەک ناوی بیانی تێدایە، بەدەردەکەوێت کە سەربازن و ڕەمزی ویستویەتی لەوێ پەیوەندیان پێوە بکات. گوتیشی «ڕەمزی ئەو کاتەی لە بەیروتیش بووە پەیوەندی بە کوردستانەوە نەپچڕاوە و لەناو ئەو دەفتەرە (بەدەست ئاماژەی بۆ ناوەکان کرد) ناوی هەندێک گەنجی هەولێری تێدایە، کە هەموویان ئەندامن لەحزبی هیوا و ڕەمزی ئابوونەی مانگانە و ناوەکەیانی لەبەرامبەر نووسیون».

لەوانەیە باشترین وەڵام بۆ ئەوەی کە ڕەمزی چ بووە و لەم کارەی مەبەستی چۆن بووە، گێڕانەوەکەی (سروود سوعاد)ی برازای ڕەمزی بێت، ئەو دەڵێت: «ڕەمزی لەپاش بەربوونی لە بەندیخانە، لەیەکێک لە دانیشتنەکانیدا لەگەڵ خەڵکی گوندی تەرجان، یەکێک لێی دەپرسێت و دەڵێت، ئاخر ڕەمزی تۆ بۆ ئەو کارەت کرد، چ مەجبوور بووی؟ ڕەمزی وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت، تاکو فلان (ناوی هەژارترین پیاوی گوندی تەرجان دەهێنێ) ببێت بە وەزیر!».

# گفتوگۆیەك لەگەڵ شاعیر و ڕۆماننووس و وەرگێڕی كوردی سوریا

# جان دۆست

هەواڵنامەی كتێب




هند سەید گفتوگۆی لەگەڵ كردووە
وەرگێڕانی: دیالۆگ

جان دۆست نوسەرێکی کوردی سوریایە، ئێستا لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە، ئەمساڵ (٢٢ی فبرایەری ٢٠٢٠) بەشداری لە ڤیستیڤاڵی ئیمارات لیتفیست (Emirates LitFest) کردبوو، لەگەڵ هند سەید لە کۆمپانیای (ArabLitk"s) گفتوگۆی کردبوو:

جان دۆست ڕۆماننووس و شاعیر و وەرگێڕ سێ دیوانە شیعری بەزمانی کوردی و دانەیەکیشی بەزمانی عەرەبی هەیە، ڕۆمانی کۆبانی لە ساڵی (٢٠١٧)دا بەزمانی کوردی و لە ساڵی (٢٠١٨)دا بەزمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها "پاسە سەوزەکە حەلەبی بەجێهێشت" دوا ڕۆمانی بوو لەساڵی ڕابردوودا بڵاوی کردەوە. یەکێک لە گرنگترین کارەکانی جان دۆست وەرگێڕانی داستانی "مەموزین"ی شاعیری بەناوبانگی کورد ئەحمەدی خانی بوو بۆ زمانی عەرەبی.

**هند سەید: کەی بیر لەوە دەکەیتەوە کتێبێک بەکوردی یان بەعەرەبی بنوسیت؟ ئایا ئەوە بۆ بڕیاری ئەقڵی خۆت دەگەڕێتەوە یان بابەتەکە دەکەوێتە بەر کاریگەری هەست و سۆز؟ ئایا زمان کاریگەری لەسەر پێکهاتەی دەق و ئەو بابەتە دەبێت کە دەتەوێت لە کتێبەکەدا بیخەیتە ڕوو؟**

**جان دۆست:** من هەردوو زمانەکە بەباشی دەزانم؛ بەهەردوو زمانەکە وەک یەک دەدوێم، هەروەها وەک یەکیش بەیەک




ئاست بەهەردوو زمانەکە بیر دەکەمەوە. باوەڕ ناکەم بۆ من جیاوازییەک لە نێوان هەردوو زمانەکەدا هەبێت، تەنها ئەوە نەبێت کە زمانی کوردی زمانی دایکی منە و زمانی گەلەکەی منە، هەرچی زمانی عەرەبیشە زمانی کلتور و گفتوگۆی ئەو ژینگەیەیە کە تیایدا پێگەیشتم. منیش هەردوو زمانەکەم وەک یەک و بەیەک ئاست خۆش دەوێت.

هەندێک کتێبم هەیە بەزمانی عەرەبی دەستم پێیکرد و هەندێکیش بەکوردی دەستم پێکرد؛ بیرۆکەی نوسین بەزمانێک یان بەوی دیکە بۆم دێت. ئەوە زیاتر لە تەلیسمێک دەچێت یان کەڵەکە بوونە لە ئەقڵی ناوەکی

(نائاگا ـ باطن)دا، ڕۆمانەکەم بەیەکێک لە زمانەکان بۆ دێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە بڕیاری خودی هوشیارانە نییە لەلای خۆمەوە بڕیاری لێبدەم.

هەڵبەتە بابەتەکان و پێکهاتەی بابەتەکان و شێوازەکانی نوسین، بەدڵنیاییەوە جیاوازن لە نێوان کتێبەکانمدا ئەگەر بەعەرەبی نوسیبم یان بەکوردی، زۆرینەی ئەوانەی بەکوردی نوسیومن بریتین لە ڕۆمانگەلێک کە باس لە مێژووی کۆن و ئەم دواییەی کورد دەکەن، هەرچی ڕۆمانە عەرەبیەکانە باسی کۆمەڵە بیرۆکەیەکی فەلسەفیم کردووە لەبارەی لێبوردەیی و ڕق و شتی لەو بابەتانەوە.

**هند سەید: بۆچی "مەموزین"ت هەڵبژارد بۆ ئەوەی وەریبگێڕیتە سەر زمانی عەرەبی؟ لەو ئەزموونەتەوە چی فێربوویت لەبارەی لێکچوون و جیاوازییەکان لە نێوان هەردوو زمانەکەدا؟ ئایا هیچ ئاستەمییەکت هاتە پێش لە وەرگێڕانی هەندێک دەستەواژەدا؟**

**جان دۆست:** وەرگێڕانی داستانی مەموزین کارێکی پێویست بوو. لەبەر ئەوەی بەیەکێک لەگرنگترین کتێبەکانی ئەدەبی کوردی دەژمێردرێت، بەشاکارێک ئەژمار دەکرێت، بەڵکو وەک کتێبی پیرۆزی نەتەوەی کوردە. پێشتر لەلایەن نەمر محەمەد سەغید ڕەمەزانەوە کراوەتە عەرەبی، بەڵام هەندێک بەشی کتێبەکەی پشتگوێ خستبوو چونکە پێی وابوو لەگەڵ بەها ئاینیەکاندا نایەتەوە، یان پێی وابوو ئەو




هەواڵنامەی کتێب

برگانە شەرمهێنن، بەڵام من هەموو بەشەکانیم بەتەواوی وەرگێڕاوە و هیچم لێی بەجێ نەهێشتووە.

کتێبەکە خۆی لەبنەڕەتدا پێکهاتووە لە داستانێکی شیعری، بەڵام من وەرگێڕانەکەم وەک پەخشان نوسیوەتەوە و هەندێک تێبینی و شیکردنەوە و سەرنجم بۆی زیاد کردووە بۆ ئەوەی تێکهەڵکێشیە کلاسیکیەکەی دەقەکە ڕوون بکەمەوە کە پێش زیاتر لە (٣٠٠) ساڵ نوسراوە و پڕە لە بیرۆکەی سۆفیزم و فەلسەفی و لۆژیک و گەردونزانی و .....تاد.

جیاوازی لە نێوان هەر زمانێک و زمانێکی دیکەدا هەیە. بەباوەڕی من زمان بوونەوەرێکی زیندووە و لەکاتی وەرگێڕاندا دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی دیکە؛ ئەو بوونەوەرەش لە بوونەوەرەکەی پێشوو دەچێت، بەڵام ڕووحێکی جیاوازی دەبێت. دەتوانین بڵێین وەرگێڕان وەک ئەوەیە باڵەکانی زمانەکە ببڕیت و هەندێک جاریش وەک ئەوەیە باڵی بۆ زیاد بکەیت.

دەقە بنەڕەتیەکەی مەموزین وەک چنراوێکە بەوشەی فارسی و عەرەبی و کوردی ڕازێنرابێتەوە یان نەخشێنرابێت، بەدیاریکراویش دەستەواژە سۆفیستی و فەلسەفیەکان، بۆیە وەرگێڕانەکەی کارێکی قورس نەبوو.

**هند سەید: هەردوو ڕۆمانی کۆبانی و میرنامە بەزمانەکانی عەرەبی و کوردی بڵاوبوونەوە، ئایا خوێنەری جیاوازیان هەبوو، ئایا ڕەخنەگران بەشێوەی جیاواز پێشوازییان لێکردن؟**




**جان دۆست:** بەڵێ بەشێوەی جیاواز پێشوازییان لێکرا، کۆبانی بەرکەوتنی لەگەڵ ڕووحی خوێنەری کورددا هەبوو؛ لەبەر ئەوەی ڕووداوێک بوو بەسەر کورددا هات، لە داگیرکردنی کۆبانییەوە کە هەموومان تێیدا ژیاین پاشان بەرگرییە ئەفسانەییەکە و ڕزگار کردنی و کۆمەڵکوژییەکە. بۆیە خوێنەری کورد بابەتەکە دەزانێت و لە ڕووح و ئەقڵ و هەسیانەوە نزیکە، بەڵام خوێنەری عەرەب تەنها وەک ڕۆمانێک دەیخوێنێتەوە، وەک ڕۆمانێک لەبارەی جەنگەوە بەبێ ئەوەی گوێ بدات بەوەی لە کۆبانی ڕوویداوە یان لەهەر جەنگێکی دیکەدا ڕوو دەدات.



جان دۆست

ڕەخنەگرانیش لە ڕوانگەی جیاوازەوە پێشوازییان لێکرد، بەڵام بەدڵیان بوو، پێشوازییان لێیکرد بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و تەنانەت فارسیەکەشیەوە، چونکە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسیش، بۆ هەردوو شێوەزارە کوردییەکەش وەرگێڕدراوە.

**هند سەید: ئایا باوەڕت وابوو کە پێویستە کۆبانی بەزمانی کوردی بڵاوبکرێتەوە؟**

**جان دۆست:** بەڵێ بەدڵنیاییەوە، ڕووداوەکە بەسەرهاتێکی کوردی بوو، لەناوچەیەکی کوردیش بوو، هەموو کوردانیش لە هەموو شوێنێکی جیهان نیگەرانی ئەو بابەتە بوون و بیریان لێدەکردەوە؛ بۆیە زۆر پێویست بوو یەکەم جار بەکوردی بڵاوم کردەوە و پاشان دووبارە بەزمانی عەرەبی نوسیمەوە و بەهەمان ئاست.

بەمەبەست شێوەزاری کۆبانیم لە چاپە کوردییەکەدا بەکار هێنا بۆ ئەوەی لە واقعەوە نزیک بێت و ڕاستگۆیانەش بنوسرێتەوە.

**هند سەید: لە یەکێک لە دانیشتنەکانی ئەم ڤیستیڤاڵەدا وتت، ئەگەر کۆبانیم نەنوسیایە ئەقڵم لەدەست دەدا، بۆچی نوسینی کۆبانی ئەوەندە بەلاتەوە گرنگ بوو؟**

**جان دۆست:** کۆبانی برینێک بوو، منیش پیاوێکی بریندار بووم پێویستم بەهاوارکردن بوو، ئەو ئازارەی ئەو ڕۆژانە پیایدا تێپەڕیم، لە توانای کەسدا نەبوو بەرگەی بگرێت، لەو کاتەدا هەمووان سەرنجیان لەسەر بەرگری و ژنانی جەنگاوەر بوو، ئەوەش لایەنێک لە لایەنەکانی شەڕەکە بوو، لەبەر زۆر هۆکار زۆرینە سەرنجیان لەسەر ئەو لایەنە بوو.

بەڵام من ویستم سەرنج بخەمە سەر لایەنێکی دیکە، ئەو لایەنەی گرنگی زیاتری هەیە لەدۆخی شەڕی داعشدا؛ بەرگری بەدڵنیاییەوە کارێکی زۆرباش بوو، بەڵام هیچ کەسێک باسی ئەو باجە قورسەی نەکرد کە کۆمەڵگەکەمان دایان لەو بەرگرییەدا.

لەکاتی شەڕی کۆبانیدا دەخنکام، دەمزانی شارەکەم ڕووبەڕووی وێرانکاری دەبێتەوە، بەو وێرانکارییەش ئەو یادەوەرییە دەسڕنەوە کە کۆمەڵگەی کۆبانی بەسەدەیەک تەمەن بونیادیان نابوو.

هەندێک کەس بەبینینی بۆردومانی شەقامەکانی کۆبانی خۆشحاڵ دەبوون، ئەوانە پاڵپشت و لایەنگری ئەو کارەساتە بوون، بەڵکو هاوکاریشیان دەکرد و پاڵپشتیشیان دەکرد. بەڵام ئەوانە لەبیریان چووبووەوە کە ئەو بۆردومانە لانەکانیان تێک دەدات و جارێکی دیکە ناتوانن بۆی بگەڕێتەوە؛ بەکوڵ گریان، کاتێک زانییان چێتر ناتوانن بۆ شارەکە بگەڕێنەوە و هەموو شتێکیان لەدەست داوە.

کاتێک هەزاران میل لە کۆبانییەوە دوور بووم، هەستم دەکرد هەموو شتێکم لە دەستداوە، تەنانەت هەستم دەکرد هیوای گەڕانەوەشم لە دەستداوە بۆ شارە بچکۆلەکەم؛


هەستم دەکرد هەموو ئەو شتانەم بۆ هەمیشە لە دەستداوە کە شایەتحاڵی لە دایک بوونم و منداڵیم و گەنجێتیم بوون، بۆیە دەبوایە بنوسم بۆ ئەوەی یادەوەری خۆم و شارەکەم بەدەست بهێنمەوە، ئەگەر ئەوەم نەکردبایە ئەقڵم لە دەستدەدا، نوسینی ڕۆمانی کۆبانی بۆ من وەک چارەسەر بوو بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئەو قەیرانە دەرونیەی لەو ڕۆژانەدا پیایدا تێدەپەڕیم.

**هند سەید: بەشێک لە کارەکانت کراون بەفیلم و شانۆگەری، بەڕای تۆ کتێبەکان پێویستیان بەچییە بۆ ئەوەی سەرکەوتووبن لە شێوەکانی دیکەی هونەردا، ئەو ئەزموونە چی فێرکردیت؟**


**جان دۆست:** ئەزمونێکی ئاسایی نەبوو، کورتە چیرۆکەکەم بەناوی مشتێک خاک (Mistek ax) کراوە بەکورتە فیلم، بەڵام من لە فیلمەکەدا چیرۆکەکەی خۆمم نەبینی، هەستم کرد چیرۆکێکی دیکەیە و هیچ پەیوەندییەکی بەچیرۆکە بنەڕەتیەکەوە نییە. باوەڕم وایە دەبوو پەیوەست بن بەدەقە بنەڕەتیەکەوە.

هەروەها چیرۆکێکی دیکەم هەیە کراوە بەشانۆگەری، بەڵام ئەو شانۆگەرییەم نەبینیوە؛ لە هەندێک لە شارە کوردییەکانی تورکیا نمایش کراوە.

دەرهێنەرەکان چیرۆکەکان یان کتێبەکان بەپێی پێوەرەکانی خۆیان، بەو شێوەیەی کە خۆیان بەگونجاوی دەزانن هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی بیکەن بەفیلم، چیرۆکی مشتێک خاک لەبەر ئەوە هەڵبژێردراوە کە بابەتی کۆچ لەخۆ دەگرێت. چیرۆکی کەسێک بوو لە سوریاوە کۆچ دەکات بۆ ئەڵمانیا، لە ئەڵمانیا هەست بەنامۆیی ڕووحی دەکات و ناتوانێت خۆی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بگونجێنێت، لە هەمان کاتیشدا وڵاتەکەی خۆیلەبیردەکات.



جان دۆست




چیرۆکەکە باسی کۆچی جوگرافی و ڕووحی دەکات. زۆرێک لەوانەی چیرۆکەکانم دەخوێننەوە پێیان وتووم هەست دەکەن تەماشای فیلم دەکەن؛ بۆیە پێدەچێت هەندێک لە ڕۆمانەکانم گونجاوبن بۆ ئەوەی بکرێن بەفیلم.

ویستم شانۆگەرییەک بنوسم، بەم دواییانە دەقێکی شانۆییم بەکوردی نوسی، ئەوەش یەکەم ئەزموونم بوو لەو جۆرە نوسینەدا.

**هند سەید: هێشتا شیعر دەنوسیت؟ ئەگەر دەنوسیت، بەکوردی دەنوسیت یان بەعەرەبی؟**

**جان دۆست:** بەڵێ هێشتا شیعر دەنوسم. هەر چەندە ماوەیەکی زۆریش وەستام لە شیعر نوسین، لەناکاودا خۆم بینییەوە دەگەڕێمەوە بۆ شیعر نوسین. کۆمەڵە شیعری "ئەو هۆنراوانەی جەنگ لەگیرفانی شاعیردا لەبیری کرد ـ قصائد نسيتها الحرب في جيب الشاعر" یەکەم کۆمەڵە شیعرم بوو بەعەرەبی، لە عەمان چاپ کرا لەلایەن خانەی "فضاءات"ەوە. ئەزمونێکی سەرکەوتوو بوو، بۆم دەرکەوت هێشتا شیعر لە ناخمدا جێگیرە. سێ کۆمەڵە شیعرم بەزمانی کوردی بڵاو کردۆتەوە، بەڵام کەشی جەنگ ناچاری کردم بەعەرەبی بنوسم.


**هند سەید: ئەمە یەکەم جارتە بەشداری لە ڤیستیڤاڵی ئەدەبی هێڵی ئاسمانی ئیماراتدا دەکەیت، ئەزمونەکە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

**جان دۆست:** سوپاسگوزاری بانگێشتنامەکەم. سەرم سوڕما لەو ژمارە زۆرەی نوسەران و ئامادەبوان، لەو باوەڕەدا نەبووم بەو شێوەیە گەورە بێت، کارلێکی باش لە نێوان نوسەران و ئامادەبواندا هەبوو، باوەڕم وایە ئەم ڤیستڤاڵە لە ڕێگای ئەدەبەوە خەڵکی کلتورە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە.

* هند سەید حەزی زۆری بۆ کتێب هەیە و ڕێکخەری بەرنامە ئەدەبییەکانە و گرنگی بەئەدەبی عەرەبی دەدات، کۆمەڵێک کورتە چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە، لەهەمان کاتدا وەرگێڕان و پێداچوونەوەش بۆ کتێب دەکات، سەرنوسەری بەرنامەکانی (Arabkid lit now ، ArabLit) یشە.

**سەرچاوە:**
سایتی: ARABLIT & ARABLIT QUARTERLY

هەواڵنامەی کتێب




# خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی حەشری ئاشقان جورئەتی خەیاڵ و بیرکردنەوە!



**شوان مەندی**

ڕۆمانی حەشری ئاشقان لە نوسینی (زەردەشت نووڕەدین)ـە و لە دوو توێی (٤٢٠) لاپەڕەدا لە ناوەندی ڕۆمان لە ساڵی ٢٠٢٢دا بڵاوبۆتەوە. نووسەر بەم جۆرە باس لە ناساندنی ڕۆمانەکەی دەکات: «بیهێنە پێشچاوت، ئاشقانی ناو داستانەکانی کوردەواری، شیرین و فەرهاد، مەم و زین، لاس و خەزاڵ، خەج و سیامەند بۆ ئەم سەردەمە بگەڕێنەوە و بەشێوەی سەیر و لەچەند ڕووداوێکی نامۆدا دیسان یەکتری ببیننەوە، چی ڕوو دەدات؟ دوایین کاراکتەری داستانی ئاشقانەی ئەم سەردەمەش ڕۆزانا و کامەران بۆ ئەو جەمە زیاد بکرێت. ڕاستە هەموو ئەو کاراکتەرانە هی سەردەمی جیاواز و هی دەقی جودا و سەربەخۆن بەڵام هاوکاتانە و هاوشوێنانە لە دەقێکی دیکەدا یەک دەگرنەوە و حەشری ئاشقان پێک دەهێنن. گەڕانەوەی ئاشقان، تەنیا هاتنەوەی کاراکتەرەکان وەک بوونێکی ئەندێشەیی نێو ئەدەبی ئێمە نییە تاوەکوو لە ئێوارە خوانی دەقێکی دیکەدا بەیەک بگەنەوە بەڵکوو هێنانەوەی جیهانی واقیعی تایبەتی مرۆڤە بە ورد و درشتی خەم، ئازار و دابڕانەکانیەوە بۆ ئەم سەردەمە. لەم بووژانەوەدا کە دەشێت ژینێکی دیکەی مرۆڤ بێت، ئایا چارەنووسی ئاشقان هەمان چارەنووسی سەردەمانی ڕابردووە یان بەهۆی گۆڕانی واقیع و سەردەمەوە، گۆڕانیش بەسەر بوونی ئاشقانەی مرۆڤدا هاتووە؟

نوسەر لەم ڕۆمانەدا، دەرگیرە لەگەڵ شەڕی بەها و کەلتور و نەریتە باو و ناباوەکانی عیشق، لە زەمەنە جیاوازەکانی ئێستا و ڕابردوودا لە پەیوند بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، لەو نێوەندەدا زنجیرەیەک پرس و پرسیاری شاراوەی گرنگی ورووژاندوە کە لەودا درکی شکاندنی کۆدەکانی بۆ خوێنەر جێهێشتووە هەتا بتوانێت پەیان پێبەرێت، ئەویش پێگەی وشەی عەشقە وەک دیاردەیەکی ناماتریاڵ، لە هەناوی هزر و تێڕوانینە جیاوازەکانی هەستەکی و فیزیکیدا.

ڕاشکاوەنەش ڕەوایی و ناڕەوایی کردەی سێکسی و مژارەکانی سێسکواڵیەتەی وەک بابەت و وەک پرسیار لەمیانەی پەیوەندییە ئەڤینداری و سۆزدارییەکانی کاراکتەرەکانەوە هێناوەتە بەرباس. بەدیوێکی دیکەدا گرفت و کێشەکانی ئەڤینداری و سۆزداریی ئێستا و ڕابردووی هێناوەتەوە بەر ڕۆشنایی قسە لێکردن و هزرینەوە. نوسەر دەیەوێ پێمان بڵێ هەر زەمەنێک دیاردە و دەرکەوت و دەرهاویشتەکانی خۆی، لەخۆیدا جیاوازتر هەڵدەگرێت، ئەوەش لێکەوتەی تێکشکاندنی نەریت و بەهاکان دەڕسکێنێت بۆ دەرباز بوونی لە واقیعە کۆمەڵایەتیەکەی پێش خۆی. لەم پەرەگرافەی خوارەدا لە جیهانی نەریتییەوە بەردەبینەوە ناو جیهانی مۆدێرن. خوێنەر هەست بەوە دەکات لە جیهانێکی نوێدا دەستی لێ بەردراوە.

((سەیرکە، ئێمە حیکایەتە کۆنەکانی دایک، نەنک و باپیرانمان تێپەڕاندووە، دەزانین ئێمە چەقی گەردوون نین، ئەشرەفی مەخلوقات نین، هیچ شتێک بۆ ئێمە نەخوڵقێنراوە و ئێمەش وەکوو هەموو شتەکانی دیکە، ڕێکەوتێکین و هیچی دیکە. دەزانین هەسارەکەمان، هەسارەیەکە لەناو ناکۆتا هەسارەکانی تردا و هیچ شتێکی تایبەت دەربارەی ئێمە لە ئارادا نییە. ئێمە دەزانین ئادەم و حەوا حیکایەتێکی باوک سالارانەیە و هیچی دیکە، دەزانین کرمێکی لیخنی داماڵراو لە هەموو ڕەهەندێکی ئوستورەیین. هەواڵی مردنی خودا، مردنی حەقیقەت، مردنی مرۆڤمان بیستووە. دوا جار لەوە تێگەیشتووین بۆ ناو جیهان هەڵدراوین. ئەمە چارەنووسی هەموو مرۆڤێکی مۆدێرنە، بەتەنیا ناسینەوەی ئەم نیشانانە و قبوڵ کردنی ئەم چارەنووسە وەک خۆی ژیانمان تراژیک دەکات. جگە لەم ئاستە گەردوونییە، بۆ من و تۆ شتەکە بەشێوەیەکی تایبەتتر تراژیکە. عەشقی من و تۆ لەم کۆمەڵگایەدا دەزانین مەحکومە بەچی، دواتر شێوەی ژیانی من و تۆ دەزانیت لە کوێی کۆمەڵگادایە. دەتوانین لە ناوچەوانی دابونەریت، ئایین، ئادابی گشتیی کۆمەڵگا چارەنووسی خۆمان بخوێنینەوە. هاوشێوەی چارەنووسی شانۆنامەی کلاسیکی یۆنان، چارەنووسمان نووسراوە، لە جیاتی ئەوەی فاڵچییەکان پێمان بڵێن خۆمان پێشوەختە خوێندومانەتەوە. هەتا ئێستا لە نیگای هیچ پیاوێکدا جێگەمان نەبۆتەوە و هەستمان بەئەمان نەکردووە، لە نیگای پۆلیس و ئاسایشی شاردا، لە نیگای مەلا و منارەدا، لە نیگای پیاوانی کوچە و کۆڵاندا، لە نیگای پیاوانی بازاڕدا))..



نوسەر لەم ڕۆمانەدا، دەرگیرە لەگەڵ شەڕی بەها و کەلتور و نەریتە باو و ناباوەکانی عیشق، لە زەمەنە جیاوازەکانی ئێستا و ڕابردوودا لە پەیوند بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، لەو نێوەندەدا زنجیرەیەك پرس و پرسیاری شاراوەی گرنگی وروژاندوە کە لەودا درکی شکاندنی کۆدەکانی بۆ خوێنەر جێهێشتووە هەتا بتوانێت پەیان پێبەرێت




زەردەشت نوورەدین

حەشری عاشقان، ئەو ڕۆمانەی کە لە خەیاڵدانی هزرێکی فراوانەوە، بەقەڵەمێکی بوێری پڕ جورئەتەوە لە دووتوێی کتێبێکدا ڕووداوەکانی مێژووی گەرد لێنیشتوی عاشقانی کورد زمانی ناو ڕۆمانەکە لە فەنتازیایەکی زۆر باڵادا، بۆ واقیعی ئەم سەردەمە پەلکێش کردووە. جورئەتی خەیاڵکردن و بوێری بیرکردنەوە لەودیوو پەرژێی باوی نەریت و ئەندێشە دەق بەستووەکانەوە، تایبەتمەندی سەرەکی ڕۆمانی حەشری عاشقانە کە ڕووداو، کاراکتەر، گفتوگۆ و مژارەکانی بۆ ئەو قەلەمڕەوانەمان کە هێشتا پێمان نەخستووەتە ناوییەوە یان ئەگەر هەنگاویشمان نابێتە ئەو قەلەمڕەوانەوە ئەوا بەتاریکی چووین. بۆ نموونە ‹‹سەما›› هەزاران جار بەر گوێمان کەوتووە و ڕەنگە سەدان گرتە ڤیدیۆی سەمامان بینیبێت بەڵام بەر ئەم قەلەمڕەوەی سەما نەکەوتبین کە لە خوارەوە دەخوێنینەوە و لە ڕۆمانەکەوە وەرم گرتووە: کە دەڵێت: ((سەما بۆ من هەمیشە ئەو پانتاییە بووە بەر خۆم کەوتم. ئەو شوێنە بووە ژیانی ڕۆتینم تێیدا شکاندووە. بەکارهێنانی داهێنەرانەی جەستە تەنیا لەناو سەمادا مومکینە. جەستە بەبێ سەما، مردوویەکی زیندووە؛ مردوویەک کە تەنیا خەون بەزیندوێتییەوە دەبینێت. جگە لــەوەش جەستە لە دەرەوەی سەما شتێکی زۆر دووبارە و سواوە و تەنیا بەکۆمەڵێ ئەرکی دیاری کراو هەڵدەستێت کە ملیۆنان ساڵە ئەو ئەرکانە ڕادەپەڕێت. ئەو کردانەی کە لەگەڵ خزمە نزیکەکانی وەکوو چیمپانزی و بۆنۆبۆ بەموو جیاوازی نییە. تەنیا ئـەوە لەناو سەمادایە جەستە لەناو ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانـەدا قوتار دەبێت و بۆ ئاستێکی دیکە لە وجوود هەڵدەکشێت، تەنیا بەناو سەمادا ئیمکانە بەکار نەهاتووەکانی جەستە دێتە بـوون.... سەمای وەکو پانتاییەکی تاقانە دەبینی کە سەماکار تەنیا لەوێدا بەر بوونی خۆی دەکەوێت. سەما دەبێتە ڕووبەرێک کە بوونی حەقیقی خۆی، تێیدا بەڕووی خۆیدا دەکرێتەوە. هەر ئەو کەشفی حەقیقەتی خودییەیە کە سەرخۆشی و نەشئەیەکی سەیر لە کاتی سەمادا دروست دەکات و ئەو دابڕانە قووڵە دەخاتەوە کە لە هەموو شت و هەموو کەس دادەبڕێت و دەتخاتەوە سەر دیوە نادیارەکەی خۆت. تەنیا لە سەمادا دەتوانین بە قووڵی بەر ئەوە بکەوین کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا بوونێکی گرێدراوی بەئەویترەوە هەیە، بوونێکی کۆی هەیە کە لە ژیاندا بەناچار تەنیا دەکەوێت، دۆزینەوەی ئەو ڕایەڵەیە لەناو سەمادا ڕوو دەدات.((

دەبێ ئاوەز هەتا دوا کەوشەنی خەیاڵ کراوی مرۆیی بۆ ڤەژینی زۆرێک لە عاشقانی وەک (شیرین و فەرهاد، لاس و خەزاڵ، خەج و سیامەند، مەم و زین و ...هتد) بـەرەڵا بکەین تاوەکو بتوانین کـارا کردنەوەیان لە عەشقێکی سەردەمیدا وێنا بکەین لە ڕێگەی زمانێک لە


هەواڵنامەی کتێب



ئاخاوتن و گێڕانەوەی چیرۆکەکانی خۆیان بەزمانی خۆیان؛ ئیدی چ هەژان و دڵە ڕاوکێیەک لە ناباوەڕی وەها ڕووداوگەلێکدا پێشبێت دەبێت دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم بکەین؛ ئەگەرچی زۆرێک لە بیروباوەرەکانمان، هەست و سۆزەکانمان تووشی ڕاچەڵکین و ئاڵنگاری ببنەوە. لەم پەرەگرافەی خوارەوەدا کە لەسەر زاری کاراکتەرێکی ڕۆمانەکەوە بۆچوونەکە دەگوازرێتەوە؛ بۆچوونی ئێمە بۆ ئەشق، گوناه و خودا و ....هتد بەناو ئالنگاریدا ئاوەژوو دەکاتەوە: ((عاشقەکان ڕووی دەمیان لە خەڵک و کۆمەڵگا نییە و ئەمر و نەهی ناکەن بەڵکوو ڕوویان لە مەعشوقە، ئیدی مەعشوق هەرچییەک بێت و بانگهێشتی خەڵک

بۆ خوانی عەشق دەکەن کە خوانێکی ئیلاهییە. ئەوەی مەنسور فێری مرۆڤایەتی دەکات عەشق و خۆشەویستیی موتڵەق و بێسنورە. ئەگەر مەسیح فێری کردین، سۆزانییەکان، خراپەکاران، دراوسێکەمان، دەرکراوان و دوژمنەکانمان خۆش بوێت، ئەوا مەنسور فێری کردین ئەو حەزەمان خۆش بوێت مرۆڤ دەکاتە سۆزانی، ئەو ئارەزووانەمان خۆش بوێت کە مرۆڤ دەکاتە خراپەکار، ئەو تاسەیەمان خۆش بوێت کە وا دەکات لە مرۆڤێک لەناو کۆمەڵ و کۆمەڵگادا جێگەی نەبێتەوە، ئەو بۆچونەمان خۆش بوێت کە دوژمنی لێ دەرسکێت. دەرکراوان، بێزراوان، خراپەکاران، گوناهکاران و یاخییەکان، عاشقە ڕاستەقینەکان. ئەوانەن کە لە هیچ هەلومەرجێکدا دەستبەرداری ئارەزووی خۆیان نەبوون و بوون بەشەیتان و دەرکراو. مەنسور شکۆ بۆ خودی خراپە و گوناه دەگێڕێتەوە و وەک بەشێکی وجوودی بوون قبوڵی دەکات. ئەو بوێرییە بۆ عاشقەکان دەگەڕێنێتەوە؛ گوناهەکانی خۆیان، خراپەکانی خۆیان خۆش بوێت و لە هیچ شتێکی خۆیان پەشیمان نەبن، لەبەر ئەوەی هەموو ئەوەی لەناو عەشقدا ڕوودەدات حەقیقەتە. هەر بۆیەش تەنیا عاشقەکان دەتوانن بڵێن «من حەقیقەتم»، «من خودام».((

نوسەر لەم ڕۆمانەدا زۆر هونەریانە ئازار و کێشە و ناکۆکی بەهاکان، ڕەنگ ڕێژی دەرکەوتەکانی نێو کایە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی مۆدێرنە دەکات و ئازایانە دەربازی ڕەوتی زەمەن و بارستەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی خۆی دەبێت




حەشری عاشقان، ئەو ڕۆمانەی کە لە خەیاڵدانی هزرێکی فراوانەوە، بەقەڵەمێکی بوێری پڕ جورئەتەوە لە دووتوێی کتێبێکدا ڕووداوەکانی مێژووی گەرد لێنیشتوی عاشقانی کورد زمانی ناو ڕۆمانەکە لە فەنتازیایەکی زۆر باڵادا، بۆ واقیعی ئەم سەردەمە پەلکێش کردووە

و هەر لەم دەلاقەیەشەوە چێژی نەچێژراوی بەدەروون و ڕۆحی ئەو کارەکتەرانە چەشتووە کە بێبەشی دنیای بەرکەوتی سێکسواڵێتە و لەزەتە ڕۆحی و مەعنەوییەکانی فەزای تەقەنیات و کراوەیی ژیان بوون لە ڕۆژگاری خۆیاندا.

جگە لەوەش هێندەی پرسیار دەوروژێنێت ئەوەندە وەڵام ناخاتەڕوو وەک لەم دەربڕینەی خوارەوەدا دەیبین کە تەنانەت وەڵامدانەوەکەشی هەر دەبێتەوە بە پرسیار: ((بەدرێژایی خوێندنەوەی کتێبەکە یەکێک لە پرسیارەکان کە لە مێشکمدا دروستی کردبوو و پێم خۆشە مەم ئەگەر شتێکی هەبێت لەو بارەوە بیڵێت، ڕەهەندی تیۆلۆژی جەستەی پیاوە لە جیهانێکی نێرانەدا. جەستەی پیاو تەوتەمی هەموو ئایینە گەورەکانی سەردەمی شارستانییەتە، هەر بۆیەش دەبێت پیرۆزییەکەی ڕابگیرێت، دانەوەکانی جەستەی پیاو لە کۆمەڵگەدا نەشێوێنرێت. پیاو دەتوانێت لە هەموو شتێک چێژ وەرگرێت جگە لە جەستەی پیاو، لە بەرانبەردا ژن دەتوانێت ببێتە بابەتی چێژ وەرگرتن بۆ هەموو شت تەنانەت بۆ جەستەیەکی تری ژن. جەستەی پیاو ناتوانێت بەخشەر و بدەر بێت، بۆیە دەبێت وەرگر و بکەر بێت. ڕەهەندە بەخشەری و بدەرییەکەی جەستەی پیاو باڵا دەکرێتەوە و جەستەی خودای لێ دروست دەبێت. خودا تەنیا دەبەخشێت، لە بەرانبەردا خودا هیچ شتێک لە مرۆڤ وەرناگرێت و ئاڵوگۆڕێک لەو نێوانەدا نییە. پرسیارەکە بۆ من لێرەدا بە دەقیقی بۆ مەم ئەوەیە ئایا تیۆلۆژیای شارستانییەت لەسەر تەوتەمی جەستەی پیاو بینا نەبووە؟)).

لە ڕاستیدا نوسەر لە ئاودامان کردنەوە و گرێدانەوەی دوو زەمەنی دوور مەودا لە بونیادی عەشقێکی باودا بێ ئەوەی کات و شوێن دڵگیر و زیز بکا، گەواهی دەری حاڵ دەبن. لە تواناسازی تەکنیکی ئەو دەقەدا، هەربۆیە بە درکی من لەم ڕۆمانەدا تەواوی کەرەستەکانی خوڵقانی ڕۆمانم بەتێر و تەسەلی بەدی کرد و لە ناویشیاندا ئەوەی کە زۆر سەرنج ڕاکێش بوو بەلامەوە ئەوە بوو کۆی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەی بەزمانێکی تێکەڵ لە زمانی باوو زمانی فەلسەفی لە زاری کارەکتەرەکانەوە دەربڕیوە جا چ لە گێڕانەوەو چ لە دیالۆگدا بووبێت، وا داڕێژرا و پەیوەست کراون کە هەرگیز نامۆیی و نائامادەگیان لەپەیوەند بە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمەکەی خۆیان درک پێ نەدەکرا؛ بەو جۆرەی لە خوێندنەوەی هەر فەسڵێکیدا وا سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ کە بگاتە ئەو پەرت بوونە هۆشەکییەی ناچار بەپرسیار کردن لەخود بێ کە ئاخۆ، ئەوە مێژووە لە ئێستاماندایە یان ئەوە ئێستامانە کە لە ناو مێژوودا ڕۆڵ دەبینێتەوە. بۆ نموونە لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هەست بەدەرەکی بوونی ئەم پرسیارانەی خوارەوە ناکەین لەبەر ئەوەی لەناو تانۆپۆی ڕۆمانەکەدا زۆر



زەردەشت نوورەدین

هونەرییانە چنراوە: ((شتێک هەیە دەبێت لە پێشچاوی بگرین، ئەویش ئەوەیە ژنێک کە چاوی بە ڕووی جیهانی پیاوانەدا کرابێتەوە، هەرگیز ناتوانێت وەک ژنێکی ئاسایی ئەزموونی ژیان، ئارەزووەکان، حەزەکان و دوا جار جیهان بکات. بۆ من زۆر سەختە بتوانم هەمان وێنای باوی عەشق بکەم کە پێم وایە وێنایەکی تەواو پیاوانەیە و زۆرینەی ژن و پیاوان خەونی پێوە دەبینن و ملکەچی بوون و ئەزموونی دەکەن. هەر کاتێک بیرم لە عەشق کردبێتەوە، بە گشتی بیرم لێ نەکردۆتەوە، بیرم لە توێژە جیاجیاکان کردۆتەوە کە چۆن ئەزموونی ئەشق دەکەن؛ ئایا بەرپرسێکی باڵا، مەلایەک، سەرمایەدارێک، مۆدێلێک، ئەکتەرێک، نووسەرێک، کرێکارێک، فەرمانبەرێک، کاسبێک، دەرۆزەکەرێک، دکتۆرێک، ژنێکی ماڵەوە و زۆری تر وەکوو یەک ئەزموونی هەمان وێنای باوی عەشق دەکەن؟ بیرم لەوە کردۆتەوە کە نێر و مێ چۆن ئەزموونی عەشق دەکەن؛ کوڕێک چی لە ڕێگەی عەشقەوە بەدەست دەهێنێت و چی لەدەست دەدات، کچێک چی لە ئەشق دەست دەکەوێت و چی بە هۆیەوە لەدەست دەدات؟ ئایا دەستکەوتەکان و لەدەستدانەکانی هەردوو ڕەگەز یەکسانن؟ ئایا هەردووکیان وەکوو یەک ئەزموونی هەمان وێنای باوی ئەشق دەکەن؟)).

لە گێڕانەوە و دیالۆگدا زمان هێندە سادە و خۆڕسکانەیە هەتا ئاستی تێگەیشتنی خوێنەر لەکۆی ئەو بابەتە فیکر و فەلسەفیانەش کە چەق و سەنتەری ڕۆمانەکەی لەخۆ گرتووە، بەو ئەندازەیەی کە هەست ئاوەزی خوێنەر وا ئاویزانی خۆی دەکات چیتر دەرفەتی

هەواڵنامەی کتێب



نوسەر دەیەوێت لەم ڕۆمانەدا پێمان بڵێت کۆی مرۆڤایەتی بەچۆکدا هاتووی دەرهاویشتەکانی سیستەمێکە کە جیهانی لە لەپی دەستێکدا گرمۆڵە کردووە و تەواوی بونیادی ئەو سیستەمە وەك ڕووناکی و تاریکی پەی بەهەموو جوغزێکی دیار و نادیای ژیان دەبات و مرۆڤایەتی دەستەمۆی  خواستەکانی خۆی دەکات

بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی دیکە نەمێنێت هەتا تەواو کردنی دوا لاپــەڕەی ڕۆمانەکە. دەکـرێ بڵێم گرێچن و لێک هەڵپێچانی ڕووداوەکانی بەجۆرێک تانـوپۆی یەکدی کردووە کە کەلێنێکی بۆ گلەیی سەبارەت بەکات و شوێن نەهێشتۆتەوە. وێنە و ئستاتیکا کە دوانەی ڕوو پۆش و ناوپۆشی ڕۆمانەکەن، لە سۆنگەیانەوە دەتوانرێ بەهرەمەندی باڵانوسین بەدی بکرێت.

دواهەمین شتیش لەهەر دەقێکدا پەیام و ئامانج و ئەنجامەکەی نوسەر خۆیەتی کە بەتێگەیشتنی من دەیەوێت پێمان بڵێت سەرهەڵدانی چەمک و دیاردەی ناماتریاڵی عەشق ئەو پانتاییە کە ڕەهەندێکی زۆری لەخۆدا هەڵگرتووە و لە سەرهەڵدانی مرۆڤایەتییەوە لەگەڵیدا دەرگیرە و بەپێی خەسڵەتەکانی لە هەموو زەمەنێکدا جۆرێک تەفسیری جیاوازتر لەخۆ دەگرێت، جیاوازتریش لەوەی پێشتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت بەڵام دواجار لەمیانەی عەقشدا جا چ وەکو فۆرم بێت یان وەک نـاوەرۆک کە نوسەر لە ڕۆمانەکەیدا وەک پێویست توانیویەتی ئەم ڕەهەندانەی تیا بەرجەستە بکات.

جگە لە ئاوەڵا کردنی چەندان ڕوانگەی نوێ لەمەڕ ئەشق، جەستە، سێکسوالیتە، ئایین، ڕەگەز و ... هتد ئەوا دەیان پرسیاری نوێ و جیدی لەبارەی ئەو پرسانەوە دەخاتەڕوو کە زۆربەی وڵامە پێشوەختەکانی خوێنەر هەڵدوەشێنێتەوە و دەیخاتە ناو گێژاوی قەیرانی وڵامە ئامادەکانەوە.


نوسەر دەیەوێت لەم ڕۆمانەدا پێمان بڵێت کۆی مرۆڤایەتی بەچۆکدا هـاتـووی دەرهاویشتەکانی سیستەمێکە کە جیهانی لە لەپی دەستێکدا گرمۆڵە کردووە و تەواوی بونیادی ئەو سیستەمە وەک ڕووناکی و تاریکی پەی بەهەموو جوغزێکی دیار و نادیای ژیان دەبات و مرۆڤایەتی دەستەمۆی خواستەکانی خۆی دەکـات. بەو جۆرەی کە مرۆڤەکان لە کۆت و بەندی دەرهاویشتەکانی ئەو سیستەمەدا هەر خۆیان ببنە زوڕناژەنێکی کارامە. دەشمەوێت ئەوەبڵێم کە لەم سیستەمەدا بێ بەهابوونی هەموو بەهاکان کراونەتە قوربانییەکی بێ پاداشت.

دواجــار: دەخـــوازم دەسـت خۆشانەیەکی گـەرم و ماندوو نەبونێکی بەدڵ لە نوسەری ئەم ڕۆمانە بکەم و خوازیاریشم بەرهەمەکانی دواتری لەکایەی ئەدەبیدا ببینرێن. بەهیوام هەموو ئەوانەی عاشقی خوێندنەوەن ئەم ڕۆمانە بخوێننەوە؛ چونکە خوێندنەوەی وێڕای مەعریفەیەکی زۆر و زەوەند، چەشە و چێژێکی ئەدەبێ زۆریشی لێ دەچێژرێت.

# جیهان لە فلیمێکی خەیاڵی زانستیەوە بۆ واقعێکی بێمۆراڵ



ئەندازیار نوزاد عمر



هەواڵنامەی کتێب

### کەی ڕۆبۆتەکان مرۆڤەکان دەخۆن؟

ئەم پرسیارە پرسیاری مرۆڤێکی سادە نیە, بەڵکو پرسیاری سەرکردەی وڵاتێکە خاوەن دووەم هێزی سەربازی دونیایە، ڤلادیمێر پوتین سەرکردەی ڕوسیا لە کۆبونەوەیەکی فەرمی ئەم پرسیارەی لە زانا ڕوسەکان کرد.

ئەم پرسیارە لە ڕاستیدا خۆی وەڵامیشە واتا ئێستا نەک زاناکان بەڵکو سیاسیەکانیش بەو ڕاستیە گەیشتوون ئەو پێشکەوتنە خێراو جۆرییەی ئامێرەکان بۆ سەر مرۆڤایەتی هەڕەشەیەکی گەورەیە لە ئێستاوە، لە ئاستی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەییدا ئامادەکاری بۆ بیست ساڵی ئایندە دەکەن، وەک پوتین دەڵێت ئەوەی ببێتە خاوەن زیرەکی دەستکرد (الذكاء الصناعي) کۆنترۆڵی هەموو جیهان دەکات.

سەرەتا بۆ ئەوەی وەڵامێکی زانستیمان هەبێت بۆ پرسیارەکەی پوتین ئایا ئایندەی مرۆڤ لەگەڵ ئامێر و ڕۆبۆتەکاندا بەکوێ دەگات، بەچی شێوەیەک دەبێت، لە ڕاستیدا ئەم جۆرە پرسیارانە و وەڵامەکانیشی بە کۆمەڵگای ئیمە نامۆیە زیاتر لەوڵاتە پیشەسازیەکاندا زۆر قسەی لەسەر دەکرێت ئەو ئایندەیەش وەک باسی لێدەکەن زۆر دوور نیە هەندێک پێیان وایە بیست ساڵی ئایندە ئەوەی ئێستا وەک فلیمێکی خەیاڵی زانستی لە سینەما و تیڤیەکانەوە ئەبینین ئەبێتە ڕاستیەکی ژیانی ڕۆژانەمان، کۆمەڵگای ڕۆژئاوا لە ئێستاوە لە ئامادە کاریدان بۆ ئەو




گۆڕانکاریانە هەتا تووشی سەرسوڕمانی لەناکاو نەبن.

دەمەوێت بە ڕاپۆرتێکی کۆڕبەندی ئابوری جیهانی (المنتدى الاقتصادي العالمي) هەندێکجار بە یانەی داڤۆسیش ناوی دەبرێت دەست پێبکەم، ئەو کوڕبەندە ساڵانە لە دافۆس کۆبونەوەی خۆیان لە پێناو داڕشتنی بەرنامەی بەڕێوەبردنی ئابووری جیهان لەلایەن دەوڵەتە سەرمایەدارە گەورەکانی جیهانەوە بۆ ماوەی ساڵێک ئەنجام دەدەن.

لەدوا ئاماری پار ساڵیاندا، کە تایبەت بە ئایندەی هەلی کار و جۆری کار (future worke) لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە خێرا و جۆرییەی مرۆڤ بەدەستی هێناوە لە هەموو بوارەکانی زانستدا بە تایبەت لە بواری زانستی تەکنۆلۆژیدا هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی ئێستا چارەکی یەکەمی سەدەی بیستویەکمان بڕیوە و شۆرشی پیشەسازی واپێدەنێتە ناو نەوەی یەکەمی شۆرشی

پیشەسازی چوارەمەوە. ئامارەکان ئەوەمان پێدەڵێن، کە (٦٥٪)ی ئەو نەوەیەی لەساڵی (٢٠١٠)ی زاییندا لەدایک بوونە و لەساڵی (٢٠١٦)دا چوونەتە بەر خوێندن، لە قۆناغی یەکەمی سەرەتایی واتا لە ساڵی (٢٠٣٢)دا پاش دە ساڵی دیکە پێدەنێنە ناو بازاڕی کارکردنەوە، ئامادە دەبن بۆ کارکردن بەڵام ڕووبەڕووی کارێک دەبنەوە، کە ئێمەی مرۆڤ هیچ جۆرە زانیاریەکمان لەسەری نییە، تەنانەت ناویشی نازانین چیە و چۆن ئەنجام دەدرێت. لەبەرئەوەی ئێمەی مرۆڤ ئێستا لە سێیەکی یەکەمی قۆناغێکدا دەژین بە قۆناغی پشێوی زهنی پێناسە دەکرێت (الاضطراب الذهني) بە ئینگلیزیەکەی پێیدەڵێن (Disrupt Age) پێناسەکەشی بریتیە لەوەی ئیتر مرۆڤ وەک پێش ئەم قۆناغە توانای پێشبینی درێژ خایەنی بۆ ڕووداوەکان نامێنێت، لەبەرئەوەی گۆڕانکاریەکان زۆر زۆر خێرا و جیاواز و پێشکەوتوون، هەندێکجار ڕۆژانە گۆڕانکاری تازە ڕوودەدات بە بەردەوامیش ئامێرەکان لە گۆڕانکاری تازەدان داهێنانی ئامێری تازەش بەردەوامە.

کۆمپانیای (Gartner، Inc) بنکەی سەرەکیەکەی لە شاری ستامفوردە لە ویلایەتی کونێتیکت ( Stamford, Connecticut) لە ئەمریکا، کاری لێکۆڵینەوەیە لە بواری زانست و تەکنۆلۆژیا گەورە کۆمپانیاکانی جیهان و دامەزراوە حکومیەکان و کۆمپانیا گەورەکانی وەبەرهێنان لە ئەندامە چالاک وبەشداربووەکانی کۆنگرەکانی ئەو کۆمپانیایەن.




ئەو پێشکەوتنە خێرا و جیاوازە بۆ سێ قۆناغ پۆلێندەکەن، لە شۆرشی پیشەسازی سێیەمەوە دەستپێدەکات و بەردەوامیشە لە داهێنان و گۆڕانکاری تازە بۆ دەوڵەمەند کردنی داهێنانەکانی پێشوتری وەک زریزەیەک پێکەوە تێهەڵکێشراون قۆناغەکانیش بریتین لە:

- قۆناغی بە ئامێرکردن (مرحلة المكننة).
- قۆناغی دیجیتاڵی (مرحلة الرقمنة - Workflow automation).
- قۆناغی زانیاری سمارت (مرحلة الرقمية).

- قۆناغی بە ئامێرکردن (مرحلة المكننة): ئەم قۆناغە لە درووستکردنی کۆمپیوتەرەکانەوە دەستپێدەکات، بەو هەوڵ و تێکۆشانەی مرۆڤیش پێناسە دەکرێت، کە توانی ئەنجامی بدات لە گواستنەوەی داتا و دۆکیۆمێنتەکاندا وەک سەرچاوە، کە پێشتر لە شێوەی فایل لە ڕەفەکاندا دەپارێزران و هەڵدەگیران بۆ ناو سنوقی بەیاناتی کۆمپیوتەرەکان.



هەولێرنامەی کتێب

لە ڕێگای دۆلابی کارکردنی کۆمپیوتەرەکانەوە داتاکان ڕێکدەخرێن. داتاکانیش بریتین لە بەروار و ناو و ژمارە، هەتا بەشێوەیەکی ئاسان بە گوێرەی پێویست ناو و ژمارە و بەروارەکان بگۆڕدرێت. پاشتر لە ڕێگای بەستنەوەی کۆمپیوتەرەکان بە ئامێری پرنتەرەوە پرنت بکرێت. ئەم قۆناغە بە قۆناغی نەمانی بەڵگەنامەی دەستنوس ئەناسرێت، توانرا هەموو بەڵگەنامەکان بکرێن بە ئامێری و بوو بەهۆی ئاسانکاری و جوانکاری و ڕێکخستنی خێرا، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی کارکردن لە گشت دامەزراوە فەرمیەکان و نافەرمیەکاندا، نمونەی بەڵگەنامەی لە دایک بوون و هاوسەرگیری و مردن و....تاد.

- قۆناغی دیجیتاڵ (مرحلة الرقمنة): ئەم قۆناغە دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی داتایەکی زۆری پاشکەوت کراوە، لەناو کۆمپیوتەرەکانی قۆناغی یەکەم لەدایک بوو، بۆشاییەکی لە ڕاپەڕاندنی کارەکان دروست کرد کۆنترۆڵ کردن و گەڕان بەدوای زانیاریەکاندا بۆ مرۆڤ کاتێکی زۆری دەویست و ڕێژەی هەڵەشی زۆر بوو، دەرئەنجام بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە بیرۆکەی پەرەپێدانی ئامێرەکان لە میکانیکیەوە بۆ دیجیتاڵ هاتە ئاراوە توانرا ڕێکخستن و خێراکردن و گەشتن بە داتاکان بە ئۆتۆماتیکی و دیجیتاڵی بکرێت تاکو بتوانرێت وا لە ئامێرەکان بکرێت بەرپرسیارییەتی حیسابی و ئاماری و ڕێکخستنی کاتی زیاترمان بدەنێ. بەم شێوەیە قۆناغی دیجیتاڵی لە دایک بوو زۆر لە کارگەکان بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان بە شێوەیەکی باشتر و خێراتر کەڵکیان بە دیجیتاڵ کردنی ئامێرەکانیان بینی، بۆ نموونە کۆمپانیای جینراڵ ئیلێکتریک.

- قۆناغی زانیاری سمارت (مرحلة الرقمية): پێناسەی ئەم قۆناغە وەک ئەوەی کۆمپانیای لێکۆڵینەوە و ڕاوێژکاری تەکنۆلۆژی (Gartner، Inc) پێناسەی کردوە، بریتییە



ئەو پێشکەوتنە خێرا و جیاوازە بۆ سێ قۆناغ پۆلێندەکەن، لە شۆڕشی پیشەسازی سێیەمەوە دەستپێدەکات و بەردەوامیشە لە داهێنان و گۆڕانکاری تازە بۆ دەوڵەمەند کردنی داهێنانەکانی پێشوتری وەك زریزەیەك پێکەوە تێهەڵکێشراون





لەو گۆڕانکاریانەی بەسەر قۆناغی دیجیتاڵی (مرحلة الرقمنة) ڕوودەدات (Workflow automation)، لە ڕێگای بەکارهێنانی کۆمەڵێک تەکنیکی نوێوە لە پێناو داهێنان و شێوەی تازە و نوێی بۆ ئەنجامدانی کارەکان بەڕێگایەکی جیاواز لە شێوازە کۆنەکەی، لە پێناوی بەرهەمێنانێک بە بەهایەکی باڵاتر. بۆ ئەوەی زیاتر لەم پێناسەیە و لەم قۆناغە تێبگەین چەند نمونەیەک باس دەکەین، کە بوونە هۆی گۆڕانکاریەکی ڕیشەی ڕەقەمی لە ئەنجامدانی کارەکاندا.

١ـ کۆمپانیای ئووبەر (UBER): کۆمپانیای ئووبەر بۆ گواستنەوە توانی پیشەسازی و سیستم و ئامرازی گواستنەوە، لە جیهاندا بگۆڕێت و ببێتە گەورەترین کۆمپانیای گواستنەوە لەجیهاندا، بەبێ ئەوەی خاوەنی هیچ جۆرە ئامرازێکی گواستنەوە بێت لە هیچ سوچێکی ئەم جیهانەدا، بوو بە هۆکاری گۆڕانکاری لە ئابووری بازاڕدا و گۆڕانکاری لە میکانیزمی ڕاپەڕاندنی گواستنەوە لە جیهاندا. ئەمەش لە ڕێگای داهێنانێکی تازەوە یارمەتیدەر بوو بۆ بەرزکردنەوەی بەهای گواستنەوە لە ڕێگای دۆزینەوەی بۆشاییەک لە سیستمی گواستنەوە و پڕکردنەوەی بە پاکێجێک لە تەکنۆلۆژیای تازە، وەکو ئینتەرنێت و مۆبایلی دەستی و (جی پی ئێس GPS) و سیستمی بانکی تازەی کریدت کارت و زانستی ڕۆبۆتەکان و چەندین تەکنۆلۆژی تازە، کە هاوکاری سەرەکی بوون لە سەرکەوتنیدا. توانی گشت ئەو تەکۆلۆژیایانە لە ڕێگای ئەپڵیکەیشنی ئووبەرەوە گۆڕانکاریەکی ڕەقەمی لە پیشەسازی گواستنەوە لە جیهاندا ئەنجام بدات.

٢ـ کۆمپانیای نیتفلێکس (NETFLIX): ئەم کۆمپانیایە لەسەرەتادا تەنها بریتی بوو لە پەیجێکی ئینتەرنێت تایبەت بە فلیم، لە ڕێگای ئەو پەیجەوە بە بڕێک پارە ئەتوانرا فلیم داونڵۆد بکەیت زۆر جیاوازتر بوو لەو بیرۆکەی ئێستای نێتفلێکس، لەساڵی ٢٠٠٥دا سەرۆکی نێتفلێکس بڕی دە ملیۆن دۆلاری دابەکۆمپانیای (BLOCKBUSTER VIDEO)، کە ئەو کاتە گەورەترین کۆمپانیای فرۆشتنی سیدی فلیم بوو لە جیهاندا، تەنها لە ئەمریکا خاوەنی دە هەزار لق بوو، تەنانەت دەرهێنەر و کۆمپانیایەکانی بەرهەمهێنانی فلیمسازی لەژێر ڕاوێژکاری ئەم کۆمپانیایەدا فلیمیان بەرهەم دەهێنا، چونکە گەورەترین کۆمپانیای بەبازاڕکردنی فلیمداری بوو بەرامبەر بەوەی کۆمپانیای نێتفلێکس بتوانێت فلیمەکانی بلاک باستر لەسەر پەیچی نێتفلێکس دابەزێنێت، بەڵام ڕازی نەبوون.

نیتفلێکس لە ڕێگای دۆزینەوەی بۆشاییەک لە بازاڕی فلیمسازیدا و پڕکردنەوەی بە تەکنۆلۆژی تازەی پشەسازی تەلەفیزیۆنی سمارت و ئینتەرنێت و سیستمی بانکی و داهێنان لە وەرگێڕان و دۆبلاژی دەنگی بەزۆربەی زمانەکانی جیهان، توانی ببێت بە گەورەترین کۆمپانیای بە بازاڕکردنی پیشەسازی فلیم لە جیهاندا و گۆڕانکاریەکی گەورە لە بازاڕی سینەمای جیهاندا بکات، سینەمای هێنایە ناو هەموو ماڵێک چی دیکە مرۆڤەکان ناچن بۆ سینەما، بەڵکو سینەما دێتە ناو ماڵەکان وە بە بڕێکی زۆر کەمی پارە، نرخی یەک فلیم لە سینەما زیاترە لە نرخی

مانگێکی نێتفلێکس، ئەوەبوو لە (٢٠١١)دا بلاک باستر مایەپووچبوونی خۆی ڕاگەیاند و نیتفلیکسیش گەیشتە لوتکە و قازانجەکەی گەیشتە زیاتر لە دوو ملیار دۆلار، بەتایبەتی کاتی کۆرۆنا کاتێکی ئاڵتونی بوو بۆ نێتفلێکس. بەم شێوەیە نێتفلێکس گۆڕانکاریەکی ڕەقەمی لە ئابووری بازاڕی سینەمادا کرد.

٣- کۆمپانیای ئـەمـازۆن (amazon): کۆمپانیای ئەمازۆنیش بەهەمان شێوە لە ڕێگای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە سیستمی بازرگانیدا هەبوو بە تەکنۆلۆژیای نوێی و بەیارمەتی ئینتەرنێت بگۆڕێت بۆ بازرگانیەکی ئەلیکترۆنی، لە ئەنجامدا بیرۆکەی بازرگانی لە جیهاندا گۆڕی و لە ڕێگای ئەپلیکەیشنێکەوە کڕیار و فرۆشیار بە ئاسانی سەودای کڕین و فرۆشتنەکە ئەنجام دەدەن، بەبێ ئەوەی پێویست بکات یەکتری ببینن، وەک ئەوەیە کڕیار لەناو مۆڵێکدا بێت کاڵاکان دەبینێت و پاش ئەوەی لە ڕێگای ئەکاونتی بانکیەکەوە پارەکەی دەدات، کاڵاکە دەگاتە دەستی. ئەگەر چی سەرەتا ئەمازۆن بە فرۆشتنی کتێب دەستی پێکرد، بەڵام لەئێستادا گەورەترین بازاڕی بازرگانی ئەلکترۆنییە لە جیهاندا.

٤- کۆمپانیای عەلی بابا (Alibaba ): ئەم کۆمپانیا چینیەش توانی وەک ئـەمـازۆن، بیرۆکەی بیزنس تو بزنیس لەڕێگای بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای تازەوە لە شوێنی بیزنس بەشێوازە کۆنەکەی، گۆڕانکاری گەورە و دەسکەوتی گەورە لە جیهانی بزنسدا بە دەستبهێنێت، بە




کەمترین کات و کەمترین کارمەند، لە ئێستادا گەورەترین بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ئەلیکترۆنیە.

٥- یوتیوب (YouTube): بریتییە لە وێبسایتێک بەشداربووەکانی دەتوانن هەموو جۆرە تۆمارێکی دەنگی و بینراو دابەزێنن و تەماشاکارەکانیشی بەبێ پارە دەتوانن ببینن ڕاستەوخۆ لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە، بەبێ داونلۆد کردن و کۆمێنتش بنووسن، لە ڕێگای یوتیوبەوە کۆمپانیاکان ڕیکلام بۆ کاڵاکانیان دەکەن. لەهەمان کاتدا یوتیوب جۆرێکە لە بزنس کردنیش. ئەمەش یەکێکە لەو گۆڕانکاریە ڕەقەمیانە بە داهێنانی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی دادەنرێت. هەروەها گۆڕانکاریەکی ڕەقەمیە لە ئابووری بازاڕدا.

هەموو ئەمانەی باسمان کرد جۆرێکن لە بەکارهێنانی تەنکولۆژیا لە پێناو داهێنانی بیرۆکەی تازە بە مەبەستی

باشترکردن و بەرزکردنەوەی بەهای کارەکان بە شێوەیەکی باڵاتر، تەنانەت شێوەی خوێندن و زانکۆکانیش بەرەو گۆڕانکاریەکی ڕەقەمی گەورە دەڕۆن لە ئایندەیەکی نزیکدا زانکۆکان دەبنە زانکۆی ڕەقەمی و شێوەی کۆنی خوێندن کۆتایی دێت. هەموو ئەم بیرۆکانەش بە پاڵپشتی ئەم زانستانەی خوارەوە سەرکەوتنی گەورە و ئەنجامی ئەرێنیان بەدەستهێنا:

١ـ بەکارهێنانی تەکنیکی زیرەکی دەستکرد (ذكاء الصناعي).

٢ـ بەکارهێنانی زانستی داتاکان (علوم البيانات).

٣ـ زانستی ئەندازەی داتاکان (علوم الهندسة البيانات).

٤ـ بەکارهێنانی کۆمپیوتەری (الحوسبة السحابية Cloud computing).

٥ـ بەکارهێنانی ڕۆبۆتەکان.

٦ـ ئەندازەی جینات (هندسة الجينات).

ئەمانە و کۆمەڵێک زانستی تریش، بە تەکنیکی شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی دادەنرێن، کە بە شۆڕشی گۆڕانکاری ڕەقەمی (ثورة التحول الرقمي) دەناسرێت، ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە خێراکردنی ئەم گۆڕانکارییە ڕەقەمیە. لە پاش بەکارهێنانی ئەم تەکنیکانە لە تەکنۆلۆژیای نوێدا مرۆڤ پێدەنێتە نەوەی دووەمی شۆڕشی پیشەسازی چوارەم واتا (٤،١)، پێشتر مرۆڤ سێ شۆڕشی پیشەسازی بڕیوە، شۆڕشی یەکەم ساڵی (١٧٨٤) لەپاش دۆزینەوەی هێزی بزوێنەری هەڵمی ئاو و بەکارهێنانی




ئەم هێزە لە ئامێرە هەڵمیەکاندا، شۆڕشی دووەم پاش دۆزینەوەی هێزی کارەبا ساڵی (١٨٧٢) و بەکارهێنانی وەک هێزی بزوێنەر بۆ ئامێرەکان، شۆڕشی سێیەمیش لە ساڵی (١٩٦٥)ەوە دەستپێدەکات پاش دۆزینەوەی کۆمپیوتەر و بە دیجیتاڵ کردنی ئامێرەکان. مرۆڤ بە شێوەیەکی فەرمی ساڵی (٢٠١٦) چووە ناو شۆڕشی پیشەسازی چوارەم.

مرۆڤ نەوەد ساڵی پێویست بوو هەتا قۆناغی یەکەمی بڕی و هەشتا ساڵی پێویست بوو هەتا قۆناغی دووەمی بڕی و لەماوەی پەنجا ساڵدا قۆناغی سێیەمی بڕی و چوە قۆناغی چوارەمەوە، لە ئێستادا چاوەڕوانی ئەوەین لە ساڵی (٢٠٣٠ هەتا ٢٠٣٥) پێ بنێینە قۆناغی پێنجەمی پیشەسازی، واتا لە ماوەی دە ساڵی دیکەدا.

لەبەر ئەو هۆیە، ئەم سەدەیە بەسەدەی شێواندنی زهنی دەناسرێت، چونکە هێندە خێرایە توانای بڕینی قۆناغەکەی هەیە لە ماوەی (١٠) بۆ (١٥) ساڵدا.

هەواڵنامەی کتێب

ئێستا بابزانین پێناسەی قۆناغی پێنجەمی پیشەسازی چیە و چی گۆڕانکاریەک بەسەر ئەم جیهانەدا دەهێنێت.

پێناسەیەکی کورت و پوخت بۆ شۆڕشی پیشەسازی پێنجەم بریتیە: لە هاوبەشییەک لە پێکەوە ژیانی مرۆڤ و ڕۆبۆتەکان.

لێرەدا کۆمەڵێک پرسیارمان بۆ دروست دەبێت، ئایا ڕادەی گونجاندنی مرۆڤ و ڕۆبۆتەکان بە بەراود بە گونجاندنی مرۆڤ و مرۆڤ جیاوازە؟! بۆ کێشەیە؟! چۆن و بەچی یاسایەک و بەچی ئاینێک پەیوەندیەکانیان ڕێکدەخرێت؟! ئایندەی جیهان بۆ کامیان دەبێت؟!

وەڵامی ئەم هەموو پرسیارە هەم گشتگیرە و هەم فرە ڕەهەندە. بەڵام بۆچوون و سەرنجی کەسانی پسپۆر لەم بوارەدا گرنگە و دەمانگەیەنێتە سەر هێڵی گشتی بابەتەکە و کلیلی کردنەوەی نهێنی ئەم بابەتە ئاڵۆزەیە. یەکێک لەو کەسایەتیە پسپۆرانەی بواری زانستی زیرەکی دەستکرد (الذكاء الصناعي) خاوەنی کۆمپانیای گۆگڵە بەڕێز (سێرجی برێن) دەڵێت: گرنگترین داهێنان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پاش دۆزینەوەی ئاگر گەیشتنە بە زانستی زیرەکی دەستکرد (الذكاء الصناعي).

ڕۆژنامەی تێلگرافی ناوداری بەریتانیش لە ساڵی (٢٠١٧) دا لە ڕاپۆرتێکدا دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بەم بوارەدا دەڵێت: کەمتر لە بیست ساڵی دیکە (٤٠٪) کۆی گشتی هێزی کاری کرێکارانی جیهان لەلایەن ڕۆبۆتەکانەوە ئەنجام دەدرێن.

ئەمە وەڵامێکە بۆ زۆر لەو پرسیارانەی سەرەوە، کە چۆن بەخێراییەکی زۆر سەرسوڕهێنەر و چاوەڕوان نەکراو دوو زانستی گرنگ لە پێشکەوتنێکی بەردەوامدان، ئەوانیش زانستی ڕۆبۆتەکان و زیرەکی دەستکردە (الذكاءالصناعي) ئەم پێشکەوتنانەش پاڵپشت و وابەستەن بە پێشکەوتنی دوو زانست، ئەوانیش زانستی داتاکان و ئەندازەی داتاکانن. ئەم دوو زانستەش بناغەیەکی گرنگن هەتا زانستی زیرەکی دەستکرد بتوانێت گۆڕانکاری گەورە لە ئامێرەکان و لە ڕۆبۆتەکاندا بکات.

بۆ نموونە چۆن داهێنانی ئۆتۆمبیلی بێشۆفێر ئێستا کارێکی بینراو و ئاساییە، ئەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا فڕۆکەی جەنگی بێ فڕۆکەوان نەک درۆنەکان دەبێتە کارێکی بینراو و قبوڵکراو. زاناکانی ئەم بوارە بیرلەوە دەکەنەوە چۆن توانیان ئۆتۆمبیلی بێ شۆفێر لە ڕێگای زیرەکی دەستکردەوە دروست بکەن، بە هەمان شێوە لە ماوەیەکی کەمدا فڕۆکەی (F) ی بێفڕۆکەوان دەتوانێت بچێتە جەنگەکانەوە، ئیتر نە پێویستی بە فڕۆکەوانە و نە پێویستیشی بە مەشقە هەتا فێری جۆری تازەی (F) ببێت. ئەوە زیرەکی دەستکردە، کە ئەو کارە بەشێوەکی باشتر لە مرۆڤ و بە ڕێژەی هەڵەکردنی نزیک لە سفر ئەنجام دەدات، ئەمە بەشێکی بابەتەکەیە.

ئایا ئەمە ڕوودەدات؟ بەڵێ، ئەمە دەرگا و شێوەی چونە ژورەوەی مرۆڤە بۆ ناو شۆڕشی پیشەسازی پێنجەم، بە پاڵپشتی زیرەکی دەستکرد، وەک چۆن پاڵپشتی شۆڕشی



یەکەم ئامێری هەڵم بوو. ڕواڵەتی شۆڕشی پیشەسازی پێنجەم پاڵپشتە بە ڕۆبۆتەکان، بە جۆرێک توانای ژیانکردنی هەبێت لەگەڵ مرۆڤدا. ئەگەرچی ئەمە هەم لەگەڵ مۆراڵی ئاینی و کۆمەڵایەتی ئێمە نەگونجاو و دژە یەکن، بەڵام ڕاستییەکی تاڵە ئەبێتە هۆی نەمانی مۆراڵە باوە نەقڵ کراوەکانی هەزاران ساڵەی کۆمەڵگاکانی جیهان، بە تایبەت ڕۆژهەڵاتیەکان. بەڕاستیش واقیعێکی زانستیە ئەگەرچی تاڵیشە ئەوەمان پێدەڵێن ڕۆبۆتەکان بە شێوەیەک تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤ دەبن و دەبنە شەریک و هاوبەش لە هەموو کایەکانی ژیانیدا، لە ئاکامدا پێش ساڵی (٢٠٥٠) خۆپیشاندان دەکرێت لەپێناوی بە یاسایی کردنی هاوسەرگیری مرۆڤ لەگەڵ ڕۆبۆتەکاندا، لە ڕاستیشدا ئەمە خەیاڵی زانستی نیە بەڵکو ڕاستیەکی تاڵ و بێمۆراڵە.

بەڵام ئایا ئەمە بەو مانایەیە، کە سەدەی ئاینده سەدەی دژایەتی مرۆڤ و ڕۆبۆتەکان و ئامێرەکان دەبێت، یان سەدەی پێکەوە ژیانی مرۆڤ و ئامێرەکان دەبێت؟!

لە ئێستادا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت، چۆن دەیان ڕێکخراوی پاراستنی مافی کەمینە یان نەژاد یان سێکس یان چین و توێژ هەیە، ئەوە لە ئاییندەدا ڕێکخراو دروست دەبێت بۆ پاراستنی مافی مرۆڤەکان بەرامبەر ئامێرەکان و ڕۆبۆتەکان، لەپێناوی ڕێکخستنی ژیانی ئاینده و پاراستنی مافی مرۆڤ، لە بەرامبەر ئەو ناهاوسەنگیە لە زیرەکی ڕۆبۆتەکان لەچاو مرۆڤەکاندا.

بێڵ گێتس خاوەن و دامەزرێنەری کۆمپانیای مایکرۆسۆفت دەڵێت: سەدەی ئاینده سەدەی پێکەوە ژیانی مرۆڤ و ڕۆبۆتەکانە نەک دژایەتیکردن، بۆیە گرنگە مرۆڤ مرۆڤایەتی خۆی لەدەست نەدات لە گەشتی پێشکەوتنی شۆڕشی زیرەکی دەستکرددا.

لە ڕاستیدا زۆر گرانە بیهێنیتە پێش چاوت هاوڕێکەت لەکارکردندا یان بەرپرسی کارەکەت یان هاوسەرەکەت لە ماڵێکدا ڕۆبۆت بێت، بەڵام ئاماژەی زۆر هەیە ئەوە واقعێکە لە ئاییندەیەکی زۆر نزیکدا ئەبێتە ڕاستیەکی قبووڵکراو.

یەکێک لەو ئاماژانە پێش چەند مانگێک دەرئەنجامی ڕاگەیاندنی یەکێک لە زاناکانی گوگل بەرپرسی چاندنی زیرەکی دەستکرد لە ڕۆبۆتەکاندا، لەکاتی چاندنی زیرەکی دەستکردا، ڕۆبۆتەکە قسەی لەگەڵ کردوە و پێی وتوە وەک مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکات نەک ڕۆبۆت، هەستی ئەوەی پێبدات مرۆڤە نەک ڕۆبۆت، پاشتر ئەم ڕاگەیاندنە زاناکەی دووچاری لێپرسینەوەی گەورە کردو و سزاش درا.

گریمان ئەو زانایە ڕاست ناکات و تەرویج و ڕێکلام بۆ کارەکەی دەکات، بەڵام ئاماژەی زۆر زیندووشمان هەیە ئەویش سوفیایە یەکەم کچە ڕۆبۆت، کە بووە خاوەن ڕەگەزنامە و پاسپۆرتی وڵاتێکی ئیسلامی و لە لایەن ئەمیر محمد بن سەلمانەوە لە کۆڕبەندی ئابووریدا لە سعودیە پێشوازی لێکرا و بەشێوەیەکی نزیک لە سروشتی وەک مرۆڤێکی شارەزا لە پرۆتۆکۆڵی فەرمی دانشتنەکەی ئەنجامدا لەگەڵ ئەمیری سعودیەدا.

لە ڕاستیدا بەخشینی ڕەگەزنامە بە ڕۆبۆت ئاماژەیە بەوەی نەک زاناکانی تەکنۆلۆژیا و بواری زیرەکی دەستکرد، بەڵکو سیاسی و خاوەن دەسەڵات و قەرارەکانیش لەو ڕاستیە گەیشتوون سەدەی ئایندە سەدەی زیرەکی دەستکردی گشتیە لەهەموو بوارەکاندا، مرۆڤ بەرەو ئەو گۆڕانکاریانە دەڕوات، ئەم ڕەگەزنامە بەخشینە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا سعودیە خەریکی بونیات نانی شارێکی زیرەکە بە ناوی نیۆم لەسەر دەریای سور، پاش تەواوبوونی زۆری کارەکانی ئەو شارە لە لایەن ڕۆبۆتەکان و ئامێرە زیرەکەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت گەورەترین کۆمپانیا لە بواری بەرنامەسازیدا لە ئاستی جیهاندا، لە ئێستادا خاوەن فیشنێکە دەڵێت: هەموو شتێک لە پێناو زیرەکی دەستکرد، هەموو بەرنامەسازیەک پێویستە پشت بە زیرەکی دەستکرد ببەستێت. مایکرۆسۆفت لە هەوڵدایە و تێدەکۆشێت هەموو بەرنامەسازیەک ببەستێتەوە بە زیرەکی دەستکردەوە.

ئاماژەیەکی دیکە لەسەر ئەو گۆڕانکاریانە لینکد ئین (Linked in) گەورەترین ستەیجی کۆمەڵایەتی و پیشەیی بۆ دۆزینەوەی هەلی کار لەسەر ئاستی جیهاندا بارەگاکەی لە ئەمریکایە، ساڵانە ڕاپۆرتی خۆی لەسەر جۆری ئەو کارانەی کە لە بازاڕی کاردا لە پێشینەدان دەخاتە ڕوو، ساڵی پار لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا، سێ جۆر کاری دەستنیشان کرد، وەک پێشینەی هەموو کارەکان و ڕایگەیاند ئەو سێ کارە لە ئایندەدا (٣٤٪)ی کاری بازاڕەکانی جیهان پێکدەهێنن، ئەوانیش بریتین لە:

١ـ شارەزاکانی بواری زیرەکی دەستکرد.

٢ـ ڕۆبۆتەکان.

٣ـ زانستی داتاکان (علم البيانات).

ئەم سێکوچکەیە ناتوانن بەبێ یەکتر کاربکەن، تەنها لە کاتێکدا نەبێت ئەو ئەبجەدیەتە زانستییەی ئێستا کاری پێدەکرێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت.



لە ئێستادا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت، چۆن دەیان ڕێکخراوی پاراستنی مافی کەمینە یان نەژاد یان سێکس یان چین و توێژ هەیە، ئەوە لە ئایندەدا ڕێکخراو دروست دەبێت بۆ پاراستنی مافی مرۆڤەکان بەرامبەر ئامێرەکان و ڕۆبۆتەکان، لەپێناوی ڕێکخستنی ژیانی ئایندە و پاراستنی مافی مرۆڤ

ئەمە ئاماژەیەکی دیکەیە کە بازاڕی سەرمایەداری بەرەو وەگەرخستنی هێزی کارو زهنی ڕۆبۆتەکان دەچێت لە ئابووری بازاڕدا.

لە ئێستادا بەریتانیەکان لەهەوڵی ئەوەدان، هەتا ساڵی (٢٠٤٠) ڕۆبۆتی دادوەر بخەنە شوێنی دادوەرەکان و لەسەر ستەیجی دادگا و لەسەر کورسی دادگا دانیشن و حوکم بدەن. چونکە ڕۆبۆتەکان بێلایەنی دەپارێزن لە حوکمداندا و دەتوانرێت لە ڕێگای زیرەکی دەستکردەوە پاڵپشتیان بکرێت، سەرجەم یاساکانیان بەخێرایی پێ لەبەربکرێت بەبێ هیچ هەڵەیەک، توانای جیاکردنەوەی یاساکانیان باڵاترە لە هەزاران دادوەری مرۆڤ و هێزی ئەوەیان دەبێت لەڕێگای دەم و چاوەوە تاوانبار دەستنیشان بکەن، لە ڕێگای چاندنی زیرەکی دەستکردەوە لە ناویاندا، ناتوانرێت لە ڕێگای بەرتیلەوە کار بکرێتە سەریان، ئەتوانن لە ئەزموونی سەدان ساڵی دادگاکانی جیهان وەک سەرچاوە کەڵک وەربگرن بەراورود بە مرۆڤ، چونکە ئەو توانایەی نیە ئەم هەموو زانیاریە کۆنترۆڵ بکات.

هەروەها (Intel Corporation) یەکێک لە گەورە کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیایە تایبەتە بە دروستکردنی چیپ و پرۆسێسەری کۆمپیوتەر (برقات و معالجات الكمبيوتر) (computer chips and processors). ڕایگەیاند لە ساڵی (٢٠٥٠)دا توانای بەرهەمێنانی معالجێکمان دەبێت توانای لەخۆگرتنی (القدرة الاستيعابية) یەکسانە بەهەموو دانیشتوانی سەر زەوی.

ئەوەشمان بیر نەچێت ئەوە عەقڵی مرۆڤە توانی ڕۆبۆت بەرهەم بهێنێت، لەکۆتاییدا بە هەزاران جار پێش عەقڵی خۆیی بکەوێت.

لە پرۆسەی ڕۆشنگەری و مەعریفی عەقڵدا، مرۆڤ بەدوو قۆناغ ڕۆڵی خۆی لەسەر ئەم زەمینە لە دەست دەدات، یەکەمجار ئامێرەکان شوێنی هێزی کاری ماسولکەی مرۆڤیان گرتەوە، ڕۆلی مرۆڤیان وەلانا. جاری دووەم ڕۆبۆتە زیرەکەکان پاڵپشت بە زیرەکی دەستکرد، لەئایندەشدا پێش عەقڵی مرۆڤ دەکەون. دەرئەنجام بەم جۆرە ڕۆڵی مرۆڤ زۆر کەمدەبێتەوە لەسەر گۆیی زەوی، لە کۆتاییدا بەرەو کەناربوون دەچێت و دووچاری نامۆییەکی گەورە دەبێت.

یوڤال نوح هراری مامۆستای زانکۆ، یەکێک لە بیرمەندەکانی بواری کۆمەڵناسی سەدەی بیستویەکە، خاوەنی چەندین کتێب و لێکۆلینەوەیە، لەکۆی گشتی نووسین و لێکۆلینەوەکانیدا، دەربارەی پرۆسەی گەشتی مرۆڤ لە چاخی بەردینەوە هەتا شەراکەتی لەگەڵ ڕۆبۆتەکاندا بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێت، کە مرۆڤیش هەمان چارەنووسی ئەو ئەسپەی دەبێت چۆن لە قۆناغی کشتوکاڵدا هەم سەرچاوەی ووزە بوو هەم ئامرازی گواستنەوە و گەیاندنی زانیاری بوو، شوێن و ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەبەرهەمهێناندا، بەڵام لەگەڵ قۆناغەکانی پیشەسازیدا هیچ ڕۆڵێکی نەما لەبەرهەمهێناندا و تەنها

وەک ئارەزووی ئەسپ سواری هەندێک سوودی لێوەردەگرن و بەخێوی دەکەن.

سەرچاوەی ئەم نوسینە بەشێکی زۆری لەچاوپێکەوتن ونوسینەکانی دکتۆر (ئەحمەد بەهاء)وە وەرگیراوە، بەڕێزیان مامۆستای زانکۆیە لە کۆلێژی حاسبات و زانیاری زانکۆی حلوان لە وولاتی میسر، یەکێکە لەو سەد کەسەی جیهان، کە شارەزان لە زانستی تەکنۆلۆژیا و زانیاریدا، خاوەنی (٢٥) خەڵاتی ڕێزلێنانە لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە، هەندێک لەو خەڵاتانە یەکسانن بە خەڵاتی ئۆسکار، هەروەها بەڕێوبەری ناوچەیی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە، یەکێکە لەهەرە پۆستە گرنگەکانی مایکرۆسۆفت، وەک کەسێکی زانستی خاوەن ڕیفرێنس قسە دەکات نەک وەک مرۆڤێکی سادە بۆچونەکانی گرنگن ئەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت.

بەو هیوایەی مرۆڤ بەو ڕۆژگارە نەگات، بەڵام لە گریمانەی ئەوەی شۆڕشی پێنجەمی پیشەسازی لە بیست ساڵی ئایندەدا، ئەوەی ئێستا لە خەیاڵێکی زانستی دەچێت بگۆڕێت بۆ ڕاستیەک و ببێت بە بەشێکی گەورەی ژیانی ڕۆژانەمان، بێگومان گۆڕانکاریەکی وا ئاسان نابێت کۆمەڵێک ئاکاری گەورەی دەبێت لەوانەش:

- ئاین و کولتور و یاسا و ئایدیۆلۆژیا، بە درێژای چەند هەزار ساڵ نەیانتوانی بەهێزی عەقڵ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان ڕێکبخەن و دادگەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی بەرقەرار بکەن، جیهان و مرۆڤایەتی لە قین و خۆپەرستی و جەنگ رزگار بکەن.

ئایا بەهاتنی شەریکێکی تازە و جیاواز لە ڕەگەزی مرۆڤ و زیرەکتر لە مرۆڤ، ئاین و ئایدیۆلۆژیا بەگشتی لە ڕادیکاڵەوە هەتا لیبراڵ هێزی مانەوەی دەبێت؟

ئایا هەردوو ئایدیۆلۆژیای ڕادیکالی چەپ و ڕادیکاڵی ئیسلامی، دەرەوەی سیستم هێزی ئەوەیان دەبێت بەسەر ڕۆبۆتەکاندا شۆڕش بەرپا بکەن؟

- ئەگەر ئاستی پێشکەوتنی ڕۆبۆتەکان بگاتە ئاستێک، توانای خۆ چاککردنەوە و خۆ تازەکردنەوەی (ئاپدەیت و ئاپگریەت) خۆبەخۆیان هەبێت، ئەوە لە ژێر کۆنترۆڵی مرۆڤ دەردەچن و سەرەتایەک دەبێت بۆ نەمانی مرۆڤ، ئیتر هیچ بەهانەیەک بۆ بوونی مرۆڤ نامێنێت ئەگەر بمێنێتیش ئەوە ئێمە دەبینە کۆیلەی ڕۆبۆتەکان.

- سیستمی سەرمایەداری لە سەردەمی نیولیبراڵیزمدا، دەرئەنجامی بە دیجیتاڵ کردنی ئامێرەکان لە شۆڕشی



پیشەسازی سێیەمدا یارمەتی دەری بوو لە زۆر بوونی کالآدا، بە مەبەستی سوودی زۆر و ساغکردنەوەی ئەو برە زۆرەی کالآکان، فەرهەنگی زیادەڕۆی و بەرخۆریان بەرهەم هێنا لە سێ ووشەدا. (بەرخۆری ـ الاستهلاک، خاوەندارێتی ـ الاستملاک، بەدیهێنانی ئارەزوو ـ تحقیق الرغبة) توانییان سیستەمی سەرمایەداری بۆ قۆناغێکی دیکە لە هەڵئاوسان و قەیرانی ئابووری رزگار بکەن. بێگومان لە سەردەمی ڕۆبۆتەکان بەرهەمهێنان زۆر زیاتریش دەبێت بە بەراوود بە سەردەمی دیجیتاڵ.

ئایا ئەوە چی بازاڕێکە بۆ ساغکردنەوەی کالآکان، لە کاتێکدا مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکی نەبێت لە پڕۆسەی بەرهەمهێناندا، دەبێت سەرچاوەی داهاتی لە کوێوە بۆ دابین بکرێت هەتا توانای کڕینی هەبێت لە پێناو ساغردنەوەی کالآکاندا؟

ئایا کڕیارێک غەیری مرۆڤ لە بازاڕی سەرمایەداریدا بوونی دەبێت، ئەو کڕیارە کێیە و ئەو بازارە کامەیە و چۆن دەبێت؟

یان سەرەتایەک دەبێت بۆ هەڵئاوسانی ئابووری سەرمایەداری و دووچاری قەیرانی گەورەتر لەوانەی پێشتری دەکات؟

ئایا سیستمی سەرمایەداری لە پێناو چی ئامانجێکدا ئەو خەرجیە زۆرە دەکات، بۆ گەیشتن بە شۆڕشی پێنجەمی پیشەسازی؟

ئایا حیکمەتی دروستکردنی ڕۆبۆتەکان بۆ سەرمایەداری جیهان بۆ داگیرکردنی ئەستێرەکانی دیکەیە، بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە خێروبێری ئەو ئەستێرانەی کە هێشتا فێرجنن و دەستی کەسی پێ نەگەیشتووە، وەک چۆن لە مێژوودا دۆزینەوەی ئەمریکا بووە هۆی دەوڵەمەند بوونی

هەواڵنامەی کتێب



لە ئێستادا بەریتانیەکان لەهەوڵی ئەوەدان، هەتا ساڵی (٢٠٤٠) ڕۆبۆتی دادوەر بخەنە شوێنی دادوەرەکان و لەسەر ستەیجی دادگا و لەسەر کورسی دادگا دانیشن و حوکم بدەن. چونکە ڕۆبۆتەکان بێلایەنی دەپارێزن لە حوکمداندا و دەتوانرێت لە ڕێگای زیرەکی دەستکردەوە پاڵپشتیان بکرێت



**The man who built and married his own sex robot is now making them for other lonely men**

Comment

Zoe Drewett
Sunday 5 Nov 2017 11:01 am

Zheng created and then married his sex robot YingYing earlier this year (Picture: Newslare/NewsChina)

**A man who married his sex robot after his parents nagged him to settle down is designing models for other lonely men.**

Engineer Zheng Jiajia is now creating more robots with a 'sexual function' to reportedly help other bachelors get hitched.


ئەوروپا، چونکە داگیرکردنی ئەستێرەکان بە هێز و توانای مرۆڤ ناکرێت تەنها بە ڕۆبۆتەکان دەکرێت؟

ئایا سیستمی سەرمایەداری لەو قۆناغە تازەیەدا توانای نوێکردنەوەی خۆی دەبێت، بۆ دەرباز بوون لە قەیران و قەیرانەکانی چی جۆرێک دەبن، یاخود وەک مارکس دەڵێت: دەرئەنجام سەرمایەداری خۆی سەری خۆی دەخوات، بڵێیت ئاکامەکانی شۆرشی پێنجەم سەری سەرمایەداری بخوات؟

- ئایا سیستمی خوێندن لە جیهاندا بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتدا بە تایبەتی، بەکەڵکی ئەوە دێت بتوانێت هەلێکی کار بدۆزێتەوە لەو سێ کارەی (لینکد ئین) وەک پێشینەی کارەکانی ئایندە، لە ڕاپۆرتی پارساڵدا ناوی هێنابوون، لە کاتێکدا ئەوەی لە زانکۆکانی ئێمەدا دەخوێنرێت بە دەوڵەتی و تایبەتەوە پێناسەی زانستییان نەماوە، بەڵکو وەک مێژوویان لێهاتوە بەکەڵکی ئێستاش نایەن نەک داهاتوو، ئیتر بۆ ئەم هەموو خەرجیە لە خوێندکار خەرج بکرێت؟

- ئایا دەرئەنجامی کەنار بوونی مرۆڤ و نەمانی ڕۆڵی لە بەرهەمهێناندا، نابێتە هۆی گەڕاندنەوەی مرۆڤ جارێکی دیکە بۆ ئاین، بەمانا عیرفانیەکەی نەک مانا ئایدیۆلۆژیەکەی؟ چونکە چی تر عەقڵی مرۆڤ لەحەق تێگەیشتنی گۆڕانکاریەکان نایەت و ویژدان و ئاین و ڕوح دەبێتە پێویستیەک بۆ ئەوەی بتوانێت هێزی مانەوەی پێ ببەخشێت.

دەرئەنجامی پرۆسەی (٧٠٠) ساڵی عەقڵ، مرۆڤ هەر لەکێشەدایە، لە کێشەیەکەوە بۆ کێشەیەکی دیکە، هەتا ئێستا مرۆڤ لەم گەشتەدا نەیتوانیوە بە ئاسودەیی بگات. لەکۆتایدا وەک مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی دەڵێت: ئامانج لە ژیان گەشت کردنە نەک گەیشتن.



# پەیامی ڕووناکی لە ڕۆژگارێکی نووتەکدا




سەباح ئیسماعیل

وەرگێڕی نـاودار، ئەبو محەمەد عەبدوڵا ئیبن موقەففەع (٧٢٤–٧٥٩ز) لە شاری «جوور» لە وڵاتی فارس لەدایکبووە. ناوی ڕاستەقینەی «ڕۆزبە»یە. باوکی لە ڕۆژگاری حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفیدا کاری باج و خەراج کۆکردنەوەی کردووە. ئیبن موقەففەع ٢٥ ساڵ لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئەمەویدا ژیاوە و ١٦ ساڵیش لە ژێر سایەی دەوڵەتی عەباسی. ڕۆشنبیریی ئەو فارسی و زەردەشتی بووە، شارەزای زۆری کلتووری فارس و هیند و یۆنانی بووە. شاری بەسرە ئەو کات مەڵبەندی پیاوانی زانست و ئەدەب بووە بۆیە گواستوویەتییەوە بۆ ئەوێ. عەرەبییەکی گەلێک ڕەوان و پاراوی زانیوە، لە سەردەمی ئەمەویدا لە دیوانی «عومەری کوڕی هەبیرە»، پاشان لە دیوانی «داودی کوڕی هەبیرە» نووسیار بووە. لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسییشدا لە دیوانی «عیسای کوڕی عەلی»ی ئامۆزای خەلیفە مەنسوور کاری کردووە، هەر لەسەر دەستی ئەویش بووەتە موسوڵمان و لە سۆنگەی ئەویشەوە کوژراوە.

ئیبن موقەففەع بەوە ناسراوە، کەسێکی ڕاستگۆ و بوێر و دەستپاک و دڵسۆز و جوانیویست و یارمەتیدەر و وەفادار بووە بۆ هاوڕێکانی. بڕوای تەواوی بەهێز و کاریگەریی وشە و توانای نووسین هەبووە.

ئیبن موقەففەع گەلێک کتێبی نووسیوە، لەوانە: «خودای‌نامە» دەربارەی مێژووی پاشایانی فارسە. «ئەیین نامە» سەبارەت دابونەریتی فارس و مەراسیمی




پاشاکانیانە. «التاج في سيرة انوشروان» و «الدرة اليتيمة والجوهرة الثمينة». کتێبی «مەزدەک» و قاتینۆریاس» و «باری ئەرمیناس» و «ئیساغۆجی» و «رسالة الصحابة» و «الادب الصغير» و «الادب الكبير».

هەڵبەت گرینگترین و پڕ بایەخترین کاری ئەو وەرگێڕانی کتێبی «کەلیلە و دیمنە»ی بەیدەبای فەیلەسووفی هیندییە، لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. وەرگێڕانە عەرەبییەکەی پتر لە ئەسڵە هیندی و وەرگێڕانە فارسییەکەی لە مێژوودا دەنگی دایەوە. ئێستا هەندێک توێژینەوەی نوێ بۆ ئەوە دەچن «کەلیلە و دیمنە» لە دانانی ئیبن موقەففەع خۆیەتی. هەندێکیش دەڵێن، «دەرگای پشکنینی کاری دیمنە» لە کتێبەکەدا بیروباوەڕی ئیبن موقەففەع خۆیەتی ترنجاندوویەتییە کتێبەکەوە.

(ئەم نووسەرە بەتوانایە دەرگیری گرفتێک بوو هیچ گوناهی ئەوی تێدا نەبوو بەڵام نەیتوانی لێی دەرباز بێت، لەو سۆنگەیەوە ژیانی لە دەستدا و بە شێوەیەکی دڕندانەی پڕ لە ڕق و کینە و دڵڕەقیی خوێناویی وا لەدار درا شێوەی نەبوو، ئەو قوربانیی ناکۆکیی نێوان سەرۆک و فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی نوێی عەباسی بوو)(١).

ئیدی بەم ئاوایە لەودەمی دەسەڵاتی ئیسلام گەیشتبووە پۆپە و کرمی گەندەڵی جەستەی دەسەڵاتی ئیسلامی دەکرۆشت و پایەکانی هەرەسیان دەهێنا و ژەنگیان هەڵهێنابوو، ئیبن موقەفەع بووە قوربانیی ئیرەیی و ناکۆکی و ناحەزیی سیاسی نێو خانەوادەی عەباسییان. لە خۆڕا تۆمەتی زەندیقییان بۆ هەڵبەست کە تۆمەتێکی حازر بەدەستی ئەو سەردەمە بوو، چەشنی حەلاج و سوهرەوەردی و بەشار بن بورد و یەعقووب بن ئەلسەکیت و عیمادەدین نەسیمی و گەلێکی تر... لەناویاندا.

ئیبن موقەفەع وەکو چاکساز و ڕیفۆرم خوازێک کتێبی «رسالة الصحابة» دەنووسێت و بوێرانە ئاراستەی هاوەڵانی خەلیفە و دەسەڵاتدارانی دەکات دەست لە گەندەڵی بەردەن و میللەت بگرنە خۆیان و واز لە ڕیایی و مەرایی بهێنن و شەرعیەت نەدەنە هەر کارێک خۆیان بیانەوێت. ئەو پێی وابوو سوودی چییە لە ڕۆژگارێکدا بژیت بکرێت هەموو شتێک بنووسیت، بەڵام نەتوانیت هیچ بگۆڕیت، لای ئەو گوتنی ڕاستییەکان هەمیشە کردەیەکی شۆڕشگێڕانەیە، ئەو بێئاگا بوو لەوەی هاوەڵان و خەڵکانێکی زۆر تاقە ئیشیان ئەوە بوو نەهێڵن ڕاستییەکان بگەنە خەلیفە و بەر ئیرەییيان دەکەوێت. بێ ئاگا لەوەی ستەمکاری لەو نەخۆشیە کوشندانەیە (چاکبوونەوەی نییە و هەتا ئێستا کەس نییە گرتبێتی و چاک بووبێتەوە، دیکتاتۆریەت سیستمێک نییە ڕیفۆرم بکرێت)(٢).

هەڵبەت پێش ئەم ئەرستۆی مامۆستای یەکەم دامەزرێنەری زانستەکان لە چاککردنی ئەسکەندەری گەورە شکستی هێنا، چونکە مامۆستا و پەروەردەکاری بوو. ئەوجا ماکیاڤیللی دوای نزیکەی حەوت سەدە لە مەرگی ئیبن موقەفەع، بەدیدێکی ترەوە جیاواز و پێچەوانەی دید و جیهانبینیی ئیبن موقەفەع، کتێبی»میر»ی نووسی، تێیدا ئامۆژگاریی بنەماڵەی میدیتچیی دەسەڵاتدار دەکات چۆن بە بەردەوامیی ڕکێفی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و ڕەشە خەڵکەکە ملکەچ بکەن و دەسەڵات بەفێڵ و تەڵەکە بەڕێوە ببەن، واتە چۆن لەنگەری نێوان فێڵبازیی ڕێوی و شاڵاو بردنی شێر ڕابگرن و بەهای ڕەوشت نەزانن و هەمیشە ئامانج پاساو بۆ شێواز بهێنێتەوە.

* * *

جۆرج لۆکاش لە کتێبی (گۆتە و سەردەمەکەی)دا دەڵێت: بۆ ئەوەی گۆتە بناسین دەبێت لە سەردەمەکەی بگەین. ئەم ڕۆمانەی بەردەستمان، پەیامی ڕووناکی (ڕۆمانێک دەربارەی ڕۆژگاری ئیبن موقەفەع) وای کردووە، لە ڕێگەی باسکردنی سەردەمی ئەمەوی و عەباسییانەوە ڕووناکی دەخاتە سەر یەکێک لە گۆشەکانی کەسێتیی ئیبن

موقەففەع و لایەنێکی ژیانی، ئەویش لایەنی سیاسیی-ڕیفۆرمخوازییە. ڕووداوەکـان هێندەی باس لە ململانێی ڕۆشنبیر لەگەڵ دەسەڵاتدا دەکەن، هێندە ڕووناکیی ناخەنە سەر ژیانی ئیبن موقەففەع. ئەو وێڕای کۆششی بۆ دانانی کتێبێک تێیدا داوای چاکسازی لە فەرمانڕەوا دەکات، نەیدەویست ببێتە دەستە و تاقمی دەسەڵاتدار و سەرلەقێن و نووسەری دەربـار، ئەو دەیویست ئاین لە کاروباری سیاسەت جیابکاتەوە، ئەمەش نە لە سەردەمی ئیبن موقەففەع و نەیش لە سەردەمی ئێمەدا لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و دەوروبەرەوە مایەی قبووڵکردن بووە.


(- زۆر جار وتنی قسەی هەق لە گشت سەردەمەکاندا بە هەڵەشەیی دانراوە. ئەوانی ژیانیان لە پێناو وتنی ڕاستی بەخشیوە زۆرتـرن لەوانەی لەسەر گەورەترین تاوان سزادراون.

- کەواتە بێدەنگ بین لە گوتنی؟

- بێدەنگ نابین، بەڵام زۆر گرینگە کاتی گونجاو بۆ گوتنی هەڵبژێرین. ئێمە ئەمڕۆ لە ڕۆژگاری ترسدا دەژین عەبدوڵا، ترس لەویتری جیاواز، ترس لە پێشکەوتن بەسەر بەهاکاندا، هەروەها ترس لە فەلسەفە بەسەر ئایندا.)(٣).

ڕۆمانەکە لە یـەک کاتدا دوو ڕۆمانی هـاوئـاواز و تێهەڵکێشی بەیەکداچووە، ئەمەش شێوازێکی نوێیە و پێشتر لە ڕۆمانی «چل ڕێساکەی عەشق»ی ئەلیف شەفەق، «شەڕەکەی تەروادە»ی کالیفاتیدێسی یۆنانی و «مارتینی بەختەوەر»ی جان دۆستدا بینیومە. یەکیان چیرۆکە سەرەکییەکەیە، ئەویدی چیرۆکێکی لابەلا و ناسەرەکی، هەندێک جار لە دوو زەمەنی جیادا دوور و نزیک لە شوێن و کات، پێوەندییان بەیەکەوە هەیە.

چیرۆکی یەکەم باس لە «عەبدولحەمید ئەلکاتب»ی گـەورە پەخشان نووسی چاخی ئەمەوی و دواتـر ئیبن موقەففەع دەکات، ئەوجا دروست بوونی پشێوی و ئاوابوونی



ئیبن موقەفەع بەوە ناسراوە، کەسێکی ڕاستگۆ و بوێر و دەستپاک و دڵسۆز و جوانیویست و یارمەتیدەر و وەفادار بووە بۆ هاوڕێکانی. بڕوای تەواوی بەهێز و کاریگەریی وشە و توانای نووسین هەبووە.





خۆری ئەمەوییەکان و کوودەتای عەباسییەکان و زۆرداری خەلیفەکانیان و چۆن ئیبن موقەفەع بە شێوەیەکی پەرجوو ئاسا قوتاری دەبێت. دواتر چۆن کتێبەکانی بڵاودەبنەوە و ئیرەییبەران وا لە خەلیفە دەگەیەنن دژی ئەو نووسیویەتی و هانی خەڵکی دەدات شۆڕش بکەن، ئەوە بوو ئەویش فەتوای کوشتنیدا و بووە شەهیدی وشە و هزر.

ئیبن موقەفەع دەسووتێنرێت و کتێبەکانی وەک قەقنەسی ناو ئەفسانەکان لە شەقەی باڵ دەدەن و هەڵدەستنەوە، لە ئاگر دەردێن و بە نەمریی دەمێننەوە. یەکێک لەو کتێبانەی ڕزگاری دەبێت، نامەکانی ئیخوان ئەلسەفایە.

چیرۆکی دووەم، بەسەرهاتی خوێندکارێکی عێراقییە لە ئەستەنبووڵ دکتۆرا دەخوێنێت، تێزی دکتۆراکەشی دەربارەی نامەکانە، هەر ئەو نامانەش پردی پێوەندیی نێوان چیرۆکەکانن. خوێندکارەکە بۆی دەردەکەوێت نامەکان پەنجا و یەک نامەن نەک پەنجا و دوو. پاشان دڵنیا دەبێت خاوەنی نامەکان ئیبن موقەفەع خۆیەتی، چونکە لە کتێبی کەلیلە و دیمنەشدا ناویان هاتووە، دووریش نییە لە سەرەتادا عەبدولحەمید ئەلکاتب یارمەتی دابێت، ئەودەمی لەماڵەکەیدا لە ترسی دەسەڵاتدارانی عەباسی خۆی شاردبووەوە.

سەر لە بەیانییەک لە هەواڵی هەوڵێکی تیرۆریستانەی شکست خواردوو بۆ تەقاندنەوەی کتێبخانەکە بێدار دەبێتەوە. ئەوی سەیرە تیرۆریستەکەی بەدەستی خۆی سێ بۆمبی لە کتێبخانەکەدا چاندبوو بۆ ئەوەی ئەو کتێبە




بکوژێت کە دژ بەبیروباوەڕی ئەوانە، هەر خۆی پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە و ناهێڵێت هەوڵەکەی سەربگرێت. پاشان لە ڕێگەی تیڤییەوە دەبینێت بۆمبەکان لای ئەو ڕەفە دانراون نامەکانی ئیخوان ئەلسەفایان لێ دانـراوە. ڕەنگە ئەو کاغەزەی خوێندبێتەوە محەمەدی خوێندکار بۆ خوێنەرانی گریمان کراوی کتێبەکەی دانابوو. بۆی ڕوون دەبێتەوە ئەوی نامەکان بخوێنێتەوە دەبێت کاری تێبکەن و وای لێ بکەن نامەیەک بنووسێت، ئەو نامەیەشی خوێنەرەکە دەینووسێت، نامەی پەنجا و دووەمینە.

ئا لێرەدا سنوورەکانی واقیع و خەیاڵ تێکەڵ دەبن، دەمێنێتەوە چۆن نووسەر لایەنگیری و ئینتیمای خۆی ڕابگەیەنێت، ئاخۆ لایەنگر و موریدی ئەبو جەعفەری مەنسووری خەلیفەی مەرگدۆستی موسوڵمانانە، یاخود لایەنگری ئیبن موقەفەعی مرۆڤ دۆستی ڕیفۆرم خوازە؟

هەواڵنامەی کتێب

(بیرم دێت لە سەرەتایی، مامۆستای مێژوو موریدی ئەبو جەعفەر بوو, وەکو یەکێک لە مەزنترین پیاوانی ڕۆژگاری خۆی دەژمارد، کەچی مامۆستای زمانی عەرەبی ئیبن موقەفەعی خۆشدەویست و وەکو چاکسازێکی بوێری دەبینی بەبێ سەنگ و سووکی نەدەزانی. هەرچی من بووم لە تەمەنێکدا نەبووم ڕێگەم بدات لە نێوان ئەو دوو کەسەدا بەراوردکاری بکەم. وێڕای ئەوەش گەیشتم بەباشتر زانینی ئیبن موقەفەع. پێدەچێت بۆیە ئەو ڕێبازەم گرتبێتە بەر بۆ ڕێزگرتن لە مامۆستای زمانی عەرەبی، چونکە میهرەبانتر و دلۆڤانتر بوو لە مامۆستای مێژوو. سالآنێک ناڕازی بووم، پێش ئەوەی درک بەوە بکەم من پێوەرێکی هەڵەم بۆ جیاکاری لە نێوان ئەو دوو پیاوەدا هەڵنەبژاردووە.

لە ئەنجامدا، ئاخۆ لایەنگیریمان بۆ هەر یەکێکیان ڕەنگدانەوەی خودی ڕاستەقینەی خۆمان نییە؟!)(٤).

ئەوی نووسەر لە خەیاڵەوە هەڵیهێنجاوە زۆر زیاترە لـەوەی لە مێژووەوە وەریگرتووە. ڕووداوی کوشتنی عەبدولحەمید و ئیبن موقەفەع و سووتاندنی کتێبەکانی وێنەیەکی خوازەن لەوی بیرمەندانی سەردەمی ئیسلامی تێیدا دەژیان و تاکو ئێستاش ئەو ترس و تۆقینە بەردەوامن، لە وێنەی تەشەنەکردنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە گەلێک شوێنی دنیادا و بەتایبەتیش لە وڵاتە عەرەبییەکاندا(٥).

لە ڕۆمـانـەکـەدا ڕابـردوو دەگـوازێـتـەوە بۆ ئێستا، تێیدا ئێستاش چیرۆکەکەی بە ڕووداوەکـانـی ڕابـردوو دەنووسێتەوە.

* * *

ڕۆماننووس محەمەد تەرەزی، ساڵی ١٩٨٣ لە لبنان لەدایک بووە، کۆلێژی یاسا و ئابووریی لە زانکۆی لبنان خوێندووە، ماستەری لە بـواری ئابووریدا لە زانکۆی لەندەن بەدەست هێناوە. ئێستا وەکو ڕاوێژکاری دارایی بۆ چەند کۆمپانیایەکی جیهانی کاردەکات. تاکو ئێستا هەشت ڕۆمانی بڵاوکردوونەتەوە:

پێشبینی ٢٠١٠، دوورگەکانی مێخەک ٢٠١٣، پەیامی ڕووناکی ٢٠١٦، ئەفریقیا.. کەسانێک وەکو ئێمە نین ٢٠١٨، مالیندی ٢٠١٩، نۆستالژیا ٢٠١٩، بووکی مانگ ٢٠٢١، نهێنیی ئەو باڵندەیەی دەنگی لەدەست دا ٢٠٢٢.

**پەراوێزەکان:**

١ـ باقر یاسین، کەسێتیی تاکی عێراقی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ٢، سلێمانی٢٠١٦، ل٢٩٣.

٢ـ بەختیار عەلی، منداڵەکانی ساتۆرن، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی ٢٠٢٢، ل٢٣٨.

٣ـ محمد طرزي. رسالة النور (رواية عن زمان ابن المقفع). الدار التونسية للكتاب. ط٢ـ ٢٠٢١ تونس. ص٦١ـ٦٢.

٤ـ محمد طرزي. رسالة النور (رواية عن زمان ابن المقفع). الدار التونسية للكتاب. ط٢ـ ٢٠٢١ تونس. ص٢٠٦.

٥ـ محمد ايت ميهوب، ابن المقفع.. صورة منا الينا. مقدمة كتاب رسالة النور. ص٥ـ٢٠.

# (شیعر و خەون)

## وەك دووانەیەكی لێكدانەبڕاو

## خوێندنەوەیەكە بۆ دەقی

## (تەنگە بەپێی خەونەكانمان شار)ی

# سومەیە جەلال




نالە حەسەن



# تەنگە بەپێی خەونەکانمان شار

دارمێوێکمان
بە هەورەوە هەڵواسی
پیایدا هەڵدەگەڕێین بەرەو ماڵە خەیاڵییەکەمان
ئەوانەی بەوێدا تێدەپەڕن
سەبەتەکەیان پڕ دەکەن
لە ترێ
شەرابی نەمری لێ دروست دەکەن و
تۆوەکەی بە دوعا دەچێنن
هاکە ئەوانیش
ماڵێکی ڕاستەقینەییان هەبێت و
ڕۆحیان بێتەوە بەر.
کە سەرمامان دەبێت بە وشە خۆمان گەرم دەکەینەوە
برسێتیمان لەسەر سفرەی شاعیرێک دەشکێنین.
دەچین بەرەو کۆشکی خەیاڵ و
کەلاوەی ژیان بەجێ دەهێڵین.
بەپێی خەونەکانمان تەنگە شار
لەناو تەمدا بزر دەبین و
هەر خۆمان دەبینین بە کۆڵەکەی خەونەکانمان.
یەک ڕەنگمان هەیە گشت ڕەنگەکانی لێ دێتە بوون «ڕەش»
یەک خودا کە ئێوە هەزار و یەکتان لێ دروست کرد
سەری ئێوە بە هەسارەیەکدا دەگەڕێت
هەسارەیەک لە سەری ئێمەدا.
کە بە دەرنەفیزێکەوە دێن
بووڕغوەکانی سەرمان شل بکەنەوە و
چاوی خەونەکانمان هەڵکۆڵن
هەڵدێین...
کە لەبارەیان دەپرسن هیچتان بۆ ناگێڕینەوە
دەترسین تالانیان بکەن و
ئەنفالێکی دی بنووسنەوە لە دەفتەری بیرەوەرییەکانمان.
میکرۆبەکانتان ڕۆبکەنە نێویان و تالانیان بکەن
وەک لادێیەکی خاپوورکراو
کە دەنگی ژیان تیا نەبیسترێ.
بۆیە هەڵدێین و ئێمە هەڵهاتوویەکی هەمیشەیین
بۆ چنگخستنی مشتێ ژیان و
ڕەتکردنەوەی قومێک مردن نا
ژیانمان لێ دەڕژێ و
دەیان جار پێکی مردنمان هەڵداوە.
بەڵام ئێمە دارمێوێکمان هەیە
پیایدا هەڵدەگەڕێین بەرەو ماڵی خەیاڵیمان و
پاسەوانی جوانی دەکەین.
تۆش سەبەتەکەت پڕکە...
پڕیکە لە ترێ
شەرابی نەمری لێ دروست بکە و
تۆوەکەی بچێنە
تا ماڵێکی ڕاستەقینەیت هەبێ ...!



ژیان وەک چەمکێکی گەردوونی دەکرێت (یەکێک) لە ماناکانی لەنێو خەون بەرجەستە بێت، واتە دەتوانین بڵێین (ژیان یانی خەون). واتە خەون مانایەکی تری ژیان بێت، چونکە نەک تەنها ژیان بەڵکو بوونیش بەهەمان شێوە هەمان بەرکەوتە و ئاوێتەبوونی لەگەڵ خەوندا هەیە.. واتە (بوون و خەون) بە ئاراستەیەکی تەریبدا دەڕۆن، پێکەوە و یەکانگیر. بە دیوێکی دیکەدا، چەمکەکانی (شیعر و خەون) هەمان مانا و هەمان پەیوەندی و هەمان ئاوێتە بوونیان هەیە، چونکە شیعر بە چڕی ئیش لەسەر ژیان دەکات و هەوڵدەدات جوانییەکان لە ڕووبەرە نادیار و تاریکەکاندا بدۆزێتەوە و بیانخاتە ڕوو. واتە شیعر ئیش لەسەر جوانی و جوان پێشاندانی ژیان دەکات.. لەم نێوەدا خەونیش ئەو وزە و هێزەیە کە وا لە شیعر و شاعیر دەکات هەمیشە بە ژیانەوە پەیوەست بن. چونکە ئەو شاعیرانەی دوور دەکەونەوە لە خەون و لە خەون خاڵی دەبنەوە، ئەو کەسانەن دەگەنە دواخاڵی ڕەشبینی، بوون و نەبوونی خۆیان لەنێو ژیاندا وەکو یەک دەبینن و دواجار زۆربەیان پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن. (سومەیە جەلال)ی شاعیر لەم دەقە شیعرییەی (تەنگە بەپێی خەونەکانمان شار)، بە چڕی ئیشی لەسەر چەمکی خەون کردووە، هەر ئەمەشە وای کردووە ئەم دەقە شیعرییەی لە ئاستێکی بەرزی جوانیدا دەربکەوێت. چونکە وەکو گوتمان خەون ئەو چەمکەیە کە وزە و جووڵەی بەردەوام بە شاعیر دەبەخشێت کە لەنێو ڕووبەرە تاریکەکان بەرزترین ئاستی جوانی بەرهەم بهێنێت.

ئەم شیعرەی سومەیە لە ڕووی زمان و وشە و دەستەواژە و وێنە و خەیاڵی شیعرییەوە.. دەقێکی نایابە و پڕە لە چێژ و شیعرییەت. تایتلی شیعرەکەش هەتا ئاستێکی بڵند بە جوانی دەورەدراوە، (تەنگە بەپێی خەونەکانمان شار) ئەو ڕستە شیعرییە و ئەو ناونیشانە شیعرییەیە کە بە ئەندازەی دەقێک چێژ بە خوێنەر دەبەخشێت. دواجار جوانیش ڕاستەوخۆ کاریگەری و پەیوەندی بە ئارام بوونەوەی دەروون و ڕۆحی خوێنەرەوە هەیە. لە پشتی ناونیشانی دەقەکە و زۆرێک لە وێنە و دەستەواژەکانی شیعرەکە، وێنەی شاعیرێک یان کەسێکی یاخی دەبینین، کە لێوانلێوە لە خەون و لیوانلێوە لە وزە و جووڵە و خەونی گەیشتن بە ئومێدە گەورەکان ، خەون بە ژیان و دونیایەکی باشتر، یان خەونی ئەوەی هەوڵدان لە ڕێگەی داهێنانەوە بۆ بە کەمال گەیاندنی بوون، هەموو ئەمانە لەنێو دەقێکی شیعری شاعیرێکی لاو دەبینرێت کە لە سەرەتای ئەزموونی شیعر نووسینیەتی، بە عەشقەوەش هەنگاو دەنێت بۆ گەیشتن بە ڕووبەری شیعر و بەدەست هێنانی شوناسی شاعیربوون، ئەو کەسەش سومەیە جەلالی شاعیرە، بەبڕوای من جوانییەکانی نیو ئەو دەقە هێزی ئەوەیان پێیە بگەنە نێو ڕووبەری شیعر و لەنێویدا بمێننەوە.. هەتا ئێرە وەک دەروازەیـەک بۆ چوونە نێو خوێندنەوە و مەبەستەکانمان و پێشاندانی دیوە شاراوە و نادیارەکانی دەقەکە تیشکخستنە سەر هەندێک لە گۆشە و کەلێنەکانی.

شاعیر لەسەرەتای دەقەکەیدا دەڵێت :

**دارمێوێکمان**
**بە هەورەوە هەڵواسی**
**پیایدا هەڵدەگەڕێین بەرەو ماڵە خەیاڵییەکەمان**
**ئەوانەی بەویدا تێدەپەڕن**
**سەبەتەکەیان پڕ دەکەن**
**لە ترێ**
**شەرابی نەمری لێ دروست دەکەن**

ئەمەی سەرەوە، کۆپلە شیعرێکی نایابە، وێنەیەکی جوانی شیعرییە، پـڕە لە هەستی بـەرزی مرۆیی و خۆشەویستی بۆ ژیـان، گوتمان شاعیر لـەو دەقە شیعرییەی پڕە لە خەون، شاعیر کەسێکی بزێو و پڕ جووڵەیە، ناتوانێ لەنیو ژیانێک بمێنێتەوە، کە (شار بەپێی خەونەکانی ئەو تەنگ) بێت.. بەدوای ڕووبەرێکی فراوانتر و لەبارتر دەگەرێت، کە لەوێدا ژیان لە هەموو جوانیەکان و مرۆڤەکانیش لە هەموو خۆشییەکان بەهرەمەند بن، خۆیشی دەست لەملانی خەونە گەورەکانی بێت، بۆیە (دارمێوێک بە هەورەوە هەڵدەواسێت و لەگەڵ ڕێبواران و عاشقانی ڕێگای ژیان.. پیایدا هەڵدەگەڕین، بـەرەو ماڵە خەیاڵیەکەیان)، ئـەو مـاڵـەی لەنێو خەونەکانیان نەخشەیان بۆ کێشاوە ، ماڵێک پڕ لە کتێبەکانی ئومێد، ماڵێک پڕ لە ئارامی و ئاسوودەیی، جیا لەو کەلاوەیەی نێو ئەو شارەی کە بەپێی خەونەکانی مرۆڤەکان تەنگە، ئەو شارەی کە دۆزەخێکە بۆ خۆی،



سومەیە جەلال

ئەو شارەی هەموو شتێکی لێیە جگە لە ژیانێکی شایستە بە مرۆڤ نەبێت.. دار مێوەکە بە هەورەوە هەڵدەواسێت و ئەوانەی بەوێشدا تێدەپەڕن سەبەتەکەیان پڕ دەکەن لە ترێ.. ترێ وەک هێماو فیگەرێک دەتوانێت دەلالەت بێت بۆ چەندین مانای جیاواز.. دەکرێت هێما بێت بۆ بەروبووم و خۆشی و جوانیەکانی ژیان، دەکرێت هێما بێ بۆ گەیشتن بە خەونەکان و زۆر شتی دیکە. مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی سەبەتەکانیان پڕ دەکەن لە ترێ.. شاعیر بە هەستێکی بەرزی مرۆیی ئەم وێنە شیعرییەی کێشاوە.. وێنەی ژیانێکمان بۆ دەکێشێت کە تیادا پڕاوپڕە لە بەهای جوانییەکان و بەها مرۆییەکان.. ژیانێک وەک ژیانی سەرەتای مرۆڤایەتی کە ئەو سەردەمە لە مێژوودا بە (کۆمۆنەی سەرەتایی) ناوبراوە، کە لەوێدا موڵکدارێتی (گشتیی بووە نەک تاک).. لەوێدا خێروبێر و خۆشییەکان بۆ هەمووان بوون، ژیان و پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای هەرەوەزی و پێکەوە ژیان و خۆشەویستی بونیاد نرابوو نەک ڕەتکردنەوە و کوشتنی ئەویتر.. لەم وێنە شیعرییە نایابە شاعیر پڕمان دەکات لە خەیاڵی جوان و وێنەی ژیانێکی پڕ لەسەروەریمان بۆ دەکێشێت. (سەبەتەکان پڕدەکەن لە ترێ و شەڕابی نەمری لێدروست دەکەن) بێگومان لە شێوە ژیانێکی لەم جۆرەدا، مرۆڤەکان دەگەنە ئەوپەڕی مەوداکانی شکۆمەندی و ژیانیش دەگاتە ئەوپەڕی مەوداکانی جوانی. شاعیر لە دیمەنێکی دیکەدا دەڵێت :

**کە سەرمامان دەبێت بە وشە خۆمان گەرم دەکەینەوە**
**برسێتیمان لەسەر سفرەی شاعیرێک دەشکێنین.**
**دەچین بەرەو کۆشکی خەیاڵ و**
**کەلاوەی ژیان بە جێ دەهێڵین**

لەم وێنە شیعرییە، (سومەیە جەلال) دیدێکی ڕۆشن بۆ پەیوەندییەکانی (شیعر و ژیان) و (یاخیبوون و خەون) دەخاتەڕوو.. ( کە سەرمامان دەبێت بە وشە خۆمان گەرم دەکەینەوە، سەرما وەک هێمایەک بۆ هەموو میحنەتیەکان و هەموو موعانات و ئازارەکان.. کاتێک ژیان دەگاتە ئەوپەڕی ناخۆشی و بێزاربوون.. مرۆڤەکان دەکرێت تەوقی بێدەنگی بشکێنن و بێنە قسە.. وشە دەکرێت هێما بێت بۆ قسەکردن، (برسێتیمان لەسەر سفرەی شاعێرێک دەشکێنین..!)، شاعیر وەک پەیامبەرێک لەنێو شیعرەکانی قسە دەکات، دەتوانێت لە ڕێگای زمانەوە سەرمابوون و برسییەتی و خەون و هاوارەکان بنووسێتەوە، شیعر دەتوانێت تەواوی ژیان بنووسێتەوە، لێرە، شیعر هاوتا دەبێت بە ژیان.. سفرەی شاعیریش هاوتا دەبێت بە گەردوون، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت، شیعر ناتوانێت نان و ئازادی و خەون و خۆشییەکان بۆ مرۆڤەکان دەستەبەر بکات، بەڵام شیعر یان ئەدەب دەتوانن وا لە مرۆڤەکان بکەن.. بیر لە نان و ئازادی و بیر لە خەونەکان و ئاینده و ژیانێکی باشتر بکەنەوە، بۆیە شاعیر کاتێک سەرمای دەبێت بە وشە خۆی گەرمدەکاتەوە، دەکرێت لە ڕێگەی وشەوە بیر لە ڕزگاربوون لە هەموو نەهامەتییەکان و هەموو سڕبوون و سەرمابوونەکان

بکاتەوە.. شاعیر بە هەمان گڕوو تینەوە لەنێو خەیاڵە شیعرییەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت، (دەچین بەرەو کۆشکی خەیاڵ و کەلاوەی ژیان بە جێدەهێڵین)، بێگومان شاعیر بەم هەست و خەیاڵە مرۆییەوە، بەو هەموو جووڵە و وزەیەوە بۆ گەیشتن بە بڵندترین هەورازەکانی خەون.. کەلاوەکانی ژیان جێدەهێڵێت و دەڕوا بەرەو کۆشکەکانی خەون.. لێرە وەک (شاعیرێکی یاخی) ئەو شارەی بەپێی خەونەکانی ئەو تەنگە ڕەت دەکاتەوە.. کەلاوەکانی ژیانی ئەو شارە جێدەهێڵێت بەرەو کۆشکەکانی خەیاڵ بە ئاراستەی خەونەکانی ڕێدەکات، کەسێکی یاخییە نەفرەت لە هەموو ئەو ڕێگریانە دەکات و شەڕ لەگەڵ هەموو ئەو بەربەستانە دەکات، کە ڕێگرن لەبەردەم خەونەکانی.. شاعیر لەنێو هەستە یاخییەکانی کە کەلاوەکانی ژیان جێدهێڵێت و بەرەو کۆشکەکانی خەیاڵ دەڕوا ئەوجا بە زمانێکی شیرینی شیعری و لێوانلیو لە جوانی و دەڵێت :

**بەپێی خەونەکانمان تەنگە شار**
**لەناو تەمدا بزر دەبین و**
**هەر خۆمان دەبین بە کۆڵەکەی خەونەکانمان**

لێرەدا شاعیر دوای هەنگاوی جێهێشتنی کەلاوەکانی ژیان و گەیشتن بە کۆشکی خەیاڵ، دەیەوێت بڵێت: ئاخر لەوێدا بەپێی خەونەکانمان تەنگ بوو شار..! ئێمە خەونی گەورەترمان هەبوو، پێویستمان بە ڕووبەرێکی فراوانتر و دونیایەک بوو کە جوانتر بێت لە هەمیشە. بۆیە لە قۆناغی سەرەتادا دارمێوێک بە هەورەوە هەڵدەواسن و دواتر بۆ



لەم وێنە شیعرییە، (سومەیە جەلال) دیدێکی ڕۆشن بۆ پەیوەندییەکانی (شیعر و ژیان) و (یاخیبوون و خەون) دەخاتەڕوو.. ( کە سەرمامان دەبێت بە وشە خۆمان گەرم دەکەینەوە، سەرما وەك هێمایەك بۆ هەموو میحنەتیەکان و هەموو موعانات و ئازارەکان.. کاتێك ژیان دەگاتە ئەوپەڕی ناخۆشی و بێزاربوون

گەیشتن بە خەونەکان بڵندتر دەبنەوە و هەورەکانیش جێدەهێڵن و دەگەنە نێو تەمە سپییەکانی خەیاڵ چونکە، دەزانن ڕووناکییە گەورەکە و سفرە ڕازاوەکە و کۆشکە گەرمەکەی ئارامی لەوێندەرێیە..! بۆیە لەناو تەمدا بزر دەبن و هەرخۆیشیان دەبن بە کۆڵەگەی کۆشکی خەونەکانیان.. بەڵێ مرۆڤ بۆ گەیشتن بە خواست و خەونەکان و ژیانێکی باشتر دەبێت بەسەر هەورازە بەرزەکاندا سەرکەوێت، بڵند ببنەوە و بزر ببن لەنێو تەم و هەر خۆیشیان ببن بە کۆڵەگە و بە ستوونی کۆشکە ڕازاوەکانی خەونەکان و ئومێدە جوانەکانیان. لەدوای ئەوە شاعیر دەیەوێت هۆکاری ئەو یاخیبوون و ئەو جێهێشتنی کەلاوەی ژیان ڕوون بکاتەوە ئەوەتا ڕاست و ڕەوان دەڵێت :

**یەک ڕەنگمان هەیە گشت ڕەنگەکانی لێ دێتە بوون «ڕەش»**
**یەک خودا کە ئێوە هەزار و یەکتان لێ دروست کرد**

دەیەوێت باسی ئەو ژیانە ناهەموارە بکات کە بەهاکانی جوانی و بەهاکانی مرۆڤ لە چ ئاستێکی نزمدا بوون، ژیان پارچەیەک بوو لە نائومێدی.. هەموو ڕەنگەکان لە ڕەشەوە دەهاتنە بوون، ڕەش سەرچاوەی هەموو ڕەنگەکان بوو، ژیان تابلۆیەکی ڕەشبوو، ژیان لەناو مردن ڕاکشابوو، ئاسۆ و ئومێدەکان ڕەش.. خەون و ئایندەکان ڕەش، هەر ڕەش و هەر ڕەش و هەر ڕەش.. یەک خودا، ئێوە هەزار و یەکتان لێدروست کرد.. ژیانێکی ڕەش و مرۆڤهایەکی سەرگەردان و شێواو.. جەنگەڵستانێک پڕ لە خودای جۆراوجۆر، پڕ لە ماری حەوت سەر و پڕ لە ئەژدیهای هار و برسی، لێرەدا باسی هەموو ئەو هەوڵە نابەجێ و هەموو ئەو دەستە ڕەشانە دەکات، کە ژیان ناشیرین و نابووت دەکەن.. باسی ئەو مرۆڤ و ئەژدیها چاوچنۆکە برسیانە دەکات، کە بەخوێنی ئەوانیتر نەبێت تێر ناخۆن و ژیان لە ئەوانیتر دەکەنە دۆزەخێکی پان و بەرین .


ئەگەر بە وردی لەم دەقە شیعرەی سومەیە جەلال ورد بینەوە، بەو ئاکامە دەگەین هەر خودی ناونیشانی شیعرەکە (تەنگە بەپێی خەونەکانمان شار) لەگەڵ ئەوەی دەستەواژەیەکی شیعری جوان و پڕ چێژە لەهەمان کات کارەساتێکی گەورەشە، کە ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکەی لێوانلێوە لە وێنەی تراژیدی و گێڕانەوەی کارەساتە گەورەکان.. کە لە پشتی چیرۆکە تراژیدییەکان و هاوکێشەکانی (مردن هەمیشە مردن) و (کەوتن هەمیشە کەوتن) ببینرێت لەنێو ئەو دەقە شیعرییەی ئەم شاعیرە گەنجەمان بوونی مرۆڤ و شکۆمەندی مرۆڤ لەژێر پرسیاردایە.. کە ژیان هێندە بە ئاراستەیەکی ناشیریندا دەڕوات.. مرۆڤ ناچار بە هەڵاتن و ناچار بە پشتکردن دەبێت لە ژیان، ئەوەتا بە ئاشکرا باس لە کارەساتی ئەنفال و کۆڕەو دەکات.. باس لە مردنی بە کۆمەڵ دەکات، ئەم کارەساتە تراژیدیانە نیشاندەری لوتکەی هەرەس و لوتکەی بێبەهابوونی مرۆڤ و هەموو جوانییەکانی ژیانە، یان بە دیوێکی دیکەدا وەک (ئەلبێرت ئەنیشتاین)، دەیەوێت بڵێت (ئەم جیهانە شوێنێکی ترسناکە کە تیایدا دەژین نەک لەبەرئەوەی مرۆڤەکان خراپن، بەڵکو لەبەرئەوەی مرۆڤەکان بە گشتی هیچ جووڵەیەک لە خۆیان

هەواڵنامەی کتێب

نیشان نادەن) شاعیر لەنێو ئەم دەقەدا بەو دونیایە ڕازی نییە و لێی ڕادەکات و بەدوای دونیایەکی دیکەدا دەگەڕێت، چونکە ئەم دونیایە دونیاییەکی شەیتانییە، جێگای فریشتە و مرۆڤە ڕۆح پەپوولەییەکانی تێدا نابێتەوە! بڕوانن چەند جوان و شاعیرانە دەڵێت:

**هەڵدێین..**
**دەترسین تاڵانیان بکەن و**
**ئەنفالێکی دی بنووسنەوە لە دەفتەری بیرەوەرییەکانمان**
**میکرۆبەکانتان ڕۆبکەنە نێویان و تاڵانیان بکەن**
**وەک لادێیەکی خاپوورکراو**
**کە دەنگی ژیان تیا نەبیستریّ**
**بۆیە هەڵدێین و ئێمە هەڵهاتوویەکی هەمیشەیین**

چەند کارەساتە لە نیشتیمانێک بژیت وەک لادێیەکی خاپوورکراو بێت.. وەک دۆزەخێکی هەمیشەییش کە دەنگی ژیانی تێدا نەبیسترێت.. هەر هەڵبێین و ئێمە مرۆڤەهایەکی هەڵاتووی هەمیشەیی بین، شاعیر وێنەی ژیان و نیشتیمانێکمان بۆ دەکێشێت.. تابلۆکان بە ڕەنگەکانی مردن ڕەنگکراون، ژیان وەک درەختێک شیلەی مردنی لێدەچۆڕێت.. ڕۆژێ ئەنفال و گۆڕی بە کۆمەڵ، ڕۆژێک کۆڕەوی چەند ملیۆنی و هەڵاتنە سەر سنوورەکان و ڕەقبوونەوە لەنێو بەفر و سەرما و سۆڵەدا، ئێمە هەردەبێت هەڵبێین، چونکە قەدەرمان وایە و هەر لەئەزەلەوە بۆ هەڵاتنی هەمیشەیی دروست بووین.. (سومەیە جەلال) بە هەستێکی شاعیرانە باس لە مێژووی میللەتێکی هەمیشە





سومەیە جەلال


تێشکاو و بێ شوناس دەکات، باس لە کەوتن و نسکۆی هەمیشەیی میللەتێک دەکات، کە هەزاران ساڵە لە نێو هاوکێشەی (مردن هەمیشە مردن) درێژە بە ژیان و تەمەنی خۆی دەدات، شاعیر لە وێنەیەکی دیکەدا لەنێو نیشتیمانی دووکەڵ و خوێندا دێت و ڕۆشنتر باس لە ململانێ و پەیوەندییەکانی نێوان (مردن و ژیان) دەکات و دەڵێت :

**بۆ چنگخستنی مشتێ ژیان و**

**ژیانمان لێ دەڕژێ و**

**دەیان جار پێکی مردنمان هەڵداوە**

هەر وەک لەو دیمەنە شیعرییە جوان و نایابەدا دەڵێت: (بۆ چنگخستنی مشتێ ژیان.. دەیانجار پێکی مردنمان هەڵداوە.. دەیەوێت بڵێت، (بۆ سەیرکردنی ڕووناکی لەدرزێکەوە.. دەیان ساڵ لەنێو شەوەزەنگە تاریکەکان ماوینەتەوە..!)، کەچی ئێمەش مرۆڤەهایەکین ژیانمان لێدەرژێت و پراوپڕین لە خەون، بەڵام قەدەر ئێمەی لە ڕووبەرێک هێناوەتە بوون کە بەپێی خەونەکانمان تەنگە شار...! بۆ چنگخستنی مشتێ ژیان دەبێت هەمیشە پێکی مردن هەڵبدەین، یان دەبێت گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بیابانەکان بکەین بە ماڵی هەمیشەییمان، یان ببین بە ڕۆبۆتیکی هەمیشە هەڵاتوو. ئەگەر لەم دەقە وردبینەوە، ئەوڕاستییە دەبینین کە پێشتر گوتوومانە (شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە...!) شاعیریش بوونەوەرێکی گەردوونییە! بەو مانایەی شیعر بە هۆی بوونە گەردوونییەکەی لە ڕووبەرێکی هێندە فراواندا ئیش دەکات، زمانی شیعریش خاوەن ئەو هێزە سیحراوییەیە،




کتێبخانەی هەواڵنامە

کە شاعیر بەهۆیەوە دەتونێت وێنەی هەر شتێک بکێشێت کە بیەوێت، لە جوولەی مێروولەیەک و فرمێسکی سەر گۆنای پەپوولەیەک و فڕینی باڵندەیەک و هەتا دەگاتە گەورەترین ڕووداوە تراژیدییەکان.. لە شێوەی جەنگەکان و کارەساتەکانی ئەنفال و هۆلۆکۆست و کۆڕەو و مردنی بە کۆمەڵ و هەتا دوایی.. چونکە شیعر دابڕاو نییە لە ڕابردوو و لە ئیستاش تەنانەت لە ڕێگای خەونەکانەوە دەتوانێت ئیش لەسەر ئایندەش بکات.. مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) لە سەرەتای (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا دەڵێت: (هەر میللەتێک ئەدەبی نەبوو واتە مێژووی نییە..!)، شیعریش وەک بەشێکی سەرەکی ئەدەب یەکانگیر دێتەوە لەگەڵ مێژوودا، یان بەپێی بیرکردنەوەی (مارتن هایدگەر) شیعر دەتوانێت تەعبیر لە حەقیقەتی بوون بکات. ئەم قسەو بیرکردنەوانە هەمووی دەسەڵات و هێزی زمانی شیعری و ڕووبەرە فراوانەکەی شیعرمان پیشان دەدات.. ئەگەر لەم دەقە شیعرییەی سومەیە جەلال بڕوانین.. دەبینین لە خەونەکانی خۆی دەست پێدەکات.. لەم نێوەشدا وێنەی دوو دونیای جیاواز و دوو هەسارەی جیاوازمان پیشان دەدات.. دونیایەک کە ژیان پڕاوپڕە لە جوانی و مرۆڤەکانیش بەختەوەر و دڵخۆش و ئارام و شادومان، هاوکات بەیەکەوە دەژین و بەیەکەوە لە جوانیەکان و بەروبوومەکانی بەهرەمەندن.. ئەم دونیایەش دونیا جوانەکەی خەون و خەیاڵە وەک ماڵێکی ئارامی شایستە بە مرۆڤ.. هێما و ئاماژەش بۆ ئەو دونیا جوان و ڕەنگینە.. هەڵواسینی دارمێوێکە بە هەورەوە مرۆڤەکانیش سەبەتەکانییان پڕدەکەن لە ترێ..! لەبەرامبەر دونیایەکی دیکەدا، کە (بەپێی خەونەکانمان تەنگە شار).. لەوێدا هەموو ڕەنگەکان لە ڕەشەوە دێنەبوون و بۆ مشتێک ژیان دەبێت پێکی مردن هەڵبدرێت و مرۆڤەکانیش هەلاتووی هەمیشەیین و ئەنفال دەکرێن و بەکۆمەڵ دەمرن.. دەتوانین ئەم ململانێیەی نێوان (ژیان و خەون یان ژیان و مردن)دا وێنەیەک و هاوکێشەیەک بێت بۆ هەموو گەردوون. بەڵام لەگەڵ تەنگ بوونی شار و ململانێی نێوان ژیان و مردن و پێشاندانی کارەساتە جەرگبڕەکاندا، هەروەها هەستە نائومێد و خەمۆکییەکان. بەڵام، شاعیر وەک مرۆڤێکی لێوانلێو لەخەون و خاوەن ئیرادە و توانایەکی بەهێز، ورە بەرزە دەست لە خەون و ئومێدەکانی بەرنادات، وەک چۆن (فریدریک نیچە) پێی وایە (هێز مرۆڤەکان بە ژیان پەیوەست دەکات)، ئەو شاعیرەشمان دەیەوێت پێمان بڵێت، (خەون مرۆڤەکان پەیوەست دەکاتەوە بە ژیان) بۆیە داوا دەکات، دەست لە خەونەکانمان بەرنەدەین هەتا دەگەینە نێو ماڵە ڕاستەقینەکەی خەیاڵ و دونیایەکی باشتر و جوانتر دەخوڵقێنین، ئەوەتا لە دیماهی شیعرەکەیدا دەڵێت:

**بەڵام ئێمە دارمێوێکمان هەیە**

**پیایدا هەڵدەگەڕێین بەرەو ماڵی خەیاڵیمان و**

**پاسەوانی جوانی دەکەین**

**تۆش سەبەتەکەت پڕکە**

**پڕیکە لە ترێ**

**شەڕابی نەمری لێ دروست بکە و**

**تۆوەکەی بچێنە**

**تا ماڵێکی ڕاستەقینەیت هەبێ ...!**

وا پێویست دەکات، .بۆ گەیشتن بەو ماڵە جوان و ئەفسووناوییەی خەیاڵ بێئومێد نەبین، چونکە ئێمە دارمیوێکمان هەیە پیایا هەڵدەگەڕیین.. کۆڵنادەین بەسەر هەوراز و بڵندایییەکاندا هەڵدەگەڕێین و پاسەوانی جوانی دەکەین.. واتە هەموو بەهاکانی جوانی دەپارێزین چونکە مرۆڤ پیرۆزترین بوونەوەرە و شایستە بە هەموو جوانییەک و شایستە بە هەموو خۆشییەکە، بەدارمێوەکەدا هەڵدەگەڕێین، شاعیر لە شوێنێکی بڵند وەستاوە (وەک زەردەشتی نێو کتێبەکەی نیچە) قسە بۆ خەڵک دەکات و دەڵێت: (تۆش سەبەتەکەت پڕکە لە ترێ، شەڕابی نەمری لێ دروست بکە و تۆوەکەی بچێنە تا ماڵێکی ڕاستەقینەیت هەبێت..!) چاندنی تۆوەکە هێمایە بۆ (بەردەوامبوون و کۆڵنەدان) بۆ گەیشتن بە دونیایەک کە شایستە بێت بە شکۆمەندی مرۆڤ و لەوێدا (بەپێی خەونەکانمان (تەنگ نەبێت) شار ...!

دەمەوێت لە کۆتایی ئەم خوێندنەوەیەمدا بۆ ئەم دەقە شیعرییە، جەخت لەوە بکەمەوە و ئەوە بڵێم، کە دەقی (تەنگە بەپێی خەونەکانمان شار).. دەقێکی شیعری نایابە، پڕە لە هێما و وێنە و کۆد و میتافۆری شیعری، لە پشت هەر هێما و وێنەیەک هەستێکی قووڵی مرۆیی دەبینرێت، دەقێکە پڕە لە چێژ و جووڵەی ئیستاتیکی.. وەک هێشوە ترێ گەییوەکان شیلەی شیعرییان لێدەڕژێت.. بە چاوەڕوانم سومەیە جەلال ئەم (دەقە شیعرییە و هەندێک لە دەقە شیعرییەکانی دیکەی وەک (دەمەوێت لە تۆدا بزر بم) و (ئازار بە بۆیەی شاعیرێک ڕەنگی کردووم)، بکاتە خاڵی هەنگاو هەڵگرتن بۆ چوونە پێشەوە یان سەرکەوتن بەسەر پەیژەکانی داهێنان و نوێگەریدا. بە ئومێدم لە داهاتوویەکی نزیکدا بەرزاییەکانی داهێنان بکات بە ماڵی هەمیشەیی خۆی، هاوکات لەناخی دڵەوە ئومێدی ئەوەش دەخوازم کە ئەو شاعیرەمان لەگەڵ نووسەر و شاعیرە پڕجۆش و لاوە خوێن گەرمەکانی شاری کەرکووکی خۆشەویست جووڵەیەکی هیوابەخش وەک دەیەی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان بەرپێبخەنەوە، جێی پەنجە و قەڵەمەکانییان بە تۆخی دەرکەوێت و سایە بکەن بەسەر شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دا ...!

**جانیوەری ٢٠٢٣**

**سەرچاوە :**

شیعری (تەنگە بەپێی خەونەکانمان شار) نووسینی.. سومەیە جەلال

**تێبینی:** ئەم دەقە شیعرییەی (سومەیە جەلال)، لە پێشبڕکێی (کامەران موکری)دا خەڵاتی یەکەمی وەرگرت، کە لەلایەن یەکێتی نووسەرانی سلێمانییەوە سازدرابوو، لەم چالاکییەدا چەند لاوێک دەقە شیعرییەکانیان خوێندەوە.

هەولێرنامەی کتێب

# ڕایەڵەکانی پەیوەندی لەشیعری «ورووژان»ی «سەلام محەممەد»دا



عەلی شێخ عومەر



«ورووژان»(١) ناوی یەکێک لەهۆنراوە دیارەکانی (سەلام مەحەمەد)ی شاعیرە، ئەم هۆنراوەیە بەبێ ناوبڕە، بەیەک نەفس نووسراوە، چیرۆک ئامێزە، دوو سەد و چواردە دێڕە، ئەم شیعرە، لەساڵی (١٩٨٨)دا نووسراوە، بێگومانی ساغبوونەوەی بەهرە و توانا و سەلیقەی شاعیر پەیوەستە بەدەوڵەمەندی ئەزموونی شیعری و بە بەرهەمهێنانی دەقی زیندوو، بەم کردەوەیەش ڕاساندنی ناسنامەیەک ئاشکرا دەکات، داکۆکی لەمانەوە دەکات، هەڵبەت بەنووسینەوەی فەزای مێژوویەک، پەیوەندییەکی تۆکمە دادەمەزرێنێت لەگوزارشت کردنی خەیاڵ، هەستەکانی نامۆبوون، دوانەی جەمسەرەکانی ئێستا و ئایندە، ڕایەڵەکانی خەون و ئومێد، دیاردەکانی شکستی، خەمەکانی هەندران، قۆناغ و ترسی ئەو پلیکانەی چۆن پێیدا سەردەکەوێت، چۆنیش پێیدا دێتە خوارێ، گەشتێکە دەرچوون تێیدا و گەڕانەوە بۆ سەر هەمان پلیکان و قۆناغ، یەکێکە لەو تەنگژە ئەنتۆلۆژییانەی شاعیر هەوڵی بێووچانی لەتەکدا دەدات، تابتوانێت هاوکێشەیەک بدۆزێتەوە، خۆی تێدا بەرجەستە بکات، قۆناغی جەمسەرەکانی ونبوون و دۆزینەوە، لەسەر چەند ئاستی جیاوازدا کاری خۆیان دەکەن، ونبوون لەتەک خۆیدا یان گەڕانەوە بۆ پلیکانە سەراتاییەکانی قۆناغی ژیانی هەرزەکاری، یەکەم بەرکەوتەکانی لەگەڵ ڕەگەزی مێینە، بەرکەوتن لەتەک یەکەم ئەزموونی دڵداری، ژیانی تاراوگە و بازدان و پێکوتان، گەمەکردن لەنێو دوو جیهاندا، لەنێو دوو چەمکدا، چەمکی نۆستۆلۆژیا و چەمکی نامۆبوون، دەرهاویشتەکانی پێکهاتەی زمانی دەقی شیعری، بەرکەوتنێک لەئاست پەیوەندی نیوان ناوەوە و دەرەوەی دەقەکەدا ئاشکرا دەکات، هەڵبەت شاعیر پێداگرە لەپێدراوەکانی دەقی بەردەستدا و پەخشکردنی وێنەیەکی گەوهەری، لە دابەشکردنی بەسەر جومگەکانی گوتاری شیعریدا، پێشگرە لەبەرهەمهێنانی دەقێک کە پابەندە بەهەموو ئەو ڕەهەندانەی کە پێکهاتەی وێنە سەرەکییەکە لەپاڵ پێشهاتەکانی تردا بەراوورد دەکات، بەمەش کردەی ڕووماڵ کردنێک ئەنجام دەدات, ئاوێتە کردن و ئاخەنین و گێڕانەوە، قەبارەی جیاواز وەردەگرێت، ئەم تێکەڵ کردنە هەوێنی چەمکی دووبارە بوونەوەی شوێنەکاتی پوکێنەر فەراهەم دەکات، لێرەشەوە دەستەمۆ نەکردنی چرکەساتێ دێت، بکەر ڕووداوی تێدا بەرجەستە ناکات، تەنیا لەخولگەکانی خواست و خەوندا دەخولێتەوە، هاوکات لەگەڵ هەر گەشتێکدا بەنێو دەهالیزەکانی دەروونـدا، بەرکەوتنێک ئەنجام دەدات، حیرسێک، لێکەوتنێک، خورپەیەک، هەڵچونێک، خەمێک دەکولێنێتەوە، خەیاڵێک ڕەنگڕێژ دەکات، جێکەوتی هەر ڕەنگ وبەرکەوتنێک، سێبەری ژانوژۆی ورووژانێکی لێدەکەوێتەوە، دەمکرانەوەی ڕەهەندەکانی ورووژان، شاعیر بەدەروویەک، کلیلێک گووتاری هۆنراوەکەی پێدەکاتەوە، لەئاستی نەوتراوەکاندا پردێکی دامەزراندووە، ناوەوەی دەق دەگەیەنێت بەدەرەوەی دەق، لەهەمان کاتدا، خودی بەرکاری لکاندووە بەدەرەوەی بکەر، لەئاستێکی دیکەدا، خود وەک بەرکارێک،

توانیویەتی ئەو جیاوازییانە دەرخات، دوو جیهان، دوو چەمک، دوو کەڵچەر بەراوورد بکات، وروژان کردەی ناسنامەیەکە، پەیوەندییەکی پێچەوانەی لەتەک ئەو دەرکەوتانەی دەرەوەی خۆیدا هەیە، واتا بەگوێرەی دەرەوە، یان ئەوی بەرامبەردا، خودی بەرکار چەند بیەوێت خۆی بگێڕێتەوە، ئەوەندە زیاتری لەدەست دەچێت، چەند بەرکار بکرێتەوە بەڕووی بکەری دەرەوەدا، پتر دێتەوە یەک، ماکی تامەزرۆ بوون، ئامبازەکانی بەیەکگەیشتن پتەوتر دەکات، بەدیوێکی دیکەدا، وروژان دەلالەتە لەسەر کردارێک، هەوڵێکە لە تانوپۆی دابڕاندا بۆشاییەک قووت دەکاتەوە، کردەی پڕکردنەوە دەخوازێت، ترسێکە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئامێزی دڵنەوایی، خودی وروژان ئاشکرابوونی حەزو خەونێکی قووڵە لەدنیاییەک، شوێنی تیکەڵبوون تێدا بەهەڵواسراوی دەمێنێتەوە، تەنگەژەیەکی ئەنتۆلۆژییە، مانەوە تێیدا لەرزۆکە، سیحری ژوان و بەیەک گەیشتن، وەڵام دەروەی ئەو پرسیارانەیە، تەنیایی لەتەکیدا سەرەتاتکێ دەکات، (سەلام مەحەمەد) ی شاعیر لەگێژنەی هاوکێشەیەکدایە، دەیەوێت وەک مروڤ خۆی تێدا بدۆزێتەوە، هەڵهاتن نیە لەتۆراندن، لەقەیرانی دەروونـــی، بەڵکو ڕووبـــەڕوو بـوونـەوەی ماهییەتی چەقی بازنەیەکە، بەهیچ شێوازێک دەرچوون قبووڵ ناکات، دەکرێ لەدونیای شاعیردا، ڕۆچوون بەنێو دونیای نووسینی دەقی شیعری، ئاشنابوونێک لەگەڵ ڕەهەند و دەرهاویشتەکانی وروژانـدا فەراهەم بکات، لەگەڵ بارگاوی بوونی خەیاڵدا، هاوشانییەک بەرجەستە بکات، ئەمەش لەچەند جۆرە پەیوەندی و بەرکەوتنی دەماودەمدا لەناوکۆی دەقدا دەردەکەوێت، لەمونتاژکردنی چەند گرتەیەکی فرە ڕەهەندا خۆی نمایش دەکات.

١- پەیوەندی بنەڕەتی یاخود ڕەسەن.

وێستگەی یەکەمی وروژاندن

«ئـــەوەی لەشوێنێک دەکـەوێـت لەشوێنێکی دیکە هەڵدەستێتەوە ئەمەش قانونی ژیانە» (٢).

هۆنراوەکە:

**چیت بۆ بنووسم..**<br>
**دەریای ئارام هەدادانی پێکەوتووە**<br>
**بوومەتە جۆگەلەیەکی باریک**<br>
**سەرتاسەری کەنارەکانی ئازاری سوور و سپین**<br>
**باڵایان لەباڵای دار چنار درێژترە**<br>
**نەڕۆژ نەشەو لەیادم دەرناچیت**<br>
**سۆراغت دەکەم و لێت دەپرسم**<br>
**بەڵام چیت بۆ بنووسم**<br>
**ئەگەر باسی زەردەپەڕ و گزنگت بۆبکەم**<br>
**تۆخۆت فریشتەی هەتاونشینی**<br>
**ئاوی نەرمە پڕووشەت ..**<br>
**بەسەر ئاگری هەناسەمدا دەبارێت**<br>
**دەزانم جوانی تۆ**<br>
**لەچوارچێوەی وشەدا دەستەمۆ نابێت**<br>
**بەڵام چی بکەم**



سەلام محەممەد

لەدەستپێکەوە خەسڵەتی داگەڕانمان لەدۆزینەوەی پەیوەندیی ئێمەوەیە بەخوێندنەوەی دەق، لەچی کۆماندەکاتەوە، لەکوێییەوە، لە چ خاڵێک بەیەک دەگەین، بپرسین: هەتا چ ئاستێک زمانی دەق دەتوانێت وێنەی شیعری بجولێنێ، پڕ بەپێستی مانا هەڵگرێ، مەبەست بپێکێ هەتا بتوانێت فاکتەرەکانی حەز و یەقدانەوەی هەستەکانی نامۆبوون بڕێک لەڕەنگەکانی گرژی و ڕایەڵەکانی دڵەڕاوکێ بخاتە سەر بونیادی شیعرەکەی، حاتم صگر گووتەنی «شیعر لە کۆی مەراسیم و خەونەکاندا، پێکهاتووە لەهەڵقورتاندنی حەز و گرژی، لەیەکەمدا، کرداری گەیاندنی هێمایە، گێڕەرەوەی گشت کردەوە مرۆییەکانە، بەڵام خەون ململانی حەز و واقیعە»(٣) شیعری وروژان وەک دەقێکی سەرکەوتوو لەسەر پێدراوەکانی حەز و واقیع دامەزراوە، بەئاراستەیەک خود لەناوەوە کاردەکات، ڕێگای بەرکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێک شت دەکات پۆلینکردنیان بار قورسییەکی فرە ئاراستەیە، دژوارە لەناجێگری و لەئۆقرەگرتن، ئەمەش گرێدراوە بەگەلێک فاکتەر و جووڵەوە، هەڵدەکشێت و دادەکشێت، گرژ دەبێت و خاودەبێتەوە، بەجۆرێک نازانێت لەکوێیەوە دەست پێبکات، چیی بنووسێت، ئەوەی بۆی دەنوسێت، چ کاردانەوەیەکی لەلا دروست دەبێت، قەیرانێکە، خەمێکی ئەبەدییە، خۆشنوودە بەوەی پەیوەندییەک هەڵدەگرێت، هەمان خەم و حەز و گرژی بەرهەم دەهێنێتەوە، لەهۆنراوەکەدا دەسپێکی «چیت بۆ بنووسم» لوتکەی تراژیدیاکە، گرێبەستی خەون واقیع، مەراسیمەکانی لێکترازان واژوودەکەن، گوێزانەوە لەداخوازییەوە بۆ سکاڵا، لەخەیاڵ و خەونەوە بۆ پێدراوەکانی واقیع ترسێک لەئێستای ئامادەدا دەخاتەوە، لەمنی قسەکەری شاعیردا، دەنگێ بۆ کەسێک بەرزدەکاتەوە، لاسەنگییەک پیادە دەکات، لەچەندین گۆشەنیگاوە، جیاوازییەکان زەقدەکاتەوە، نەگەیشتنی دەنگی ڕاستەوخۆ بۆ کەسی نائامادە، ڕێگا خۆشکەرێکە بۆ دەربڕین و وێناکردنی حەزێک، خەمێک، بەزمانی مۆنۆلۆژ گوزارشتی لێدەکات، زۆر خاکییانە سروشت ئامێز ئاوێزانی خەیاڵی دەکات، بە بەستن و تۆکمەکردنی جومگەکانی ئەو پەیوەندییە بەکردەی بەراوورد کرانەوەیک بەچەمکی هاودژەکان دەبەخشێت، مانا دروست دەکات، پرسیار دەورژێنێ، گەر لەپەیوەندی ئەویندارییدا، چاوەڕوانی و خەمی بەیەک نەگەیشتن، بەمەبەستی خواستراو، قەوارەیەکی لەخۆی گەورەتری وەرگرتبێت، لەئەگەرکانی شاردنەوە و نەدرکاندن لەکۆنەستی شاعیردا، بەدەریایەک ئاماژەی بۆ کرابێت ئەوا لەئیستای نووسینی دەقدا، پێڵێنان مەدلوولێکە بۆ بچوککردنەوەی داواکانی نەست، بەدیهێنانی مافە سەرەتاییەکانی تاکە، لە گوزارشتکردندا جۆگەلەیەکی باریکە، بارامتەی زرموهۆڕی دەریایەکی پان و بەرینە، واتا لەپشت ئەو پێڵێنانە بەکردەیی لەنێوان دوالیزمەی دەرخستن و شارانەوەدا، قەیرانی بێدەسەڵاتییەک ئاشکرادەکات، زاڵبوونی دەنگی ناوەوەی خەیاڵ بەرانبەر بەپووکانەوەی دەنگی دەرەوە، دەنگی بیستراو لەپاژێک زیاتر نییە، بەجۆگەلە ئاماژەی بۆ کراوە، لەچاو دەنگ و

زرمەی ناوەخن کە دەریا ئاسا بەشاراوەیی خودی مۆنۆپۆل کردووە، چی لەوە دژوارتر و قورسترە، دەریایەک خەم و خەیاڵی عەشقێک هەڵگرێ، جۆگەلەیەک جێگرەوەی بێت و پارادۆکسی فەراهەم بکات، نەتوانێ دەنگ و تورەبوونی نـاوەوە بگەیەنێ بـەدەرەوە، گەر پەیوەندی دەسەڵاتی ئەویندارى نەبێت، بە چ ڕێسایەک جۆگەلەیەکی باریک، دەتوانێت قەربووی دەریایەکی پان و بەرین بکات، گەر تێزی نامۆبوون نەبێت، چۆن لەنێوان نامۆبوون و ئازادییدا، ئـەو پەیوەندییە پێچەوانەیە مـەودای ئەو جیاوازییە دەرسکێنێ، ئەی ئەوە جیاوازییەکان نییە، فاکتەرەکانی مانەوەی ئەو پەیوەندییە دەپارێزن، لەهەمان



کاتدا لەڕێگای کەلێنەکانەوە دەقی شیعری بەزیندووی دەهێڵنەوە، دکتۆر کەمال ئەبوو دیب دەربـارەی تیۆری کەلێنەوە دەڵێت «تیوری کەلێن یاخود مەودای پەشێوی، یان گرژی شیعرییەت دادەهێنێ هەر چەندە رادە و توندوتیژی پشێوی و گرژیشی زیاد بکات، ئەوا کاریگەرییە شیعرییەکەی پتر دەبێت و گەشەی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت»(٤)، گەر کەلێن و گرژییەکان دەقی شیعری لەئاست نەگووتراودا، فاکتەرێک بن بۆ دەرخستنی میکانیزمی ئەو پەیوەندییە، ئەوا شاعیر بەناچاری ڕوونکردنەوەیەک ڕادەستدەکات، تێیدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە بەهیچ کلوجێک ناتوانێت رزگاری بێت، دەربازبوون تێیدا مەحاڵە، هەر جوڵەیەکی دەرکی بەئاراستەی ئەوی بەرامبەر، گەر وەک جۆگەلەیەکش بچووک بێت، لەکۆتادا هەر دەگەڕێتەوە بۆ کەنارەکانی نـاوەوە بۆ دەریـا، لـەنـاوەخـندا لەخەیاڵدا شاعیر لێکچواندنێکی فەراهەم کردوە ئەوی بەرامبەری بەدەریایەک هەژمار کردوە، خود تێیدا نغرۆ بووە، هەر هەوڵدانێک بۆ گێڕانەوەی ئازادییەکان، یان بەئازارەکانی دڵشکاندن و خوین بەربوونی ئەو پەیوەندییە کۆتایی دێت، دەمرێت، یان بەئازارەکانی ڕادەستبوون و خۆ سڕینەوە دەبڕێتەوە، دیوی یەکەم دەنگ و زەنای شۆرشێکە، دژ بەناوەوەی خودی لەدەستچووە، دەنگی نارەزای تێیدا بەرز بۆتەوە، توورەبوونێکە هەوڵی گێڕانەوەی خودی لەدەستچوو دەدات کە ئارامی لەدەستداوە و تێکیداوە بەرەنگی سوور ئاماژەی بۆ کراوە، بەدیوی دووهەمدا دەرئەنجامێکە، دەم کوتکردن و خنکاندنی ئەو دەنگە دەرگیرەی ناو خودە، گەڕانەوەی

هێوربوونێکە، ڕادەستبوون بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە لەڕەنگی سپیدا یەقیداوەتەوە، لەپووچگەراییدا تراژیدیایەک پیادە دەکات، خەسڵەتی هەڵاتن ڕەتدەکاتەوە، چۆن هەڵبێت و جیابێتەوە، ئەم بەپێدراوەکانی خەیاڵ، داکەوتە ڕەقەکانی تەنیای خۆی نەرم دەکات، خەونەکانی پێ ئاودەدات، خەیاڵ بەپێوەرێک بووە بەئامرازی ئاشت بوونەوە، چەند لەزەمینەی ناخیدا بەقووڵی ڕەگی داکوتاوە، بەهەمان ڕادە درێژی ئەو پەیوەندییە لەدەرەوەدا ڕەنگی داوەتەوە، درێژییەکە تەنیا کایەیەک نییە، وێنەی دار چنارێک نییە، دیدەی پڕکاتەوە، بەڵکو بووە بەپەیامێکی یادەوەری، لە نائامادەییشدا ڕۆڵی ئامادەبوون دەگێڕێت، بەقەد ئەوەی لەبەر چاو نییە بەقەد ئەوە لەیادوەرییدایە، بەمەش ڕۆنانی شوێنکاتێک دیسپلین دەکات، ئەو تەقلڕێژانە ڕەتدەکاتەوە کە شەو دەدات بەدەم ڕۆژەوە، بەپەیوەندییەکی ڕۆحییەوە پەیوەندییەکی فیزیکی دەسڕێتەوە، یان جیاوازیان ناهێڵێت، لەیادکردنەوەی بەردەوامیدا، شوێنکاتی فەلسەفی دەکاتە لابەری شوێنکاتی فیزیکی، لەگێژنەی کاڵبوونەوە و هەستکردن بەنەماندا، یان نزیکبوونەوەی مەودای پێوەرکانی شوێنکات لەنەبوونی گۆڕان و هەبوونی ڕووداودا، چاوێک بەم پەیوەندیەدا دەگێڕێتەوە، سەر لەدارشتنەوە و دیاریکردنی پێگەی خۆی دەرناکات، لەم لووتکەی کەنارکەوتنەدا خەمبارترین پرسیاری بێ وەڵام بەرزدەکاتەوە، پرسیاری دوو دنیا، پرسیارەکە لەوەدا کورت نابێتەوە، لێی بپرسێت و سۆراغی بکات، بەڵکو لەدۆزینەوەی ڕایەڵەکانی گومانێکە، سێبەرێکە، پاشکۆیەکە لکاوە بەئەوی لوغزەوە، بەسیحری ئەو هێزە نەزانراوەی کە ئاوەز سێبەر ئاسا پرسیاری لێدەکات، دڵیش بێ وەڵام بۆشاییەکی تراژیدی بەدوای خۆیدا بەکێش دەکات، وەک پاشکۆیەک لەکوێیەوە دەست پێبکات، چی بنوسێت، هەرگیز پاشکۆ نابێتە دەستپێک، پەیوەندییەکە کراوەیە ڕەهایە، سەردێڕ دیار نییە هەتا بگات بەکۆتادێڕ، (سەلام مەحەمەد)ی شاعیر، لەڕێگای چەمکی هاودژەکانەوە، زیرەکانە لەوێنەیەکی پانۆرامیدا هەندێ دەرگای داگەرانمان بۆ واڵا دەکات، هەتا ڕۆبچینە نێو دیوە شاراوەکانی دەقی کراوەی بەرهەمهاتوو، «لە دەقی کراوەدا پیت دەمانبات بۆ وشە، وشە بۆ ڕستە، ڕستە بۆ ناوکۆیی، لەوێوە بۆ دەق، دواجار بۆ دەقێکی تردەمانبات»(٥)، لێرەوە شاعیر، لەڕێگای پەردەلادان لەشوناسێ، خۆی باس لەناسنامەی ئەوی بەرامبەر دەکات، وێنەیەکی ناسکی سروشت دەکاتە خوازەیەک، ئەوی بەرامبەرمان پێدەناسێنێت، ناسنامەی خۆیشی ئاشکرا دەکات، باسی جیاوازییەکانی خۆی و ئەوی بەرامبەر دەکات، لەئاستێکی فراوانتردا، باسی جیاوازییەکانی دوو دونیا و دوو کەلتوری جیاوازمان بۆ دەکات، شاعیر بەدواندنی ئەوی بەرامبەر، بەشێوەیەکی ڕۆمانسیانە، ڕاستەوخۆ لەشاردنەوەی ڕقێکی پیرۆز، ڕقی ئەوینێکی توورەبوو، پەردەپۆشییەک فەراهەم دەکات، کردەی ئەوین خۆی لەخۆیدا شاردنەوەی ڕقە، دیوە ئەرێنییەکەی ڕقە، ئەوە بایەخ و بەدواچوونە، دوانەی ئەوین و ڕەق بەیەکەوە گرێدەدات و یەکتری تەواو دەکەن، هەر بەپێلێنانی شاعیر خۆی، پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد،

چۆن سەرجەم کەنارەکانی ئازار بۆ گێڕانەوەی خودی لەدەستچوو، دەنگی نارەزایی بەرزدەکاتەوە، بەڕەنگی سوور ئاراوی بۆ دەگرێتەوە، ڕەنگی سپیش دەکاتە خنکاندنی ئەو دەنگە دەرگیرەی ناو خود، بە ڕادەستبوونی دەسپێرێ، ئەوا لێرەشدا، هەمان وێنە، ئاودیو دەکاتە دەرەوەی فاکتەکانی خودی لەدەستچوو، گرتەیەکی سروشت دەکاتە پاڵپشت، پاکانە بۆ خۆی دەکات لەناو خود دوانەی سوور و سپی، یاخیبوون و ڕادەستبوون یەکتری تەواو دەکەن، لەدەرەوە، لەسروشت، دوانەی زەردەپەڕ و گزنگ وەک ئاماژەیەک بەئەوروپا و بەزێدی شاعیر لەڕۆژهەڵاتدا، ئەوێ و ئێرە، ڕق و ئەوین، خەیاڵ و واقیع، میکانیزمی پەیوەندییەک دەخەنە گەڕ، ناسنامەکان یەکتری تەواو دەکەن، جگە لەخەیاڵ لەپێدراوەکانی واقیع، سەنتەرێک نییە دوو دنیای جیاواز کۆبکاتەوە، سەرەتا و کۆتایی بەیەک بگەیەنێت، گزنگ و زەردەپەر دوودیوی هاودژ، دادەرێژن (سەلام مەحەمەد) چەند بیەوێت لەئەوی بێگانە نزیک بێتەوە، لەخۆی دوور دەکەوێتەوە، چەند لەژێر فشارەکانی ئەوینی سۆفیدا، بۆی دابەزێ، خۆی وەک گوناهبارێک سەیربکات، ئەوی بەرامبەر بەرز دەبێتەوە، هەتا لەبێگەردییدا دەیگەیەنێتە ئاستی فریشتە، چەند مەحاڵە مرۆڤ بگات بەفریشتە، بەهەمان شێوە مەحاڵە ئەمێک هەتا سەرئێسک بەستراوبێ بەتوخوب و دابونەرێتی ڕۆژهەڵاتەوە، بەسووتان و گزنگی ئەوینێکی ڕۆحییەوە بگات بەئەوی ڕۆژئاوایی، ئەمەش لەگەڵ ئەو پێناسەیەدا یەکدەگرێتەوە کە دەڵێت «هیچ ئەوینێک بوونی نییە جگە لەئەوینی مەحاڵ» هەڵبەت مەحاڵ هەمیشە ئەگەرەکانی گومان بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەمەش لەگەڵ ڕۆحی هونەری شاعیراندا یەکدێتەوە، نادڵنیایی لێدەکەوێتەوە، نادڵنیایی نەبێت شیعر نابێت، هەر دەربارەی ئەو گومانانە، بەختیار عەلی دەڵێت «پاکبوونەوە لەو گومانانە پاکبوونەوەیە لەڕیشەکانی هونەر، خۆی هونەر نائارامییەکی هەمیشەیی و نائارامییەکی بەردەوامە»(٦)، شاعیر لەشوێنێکی دیکەدا، ئاماژە بۆ دڵدارەکەی دەکات، دەڵێت «تۆ خۆت فریشتەی هەتاونیشینی» لێرەدا بۆ گێرانەوە و هێوربوونەوەی ڕۆحی هەڵچوو، خەسڵەت دەخاتە پێش ئاماژەوە، وەک ڕزگارکەرێک ئاماژەی بۆ دەکات، خەسڵەتی میهرەبانی دەبێتە دەرچەیەک، ئەوە متمانەی کویرانەی ئەوینە، تام و کام و لەزەت و سیحری ژووانە، کۆتا چاوەڕوانییە بۆشاییەکانی نێوان مردن و ژیان، ڕۆح و جەستە، ئاو و ئاگر، لەیەکتر نزیکدەکەنەوە بەیەکیان دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەرەکانی گەیشتن لەخەیاڵەوە بۆ ئەگەرەکانی واقع، هەمیشە پارادۆکس ئەنجامدەدەن، هەر لەسۆنگەی ئەمەشە، ناتوانرێت لەسنووری وشەدا جێگیر بکرێت، ئەم چەند گەرم و گوور بێت، ئەو ساردو سڕ دەبێت، چەند لەخەیاڵ نزیک بێت، ئەو لەواقیع دوور دەکەوێتەوە، چەند لەڕامکردنی مانا نزیک بێتەوە، لەوشە دوور دەکەوێتەوە، ناتوانێت دەستەمۆی بکات، بەم پێیە لەسەر چەند ئاستێکی جیاوازدا، کاری خۆیان دەکەن، یەکەم درککردن بەو جیاوازییەی کە لەنێوانیاندا هەیە، نەک لەئاست تەواوکاری دوو خودی




سەلام محەممەد

ئـازاددا، بەڵکو هەستکردن بەکەمی لایـەک بەرامبەر بەباڵادەستی لایەکەی دیکە، هەم وەک ڕەگەزی مێینە هەم وەک پیادەکردنی مافەکانی مەدنی لەکۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی وەک ئەوروپا، لەگەڵ ئەمی ڕۆژهەڵاتی یەک نایەنەوە، ئەوێک بەگویرەی ئەم، وەک فریشتە سەیر بکرێ، پاککرابێتەوە لەگرێ و تەنەگەژە دەروونییەکانی ڕۆژهەڵات، سەرسامبوونی بەدەست هێنابێت، لەچوارچێوەی ئەم پەیوەندییەدا ڕادەست بوون ڕەتدەکاتەوە، قایل نییە، کەسێ بەتەنیا بەرپرسیارێتی سەرکەوتن یان کەنارکەوتنی ئەم پەیوەندییە ئینسانیە لەئەستۆ بگرێت کە کوڕ بەکچەوە، گزنگ بـەزەردەپـەڕەوە دەبەستێ، وەک ئـەوەی (سەلام مەحەمەد)ی شاعیر وەک ڕۆژهەڵاتییەک پیادەی دەکات، لەلایەکەوە سەرسامی خۆشەویستی دەنوێنێ، لەلایەکی دیکەوە دیاردەی ڕادەستبوون پەیرەو دەکات، وەک ناوەخن ئەوی بەرامبەر دەخاتە دەرەوەی بازنەی بەرپرسیارێتی، هەموو گوناهەکان دەخـاتـە ئەستۆی خـۆی، ئەویش بەفریشتە نیشان دەدات، خۆی ئازاردەدات، ئەو دەفرێنێ خۆی دەنیشێتەوە، یان لێی دوور دەکەوێتەوە، لەگێژنەی ئەم دژەوابوونەدا، ئەم نادادپەروەرییەدا، ئەوی بەرامبەریش تێوە دەگلێنێ، بەم کردەیەش بەجۆرێک لەجۆرەکان لەمازۆخیەت نزیک دەبێتەوە، لەنێو زەقبوونەوەی ئەم پارادۆکسەی نێوان فریشتە و مـرۆڤ، سەرسامبوون و ڕادەستبوون، جێی خۆیەتی بپرسێت بەڵام چیبکەم لەم عەشقە، هـەم زامـە و هـەم چەقۆیە، هـەم چـزووە هەم هەنگوینە، هەم نیشتیمانە، هەم نامۆبوونە.

**وێستگەی دووهەمی وروژان**\
**ئێرە فڕۆکەخانەی (تیگل)ە**\
**ئای کە شۆخێکی نازداربووی**\
**سەروو پەرداخێک (ڤاین)ی سوورمان نۆش کرد**\
**ویستم شیعرێکی بۆبلێم**\
**تۆ باڵت گرت، فڕیت، فڕیت**\
**لەچاو ونبووی پاڕامەوە.. نەڕۆی**\
**گریام.. نەڕۆی**\
**وتت: کەی وەرزەکانی ساڵ**\
**یەکیان گرت دێمەوە بۆلات**

پێشهاتەکانی سەقامگیری و جێگیربوون، ئەوەندەی پەیوەندی ئاشنایی بەشوێنەوە هەیە، دەکرێت بەهەمان ڕادە پەیوەندی ئاشنای بەکەسێکی تایبەتەوە هەبێت، دوورنییە جێکردنەوەی شوێنێ لەئامێزی دولبەردا، ببێت بەئەلتەرناتیڤێک، خەسڵەتی شوێن لەدەرەوەدا وەربگرێت، یان بەپێچەوانەوە، بەدەمەوە نەهاتن و ناجێگیربوون لەناویدا دەبێت بەهاندەرێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی ماناکانی شوێن، (سـەلام مەحەمەد)ی شاعیر لەڕێگای کێشانی وێنەیەکی شیعرییەوە، بەزیرەکانە دەمنخاتە بەر دیدەی دوانـەی شوێنێک ڕەهەندی زەمینەیەک، دەکرێت چەند ئەگەرکانی پەیوەندی بەیەکەوە گرێبدەدات، بەهەمان ڕادە دەتوانێت لەیەکیان دابڕێت، چەند لـەورووژانـدا خۆشییەکانی بەیەکگەیشتن چاودەکاتەوە، ئەوەندەش لەساتەکانی جیابوونەوەدا چاو دەنوقێنێت، لەسۆنگەی ئـەوەی فڕۆکەخانە با ناوی (تیگل)یش بێت ناو تەنیا



پێشهاتەکانی سەقامگیری و جێگیربوون، ئەوەندەی پەیوەندی ئاشنایی بەشوێنەوە هەیە، دەکرێت بەهەمان ڕادە پەیوەندی ئاشنای بەکەسێکی تایبەتەوە هەبێت، دوورنییە جێکردنەوەی شوێنێ لەئامێزی دولبەردا، بێت بەئەلتەرناتیڤێك، خەسڵەتی شوێن لەدەرەوەدا وەربگرێت، یان بەپێچەوانەوە، بەدەمەوە نەهاتن و ناجێگیربوون لەناویدا دەبێت بەهاندەرێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی ماناکانی شوێن

دیاریکردنی شوێنێکە جێی خەسڵەت ناگرێتەوە، گەر لەهەندرانیش بێت، هەڵگری هەمان خەسڵەتن، شوێنی هاتوچۆن، پنتی لەیەکدابڕان و بەیەکگەیشتنن، لەڕێساکانی جێگیربووندا شوێنیان نییە، بەناشوێن هەژمار دەکرێن، ئەمەش یەکدێتەوە لەگەڵ دیاریکردنی ئەو پەیوەندییە نەسەقامگیرەی، ئەمی شاعیر گرێدەدات بەوی دولبەر، شوێنێک لەئێستای ئامادەدا هەوێنی جیابوونەوە هەڵدەگرێت، لەئێستای بەیەکگەیشتندا، دولبەر وەک فڕۆکەخانەی (تیگل) نەبووەتە ئەو ئاوێنەیە، ئەمی شاعیر جێگیربوونی خۆی تێدا ببینێ، لێکترازاندنی وێنەی ڕابردو لەئێستادا، بەهەمان هێز و گووڕەوە شاعیر پاڵ پێوەدەنێت، بەیادی جوانییەکانی ڕابردووەوە بەکردەی گێڕانەوە، بەفلاش باک ئاماژە بەوە بکات کە (شۆخێکی نازدار بووە)، کەواتە ئەوەی لەئێستادا، لەخەیاڵیدا دەبزوێت، گێڕانەوەی یادوەرییەکە، چەمکی جیاوازییەکە لەسەر مێزێک لەگەڵ شۆخێکی نازداردا کۆیان دەکاتەوە، پەیوەندی نێوان ئامانجە جیاوازەکانە، گەمەی ویستە جیاوازەکانە، مەستبوونی پەیوەندی ئەویندارییە لێدەکەوێتەوە، فەیلەسوفی فەرەنسی پۆست مۆدرن لیوتار (Jean François Lotard) دەنووسێت «چۆن سیاسەت بەجەوهەر جیاوازگەرە و بریتییە لەدۆخی کۆبوونەوەی کۆمەڵێک جیاوازی لەپال یەکدا «(٧) بەهەمان شێوە دەتوانین بڵێین خۆشەویستی بەجەوهەر جیاوازگەرە، کۆمەڵێک جیاوازی لەپاڵ یەکدا کۆدەکاتەوە، هەر ئەمەش خەسڵەتێکی دینامیکی بەو پەیوەندییە دەدات، دوو پێکی

جیاواز، دوو مەستبوونی جیاواز، مێزگرێکی ئەوین لەپاڵ یەکدا کۆیان دەکاتەوە، پێکی زامێکی لێوانلێوی ئاڵ پارادۆکسێ ئامادە دەکات، ئەو بەهەیمنەی ناز تەژییە بەمەستبوون، ئەمی شاعیریش لەلایەکەوە لەژێر کاریگەری ئەودا سەرمەستە بەنووسینی یان وتنی شیعرێک، لەلایەکی دیکەوە سەرقاڵی ڕامکردنی خاڵە جیاوازییەکانی نێوانیانە، هەتا ببنە باڵادەستێک، لەئاسمانی دەق دووری نەخەنەوە، لەمێزگرەکەی خەیاڵدا بەشی ئەگەرەکانی دیکەی جیاوازی نەکوژێت، هەمیشە ئومێدێک، بۆشاییەک بۆ گریان و ئاشتبوونەوە، بۆ نائارامییەک بمێنێتەوە کە هونەری شیعر بەدوای خۆیدا دەهێنێ، گریانی ئەمی شاعیر ئەوەندەی پەیوەستە بەشیعرەوە، ئەوەندە پەیوەست نییە بەئەوی بەرامبەرەوە، داواکردنی شاعیر لەنەڕۆیشتنی، زیاتر پابەندە بەپاراستنی ئەو پەیوەندییە کە لەنێو دەقدا ئەنجام دەدرێت، نەک ئەوەی لەناشوێنێکی وەک فرۆکەخانەدا ڕوودەدات، لێرەدا پێشوەخت بڕیاری جیابوونەوەی لەسەر دراوە، مەرجی مەحاڵی لەسەر بونیادنراوە، داواکارییەکانی ئەوی بەرامبەر، ڕەتکردنەوەی جیاوازییەکانە، یەکگرتنی وەرزەکانی ساڵە، لادانە لەڕێساکانی سروشت، کوشتن و متکردنی شوێنکاتە، مردنە، ئەمەش یەکنایەتەوە لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی پەیوەندی ئەویندارى کە ئەمری دەخوازێت، هەڵبەت ئەمە لەتەک نووسینی دەقی زیندووشدا یەکدێتەوە، بەدیوێکی تریشدا، تەبایە لەپیادەکردنی ئەوینێک، ئەوی بەرامبەر پیادەی دەکات، حەزی لێدەکات، ئەویش سیحر و لەزەتی ئەوینی مەحاڵە، دەشێ هەردووکیان بەشێوەیەکی شاراوە کۆک بن لەسەر پیادەکردنی ئەم جۆرە پەیوەندییە، ئەمی شاعیر ئەوی هەڵبژاردووە هەتا بەردەوامی بدات بەشیعر نووسین، لەو گێژاوەدا بسووڕێتەوە، لەورووژاندا داهێنانی ئەدەبی هەڵکڕێنێ، لەئەگەرەکانی مازۆخییەتدا ئەوی کردووە بەفریشتە و خۆی بەگوناهکار، جیابوونەوەی فریشتەوە و گوناهکار، خەیاڵ و شیعر لەدونیایی تاراوگە و نیشتیماندا ڕۆنانێکە ڕوحی شاعیر بەنێویدا دەگڕێت، نەمری و مانای شاعیربوونی خۆی تێدا بەرجەستە دەکات.

لەسۆنگەی ئەوەی ڕێسای گەمەکانی تەکنیکی گێڕانەوەی گرتە شیعرییەکان، گوزارشت لەفرەدەنگی دەکات، بۆیە لەیەک زەمینەدا جێگای ناکرێتەوە، ئەمەش بوار خۆش دەکات هەتا پانۆرامای دەق پارچە پارچە بێت، ڕەوتی ڕووداوەکان بەدوای یەکدا نەیەن، تەکنیکی گێڕانەوە، پێکهاتووە لەپچڕان و لەکولاج کردنێکی بەردەوام، دەق تێهەڵکێشێکە، وێنە پەرتبووەکانی خەیاڵ، پەیوەندییەکانی لەسەر نەخشەی شوێنکاتدا دەنەخشێنێ، تەوەری زمان و دیالۆگ، پێدەچێ زیاتر پابەند بێت بەکرداری ڕابردووەوە، باس کردنی ڕابردوو دەکرێت وەک کردەی قەربووی نەهامەتیەکان تەماشا بکرێت، بونیادی درامی، یەک دەنگیان لەنێواندا نییە، منی بکەر و ئەوی بەرکار، ئامادەبوونی منی قسەکەر، نائامادەبوونی ئەوی بەرکار، لەسەر تەوەری پەیوەندییەکان، ئەگەرەکانی وتاری شیعری فراوان دەکات، بازدان لەگرتەیەکەوە بۆ ئەویتر، ئاماژەی ڕەهەندێکی فەلسەفی ئەو بارودۆخەیە

کە پێدا تێدەپەڕێت، باگراوندی بیرۆکەیەکە، بەمونتاج کردن لەجەستەی هۆنراوەکەدا دەتوانێ هەست بارگاوی بکات، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش دەکرێت لەدەلاقەیەکی ترەو پەردە لەسەر ویستگەی وێنەیەکی دیکەی شیعرەکە لابدەین.

٣- ویستگەی سێهەمی ورووژان:

**ئێرە فڕۆکەخانەی (تیگل)ە**
**پاڕامەوە.. نەڕۆی گریام.. نەڕۆی**
**بێداربوومەوە**
**من لەکوێ (پیتراخان) لەکوێ**

بەردەوام دەبێت و لە شوێنێکی دیکەدا تەواوی دەکات و دەڵێت:

**ئەوەتانێ (پیترا)م دەرکەوت**
**هەر کچۆڵە پرەکەی جارانە**
**کراسێکی تەنکی سوورو**
**پانتۆڵێکی کاوبۆی کاڵی لەبەردایە**
**بەدیار گۆمێکی شینەوە وەستاوە**
**ڕووی کردووەتە پەڵە هەورێکی سپی و پێی دەڵێت**
**ئەگەر بوویتە باران و**
**ڕژایتە سەرچاوی کوڕە کوردێکی چۆغ لەبەر**
**پێیبڵێ: زۆر بیری دەکەم**
**کەی وەرزەکان یەکیان گرت دەچمە سەردانی**

دیارە دووبارە بوونەوەی فڕۆکەخانەی (تیگل) وەک ناشوێنێک پێداگرە لەدیاریکردنی ڕەوشێک، پێگەی سنوورەکانی پرسیارێک بەرجەستە دەکات، مەحکومە بەوریا بوونەوەیەک، بەهەڵتەکانی خەونێک، خەیاڵێک، ڕایەڵەکانی ئەو دوورییە فراوان دەکات کە ئەمی شاعیر بەوی دولبەرەوە دەبەستێت، کاریزمای ڕۆیشتن و جیابوونەوە ئەوەندی جیاوازی باکراوندی دوو کەلچەر، دوو شارستانیەت زەق دەکاتەوە، ئەوەندەش نیشتەمەنی دوو لەتبوون لەنێوان کەسەکاندا، لەنێوان نێر و مێدا ئەنجام دەدات، پەیبردن بەهەبوونی درزێک، دوو وێنەی جیاوازی تێدا ئاشکرا دەبێت، دوو تێگەیشتن خۆی تێدا نمایش دەکات، دوو لێکەوتی لێدەکەوێتەوە، یەکەم (سەلام مەحەمەد)ی شاعیر وەک ڕۆژهەلاتییەک لەناشوێنێکی وەک فڕۆکەخانەی (تیگل) لەئەڵمانیادا بەلێکدانەوە و خەیاڵی خۆی، وەک نامۆیەک خەون بەدڵخوازەکەیەوە بە(پیترا)خانەوە دەبینێت، دووەم ئایا (پیترا) خان وەک ئەوروپییەک زەمینەکی جێگیری هەیە، هەتا ئەمی شاعیر هەستی نامۆبوونی ئاوێتەی پەیوەندییەک بکات کە وەک نیشتیمان ئەوینی تێدا بەرجەستە بکات، یان وەک فڕۆکەخانەی (تیگل)ە، ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە کە پابەند بێت بەشوێنێکەوە، یان بەکەسێکەوە، ئەمەش بەمانای لێکچواندنێک دێت لەنێوان فڕۆکخانەی (تیگل) وەک شوێن و لەنێوان (پیترا)خان وەک ویستگەیەک لەژیانی ئەمی شاعیردا، سێهەم (پیترا)خان لەچوارچێوەی پەیوەندی ئەویندارێدا، متمانە بەمانەوە و ئەمەکی (سەلام مەحەمەد) ی شاعیر دەکات، یان گومانی جێهێشتنی لێدەکات، ئایا بەتێڕوانینی (پیترا)خان (سەلام مەحەمەد) لەپەیوەندییەکی ئەویندارى نامۆدایە، نیشتیمان ئاسا جێگیربوون دەخوازێت



سەلام محەممەد

یاخود ڕێبوارە لەزەمینەیەکی ناشوێندا گیرساوەتەوە، جۆرج زیمیل ڕستەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێت «ڕێبوار ئەو کەسەیە کە ئەمڕۆ دێت و بەیانی دەڕوات» بەپێچەوانەی نامۆوە کە «ئەمڕۆ دێت و سبەی دەمێنێتەوە»(٨) مانەوە و ڕۆیشتن دووویێنە و دوودیدەی جیاوازیان هەیە لەسەر شوێن، لەسەر دیاریکردنی جۆری پەیوەندی، ئەمەش ڕاستەوانە دێتەوە لەتەک ڕتووش کردنی وێنەکانی مانەوە و ڕۆیشتن، ورووژاندنی هەستەکانیان کە دەرخەری درزێکن لەنێوان نامۆبوون و ڕابوردون، وێناکردنی نامۆبوون بەڕاگوزەربوون، لەساتەوەختێکدا، کتوپڕ سەدای ڕاچەنینێک ئەنجامدەدات، ناخی ئەمی شاعیر دەوورژێنێت و دەڵێت «من لەکوێ (پیترا)خان لەکوێ» ڕەنگدانەوەی سەختی سەفەر و کۆ ژانەکانی پەناهەندە، لەئاست ئەو ئەگەرانەدا کەم نین، لەچەند ئاستێکدا، کاردانەوەیان دەبێت، یەکەم کەسی پەناهەندە (غەریب) بوێری ئەوە ناکات لەپێشهاتەکانی لێکدابڕان (پیترا)خان وریابکاتەوە، هەست بەگوناهێک، بەکەمییەک دەکات، بەوەی نەیتوانی بەپەیوەندی، پەیامێکی ڕۆحی بگەیەنێتە دەست ئەوی بەرامبەر، پارێزگاری لەو پەیوەندییە بکات کە خەونی پێوە دەبینێ، دووەم بەگەڕانەوە لەناو یادەوەری خەوتوودا، ئەوە ئەمەک نییە ئەو بەئاگا دەهێنێتەوە هەتا لەنەهامەتیکان بیپەرێنێتەوە، وەک فریادەرسێک قەربووی خۆی بکات، دڵی خۆی بداتەوە، ئەوە پاشماوەی تیراونینەکانی ڕۆژهەڵاتە کاتێ وەک ڕۆح دەدۆڕێت، تەنیا جەستە لەیادەوەرییدا دەمێنێت و شانازیی پێوەدەکات، هەستی سێکسی تێدا دەجوڵێنێ، خۆی ئاشکرا دەکات و دەڵێت (پیترا) خان هەر کچۆڵە پڕەکەی جارانە، بەکراسێکی تەنکی سور، ئاگری هەوەسەکان خۆشتردەکات، ئەمەش یەک نایەتەوە لەگەڵ بۆچوونەکانی بزاڤی فێمێنیزم، ئافرەت پێش ئەوەی جەستە بێت ڕۆحە، مرۆڤە، هەڵبەت ئەمەش گومانەکانی (پیترا) خان پشتڕاست دەکەنەوە، لەململانی و لەبەیکدادانی ڕایەڵەکانی پەیوەندی ئەوینداری نێوان خۆی و (سەلام مەحەمەد)ی شاعیر، لەنەبوونی زمانی تێگەیشتن لەنێوان ڕاگوزەر و نامۆبووندا، لەنێوان دونیایی خۆرئاوا و دونیایی ڕۆژهەڵاتدا، هەر جوڵەی ئەو جیاوازییە پاڵ بە(پیترا) خانەوە دەنێت، لەگرتەیەکی هێما ئامێزدا، لەڕێگای ڕەخساندنی وێنەیەکی سروشتەوە، ئاماژە بەخەمێکی قەتیس بووەوە بکات، خەمێک وەستاوە، توانای ڕێکردن و جوڵاندنەوەی نییە، گۆمێکە بەری گیراوە، ناجوڵێت هەتا گۆرانکاری دروستبکات، ڕەنگی شین گوزارشت لەزامێک، لەگووشاری ئێشێک دەکات، سارێژ نابێت، وەک برین نییە خوێنەکەی لەبەربووندا پاکژبێتەوە، گۆڕانکاری دروست بکات، چاک بێتەوە، پۆلین کردنی ئەم پەیوەندییە، لەئاستوتاری شیعرییدا، ئەمانخاتە بەردەم دوو ئەگەر، یەکەم دەرکەوتنی (پیترا) خان بەکراسی سووری تەنکەوە، وەک وێنەی ئەو خوێنە وایە، لەدەرچووندایە پێچەوانەی ئەو گۆمە ڕەنگ شینەیە، ئەو زامە قووڵەیە، ئەو خوێنەیە، پەنگی خواردووتەوە لەدەروونی ئەوی بەرامبەردا، ئەوی ڕۆژهەڵاتیدا، وەک گۆمێک وایە شین داگەڕاوە، لەتەک پاکیدا جیاوازیەک دروست دەکات، لەکاتێکدا (پیترا) خان

جوڵاندنەوەی هەستە سێکسیەکانی ئەو، لەدەرەوەدا ئاشکرا دەکات، لەناوەخندا بۆنی گۆمێک دەکات، بۆنی مردنی پەیوەندییەک دەکات، ڕۆح لەجەستە، خوێنی پاک لەخوێنی شینداگەڕاو، جیادەکاتەوە، بژارکردنی ڕێسای گەمەکانی ئەم پەیوەندییە، پێگریک ئاشکرا دەکات، لەپۆلینکردنی سنوورێک دەرناچێت کە وەک من ڕەفتار نەکات، ئەو لەتبوونە رەتدەکاتەوە، بەوەی بووە بەپاژێک لەمن، یان بووەتە ڕووە شاراوەکەی نامن، لەنێوان من و نامندا سیحریکی ئەفسانەی هەیە، پەیوەست نییە بەشوێنکاتەوە، بەرادەی دوورکەوتنەوە لەیەک نزیک دەبینەوە، ناگەین بەیەک، مەراقی بەیەک نەگەیشتن فێگەرێکە بەردەوامی دەدات بەو پەیوەندییە، هەرچەندە پشتکردن و دوورکەوتنەوەی (پیترا) خان، لەئێستادا ڕادەست نەبوونە بەپێدراوەکانی فاکت، لەناشوێنێکی وەک فڕۆکەخانەی (تیگل)دا، کەچی لەبەرامبەردا دەبینین (سەلام مەحەمەد)ی شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەرییەکانی و ستایشی دەکات، باس لەڕادەست بوونی (پیترا) خان دەکات، بەوەی ڕوودەکاتە سروشتێ ناجێگیروە، بەناشوێنێکەوە، دەبینین بەپەڵەهەورێک ئاماژەی بۆ دەکات، پەڵەهەور ناشوێنێکە، سروشتی پەیوەندییەکی ئەویندارى لەئامێز دەگرێت، پێچەوانەی فڕۆکەخانەی (تیگل)ـە، هاتن و ڕۆیشتنی دیارنییە، لەژێر ڕکێفی کەسیاندا نییە ڕامکردنی وەک پەیوەندی ئەویندارىی مەحاڵە، چۆن پەڵەهەور بەباران پاکدەبێتەوە و دەروێتەوە، ئاواش لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندییەدا داوا لە(سەلام مەحەمەد)ی شاعیر دەکات، لەبەر بارانی ئەو پەیوەندییەدا،



لەو ئێش و ئازارە پەنگخواردووانەی پاک بێتەوە کە بەر ئاسمانی لێگرتووە و شت وەک خۆی نابینێ، ئەوە ڕەنگدانەوەی جیاوازی بینینە هانی (پیترا) خان دەدات، گریمانەی پاکبوونەوەی ئەو پەیوەندییە ئەویندارییە بکات کە دەبێتە باران، مەرجی پێش وەختەی بۆ داناوە، چۆن باران لەهەور، من لەنامن دادەبڕێت، بەهەمان شێوەش، (سەلام مەحەمەد) لەناوەکەی دادەبڕێت، کاڵبوونەوەی وێنەکەی لەنێو چوارچێوەی نەتەوەدا تۆخ دەکاتەوە، چیتر وەک کەسێکی دڵدار نایناسێت، گوێزانەوەی نهێنی ناوەوە بۆ دەرەوە، تایبەتمەندیەک لەق دەکات، لادانێک فەراهەم دەکات، مەگەر بەپۆشاک و چۆغەکەی بیناسینەوە، وەدەرنان و نائامەدەیی کەسێک، لەناوەخندا ڕێگای ئامادە بوون بۆ کەسێکی دیکە لەدەرەوەدا خۆشدەکات و دەیگرێتە خۆی، لای ئاگامبن نائاسایی «وەدەرنراویکی وەدەرنراو» نییە بەڵکو «وەدەرنراوێکی لە نێونراو» واتە دەرکەر شتێک نییە دەرکراو لەخۆی نەگرێت»(٩) کەواتە تێزی گرتنە خۆی بەولایەدا دەشکێتەوە کە وەک نەتەوە براوە بێت، وەک دڵداریش دۆڕاو بێت، بەوەی داهاتی پێدراوەکانی پەیوەندی دڵداری ڕاستەقینە، گەلێ فراوانترە لەجیاوازییەکانی پەیوەندی نێوان دوو نەتەوە، یان دوو کەڵچەر، ئەمەش لەتەک جیاوازییەکانی نامۆبوون ڕاگوزەردا یەک نایەتەوە، لەئامادە بوونی سیمای نەتەوەیەک، لەنائامادە بوونی کەسێک، لەتوانەوەی لەنێو هاوکێشەی ئەوینداریی‌ەکدا هیچ ناهێڵێتەوە بۆ ئەوی بەرامبەر، لەوە زیاتر لەنێو ئۆرگانی دەرکراو و وەدەرنراودا، (پیترا) خان بەغیابی پێی بڵێت: بیری دەکەم، کەی جیاوازی وەرزەکانی ساڵ نەما سەردانی دەکەم، بەم کردیەش جارێکی دیکە چەمکی مەحاڵ دادەڕێژێت .

٢ـ پەیوەندی لاوەکی :

ویستگەی یەکەم

**ئای بۆ ڕۆژانی برسێتیم ..**
**تەمەنم چواردە ساڵان بوو**
**حەزم لەکچێکی لاوازی چاو قووڵ کرد**
**ئەوسا تۆ لەناخی سپیمدا نووستبووی**
**دوای ساڵێک دڵداری..**
**دوای ساڵێک سروودی فرمێسک**
**وتی: ئەگەر تامەزرۆی هەلمژینی**
**لێوی ناسک و مەمکۆڵەی پڕ بەدەمی**
**دەبێ خوێنی گیانمان تێکەڵاو بێت**
**وتی: من لەنەوەی ( ڤینۆس)م**
**باوەرم بەخۆشەویستی خوێنە**
**لێوەکانیم گەزی. مەمکۆڵەیم هەلمژی ..**
**ئەویش لێوەکانی گەستم**
**یەکمان گرت و دوای چەند مانگێک**
**ڕێمان کەوتە شاری دڕکوداڵ**
**جیابووینەوە ئەو پەیمانی خوێنی لەگەڵ لاوێکی تردا بەست**
**منیش کچە قوتابییەک ئاشنا و دراوسێ**
**هەراسانی کردبووم ..**
**تۆ هێشتا لەناخی سپیمدا نووستبووی**

گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی ڕابردوو، بۆ ڕۆژانی بەرکەوتنی یەکەم، ئایا پەیامی ڕزگاربوونی چارەنووسی گەنجێکی هۆشیار هەڵدەگرێت! گەنجێک بتوانێت لەنێو دوو ئاوێنەدا، هەوێنی بەراووردێک بگرێتەوە، خەمێک دایگرێت، خەونێک بیگرێتەوە، ڕۆچوون بەنێو گەمەکانی دوو ئاوێنەدا، گیانێکی پاکی شاعیرانەی دەوێت، گیانێک بتوانێت خۆی لە دیاردەکانی گەوجاندن لادات، گیانی لەخۆشنوودی بیگەردیدا تەژی نەبێت، ناتوانێت خۆی لەئاوێنەیەکدا ببینێت کە تەنیا لەگەڵ حەز و جەستەدا مامڵەبکات، کردەی حەزلێکردن پلەیەکی سەرەتایی و وروژانە، ناچێتە ناخی پاکی شاعیرانە، ڕابردوویەکە ئاماژە بەپچڕان و دابڕانی قۆناغێک دەکات، لەئێستای دەقدا تانوپۆی دووڕییانێک دەکات، جیاوازی نێوان ئەم دووڕییانە، ئەم دوو ئاوێنەیە بووەتە چیرۆکێک، ئەگەری کوشتنی بەسەرهاتێک یان شکاندنی ئاوێنەیەک مەیسەردەکات، بەئاگابوونی تۆ لەئاوێنەی ڕۆحی مندا، کوشتنی جەستەی ئەوە لە ئاوێنەی حەزدا، ئەگەر تۆ لەناخمدا نەنووستیتایە، ئەو زەفری پێم نەدەبرد، نەی دەتوانی لە ئاوێنەی مندا خۆی ببینێ، غافڵ بوونی من لە تۆدا، یان بێ ئاگایی تۆ لە ئاوێنەی مندا تا دوای ساڵێکی دڵداریش، نەی دەتوانی ئەگەری چیرۆکی باڵادەستی تۆ لە ئاوێنەی مندا بشکێنێ، گریانی من، پەیوەندیی ئەویناری لە پەیوەندیی هاوسەرگیری یەک لا دەکاتەوە، لە ژێر سایەی هاوسەرگیریدا، بێ ئاوێتەبوونی دوو ڕۆح لکاندنی دوو جەستە ڕەتدەکاتەوە، گریانی من، تراژیدیای شکاندنی ئاوێنەی تۆیە، ئەوە دەست بژێری تۆیە، جەستە دابەشدەکات، لەزەت هەراجدەکات، بنەماکانی هاوسەرگیری لەقدەکات، پارچەپارچەی دەکات، وێنە پێگەیشتووەکانی ئاوێنەی خۆشەویستی تێکدەشکێنێ، لەکاتێکدا یەکێک لەخەسڵەتەکانی خۆشەویستی، قایل نەبوونیەتی بەدابەشبوون، نەوەک دەستەبژێری جەستە، نەوەک ڕۆح، نە موزایەدەکردن و بەلاڕێبردنە، نە بەخشینی شەرعیەتە، بەکۆکردنەوەی پارچە شکاوەکانی ئاوێنە و تێکەڵبوونی خوێن و توانەوەی ئاوێنەی ڕۆحی منە لەئاوێنە شکاوەکانی جەستەی تۆدا، نەخەیاڵە، واقیع پارچەپارچە دەکات، ئاوێنەی دڵی شاعیر لەتەک کەسێ یەکانگیرە، لەناخیدا فریشتە ئاسایەک نووستبێ، ئیلهام و بەهرەی بەئاگابهێنێ، شیعری بۆ بنووسێت، نەک ئەو، ئەم بنووسێت، ئەگەری ڕوودانی هەر تێکەڵییەکی جەستەیی بەوجۆرە، هەر خلیسکانێک و پیادەکردنی داواکانی جەستە، دەکرێت وەک ڕاگوزارێک ڕابوێرێت، وەلێ ناتوانێ وەک نامۆبوونێک لەسەری بنجبەست بێت، یەکنەهاتنەوەی ڕاگوزەر و نامۆبوون، کردەیەکە جیابوونەوە فەراهەم دەکات، کورتکردنەوەی شوێنکات لە ساڵێکی دڵدارییەوە، بۆ دوای چەند مانگێک، ئاماژەی کزربوونەوەی پەیوەندییەکە، شوێنکاتی ئاشکرابوونی زامەکانی نامۆبوونە، ڕەتکردنەوەی ئارەزووەکانی ڕاگوزەرە، جیابوونەوەیە، پشتکردنی تۆیە لەو، ناچارکردنی ئەوە، هاوسەرگیری لە تەک کەسیکی تردا بکات، وەڵامدانەوەی مێینەیەکی ڕۆژهەڵاتییە، لەئاست پەینەبردن بەنامۆبوونی شاعیرێک، لەئاست خەوبینین بەفریشتەیەکی نووستووی

ڕۆژئاواییدا، شاردنەوەی هەستێکە، بوێری ئەوە ناکات، هەستێک برینداربکات، بڵێت: تۆ تەنیا جەستەیت، خاوەن ئەو ڕۆحە نیت، فریشتەی نووستووی ناخم، لەو خەوە خۆشە دڵنیایە هەڵسێنیت، ببیت بەجێگرەوەی ئەو، نەک ئەوە، تەنانەت بەدامەزراندنی پەیوەندییەکی نوێ، بەهاتنە نـاوەوەی کچێکی قوتابی دراوسـێ، کچێک خوێندەوار، گلاندنی لەهەمان کاتدا، بەپەیوەندییەکی سۆزدارییەوە، ئەویش بەهەمان شێوە نەیتوانی، خانمی نووستووی کۆشکی شاهانەی دڵی بەئاگابهێنێت، ئەگەر زیادەڕۆیی نەبێت، ڕۆحی نووستووی دولبەر، گەر دینەمۆیەک نەبێت بۆ زیندووبوونەوەی ڕۆحی ئەمی شاعیر، ئەوا دەبێت لەنێو جەستەیەکدا بمرێت، هەرگیز ناتوانێت، لەئاوێنەی داهێنانی شیعریدا، وێنەی خۆی بدۆزێتەوە، گەر پەیوەندی ئەوینداری، بەربەست نەبێت لەدانانی سنوورێک کە پارێزگاری لەکۆڵەکەکانی ئەمەگ بکات، لەبەخشینی مانا بەڕەوشتێ لەتەک وێنەی ئـەودا، لەئاوێنەدا هاوشانی وروژانێ بێت، هاوپێچی پەیوەندییەکی ڕۆحی بێت، دابەش بوون قەبووڵ نەکات

ویستگەی دووهەم

**کچە چاو قووڵەکەی جاران...**
**چوار منداڵی خورتی هەیە**
**چەند تاڵێکی پرچە ڕەشە قەترانییکەی**
**سپی بوونە**
**تۆش لەناخی سپیمدا پەروەردەبووی**
**ووتی : دەمناسیتەوە؟**



ڕۆڵی ڕێکەوت لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا، گرێدانی بەشوێنکاتەوە، چڕکردنەوەی بیرۆکەی گشتی دەق، خۆی لەئامێزی وێنەکێشانی کەسایەتیەکاندا ساغدەکاتەوە، کاتێك ڕۆژگار بەڕێکەوت، لەشوێنێکدا کۆیاندەکاتەوە، شوێنەکە، پێدەچێت ڕۆژهەڵات بێت، زێدێك بێت، پێشبینی ئەوەی لێناکرێت، وێنەی کەسێکی بریندار هەڵگرێت، بەتایبەت ئەگەر قوربانی پەیوەندییەکی دڵداری بێت

**وتم: شێوەت دەکەم و نازانم**
**وتی: چاکبوو دەبەنگێکی وەک تۆ نەبووە مێردم**
**گوایە خۆشەویستی خوێنت لەبیرچووە؟**
**وتم: گەردەلوول فڕاندی و دایە دەم لافاوەوە**

ڕۆڵی ڕێکەوت لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا، گرێدانی بەشوێنکاتەوە، چڕکردنەوەی بیرۆکەی گشتی دەق، خۆی لەئامێزی وێنەکێشانی کەسایەتیەکاندا ساغدەکاتەوە، کاتێک ڕۆژگار بەڕێکەوت، لەشوێنێکدا کۆیاندەکاتەوە، شوێنەکە، پێدەچێت ڕۆژهەڵات بێت، زێدێک بێت، پێشبینی ئەوەی لێناکرێت، وێنەی کەسێکی بریندار هەڵگرێت، بەتایبەت ئەگەر قوربانی پەیوەندییەکی دڵداری بێت، بەرادەی برینەکان کاردانەویان دەبێت، تەشەر دەبێت بەجێگرەوەی هەواڵ پرسین، چ کارەساتێکە لەدوای تەمنێکی دابڕان، ئارەزوومەند و ئارەزووشکێن، لەدوای پەیدابوونی چوار منداڵ، بەڕێکەوت بەدیداری یەکدەگەن (سەلام مەحەمەد)ی شاعیر، هەر وەک خۆیەتی ڕەبەن و زوگورتییە، دۆستە دێرینە ئارەزووشکێنەکەشی، بووە بەدایکی چوار منداڵ، بەدیویێکدا، هەبوونی چوار منداڵی خۆرت، چەند ئاماژەیە بەدرێژی شوێنکاتی ڕۆتینەوە، گەورەبوونی تەمەن و ڕادەستبوونی گەنجێنی بەسپێتی چەند تاڵە قژێک، لەبەرامبەردا دەرخەری ئاماژەیەکە، کورتبوونەوەی شوێنکاتێکە، ناچێتە قەرەی ژیانی ڕۆتینەوە، تایبەتمەندی خۆشەویستی کەسێکی دیکەی تێدا ڕەچاو دەکرێت، خۆشەویستێک پابەندە بەنەمریەوە، دەچێتە قاڵبی سۆفیگەراییەوە (مەحەمەد تەها حوسین) دەڵێت «نەتوانینی دۆزینەوەی فۆرمی هاوسەنگتر، دەچنە قاڵبی سۆفیگەرایی و جۆرەکانی عیشق و هەر بۆیە، ئەم جۆرە لەپەیوەندی چۆن لەواقیعدا زۆر کەمتر، بەرجەستە دەبن، زەخیرەیەکی گەورەیان لەخەیاڵ و حیکایەت و میتۆلۆژیا پێکهێناوە»(١٠). کەواتە بنەماکانی ڕوونەدانی هاوسەرگیری، کچە لاوازەکە، یەکەم نەبوونی زەخیرەیەکە، نەیتوانیوە خەیاڵی دەستەمۆبکات، بیکاتە حیکایەتێ، خۆی لە بیربەرێتەوە دووهەم لەقنەبوونی خۆشەویستی یەکەمەینە، پەیوەندی ڕەسەنە (پیترا) خانە، هەتا ئێستا لەناخیدا بەجۆرێک پەروەردە و گەورە بووە، شوێنکات و ساڵەکانی تێدا هەژمار ناکرێت، ساڵان دێت و دەروات هەستی پێناکات، سێهەم ئەگەرەکانی بەرتەمای خەیاڵ لای شاعیر فراونترە، ئەوەندەی لە هێزی خەیاڵدا دەژی، پێ لەواقیعی لاواز نانێت، نایناسێت، پێچەوانەی کچە لاوازەکەیە، ئەوەندی مامڵە و ڕەنگدانەوەی لەتەک واقیعدا هەیە، بەلای خەیاڵدا ناچێت، بۆیە کە لێیدەپرسێت دەڵێت: دەمناسیتەوە، ئەمی شاعیریش شێوەی دەکات و نایناسێتەوە، چۆن نەبوونی خەیاڵ، واقیع دەکوژێت، لەچوارچێوەی پەیوەندییەکدا سنووورداری دەکات، هاوکات ئەمەش لەتەک بەرهەمهێنانی خەیاڵی شیعرییدا یەکنایەتەوە، گەر شیعر تێپەڕاندنی واقیع بێت، واقیع ناتوانێت، شوێن پێی ئەو پەیوەندییە هەڵگرێ کە لەتەک شیعردا لێکترازان فەراهەمدەکات، لێکترازانی ئەمی شاعیر لەگەڵ کچە لاوازەکەدا، لێکترازندنی خەیاڵ و واقیعە، جەستە و ڕۆحە، زایندە و ئەوینە، سیحری ورووژان

و بەتاڵکردنی دامرکاندنەوەیە، تەشەرەی خەنجەری واقیعی ڕێپێدراوە لەسەر سینەی ئاشقێک، نهێنی یەکەم و دوائەشقی هەڵگرتووە، مانۆری جیاوازییەک دەکات، لەپەیوەندی یەکەمدا، ڕەفتار دەنوێنێت، پەروەردە دەچنێت، لەپەیوەندی دووهەمدا، وەک ڕاستکردنەوەی هەڵوێستێک، ئەوی بەرامبەر بێ ڕەفتارییەک دەنوێنێت، ستایشی خۆی دەکات، بەوەی باشی کردوە هاوسەرگیری لەتەک دەبەنگێک نەکردووە، نەبووە بەمێردی، هاوسەرگیری لەبیرکردوە، گرێدانی پەیوەندی بەم ڕەوشەی ڕۆژهەڵات، گەردەلوولێکی وشک و برینگە مەرامی شاعیر ناشکێنێ، لەنێو گەرد و تۆزی ڕۆتیندا تەنگە نەفەسیدەکات، خوێندنەوەی پەیوەندییەکان، بەم ئاقارە، یەقدانەوەی بێزارییەک دەکاتە هاندەرێک راپێچی دەکاتە نێو لافاوی نامۆبوونێکی دەروونی، بیر لەدەرچەی ڕۆژئاوا (تاراوگە) بکاتەوە، بەجستە لێرەیە، بەڕۆح خەون بەڕۆژئاواوە دەبینێت، ئاکامەکانی کەنارکەوتنی پەیوەندی لاوەکی، شاعیر ناچاردەکات، خۆی لەئامێزی پەیوەندی ڕەسەندا بدۆزێتەوە، بیر لەکۆچکردن بکاتەوە، ڕۆژئاواو تاراوگە بکاتە جێگرەوەی ڕۆژهەڵات و زێد، پەنا بۆ (پیترا) خان بەرێ، ئێرە ڕەتبکاتەوە، ئەوێ هەڵبژێرێت، هەڵبژاردن هیچ یەکێک لەو ویستگانە پۆلین ناکات، هەتا هەموو نهێنییەکانی پێبلیت، گیانی ئەم پەیوەندییانە داماڵڕاوە لەگوناه، تەنیا هەوڵدانێکە بۆ گەڕانەوی بەهای بیرەوەرییەک، خەونێکی مەحاڵی تێدا نوستووە.

**ژێدەرەکان**

١- ڕۆژنامەی هەولێر- سەلام مەحەمەد - هۆنراوەی ورووژان - ژمارە ٣١٩٠ - ساڵ ٢٠١٩/١٠/٢٨، لاپەرە١٨.

٢- قادر عەبدوڵڵا، خەتی بزماری (ڕومان)، وەرگێرانی شەفیقی حاجی خدر، چاپخانەی ئەندێشە، چاپی: یەکەم - ساڵی چاپ٢٠١٧، لاپەرە٤٢٧.

٣- حاتم صگر- ترويظ النص، مطبعة الهيئة المصرية للكتاب، سنة١٩٩٨، الصفحة١٥٧.

٤- ئەدیب نادر، ڕوخسارو دەمامک، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپی، یەکەم، ساڵی٢٠١٩، لاپەرە،١٤٦.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارەی٣، لاپەرە١١٢.

٦- بەختیار عەلی، ئاوڕەکەی ئۆرفیوس، چاپخانەی رەجایی ،تاران، چاپی، یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، ساڵی چاپ٢٠١٤، لاپەڕە٢٠٥.

٧- مەریوان وریا قانع، دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری، چاپ و بڵاوکردنەوەی سیروان مەحمود، چاپی سێیەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە، ساڵی چاپ٢٠١٧، لاپەرە٤٥٤.


٨- بەختیار عەلی، ناشوێن، چاپخانەی کارۆ، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند دابەشی دەکات، چاپی یەکەم، ساڵی٢٠١٩، لاپەرە١٠٤.

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژمارە٨، لاپەرە٢٢٨.

١٠- مەحەمەد تەها حوسێن، سایکۆلۆژیای پەیوەندیکردن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، هەولێر، ژمارەی چاپی، چاپی دووەم، ساڵی٢٠١٥، لاپەرە١٨٣.




# له خۆشەویستی
# ئەلبێر کامۆدا



حازم ئەلساغیە
وەرگێڕانی: زانا موحەمەد

لە هەفتاکاندا گۆرانیەکی خەباتگێڕانە هەبوو دەیوت:

((من خۆڕاگرم خۆڕاگرم من خۆڕاگرم، لەسەر خاکی ولاتم من خۆڕاگرم، ئەگەر قوتیشم بدزن من خۆڕاگرم، ئەگەر منداڵەکانیشم بکوژن من خۆڕاگرم، ئەگەر ماڵەکەشم بڕوخێنن، ماڵەکەم لە سێبەری وێرانەکەتدا من خۆڕاگرم)).

ئەم هونراوە میللییە کە کراوە بە گۆرانی، بە دڵنیاییەوە یەکێک نەبووە لە (بە چێژترین هۆنراوەکان)، بەڵام ڕەنگە یەکێک لە (ناڕاستترینەکان) بێت، چاکتریشە هەروابێت. چونکە نوسەرەکەی ئەگەر ڕاستگۆ بوایە لەو وتنەدا، دەبوو بە کەسێکی ترسناک، ترسناکیەکەی لەوانە کەمتر نەدەبوو کە لە ڕوویاندا خۆڕاگر دەبوو. تەنها ئەوە بەسە بیهێنینە بەرچاوی خۆمان کەسێک ئاستی خۆڕاگرییەکەی کەم نەبێتەوە، تەنانەت ئەگەر منداڵەکانیشی بکوژن و قووتی ڕۆژانەشی بدزن و ماڵەکەشی بڕوخێنن!

ئەلبێر کامۆی ئەدیب و فەیلەسوفی فەرەنسی، لەو جۆرە مرۆڤانە نەبووە. بەتاڵکردنەوەی سیاسەت لەوەی مرۆییە و بڵندکردنەوەی بۆ ئاستی پیرۆزییەک کە پەیوەندی نەمێنێت بە گۆشت و ئێسکەوە، تەنانەت پەیوەندی بە هەست و ناسۆری و دوودڵیشەوە نەمێنێت، ڕێک پێچەوانەی هزر و ئارەزوو ئاکاری کامۆیە.

هاوڕێیەتی کامۆ لەگەڵ جان پۆڵ سارتەردا، کە لە سەروبەری جەنگی دووەمی جیهانیدا دەستی پێکرد، لەپاش چەند ساڵێکی کەم شکستی هێنا. سارتەر باوەڕی بەوە بوو، کە زەبروزەنگ ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی مەزن، ئەویش سەرکەوتنی شۆڕشە، بەڵام کامۆ باوەڕی بەوە نەبوو. کامۆ داواکارییەکی واژوو کرد، لەبارەی بەزەیی هاتنەوە بە هاوکارەکانی نازییزم لەکاتی جەنگدا، بەڵام سارتەر واژووی نەکرد، بۆچوونەکانی کامۆ لەبارەی لە سێدارەدانی هاوکارانی نازییزم گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو، باوەڕی وابوو کە تاوان بە تاوان سزا دەدەن و کارێکی تۆڵە ئەستێنانەیە و بە توێکڵێکی تەنک لە یاسا و مەدەنیەت داپۆشراوە.

بەڵام لە بەرەنگار بوونەوەی نازییەکاندا سارتەر بەشداری نەکرد، کەچی کامۆ سەرنووسەری ڕۆژنامە نهێنیەکەی بەرەنگاری (مقاوەمەت) دەکرد (کۆمبات Combat).

ناکۆکیەکانی ئەودوانە لە ساڵی (١٩٥١)دا تەقییەوە. کاتێک خاوەنی بیرۆکەی ((بوون و نەبوون)) (واتا سارتەر) بەرگری لە ستالین دەکرد و پاساوی بۆ تاوانەکانی دەهێنایەوە، کامۆش کتێبەکەی ((مرۆڤی یاخی: وتارێک لەبارەی مرۆڤ لە یاخی بووندا)) بڵاوکردەوە، کە تیایدا جیاکاری دەکات لەنێوان مرۆڤی یاخی بوو (rebel) و شۆڕشگێڕ (revolutionary). ئەو لە کاتێکدا ئانارشیزم یەکێک بوو لەو سەرچاوە زۆرانەی کاریگەرییان تێیکردبوو، پێیوابوو شۆڕشەکان ڕژێمی نوێ دێننە کایەوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە بەرەو دکتاتۆریەتێکیان دەبەن لە بەرژەوەندی بەهێزبوونی دەوڵەتدا دەبێت. تیرۆرکردنی (ڕۆبسپێر Robespierre) لەدوای شۆڕشی فەرەنسا، گولاگ یان زیندانی سیبریا لەدوای شۆڕشی ڕوسیا، تەنها ڕێکەوت نەبوونە، بەڵکو ئەوە ڕەوتێکی بەردەوامە لە شۆڕشە ئایدیۆلۆژییەکاندا. کە ئەمەی دواییان بە پێچەوانەی ڕای

سارتەرەوە هاوکاری مرۆڤایەتی نەبوو، بەڵکو ئازارەکانی چەند هێندە کرد. (سان جۆست Louis Saint–Just) پێش لینین بوو، تەنانەت (باکۆنین)ی ئەنارشیزم جەختی دەکردەوە لەوەی، کە دەبێت تاک کار لەگەڵ کۆمیتەی کاری ناوەندیدا بکات. بۆیە لە ژان ژاک ڕۆسۆوە هەتا ستالین سەرکردایەتی ڕێچکەی شۆڕشگێرانە و بە ئایدۆلۆژی کراویان بەڕێگەیەکی هەڵەدا بەرەو ستەمکاری بردووە.

پەرەسەندنی سیاسەتی تۆتالیتاری لەلای ئایدیۆلۆژیا شۆڕشگێڕەکان جگە لە پەرەسەندنی تاوانکاری، کە پاساویان لە فەلسەفە و پێشکەوتن گەشەکردندا بۆ دەدۆزرێتەوە تێناپەڕێت. بەڵام، بە پێچەوانەی ئەوەی لێی چاوەڕوان دەکرا، گوزارشت لە ڕق و کینە بۆ ژیان دەکەنەوە و گوزارشت دەکەنەوە لە ((حەزی گەردونێک بەبێ خودا بۆ ئەوەی خۆی ڕۆڵی خودا و شەیتان بگێڕێت)).


مرۆڤە (یاخی)یەکەی کامۆ وەک ئەو (شۆڕشگێڕ)ە نییە، ئەو باوەڕ بە هیچ ئایدیایەک ناهێنێت و حزبی سیاسیش دانامەزرێنێت بۆ دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵات، بەڵام بەرەنگاری ستەم دەبێتەوە و ناڕەزایی خۆکرد (عەفەوی) دەردەبڕێت لە بەرامبەر ئەو بێدادییەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەرەو ڕووی دەبێتەوە. لەوەش زیاتر، سەرەڕای باوەڕی بەو (عەبەسیەت Absurdism)ەی کە فەلسەفەکەی پێناسرا، پێی وابوو یاخی بوون بەرەنگارییەکی پێویستە بۆ نابەجێیەکانی ژیان، بە ئامانجی بەردەوامی و بەخشینی واتایەک بەژیان. یاخی بوون بوارێک بۆ بوون دەڕەخسێنێت کە کەسایەتی خاوەنەکەی تێپەڕێنێت و دەرگا بۆ نمونە مرۆڤایەتییەکان بکاتەوە.

بایەخی کامۆ ڕوو لە مرۆڤبوونی تاک بوو. یاخی بوونی ڕەسەن هیچ پیرۆزییەک بە ئامرازەکانی هێز و وێرانکاری بەسەر تاکەکاندا ناسەپێنێت، بەڵکو دان بە پێویستی ئەو بەها هاوبەشانەدا دەنێت، کە توندوتیژییان تێکەڵ نابێت. بەم شێوەیە: ((من دژی جەنگی نوێم، چونکە یاخی بوونی ئەمڕۆ واتای یاخی بوونە لە جەنگ)).

سارتەر لەلای خۆیەوە بایەخی بەو بابەتانە دەدا بەڕای ئەو دادپەروەرانەی بوون، کە بۆ خزمەتی ئەو



ئەلبێر کامۆی ئەدیب و فەیلەسوفی فەرەنسی، لەو جۆرە مرۆڤانە نەبووە . بەتاڵکردنەوەی سیاسەت لەوەی مرۆییە و بڵندکردنەوەی بۆ ئاستی پیرۆزییەك کە پەیوەندی نەمێنێت بە گۆشت و ئێسکەوە، تەنانەت پەیوەندی بە هەست و ناسۆری و دوودڵیشەوە نەمێنێت، ڕێك پێچەوانەی هزر و ئارەزوو ئاکاری کامۆیە .



بابەتانەش حەڵاڵکردنی حەرامەکان ڕێگا پێدراون. ئەو کامۆی بە (ئاکارگەرا ـ أخلاقوي) لە قەڵەم دەدا، بەڵام ناکۆکیەکانیان لەبارەی شۆڕشی جەزائیرەوە جارێکی دیکە سەری هەڵدایەوە، چونکە یەکەمیان (کامۆ) پشتگیری ڕەهای خۆی بۆ ((بەرەی ڕزگاریخوازی جەزائیر)) دەربڕی، لەبەرئەوەی لە پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆییدا شەڕدەکات، کەچی دووەمیان (سارتەر) تووشی ڕاچەنین و سڵەمینەوە بوو بەهۆی ئەو کوشتارگەیەی (بەرە) لە ساڵی (١٩٥٧)دا بەرپایان کرد، لەدژی ڕکابەرەکانیان لە گروپەکەی (مەصاڵی ئەلحاج)، کە بە کوشتارگەی (بلوزە) ناسراوە و تیایدا (٣٧٥ کەس بە سەربڕین و گولەباران کردن کوژران). ئەو پێی وابوو هیچ پاساوێک بۆ ئەو کارە نییە. کاتێکیش گەنجێکی جەزائیری بەرەو ڕووی بووەوە و لە هەڵوێستەکەی نیگەران بوو کە لەنێوان (بێلایەنی و شلبوون)دا بوو لەبەرامبەر ئەو کردەوانە، کامۆ وەڵامی دایەوە و وتی: ئێستا تێکۆشەرەکان (موجاهیدەکان) ((لە جەزائیر بۆمب لەنێو پاسەکاندا دادەنێن، ڕەنگە دایکم سەرنشینی یەکێک لەو پاسانە بێت، ئەگەر ئەوە دادپەروەری بێت، من دایکم هەڵدەبژێرم)). ئەو دەستەواژەیە تووڕەییەکی زۆری لە بەرامبەریدا بەرپاکرد، لەلایەن عەرەبەکان و ئەوانی دیکەشەوە، بەشێوەیەک گوزارشتەکەی بەکار هێنرا، کە ئاماژەی بۆ لایەنگیری لە کردەوەکانی داگیرکەران، کۆلۆنیالیزمە فەرەنسیەکانی جەزائیر دەکرد.

بەهەرحاڵ مەبەستی ئەوە بوو، کە بە ئامانج گرتنی خەڵکی مەدەنی ڕێگە پێدراو نییە و لەڕووی ئاکارییەوە کارێکی

کتێبخانەی هەموو

قێزەونە، ئەویش ناتوانێت دادگایی سیاسییەکان بکات تەنها لە ڕوانگەیەکی مرۆییانەوە نەبێت. ئەو بە ئامانج گرتنەش تەنها خەڵکی بێتاوان دەکوژێت نەک داگیرکەرە بیانییەکان، ئەوانەش کە دەکوژرێن مرۆڤی ڕاستەقینەن و لەنێویاندا خزم و هاوڕێش هەیە.

لەو ڕۆژەدا کامۆ لە ژینگەی دەستەبژێری فەرەنسیدا هەندێک بۆچوونی نەخوازراوی دەربڕی، کە لایەنگری بۆ سارتەر و ژاوەژاوەکەی تێدا بوو، لە کاتێکدا جەمسەرگیرییەکی توند هەبوو لەنێوان ئەوانەدا، کە بانگەشەیان بۆ ڕیشەکێشکردنی بەرگریکارە جەزائیرییەکان و ئەوانەی لایەنگرییان دەکردن هەبوو، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە دەیکەن. کامۆ گرنگی بە نوسینی بەرگرینامە لەو بەرگریکارانە دەدا، کە سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەردەچوو، داواکاری بۆ لانی کەم (١٥٠) دانە لەو سزایانە نوسی، بەبێ ئەوەی ناوی بهێنرێت یان وێنەکەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبکرێتەوە.

هەروەها پێداگیرییەکەی لەسەر ئەوەی کە دەبێت خۆلابدرێت لە توندوتیژی دژ بە خەڵکی سڤیل، بوو بە هۆکاری ئەوەی فەرەنسا بەجێبهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ جەزائیر، لە جەزائیریش هەوڵی دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی ئاشتیخوازانەیدا، بۆ ئەوەی لایەنە ناکۆکەکان ڕاکێشێتە ناو گفتوگۆیەکەوە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی مەدەنیانە، بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوون.

ڕاستە کامۆ خۆشی بە سەربەخۆیی جەزائیردا نەدەهات. بەڵام ئەو بۆچوونەی کە بە ئاسانی قبوڵ نەدەکرا، بەهۆی ئەوەوە نەبووە کە حەزی لە تاڵان و ستەمکاری بێت، هەروەها لە پێگەیەکیشدا نەبووە کە ڕێگای پێبدات بۆ ئەو کارە. بەڵکو ئەوەی پاڵی پێوەناوە ئەو هەستە بووە کە خۆی بە خاوەنی ماف زانیوە، لەسەر ئەو خاکەی (جەزائیر) کە خۆشی ویستووە، ئەو لەو ژینگە کرێکارییە هەژارەدا خۆی بە خاوەن مافێکی هاوتای هاوڵاتیانی ئەوێ دەزانی، باوکی سەرباز بووە و لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا کوژراوە و دایکیشی کرێکارێکی نەخوێندەواری ماڵان بووە. کامۆ لە سەرەتای لاویدا لە جەزائیر کاری ڕۆژنامەوانی کردۆتە پیشەی خۆی، لە ڕۆژنامەکانی جەزائیردا ڕاپۆرتی کاریگەری لەبارەی هەژاری جەزائیرییەکانەوە پێشکەش کردووە و وەک دەرئەنجامی کۆلۆنیالیزم و بەکاربردنەکانی داگیرکەران لە قەڵەمیداوە. لە کاتێکی درەنگ وەختی ژیانیدا و بە ناسۆرەوە بارودۆخی خۆی بەم شێوەیە پوخت دەکاتەوە: ((ساڵانێک ئارەزووی ئەوەمدەکرد بەپێی ئیتیکی زۆرینە بژیم، زۆرم لەخۆم کرد بۆ ئەوەی وەک هەر کەسێکی دیکە بژیم. تەنانەت لەو کاتانەشدا کە هەستم بە جودابوونەوە دەکرد، ئەوەی پێویست بوو بوترێت لەپێناوی پەیوەست بونمدا وتم، دەرئەنجامی هەموو ئەوانەش کارەسات بوو، بە جۆرێک کە دەمبینی ئێستا بەدەوری وێرانەکاندا دەخولێمەوە، شکستم خواردووە بەدیار دۆخی خۆم و کەموکوڕییەکانمەوە)). بەڵام بابەتەکە هەرچییەک بووبێت، هەرگیز سیاسەت بەزمانێکی مرۆییانە نەدواوە وەک ئەوەی لەگەڵ ئەلبێر کامۆدا کردی.

**سەرچاوە:**


الشرق الاوسط، ژمارە ١٦١١٢، ڕۆژی ٨ی یەنایر ٢٠٢٣.

# نمایشی کتێب

## دیالۆگ

**کۆمەڵێک کتێبی باشی سیاسی هەیە کە پێویستە هەموو سیاسیەکی کورد لەم شارە بیانخوێنێتەوە و شارەزاییان لەبارەوە پەیدا بکات، چونکە کورد لەکاری سیاسیدا لەڕووی زانستییەوە هەژارە و پێویستی بەوەیە شارەزایی هەبێت لە هەموو بوارەکانی سیاسەت کردندا، هەوڵ ئەدەین بەکورتی چەند کتێبێک نمایش بکەین بەو هیوایەی سیاسیەکانمان بیانخوێننەوە:**

**کتێبی یەکەم: (٥٠ عاما في عالم النفط)**
**نوسینی: عیسام چەلەبی:**




ئەم کتێبە بریتییە لە بیرەوەری کەسایەتیەک کە بۆ ماوەی پەنجا ساڵ لە بواری نەوتدا کاری کردووە، وەزیری پێشوتری نەوتی عێراق بووە، کەسێک بووە بەهەوڵ و تێکۆشانی خۆی، خۆی پێگەیاندووە، ساڵی (١٩٥٩) لە ڕێگای وەزارەتی نەوتەوە هەلی بۆ ڕەخساوە و چۆتە بەریتانیا، لەوێ کۆلێژی ئەندازیاری میکانیکی بە پلەی نایاب تەواو کردووە، ماوەی دوو ساڵ لە کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی بەسرا کاری کردووە، پاشان لە ساڵی (١٩٦٧)دا وەک یاریدەدەری ئەندازیار لە وەزارەتی نەوت دەست دەکاتەوە بە کارکردن، لە زۆر پێگەی ئیداری لە وەزارەتی نەوتدا کاری کردووە، لەوانە: سەرۆکی دامەزراوەی پرۆژە نەوتییەکان، سەرۆکی کۆمپانیای

هەواڵنامەی کتێب

نەوتی نیشتمانی، وەکیلی وەزیری نەوت، هەتا لە ساڵی (١٩٨٧)دا وەزارەتی نەوت وەردەگرێت و دەبێت بە وەزیری نەوتی عێراق، جێ پەنجەی بە زۆری پرۆژە نەوتی و غازییەکانەوە دیارە، سەرەڕای ڕۆڵی دیاری لە ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکەری نەوت (ئۆپیک)دا، هێشتا تەمەنی (٤٧) ساڵی تێنەپەڕاندبوو دەستی لە کاری وەزارەت کێشاوەتەوە، بەڵام وەک یەکێک لە دیارترین پسپۆڕەکانی بواری نەوت لە جیهاندا دەرکەوتووە، لەم کتێبەدا وێستگەکانی ئەزموونی ژیانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە زۆربەیان پێویستن و دەبێت لەسەریان بوەستین.

## کتێبی دووەم: (التكوين التاريخي للعراق الحديث)
## نوسینی: د. سیار جەمیل:

ئەم کتێبە، بریتییە لە سەرکێشییەکی زانستی جیاواز لە توێژینەوەی مێژوویی نوێدا، کە نوسەری کتێبەکە دکتۆر و مێژوونوس سیار جەمیل بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی ئەنجامیداوە، بۆ تێگەیشتن لە سەردەمانێکی ئەستەم و سەخت و پڕ لە گرێوگۆڵی مێژووی عێراق، کە پڕە لە دژ بەیەکی و ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەی مێژوویی و زانیاری جیاواز و زۆری نوسین لەبارەی ئەو سەردەمانەوە، بە شێوەیەک ئەگەر کەسێکی خاوەن پسپۆڕی و شارەزا و ئەزموونی قوڵ نەبێت، زۆر ئەستەمە





شان بدرێتە بەر ئەو کارە، بە شێوەیەک پێویستی بەوە دەبێت میتۆدی نوێی توێژینەوە و ڕەخنەگرتن لە سەرچاوەکانی زانیاری بەکار بهێنێت.

ئەمەی نوسەر کردویەتی ئەزمونێکی کرداری سەرکەوتوانە و پێگەیشتوانەیە لە توێژینەوە لە دیاردە مێژووییەکانی دروست بوونی دەوڵەتی عێراقی نوێ، نوسەر توانیویەتی بەسەر بابەتەکەدا زاڵ بێت، بەوەی چەندین پرسیاری زیرەکانەی وروژاندووە و هەوڵیداوە بەشێوەیەکی نائاسایی و جیاواز لە وەڵامە کۆنەکان وەڵامیان بداتەوە، بەڵکو لە ڕێگای میتۆدە تێڕوانینگەراکەییەوە، کە پێی ناسراوە لە خوێندنەوەی دیاردە مێژوویەکاندا لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیرییەوە.

ئەم کتێبە داوامان لێدەکات بیر لە مێژوو بکەینەوە بەبێ خۆ پەیوەست کردن بە گێڕانەوە ناسراوەکانەوە،

نوسەر کاری لەسەر ئەوە کردووە بیرکردنەوەی مێژووییانەی نوێ دەوڵەمەند بکات و پێشی بخات و گەشەی پێبدات، دور لەو ئەقڵیەتەی دەرئەنجامی ڕەوتە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانە و ماوەی زیاتر لەحەفتا ساڵە بڵاوبۆتەوە.


**کتێبی سێیەم: (الدولة المنسية، كردستان والاكراد)، نوسینی: د.موئەیەد وەنداوی و سعود مەعەن:**




ئەم کتێبە لە دووتوێی (٣٩٦) لاپەڕەدایە، پێکهاتووە لە سێ دەروازە و کۆمەڵێک زانیاری زۆری لەبارەی کوردستانەوە تێدایە لەبارەی باکور و باشورەوە، لەبارەی خێڵە کوردییەکان و بزوتنەوەی کوردایەتییەوە، لەڕووی بنەچەی مێژوویی ئەو بزوتنەوانەوە و هۆکارەکانیانەوە، هەروەها بەڵگەنامە و ڕاپۆرتی زۆر گرنگی تێدایە لەبارەی یەکە کارگێڕییە ئینگلیزییە تایبەتمەندەکان بە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، هەروەها یاداشتنامەیەکی تێدایە لەبارەی وڵاتی میزۆپۆتامیا (وڵاتی نێوان دوو ڕووبار) و بارودۆخی کوردستان لە ساڵی (١٩١٩)دا، بابەتی ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر و ڕەشنوسی بڕیاری ئینتدابی عێراق و دەقی ئەو پسوڵەی ئینتدابەی بۆ عێراق و فەلەستین لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بڕیاری لەبارەوە دراوە، ئەو بەڵگەنامانەشی تێدایە کە تایبەتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ فەرەنسا لەبارەی نەوتەوە و لەگەڵ هۆز و خێڵە کوردییەکان.

ئەم کتێبە کۆمەڵێک بەڵگەی گرنگ لەبارەی کۆبوونەوە بەردەوامەکانی لۆرد کرزن، لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و بڕیاردان لەبارەی چارەنوسی تورکیا و عێراقەوە، دکتۆر موئەیەد لەو بارەیەوە دەڵێت: پێویستە خوێنەر تێبگات کە ئەم کتێبە تەنها تایبەت نییە بە کورد، بەڵکو تایبەتە بە هەموو عێراق و ئایندەی تەسلیم کردنی ناوچەکە بە بەریتانیا و فەرەنسا وەک ناوچەی ئینتداب. هەروەها لەم کتێبەدا وردەکاری زۆر لەبارەی شەڕی ناوخۆیی کۆمەڵگە خۆجێییەکان لە ئەرمەن و ئاسوری و کورد و تورکەوە تێدایە لە ساڵانی جەنگدا، کە بەهۆی دەست تێوەردانی ڕووسەکان و فەرەنسیەکان و بەریتانیەکانەوە بووە.


**کتێبی چوارەم: (الحياة لا تجري دائما حفيفة ناعمة )، نوسینی: موکەڕەم تاڵەبانی:**




ئەم کتێبە تۆماری یادەوەرییەکانی سیاسەتمەداری ناوداری کورد، موکەڕەم تاڵەبانییە، بەدەستی خۆی تۆماری کردووە، باسی زیاتر لە (٧٠) ساڵ ژیانی خۆی دەکات، باسی منداڵی خۆی سەرەتای دروست بوون و پێکەوەنانی هزری سیاسی خۆی دەکات وەک شیوعییەک، هەروەها باسی چۆنێتی چوونە ناو کاری سیاسی و پیشەیی خۆی دەکات، باسی ئەو ماوە درێژانە دەکات کە لەگەڵ هاوڕێکانی سیاسەت و خاوەن هزرەچەپەکاندا گیراوە و زیندانی کراوە. پاشان باسی وەرگرتنی وەزارەتی ئاودێری (الري) دەکات کە وەک نوێنەری حزبی شیوعی عێراق ئەو وەزارەتــەی وەرگرتـووە لە سەروەبەندی هاوپەیمانی بەرەیی نێوان حزبی شیوعی عێراق و حزبی بەعسدا لە ساڵی (١٩٧٣)دا، پاشان وەک گەواهیدەرێک لەسەر ماوەیەکی پڕ لە گێژاوی سیاسی، کە عێراقی پێدا تێپەڕیوە گەواهی خۆی لەسەر ڕووداوەکانی دوای هەڵوەشانەوەی ئەو هاوپەیمانییە و شکست هێنانی دەدات لە ساڵی (١٩٧٩)دا.

بەڵام ڕۆڵی سیاسی موکەڕەم تاڵەبانی تەواو نابێت، بەڵکو وەک نێوەندگیری نێوان ڕژێمی بەعس و حزبە کوردییەکان ماوەتـەوە، لەبەرئەوەی کەسایەتیەکی ڕاستگۆ و نیەت پاک بووە و لەلایەن هەموانەوە قبوڵ کراو بووە.

# العراق الدولة وإشكالية التأسيس



صادق الزهاوي

هەوالنامەی کتێب



**لأن مشكلة السلطة ستظل خالدة سواء حرثت الأرض بالمعول أم بالجرافة**

ريمون آرون

**فمزاج الشعب تقاليده وتاريخه، ظروفه الاجتماعية والاقتصادية أستعداده لقبول تلك القواعد، واحترامه لها أي ثقافته ونضجه السياسي هذه هي العوامل التي تحدد نجاح أو فشل نظام الحكم في التطبيق.**

الدكتور إسماعيل ميرزا

لذا لابد من معرفة إشكالية التأسيس في الدولة العراقية ـ المعاصرة، فبعد تتويج فيصل الأول كان لابد من وضع الأسس التي بموجبها سوف تمارس السلطة. في الدولة التي كونت حديثا، خاصة وأن العراق الدولة المعاصرة، لم يكن وحدة سياسية منفصلة سابقا قط. وقد مر ولفترة طويلة بأنظمة استبدادية «ثيوقراطية ـ مطلقة». ولم يكن في عهد آخرها وهو الاحتلال العثماني سوى ولايات مهملة اندثرت فيها كافة وجوه الحضارة. التي كانت زاهرة يوما ما في ربوعه، أن هذه الأنظمة الاستبدادية، والتي دامت سلطتها لقرون عديدة، أورثت المجتمع العراقي الحالي، ظواهر اجتماعية وثقافة جمعية ما زالت قارة في الوعي الجمعي، لفئات واسعة.

مما يجعل خطر الاستبداد والتسلط الفردي، خطرا لا يجب أن يستهان به. نقول ذلك لا من باب التهويل أو الاعتقاد منا بنظرية المؤامرة. بل رؤية تستند إلى معرفة علمية، بأن عملية التغيير للوعي ـ الجمعي، لمجتمع ما، لا يمكن أن يأتي بين ليلة وضحاها أو بسحر ساحر، خاصة أذا ما أخذنا بنظر الاعتبار ما أورثته فترة الصراع العثماني ـ ألصفوي. من كوارث والتي وضع فيها الأساس لمذهبية ـ السلطة ـ أي تجيير السلطة لمصلحة فئة مذهبية واحدة ـ في ما يفيد السلطة، وبشكلها المطلوب من حكامها، وليس وفقا لأصول وقواعد الفكر المذهبي الذي تدعيه. تلك كانت البداية والتي حاول من بعد، النظام البائد أن يحولها الى مذهبية صراع بين مكونات الشعب ـ العراقي. أن الاستبداد الذي ظل جاثما على صدر العراقيين عموما، ومنذ فترة طويلة. كانت له أسس يستند أليها في أرض الواقع، أهمها ثقافية ـ بمعناها الواسع ـ وعلاقات اقتصادية بررت وكانت سببا مباشرا لذاك الركود ـ السياسي والاجتماعي. وذلك من خلال إسباغها الشرعية، وتحت مسميات مختلفة العنوانين موحدة المضمون. لكل تلك الممارسات الاستبدادية للسلطة. والتي لم تجلب سوى التخلف والكوارث، وذلك يرجع إلى أن الإنسان لابد له من الاجتماع، وهذا مما يولد غايات ومصالح، قد تكون متناقضة أحيانا بين فئات المجتمع. لذا لابد من يكون محتوى الفكر والثقافة السياسية السائدة ـ في أي فترة زمنية معينة ـ معبرا عن خصائص تلك المجموعة

والثوابت العقائدية لديها بالأخص، ونظام القيم السائدة، لأن الحفاظ على أمن المجتمع ضرورة اجتماع صار لابد لكل مجتمع من سلطة ـــ أي لابد من تأسيس لتلك الممارسة. أن استخدامنا لمصطلح التأسيس جاء واصفا ليحمل هذا المعنى، وبالإضافة إلى كل ذلك بيان أوجه الإخفاق التي كانت في تلك الأسس لمعالجة الخصوصيات التي يمتاز بها الوضع العراقي ـــ الدولة ـ والمجتمع، أي إشكالية التأسيس.

**العراق ـ والحركة المشروطة ـ (( الدستورية ))**

كان للتطور الذي حصل في أوربا في أعقاب النهضة والثورة الصناعية، وقيام الثورة الفرنسية وظهور الأفكار التي بدأت تأسس لإقامة علاقة قائمة على العقد الاجتماعي بين الحاكم والمحكوم. تمثل في جانبه القانوني بما عرف بالدستور. الذي أخذ فيه المشرعين، بوضع الأسس التي بموجبها يمارس الحاكم ـ السلطة، وبالمقابل يقبل المحكوم بتلك الإرادة التي فوض بها الحاكم، وفق قواعد الدستور. ولعوامل كثيرة قسم منها يرتبط بعوامل خارجية أي تأثير التجربة الأوربية، وخاصة الشعارات التي رفعتها الثورة الفرنسية وثقافة ـ مفهوم المواطنة الذي بدأ يأخذ مساحته من التفكير والتنظير السياسي، وصار جزأ مهما من الثقافة ـ السياسية التي بدأت تشيع خاصة بين أوساط المتعلمين والمثقفين. والبعض الآخر منها يتعلق بعوامل داخلية نتيجة تغيرات حدثت داخل مجتمع السلطنة ـ العثمانية عموما وفي القسم التركي منه بشكل خاص، حيث بدأت فئات اجتماعية جديدة بالبروز خاصة مع زيادة الارتباط بالسوق الأوربية وتطور الصناعة ـ الحربية خصوصا. وكان للطلاب الذين ذهبوا للدراسة إلى أوربا دور كبير في نشر الوعي الدستوري والتي عرفت بـ((المشروطة)). كانت بدايتها في عام ١٨٧٦م. وكان على رأس تلك الحركة حينها مدحت باشا وقد نجح على أرغام السلطان عبد الحميد على القبول بوضع دستور يوضع بما يتلائم وروح العصر في حينه. إضافة إلى قيام مجلس منتخب عرف بمجلس المبعوثان ألا أن السلطان أستطاع وبواسطة أعوانه من التآمر على مدحت باشا، وعزله وأبعد من ثم إلى أيطاليا. وعاد الحكم المطلق إلى عام ١٩٠٨م حيث قامت حركة الاتحاد والترقي بإرغام السلطان عبدالحميد، بإعادة العمل بالدستور، وإعادة انتخاب مجلس المبعوثان. وكان لابد لكل ذلك من أن يؤثر، وأن تكون له انعكاسات تجلت بتعرف العراقيين على الدستور ومفهومه وما يعنيه. وخاصة لدى الفئات المثقفة. وكان هناك مصدر آخر لنشر الوعي ـ الدستوري وتعريف الناس ألا وهي الحركة المشروطة في إيران، خاصة إذا ما علمنا أن طرح فكرة الدستور (المشروطة) في إيران كانت له خصوصية هامة، وذلك من خلال تأثير النقاش والسجال الفكري الذي بدأ في أروقة الحوزة في النجف الأشرف على أثر طرح الأمام النائيني لكتابه «

هەوالنامەی کتێب

تنبيه الأمة وتنزيه الملة» والتي وقف فيها إلى جانب الحركة الدستورية، والتي كانت تعرف بالمشروطة. مما أدى إلى انقسام العلماء بين مؤيد ومعارض. ولا يخفى على أحد مدى أهمية آراء علماء النجف الأشرف، خاصة في الأوساط الشيعية وكان لذلك السجال الفكري وبلا شك أثر كبير في تنوير فئات واسعة من أوساط الشيعة خصوصا. تلك كانت بدايات معرفة وتعرف المجتمع العراقي عموما بالدستور، والتي هيأت الأرضية لقبول فكرة وضع دستور (القانون الأساسي) لدولة العراق التي قامت في ١٩٢١م.

### خطوات التأسيس

بعد أن وضعت الحرب العالمية الأولى أوزارها، ونتيجة لما حدث من تغيرات. كان أهمها حدوث ثورة أكتوبر ١٩١٧م، وانسحاب روسيا القيصرية من معاهدة سايكس ــ بيكو وقيامها بنشر وثائقها السرية. إضافة إلى النتائج التي كانت على أرض الواقع ونعني به تحديدا أكمال القوات البريطانية سيطرتها على ولاية الموصل وذلك بعد ولايتي البصرة وبغداد . ونجاح الدبلوماسية البريطانية من أقناع فرنسا بالتنازل عن ولاية الموصل لصالح بريطانيا لأنها كانت وفق تقسيم معاهدة سايكس ـ بيكو من ضمن المنطقة الفرنسية. وعلى أثر انعقاد مؤتمر سان ريمون في ٢٥/ نيسان/ ١٩٢٠م. والتي انتدبت فيها بريطانيا كدولة راعية دولة العراق. وألزم ذلك بريطانيا من أن تؤسس لنظام سياسي فيه. فبعد أن أستدعي السير برسي ـ كوكس من طهران ونصب كمندوب سامي للتاج البريطاني في العراق. قام وفي ٢٥/ تشرين أول/ ١٩٢٠م. بتكليف السيد عبد الرحمن النقيب ـ الكيلاني ــ تشكيل حكومة عراقية وطنية مؤقتة، وقد أنيط بها مهام كان أهمها مبايعة الأمير فيصل أبن الحسين ملكا على العراق ملكا على العراق، حيث تم ذلك في قرار صدر عن مجلس الوزراء في ١١/ تموز/ ١٩٢١م. وكلفت وزارة الداخلية

فيصل الأول



لابد من معرفة إشكالية التأسيس في الدولة العراقية ـ المعاصرة، فبعد تتويج فيصل الأول كان لابد من وضع الأسس التي بموجبها سوف تمارس السلطة . في الدولة التي كونت حديثا، خاصة وأن العراق الدولة المعاصرة، لم يكن وحدة سياسية منفصلة سابقا قط . وقد مر ولفترة طويلة بأنظمة استبدادية «ثيوقراطية ـ مطلقة» .

حينها باتخاذ الإجراءات اللازمة لإجراء استفتاء على قرار مجلس الوزراء والذي بويع بموجبه الأمير فيصل بن الحسين ملكا على العراق. وقد تم ذلك الاستفتاء والذي حصل فيه الأمير فيصل على ٩٦٪ من أصوات الناخبين حسب البيانات الرسمية والتي أعلنت حينها. وبعد تتويج فيصل الأول ملكا على العراق في ٢٣/ آب/ ١٩٢١م. صدر في ١/ مايس/ ١٩٢٢م الإرادة الملكية والتي بموجبها صدر النظام ــ المؤقت لانتخابات المجلس التأسيسي العراقي. وقد حدد للمجلس التأسيسي المهام التالية:

١ ـ التصديق على المعاهدة العراقية ــ البريطانية.

٢ ـ وضع القانون ـ الأساسي ـ للدولة ـ العراقية ـ الدستور.

٣ ـ سن قانون للانتخابات.

صادق مجلس الوزراء في ١٠/ تشرين الأول/ ١٩٢٢م على المعاهدة البريطانية ــ العراقية، ولكنه أشترط موافقة المجلس التأسيسي عليها لإلزام الحكومة باعتبارها نافذة. وقد شهدت الساحة السياسية العراقية أزمة في أجراء الانتخابات لقيام المجلس التأسيسي عام ١٩٢٢م. حيث جوبهت حينها بمعارضة قوية أدت الى فشل المحاولة الأولى وكان من أهم الأسباب التي أدت إلى ذلك:

١ ـ الفتاوى الدينية والتي صدرت من المراجع في النجف الأشرف بمقاطعة الانتخابات.

٢ ـ الموقف الكوردي المعارض.

٣ ـ اعتراض التنظيمات ـ السياسية الوطنية وكذلك أبناء العشائر بسبب عدم قناعتهم بنسبة التمثيل العشائري في المجلس التأسيسي.

ونتيجة لتطورات كثيرة استطاعت الحكومة وفي ١٢/ تموز/ ١٩٢٣م. من البدء بأجراء انتخابات المجلس التأسيسي. بعدها صدرت الإرادة الملكية والتي أفتتح بموجبها في ٢٧/ آذار/ ١٩٢٤م أولى جلسات المجلس التأسيسي. وكان من أولى مهامه هو المصادقة على المعاهدة البريطانية العراقية. وبعد أن شهدت جلسات المجلس التأسيسي مناقشات حامية ومواقف معارضة للاتفاقية، وبلا شك كان هنالك الكثير من الأصوات المؤيدة للمعاهدة. تم التصويت بقبول المعاهدة وبذلك أنجز المجلس أولى مهامه. ومن ثم بدأ بالأعداد لمشروع القانون الأساسي ـ الدستور. وقد كان صك الانتداب بموجب المادة الأولى منه والمادة الثالثة من المعاهدة العراقية البريطانية ألزمتا الملك أن يضع دستورا للبلاد يعرض على المجلس التأسيسي لإقراره. فالقانون الأساسي والذي سن كان أول وثيقة دستورية عرفها العراق المعاصر ــ بعد تكوين الدولة. وهنا يطرح السؤال المهم، كيف سن ما عرف بالقانون الأساس ـ الدستور في ١٩٢٥م؟؟!! وعن ذلك يذكر الدكتور رعد الجدة ـ في كتابه ـ التطورات الدستورية في العراق ما يلي ((..... وقد مر هذا المشروع قبل عرضه بصيغته النهائية على المجلس التأسيسي بست مراحل ابتداء من مشروع عام ١٩٢١م ــ حتى المشروع

النهائي الذي أقره مجلس الوزراء العراقي)). وأما عن تلك المراحل يذكر د. رعد الجدة ((في أواخر ربيع ١٩٢١م تم تكليف لجنة ضمت عددا من الموظفين البريطانيين في العراق تتألف من ج. يونغ ممثل وزارة المستعمرات البريطانية والمستر دراور- مستشار وزارة العدلية والمستر نيجل دافيس السكرتير القانوني للمندوب السامي البريطاني في العراق لوضع مشروع دستور استمدت اللجنة مواد المشروع الذي اقترحته من الدستور الأسترالي والنيوزلندي والتركي)). وكانت السمة الغالبة لهذا المشروع المقترح هو أنه وضع أكثر ما يمكن من الصلاحيات التشريعية في يد الملك وقلص من صلاحيات البرلمان في عرقلة مساعي الحكومة. أودع المشروع المقترح إلى الملك وكانت تلك المرحلة الثانية في ـ ١/ آذار/ ١٩٢٢م وقد أحال الملك المشروع المقترح إلى لجنة عراقية مؤلفة من ناجي السويدي وزير العدلية وساسون حسقيل وزير المالية ورستم حيدر سكرتير الملك وقد قامت اللجنة بدراسة عدد من الدساتير من بينها الدستور الياباني غير أنها استمدت السمات الرئيسية للتعديلات التي اقترحتها بشكل رئيسي من الدستور العثماني والذي كان معروفا أكثر من غيره لديها. وأرسلت المقترحات التي تقدمت بها اللجنة ـــ العراقية إلى الحكومة البريطانية. وكانت أهم نقاط الخلاف تدور حول صلاحيات الملك والمجلس المعين من قبله ـ والذي عرف بمجلس الأعيان ويعين أعضاؤه من قبل الملك حصرا. كما أن اللجنة أهملت المادة التي تضمنت أعطاء الشرعية لأعمال المندوب السامي البريطاني والملك والوزارة قبل وضع القانون ـ الأساسي (الدستور). وكذلك أقترح عدم أجراء أي تعديل على الدستور قبل انقضاء مدة ثماني سنوات على تاريخ نفاذه. وبعد ذلك قامت اللجنة البريطانية بدراسة المقترحات وأبدت ملاحظاتها فيما رأته أنه جانب غير مرضي في صياغة مواد القانون الأساسي بصيغته المقترحة. وبعدها أعادت المسودة الى الجانب العراقي في ١٥/ شباط/ ١٩٢٣م وفي ضوء ذلك قرر مجلس الوزراء تشكيل لجنة مشتركة عراقية ـــ بريطانية تضم وزير العدلية ناجي السويدي والمستر دراور مستشار وزارة العدلية وخولاها الاستعانة بمن تراه من الحقوقيين العراقيين. وبعد أن أنهى الجانب البريطاني وللمرة الأخيرة في أبداء رأيه حول المسودة المقترحة قام مجلس الوزراء بمناقشته وتمت الموافقة على صيغته النهائية وتمت الموافقة على صيغته النهائية ومن ثم عرض على المجلس التأسيسي. والذي قام بعد أن عرض عليه القانون الأساسي المقترح. بتشكيل لجنة ـ روعي فيها ـ أن تضم نائبا عن كل لواء من ألوية العراق. هذا وقد استغرقت مناقشة القانون الأساسي ثماني ـ عشر جلسة بدأت في ١٤/ حزيران/ ١٩٢٤م وانتهت في ٢١/ تموز/ ١٩٢٤م. بمصادقة المجلس التأسيسي على القانون الأساسي. رفع بعدها للملك للمصادقة عليه ونشره في الجريدة الرسمية ليكون نافذا من تاريخه والذي كان في ٢١/ آذار/ ١٩٢٥م.

ذلك كان عرضا موجزا للظروف والأمور، وكل ما كان يمكن أن يؤثر في إصدار مسودة القانون ـ الأساسي وما رافق المصادقة عليه من قبل المجلس التأسيسي بعدها. والتي كان اهتمام بريطانيا فيها يتركز بشكل أساسي ـ ((أن الضرورة والرغبة هي أن يوضع القانون الأساسي. بحيث يؤهلنا للسيطرة على مجلس الأمة العراقي عن طريق الملك من أجل ضمان تحقيق العلاقات التي نظمت بواسطة المعاهدة.)) فيلب آيرلند ـ في بحثه ـ العراق دراسة في تطوره السياسي. فما كان من كل تلك الظروف والمؤثرات التي لعبت دورا رئيسيا ومهما ومحددا أحيانا. إلى أن يولد ذلك الدستور وهو يحمل أزمة تأسيس للنظام السياسي الذي بني عليه. وقد تجلت تلك الإشكالية وفي أهم جوانبها فيما يلي:

١ـ ((أستقر الفقه الدستوري على تحديد أربع طرق لإقامة الوثيقة الدستورية هي كل من ـ المنحة ـ والعقد ـ والجمعية التأسيسية ـ والاستفتاء)) الدكتور رعد الجدة ـ المصدر السابق. ويتبين مما سبق حول كيفية تأسيس المجلس التأسيسي والظروف السياسية التي أحاطت به . إضافة إلى الأسس التشريعية التي أستند أليها سن القانون الأساسي (الدستور) يتبين لنا ما يلي: ((... الدور الضئيل التافه الذي لعبه المجلس التأسيسي بخصوص نشأت الدستور العراقي لسنة ١٩٢٥م. ومن الممكن القول بأن المجلس التأسيسي وهو الصدى المخلص لرغبات الحكومة لم يكن له دور فيما يخص الأعمال التحضيرية للمشروع ولا فيما يخص تعديلاته أثناء المناقشة)). د.حسين ميرزة ـ مبادئ القانون الدستوري . بعدها يخلص الدكتور حسين إلى القول عن كيفية نشأة الدستور ـ عام ١٩٢٥م بأنه ((دستور فعلي لم يستند إلى شرعية في أول نشأته وإنما فرض على الشعب وعلى المجلس التأسيسي)).

## السير برسي ـ كوكس



وعلى أثر انعقاد مؤتمر سان ريمون في ٢٥/ نيسان/ ١٩٢٠م. والتي انتدبت فيها بريطانيا كدولة راعية دولة العراق. وألزم ذلك بريطانيا من أن تؤسس لنظام سياسي فيه. فبعد أن أستدعي السير برسي ـ كوكس من طهران ونصب كمندوب سامي للتاج البريطاني في العراق.

أذا وبداية عدم الشرعية كانت الإشكالية الكبرى في القانون الأساسي ـ الدستور لعام ـ ١٩٢٥.

٢ـ أن ((السلطة الواسعة التي يمتع بها الملك إذ منحه الدستور حق التصديق على القوانين وحق إعادة القانون إلى مجلس الأمة للنظر فيه مجددا على ضوء الأسباب التي يبديها الملك في كتاب الإعادة، ومعنى ذلك أن الملك له حق الاعتراض على القانون بعد أن يشرعه مجلس الأمة، فضلا على ما تمتعت بها الوزارة من صلاحيات مما أدى إلى تعطيل بعض صلاحيات مجلس النواب العراقي)). ـ المفصل في تاريخ العراق. أن صلاحية الملك والتي كان أكثرها خطرا هو صلاحية ـ حل المجلس النيابي واشتراط مشاركة الملك في إصدار القوانين مع مجلس الأمة وحقه في تعيين أعضاء مجلس الأعيان. إضافة إلى نص صريح في متن القانون الأساسي يعفى بموجبه الملك من أية مسائلة فالملك ((... مصون غير مسؤل. وهو الذي يصدق القوانين ويأمر بنشرها ويراقب تنفيذها)). كل تلك الصلاحيات لم تكن لتجسد ألا شكلا ملطفا لسلطة شبه ـ مطلقة، مفرغة العملية السياسية برمتها من مضمون وضمان العملية الديمقراطية في الحياة السياسية.

٣ـ إشكالية مصدر السيادة والتي وردت في القانون الأساسي ـ والتي جاءت ـ والتي جاءت كقاعدة شاذة ((... عن باقي القوانين العالمية في مصدر السيادة. قد نص على أن سيادة المملكة العراقية الدستورية للأمة هي وديعة للملك فيصل بن الحسين ثم الورثة من بعده)). المفصل في تاريخ العراق.

٤ـ أما بالنسبة لحقوق القوميات المختلفة المكونة للشعب العراقي من غير المكون العربي فلم يعالج القانون الأساسي تلك الإشكالية. والتي تعد المسألة الكوردية أكبر تلك الإشكاليات. وقد أورد الباحث شورش عمر في بحثه الموسوم ـ حقوق الشعب الكوردي في الدساتير العراقية ـ ما يلي ((لذلك ظهر القانون الأساسي العراقي بعد أقراره من قبل المجلس التأسيسي العراقي في ١٠/ تموز/١٩٢٤م. ونشره في ٢/آذار/١٩٢٥ دون أن يحتوي على نص واحد بخصوص الكورد وحقوقهم، وأن موقف القانون الأساسي هذا ظل على حاله ولم يجر عليه أي تعديل حتى بعد صدور قرار مجلس عصبة الأمم في ١٦/كانون الأول/١٩٢٥م القاضي بإلحاق ولاية الموصل بالدولة العراقية، وألزم هذه الأخيرة بإقامة إدارة كوردية خاصة في المناطق الكوردية، علما أن هذا القرار بمضمونه كان يشكل التزاما دوليا على عاتق الدولة العراقية، وهي كانت ملزمة بتحقيق مضمونه فعلا ومن ثم تثبيته مع وضع الضمانات القانونية له في القانون الأساسي)). لذا فمسألة حقوق القوميات كانت أحدى الإشكاليات الكبرى والتي عانى منها العراق شعبا ودولة من عدم حلها في القانون الأساسي .

٥- ومن أغرب النصوص التي جاءت ضمن صلاحيات الملك ما جاء في المادة ٢٤ ما نصه ((لا يحق للملك أن يتولى عرشا خارج العراق إلا بعد موافقة مجلس الأمة)). علما أن الملك له الحق في تعيين أعضاء مجلس الأعيان ((من عدد لا يتجاوز ربع مجموع النواب)). ونص آخر أجاز للملك ((أن ينشىء اتحادا مع دولة عربية واحدة أو أكثر)).

تلك كانت أهم الإشكاليات التي قامت عليها الدولة العراقية المعاصرة تأسيسا والتي نراها كافية لجعل كل الأسس التي قامت عليها غير صحيحة وتفتقد إلى الشرعية الحقيقية. والتي هي وبلا شك إرادة الشعب الحرة، والتي يجب أن تتجسد في مضمون وروح الدستور، الذي يشكل أهم وثيقة قانونية - سياسية لبناء أي كيان سياسي يراد له أن يقوم على أساس العدل والمساواة والسلام الاجتماعي. فهل ما حدث كان ظهور وتكوين دولة شرعية؟؟!!! أم كان شرعنه لنظام سياسي لم يقم على رغبات أبناء شعبه؟؟.

مصادر البحث:

١- الدكتور إسماعيل ميرزة - مبادئ القانون الدستوري والعلم السياسي - ط/٣ دار الملاك للفنون والآداب والنشر.
٢- الدكتور منذر الشاوي - القانون الدستوري - نظرية الدستور. بغداد - ١٩٨١م.
٣- محمد مظفر الأدهمي - المجلس التأسيسي العراقي. رسالة ماجستير قدمت الى جامعة بغداد عام ١٩٧٢م منشورات وزارة إعلام الجمهورية العراقية - ١٩٧٦م.
٤- الدكتور رعد الجدة - التطورات الدستورية في العراق - ط/١ بيت الحكمة ٢٠٠٤م - بغداد.
٥- شورش حسن عمر- حقوق الشعب الكوردي في الدساتير العراقية - السليمانية - ٢٠٠٥م. منشورات مركز كوردستان للدراسات الأستراتيجية.
٦- فيليب ويلارد آيرلند - العراق دراسة في تطوره السياسي. ترجمة جعفر الخياط - دار الكشاف - بيروت - ١٩٤٩م.
٧- مجموعة كتاب - المفصل في تاريخ العراق المعاصر - بيت الحكمة - بغداد - ط /١, ٢٠٠٢م.
٨- الدكتور علي الوردي - لمحات من تاريخ العراق الحديث - ٦ أجزاء - مطبعة الشعب - بغداد - ١٩٧٢م.
٩- حسن الضيقة - الدولة العثمانية - دار المنتخب العربي ط/١ - ١٩٩٧م.
١٠- الدكتورة آمال السبكي - تاريخ إيران بين ثورتين ١٩٠٦م - ١٩٧٩م. سلسلة عالم المعرفة - الكويت ١٩٩٩م.
١١- الدكتور محمد أحمد صالح - إشكالية الاستبداد السياسي في رسالة الشيخ النائيني - ط/١ بغداد ٢٠٠٥م.
ليعلمنا الدرس الأول في مواقف الرجال .

كركوك في/ ٢٠١٢/٧/١٨

هەولێرنامەی کتێب